


سەرچاوە
Serchawe



# مێژووی وێنەی کۆماری کوردستان

## بەشی یەکەم

کۆکردنەوەو شیکردنەوەی وێنەکان: حەسەن قازی

---

دیزاین و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

# پێرست: مێژووی وێنەی کۆماری کوردستان

## ساڵی: ٢٠٠٨................ لاپەڕەی........... ١٠

١- وێنەیەکی ئەبولقاسمی سەدری قازی و میرزا عەلی شەبوستەری سەرۆکی مەجلیسی ئەیالەتیی ئازەربایجان...
٢- چاوپێکەوتنی نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لەگەڵ نوێنەرانی ئەرتەش و دەوڵەتی ئێران...
٣- پێشەوا قازی محەمەد و موزەفەری فیرووز لە تاران...
٤- ڕوونووسی ئیعتیبارنامەی ئەبولقاسمی سەدری قازی بۆ نوێنەرایەتی لە خولی چاردەهەمی مەجلیسی شوورای میللی...
٥- دوو وێنەی ماوەیەکی کورت بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار لە کانگانی حیزبی دمۆکراتی کوردستان...
٦- حاجی سەید بابە شێخی سیادەت ڕەئیسی هەیئەت ڕەئیسەی میللیی کوردستان...
٧- دوکتور محەمەدی کەیوانپوور (موکری) دە جلوبەرگی کوردی دا...
٨- ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەدحوسێنی سەیفی قازی و پۆدپۆلکۆڤنیک سەلاحەدین عیسازادە...
٩- ٣ی نامەی پێشەوا قازی محەمەد بۆ میرجەعفەر باقرۆڤ...
١٠- ڕەسووڵی نەغەدەیی لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان...
١١- ڕێورەسمی هەڵکرانی ئاڵای کۆماری کوردستان، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤...
١٢- چوار چرا، ڕێورەسمی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار..
١٣- سەرپۆلی ٢، محەمەدی نانەوازادە...
١٤- ڕێورەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان(١)
١٥- ڕێورەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان(٢)
١٦- وەزیری هێزی کۆماری کوردستان و فەرماندەی هێزی ناوەندی لە ڕێو ڕەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگە دا...
١٧- ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەدحوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی کوردستان
١٨- هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی ڕێژە لە بەرامبەر پێشەوا و کاربەدەستانی دیکەی کۆمار دا
١٩- هێندێک لە بەشدارانی ڕێورەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان
٢٠- هێندێک لە بەشدارانی ڕێژەی هێزی پێشمەرگە

٢١- پێشەوا قازی محەمەد و حاجی بابە شێخی سیاسەت لە کاتی سان دیتندا
٢٢- ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان(٣)
٢٣- پێشەوا قازی محەمەد، ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی و سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە
٢٤- پێشەوا وڵامی سڵاوی هێزی پێشمەرگە دەداتەوە
٢٥- ڕێژەی هێزی پێشمەرگە(٤)
٢٦- ڕێو ڕەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان(٥)
٢٧- بەڕێکردنی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان کوردستان لە فرۆکەخانەی تەوریز یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥
٢٨- جەماوەری ئازەربایجانی لە پێشەوازی پێشەوا و پیشەوەری دا
٢٩- ڕێژەی فیداییانی ئازەربایجان لە بەرامبەر پێشەوا و پێشەوەری
٣٠- وتار دانی میرجەعفەری پیشەوەری بۆ جەماوەر. فرۆکەخانەی تەوریز، یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥
٣١- دیداری پێشەوا و ڕێبەرانی ئازەربایجان
٣٢- پێشوازی لە پێشەوا قازی محەمەد لەلایەن ئازەربایجانیانەوە
٣٣- میرجەعفەری پیشەوەری و میرزا عەلی شەبوستری لە کاتی چەپڵەلێدان دوای ووتاری پێشەوا. یەکشەمۆ ٨ی بانەمەری ١٣٢٥
٣٤- پێشەوا و دوو لە ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان
٣٥- وێنەی پێشەوا و چەند کەس لە ڕێبەرانی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان، فرۆکەخانەی تەوریز ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥
٣٦- پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە گەڵ ڕێبەرانی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان
٣٧- پێشەوا قازی محەمەد، ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی و سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە
٣٨- پێشمەرگەیەکی کۆماری کوردستان
٣٩- "بە موناسەبەتی جێژنی مانگی مە" نووسینی هاشمی خەلیل زادە
٤٠- محەمەدی فەیزوڵابەگی لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان
٤١- یای خەجیجی مەجدی ئامۆژگاری مەدرەسەی پەروانەی کچان و هاوسەری سەدیقی حەیدەری وەزیری ئینتیشارات و تەبلیغاتی کۆماری کوردستان
٤٢- مایۆر(سەرلک) خەیروڵا عەبدولکەریم لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان
٤٣- خەلیلی خوسرەوی سەرۆکی کاری کوردستان
٤٤- سەید پیرەی نیزامی سەرۆکی شارەوانی ناوەندی کۆماری کوردستان

٤٥- سەربەرز(کاپیتان) محەمەد مەحموود قودسی

٤٦- دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان لە کاتی سەردانی لە مەهاباد حەوتووی کۆتایی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی

٤٧- سەدیقی حەیدەری فارووقی لە ئەندامانی دامەزرێنەری ژێکاف، لە دامەزرێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و وەزیری تەبلیغات و ئینتیشاراتی کۆمار

٤٨- سەرپۆلی ٢ میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی فەرماندەی لکی ٢ی هێزی بارزانیان و بازرەسی جەبهەی سەقز

٤٩- سەرپۆلی ٢ مستەفا خۆشناو فەرماندەی لکی ١ی هێزی بارزانیان

٥٠- سەرپۆلی ٢ عیزەت عەبدولعەزیز وچاوپێکەوتنی سەرلەشکر رەزم ئارا دوای سەرکەوتنی هێزی کوردستان لە شەڕی قارەوا

٥١- وێنەیەکی دیکەی ئارچیباڵد رووزڤێڵت لە کاتی سەردانی لە مهاباد، ١٤ - ١٦ی سێپتامبری ١٩٤٦

٥٢- دوو نووووسراوەی م. آریا [مەنافی کەریمی] دە گۆواری نیشتمان دا

٥٣- ناساندنی وەزیرانی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە لایەن مەنافی کەریمی یەوە

٥٤- زانیاریی زیاتر سەبارەت بە وێنەی خوێندکارانی کورد لە باکۆ

٥٥- دایکی نیشتمان بەهار و هاوینی ١٣٢٤ی هەتاوی، رێوایەتی مەنافی کەریمی

٥٦- دوو بەڵگە سەبارەت بە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ٢ی خەزلوەری ١٣٢٤ی هەتاوی

٥٧- وتەی پێشەوا قازی محەمەد سەبارەت بە چاوپێکەوتنی لە گەڵ قەواموسەلتەنە

٥٨- سەفەری قازی محەمەد بۆ تاران بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە، پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی، ریوایەتی سێیەم، سەعیدی هومایوون

٥٩- سەفەری قازی محەمەد بۆتاران بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی، ریوایەتی دووەم، دوکتور هاشمی شیرازی

٦٠- ٣ریوایەتی سەفەری پێشەوا قازی محەمەد بۆ تاران بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە. پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی, ریوایەتی یەکەم نامەی دونیا

٦١- نوسخەیەکی دیکە لەو وێنەیەی پێشتر بڵاو کرابووەوە

٦٢- شێخ محەمەد سەدیق (پووشۆ) کوڕی سەید تەهای نەهری و ئارچیباڵد روزڤێڵت لە بەغدا

٦٣- بۆچوونی ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

٦٤- وێنەی (٧) پێشەوا و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لە حەوشەی کانگای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کاتی سەردانی ئارچیباڵد روزڤێڵت

٦٥- وێنەی (٦) ئارچیباڵدروزڤێڵت و سەرکردەکەی دیکەی هاورێی لە نێو بازاڕی مهاباد، دوای نیوەرۆی یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦

٦٦- وێنەی (٥) پێشەوا لە حەوشەی کانگای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کاتی سەردانی ئارچیبالد ڕۆزڤێڵت یەکەشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦

٦٧- وێنەی (٤) وێنەیەکی دیکە هەر لە دەفتەری پێشەوا، یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٣٦

٦٨- وێنەی (٣) پێشەوا لە دەفتەری کاری سەرۆککۆماری یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦

٦٩- وێنەی (٢) سەرۆککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد و ئارچیبالد ڕوزڤێلت، یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦

٧٠- وێنەکانی ئارچیبالد ڕۆزڤێلت (١) ئەمەرخانی شەریفی لە زیندەشت

٧١- سەفەری سەرکردەی هەواڵگری سەفارەتی ئەمریکا لە تاران ئارچیبالد ڕۆزڤێلت بۆ مهاباد و وێنەکانی مەجید خانی میرموکری و کاپیتان نەماز عەلیییێڤ لە قەرەوەێران

٧٢- سەردانی پیاوماوقولان و هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ئازەربایجانی شووڕەوی سەرماوەزی ١٣٢٠ی هەتاوی = دیسامبری ١٩٤١

٧٣- خوێندکارانی کورد لە تەورێز

٧٤- ناودار ٢ غەنی بلووریان لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ،هاوینی ١٩٤٦ی هەتاوی

٧٥- سەروەر(سەربەرز) ڕەحیمی سەیفی قازی لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ هاوینی ١٩٤٦ی هەتاوی

٧٦- وێنەی کاپیتان سەید عەزیزی شەمزینی و چەند خوێندکاری کوردی دیکە لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ

٧٧- ناساندنی هێندێک لەو خوێندکارانەی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە نێردرانە ئازەربایجانی شووڕەوی

٧٨- خوێندکارانی کورد لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ

٧٩- ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری کیسلۆڤۆدسک لە باکووری قەفقاز

٨٠- باسی سەردانی مهاباد لە زمان قەدری جەمیل پاشا خۆیەوە

٨١- ڕێوڕەسمی ڕێژەی پێشمەرگەی هێزی ناوەندی بە فەرماندەیی سەرپۆلی ٢ ئیبراهیمی سەلاح لە بەرامبەر پێشەوا و قەدری بەگ (وێنەی ٤)

٨٢- ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانیان (وێنەی ٣(

٨٣- سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد (وێنەی ٢)

٨٤- سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد

٨٥- ناساندنی قەدری جەمیل پاشا لە لایەن ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە

٨٦- قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد ٢١ - ٢٨ی خەرمانانی ١٣٢٥ = ١٣ - ٢١ی سێپتامبری ١٩٤٦

٨٧- وێنەی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و فێداییەکانی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بەیەکەوە

٨٨- ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی

٨٩- حەمەدەمین بەگی مەحموداوا (مورتەزایی) و محەمەدخانی دانیشوەر
٩٠- هێمن لە تەورێز
٩١- هێمن، قازی محەمەد، هەژار
٩٢- پێشەوا، نانەوازادە، هەژار و هێمن لە تەورێز!
٩٣- پێشەوا قازی محەمەد لە چیانە
٩٤- شاعری ملی و بەناوبانگی كورد هەژار، كوردستان ٦٩ ، ٣٠ پوشپەری ١٣٢٥
٩٥- شاعرملی جەوان هیمن، كوردستان ژمارە ٦٥، ١٤ پووش پەر ١٣٢٥
٩٦- تكایە یارمەتی بكەن بۆ دۆزینەوەی ڕێكەوت، شوێن و كەسانەی نێو ئەم دوو وێنەیە
٩٧- پۆرترەی گێنرالیسموس ژۆزێف ستالین لە حەوشەی دەرسخانەی گەلاوێژ
٩٨- وێنەی هێندێک لە ئەندامانی ژ.كاف ٥ - ٥ - ١٣٢٤ مەئمووریيەتی كۆمەڵەی ژ. كاف بۆ ورمێ
٩٩- قانوونی موجازات دیوانی حەربی هێزی دێمۆكڕاتی كوردستان
١٠٠- نامەی سەرپۆلی ٢ ئیبراهیمی سەلاح بۆ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە
١٠١- وێنەی سەرپۆلی ٢ (پادپۆلكۆڤنیک) محەمەدی نانەوازادە و سەرپۆلی ٢ ئیبراهیمی سەلاح و هێندێک لە ئەفسەرانی دی كۆماری كوردستان
١٠٢- ژەنەڕاڵ مایۆر مەلا مستەفای بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانیان
١٠٣- نامەی مایۆر جەعفەری كەریمی سەرۆكی ستاد بۆ حەمەڕەشید خان لە مەڕ وەرگرتنی پلەی ژەنەڕاڵ مایۆری
١٠٤- وێنەی ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانییان و سەرلک (مایۆر) جەعفەری كەریمی سەرۆكی تەواوی ستادی هێزی كوردستان
١٠٥- وێنەی وەزیری هێزی كوردستان لە گەڵ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمە ڕەشید خانی قادر خانزادە و ئەحمەدخانی فاروقی معاونی فەرماندەی هێزی بۆكان و مەنتەقە
١٠٦- وەزیری هێزی دێمۆكڕاتی كوردستان محەمەد حوسێنی سەیفی قازی و فەرماندەی لكی بارزانی لە ئاڵتوونی ژووروو سەرپۆلی ٢ میرحاج ئەحمەد لە جەبهە
١٠٧- وەزیری هێزی دێمۆكڕاتی كوردستان محەمەدحوسێنی سەیفی قازی، ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی و هێندێک لە ئەفسەرانی فەرماندەی بەرەكانی شەڕ
١٠٨- وەزیری هێزی دێمۆكڕاتی كوردستان و سەرپۆلی دوو سەلاحەدین كازمۆف ڕاوێژكاری عەسكەری هێزی پێشمەرگەی كوردستان
١٠٩- كۆنگرەی یەكەمی حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستان ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی

١١٠- كۆنگرەی یەكەمی حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستان ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی
١١١- نووسراوی (پەسندكراوی) مەجلیسی ئەفسەرانی هێزی دێمۆكڕاتی كوردستان

١١٢- بەڕێوەبەر، مامۆستایان و شاگردانی فەرهەنگی نەغەدە (سندووس) لە سەردەمی کۆمار دا
١١٣- وێنەی هێندێک لە مامۆستایان و هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی کۆماری کوردستان
١١٤- خاڵە مەلای داودی و خوێندنی کوردی
١١٥- ژەنەڕاڵ مایۆر ئەمەرخانی شەریفی
١١٦- نامەی ژەنەڕاڵ مایۆرئەمەرخانی شەریفی بۆ پێشەوا قازی محەمەد لە جەبهەی سەقزەوە
١١٧- وێنەیەکی دیکەی ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە
١١٨- ماوزەری بلەزادە ئامۆژگار و تێکۆشەری حیزبی یایانی کوردستان
١١٩- میرزامحەمەد ئەمینی مەنگوڕی ڕووناکبیر و دووربین
١٢٠- نامەی پێشەوا قازی محەمەد بۆ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقە لە سەرا
١٢١- ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقە لە سەرا
١٢٢- حامیدی مازووچی ڕەئیسی دیژبانی ناوەندی مهاباد
١٢٣- دەستخەتی مایۆرعەلی بەگی شێرزاد
١٢٤- عەلی بەگی شێرزاد فەرماندەی هێزی چلّی ٥ی ناوەندی
١٢٥- نوتقی زێرۆبەگی بەهادوری لە جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە بالانیش
١٢٦- دەستەی نوێنەرایەتی حکوومەتی کوردستان لە تەوریز، سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦
١٢٧- وێنەکانی دوای واژۆ کردنی پەیمان، تەوریز،سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦
١٢٨- پەیمانی یەکەتی و برایەتی حکوومەتی میللی کوردستان و ئازەربایجان ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦
١٢٩- دڵشادی ڕەسووڵی مودیر و خاوەن ئیمتیازی گۆواری زانست
١٣٠- دڵشاد ڕەسوولی موعاوینی وەزارەتی فەرهەنگی جمهووری کوردستان
١٣١- مەلاحوسێنی مەجدی،سەرۆکی ئیدارەی عەدلییەی کوردستان
١٣٢- ژەنەڕاڵ مایۆرمەلا مستەفای بارزانی و هێندێک لە سەرکردەکانی دیکە لە مهاباد
١٣٣- ژەنەڕاڵ مایۆرمەلا مستەفای بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانیان
١٣٤- ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری مهاباد لە خولی چاردەیەمی پارلمانی ئێران
١٣٥- وێنەی هێندێک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان
١٣٦- چوارچرا، ٢ی ڕێبەندان,ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان
١٣٧- ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا لە مهاباد،٢٦ی سەرماوەز
١٣٨- ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤
١٣٩- هەڵکردنی ئاڵا لە سەر خانووی هەیئەت ڕەئیسەی میللی
١٤٠- جێژن "بە شانازی پێشەوای کوردستان" لە لایەن سەیدعەبدوڵا ئەفەندییەوە

١٤١- جێژنی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە باڵانێش
١٤٢- ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵا لە مهاباد
١٤٣- ڕێژەی سوارە لە ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵا
١٤٤- پۆرترەی "پێشوای معظمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد"
١٤٥- ڕەئیس جمهووری کوردستان و هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار
١٤٦- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەربانی خانووی هەیئەت ڕەئیسەی میللی (٢)
١٤٧- زعیم مەلا مستەفای بارزانی لە مهاباد
١٤٨- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی کۆمەک فەرماندەی هەموو هێز و وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان
١٤٩- رئیسی هەیئەتی میللی کوردستان حاجی سید بابا شێخ
١٥٠- دەستوری ژمارە ١١٥٩
١٥١- سەید محەمەدی حەمیدی مودیر و سەردەبیری گۆوار و ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان
١٥٢- کرێکاران و سەرۆکی بونگاهی چاپخانەی کوردستان
١٥٣- نیشانی "وزارت فرهنگ دەوڵەتی جمهووری کوردستان"
١٥٤- وێنەی ڕەحیمی قازی لە ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵای کۆمار لە مهاباد، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥
١٥٥- ئیمزا و دەستخەتی محەمەدی نانەوازدە
١٥٦- وێنەیەکی سەرپۆلی دوو محەمەدی نانەوازادە لە جلوبەرگی سیڤیلدا
١٥٧- مەدرەسەی کوردستانی نەغەدە
١٥٨- منداڵانی کورد لە مەیدانی چوارچرا
١٥٩- عەزیزی زەندی (عەزیز ئەلمانی) دامەزرێنەری حیزبی ئازادیی کوردستان
١٦٠- پۆلی ساوایانی پێشڕۆ
١٦١- "یەکەم" بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان
١٦٢- وێنەی بەکۆمەڵی ئەندامانی ژ.ک

١٦٣- محەمەدی شاپەسندی "دامەزرێنەر"ێکی دیکەی ژ.ک و کرێکاری چاپخانەی "کوردستان" لە سەردەمی کۆمار دا
١٦٤- سەرپۆلی دوو محەمەدی نانەوازادە،یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری ژ.ک، لە ئەفسەرانی پایەبەرزی وەزارەتی هێزی کۆماری کوردستان
١٦٥- محەمەدی یاهوو لە ئەندامانی دامەزرێنەری ژ.ک و یەک لە کاربەدەستانی کۆمار
١٦٦- ئەندامێکی دیکە لە دامەزرێنەرانی ژ.ک، قاسمی قادری قازی

١٦٧- مەلا قادری مودەرەسی،لە دامەزرێنەرانی ژ.ک و بەرپرسی چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆمار دا
١٦٨- زەبیحی و دوو ئەندامی دیکەی دامەزرێنەری ژ.ک لە تەورێز
١٦٩- خاڵەمەلا پەروەردەکاری کۆمار
١٧٠- وێنەیەکی دیکەی زەبیحی لە تەورێز
١٧١- زەبیحی لە تەورێز بۆ کاری چاپکردنی گۆڤاری "نیشتمان"
١٧٢- عەبدولرەحمانی زەبیحی (بێژەن) گەڕێنەندەی "نیشتمان"
١٧٣- حوسێنی زێڕینەگەران (فرووهەر) تێکۆشەرێکی لە بیرکراو
١٧٤- کۆمەڵەی ژ.ک (ژیانی کورد)
١٧٥- جیژنی سەربەخوئی و ناساندنی پیشوای کوردستان لە لایەن آموژگارانی مەدرسەی کچان
١٧٦- پێشەوا و دوکتورمحەمەدی کەیوانپوور (موکری)

## ساڵی: ٢٠٠٩............... لاپەڕەی ........... ٣٤٧

١٧٧- سەرپۆلی ٢ ئیبراهیمی سەلاح سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزی دێمۆکڕاتی کوردستان، فەرماندەی پۆلی ٣ی هێزی ناوەندی
١٧٨- تەورێز سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦
١٧٩- قاسمی قادریی قازی و محەمەدی تۆکمەچی لە نەخۆشخانەی شووڕەوی لە تەورێز
١٨٠- وێنەکانی پەیمانی سێ سنوور
١٨١- دەنگی عەلی خوسرەوی
١٨٢- محەمەد سەعیدی کانی مارانی تەنیا شاهیدی زیندووی پەیمانی سێ سنوور
١٨٣- ڕەحمانی قازی یەک لە خوێندکارە کوردەکان لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ

# ساڵی: ٢٠٠٨

## وێنەیەکی دیکەی ئەبولقاسمی سەدری قازی و میرزا عەلی شەبوستەری سەرۆکی مەجلیسی ئەیالەتیی ئازەربایجان



لەم وێنەیە دا ئەبولقاسمی سەدری قازی (دانیشتوو لای چەپ) و میرزا عەلی شەبوستەری (دانیشتوو، نێوەڕاست) سەرۆکی مەجلیسی ئەیالەتیی ئازەربایجان دەبینین.

تێبینی: بەداخەوە بۆنەی هەڵگیرانی ئەم وێنەیەمان بۆ ساخ نەبووەوە.

٢ی بەفرانباری ١٣٨٧ = ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

## چاوپێکەوتنی نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لەگەڵ نوێنەرانی ئەرتەش و دەوڵەتی ئێران



**دانیشتووان لە ڕاستەوەبۆچەپ:** دوکتور سەلامولای جاوید وەزیری نێوخۆی حکوومەتی ئازەربایجان، مەحموودی پەناهیان لە ئەندامانی پایەبەرزی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان و حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان، میرزا عەلی شەبوستەری سەرۆکی مەجلیسی میللی ئازەربایجان. ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری کوردستان لە تاران،سەرتیپ گوڵ پیرا نوێنەری ستادی ئەرتەش، ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە نەفەری سێیەم سەرهەنگ محەمەد عەلی موبەشیری نوێنەری ستادی ئەرتەش [جێی ئاماژەیە سەرهەنگ موبەشیری لە دوای کوودێتای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ی هەتاوی و کەشف بوونی ڕێکخراوی نیزامی حیزبی توودە، وەک یەک لە بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە تیرەباران کرا]

ڕێکەوتی دەقیقی هەڵگیرانی ئەم وێنەیە دەهێڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر، بەڵام زیائەدینی ئەلەمووتی لە کتێبی "فصولی از تاریخ مبارزات سیاسی و اجتماعی ایران، جنبشهای چپ"، شرکت انتشارات چاپخش. ۱۳۷۰ی هەتاوی، تاران" دا ئەم بڕگەیەی خوارەوەی نووسیوە کە بێ هیچ دوودڵی و گومانێک پێوەندی بەم وێنەیەوە هەیە.

"کۆمیسیۆنی نیگەهبانی - کۆمیسیۆنی نیگەهبانی (ئەمنییە و ژاندارمەری) لەو کۆبوونەوەیە دا پادگان، شەبوستەری، پەناهیان، سەدری قازی و لە لایەن دەوڵەت ڕا سەرتیپ گوڵ پیرا. سەرهەنگ موبەشیری، قەوامولسەلتەنە و موزەفەری فیرووزیش ئامادە بوون.لەوبارەیەوە خیلاف زۆر بوو، بڕیار درا چوارهەزار فیدایی بچنە ڕیزی نیگەهبانییەوە. سەرۆکی نیگەهبانی لە نێوەندەوە دیاری بکرێ و جێگرەکەشی لە لایەن ئازەربایجانەوە

(ئەنجومەن غوڵام یەحیای دانیشیان ی لە بەرچاو گرتبوو) وادانـدرا مووچە و مەعاشی نیگەهبانان لـە نێوەنـدەوە بدرێ. ل ٥٠٠)

١٦ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ = ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

## پێشەوا قازی محەمەد و موزەفەری فیرووز لە تاران



پێشەوا قازی محەمەد و موزەفەری فیرووز جێگری سیاسی سەرۆکوەزیر قەوامولسەلتەنە لە تاران

ڕێکـەوتی ئـەو سـەفەرەی قـازی محەمـەد بـۆ تـاران بـە پێـی بانگهێشـتنی قەوامولسـەلتەنە ٥ی پۆوشپەڕی ١٣٢٥ی هەتـاوی بووە و دوو حەوتوو لە تاران ماوەتەوە. لەو سەفەرە دا پێشەوا و ئەبولقاسمی سەدری قـازی نوێنـەری کوردستان لە تاران پێنج جار لە گەڵ قەوامولسەلتەنە دانیشتوون و سێ جاریش چاویان بە ڕەزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران کەوتووە

١٦ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ = ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

## ڕوونووسی ئیعتیبارنامەی ئەبولقاسمی سەدری قازی بۆ نوێنەرایەتی لە خولی چاردەهەمی مەجلیسی شوورای میللی





رونوشت اعتبارنامه

ما امضاء کنندگان ذیل اعضاء انجمن نظارت حوزهٔ انتخابیهٔ مهاباد تصدیق میکنیم که آقای ابوالقاسم صدرقاضی پسر مرحوم علی قاضی که شغلش مالکیت است و سنش متولد ۱۳۸۱ و ساکن شهر مهاباد است در انتخابات این حوزه انتخابیه که در تاریخ شهریور ماه/ ۱۳۲۲ خورشیدی واقع شده باکثریت سیزده هزار و یکصد و سی و دو ۱۳۱۳۲ رای از چهارده هزار و ششصد و پانزده ۱٤٨١٥ رای دهندگان بنمایندگی برای مجلس شورای ملی منتخب گردید و شهادت میدهیم که انتخاب مشار الیه موافق مقررات قانون انتخابات مورخه ۲۸ شوال سنه ۱۳۲۹ که بعضی از مواد آن در دوازدهم شهریور ماه و پنجم و دوازدهم مهر ماه شمسی ۱۳۰٤ و قانون دهم مهر ماه ۱۳۱۳ اصلاح و بتصویب مجلس شورای ملی رسیده انجام یافته و تحصیل این انتخاب در صورت مجلس انتخابات این حوزه مندرج است

مهر و امضای اعضای انجمن نظارت

این اعتبارنامه صحیح است

مهر و امضای حاکم ومهر حکومت

روزنوشت اعتبارنامه است که در کتابخانه مجلس شورای ملی بایگانی است — امضاء ومهر دفتر مجلس شورای ملی

## رونوشت اعتبارنامه

ما امضاء کنندگان ذیل اعضاء انجمن نطارت حوزهء انتخابیهء مهاباد تصدیق میکنیم که آقای ابوالقاسم صدرقاضی پسر مرحوم علی قاضی که شغلش مالکیت است و سنش متولد ١٣٨١ و ساکن شهر مهاباد است در انتخابات این حوزه انتخابیه که در تاریخ شهریور ماه/ ١٣٢٢ خورشیدی واقع شده باکثریت سیزده هزار و یکصد و سی و دو ١٣١٣٢ رای از چهارده هزار و ششصد و پانزده ١٤٨١٥ رای دهندگان بنمایندگی برای مجلس شورای ملی

منتخب گردید و شهادت میدهیم که انتخاب مشارالیه موافق مقررات قـانون انتخابـات مورخه ٢٨ شوال سنه ١٣٢٩ که بعضی از مواد آن در دوازدهم شهریور ماه و پنجم و دوازدهم مهرماه شمسی ١٣٠٤ و قـانون دهم مهرماه ١٣١٣ اصلاح و بتصویب مجلس شورای ملی رسیده انجام یافته و تفصیل این انتخاب در صورت مجلس انتخابـات این حوزه مندرج است

بتاریخ دهم مهرماه هزار و سیصد و بیست و دو خورشیدی
مهر و امضای اعضای انجمن نظارت
سید عبدالله سیدی علی حسینی محمد قاضی
مصطفی سلطانیان عزیز امیر عشایری حمید حمیدی
مصطفی داودی باپیر منگور
این اعتبارنامه صحیح است
مهر و امضای حاکم و مهر حکومت
فرماندار - سریع القلم
مهر : دفتر مجلس شورای ملی
امضا : مجلس اداری ... است

٢٢ ٩ ٢٩

رونوشت اعتبارنامه است که در تقنینییه مجلس شورای ملی بایگانی است
امضاء و مهر دفتر مجلس شورای ملی
چاپخانه مجلس
ڕوونووسی ئیعتیبارنامە

ئێمە ئەوانەی لە خوارەوە واژۆمان کردووە ئەندامانی ئەنجومەنی چاوەدێری مەڵبەندی هەڵبژاردنی مهاباد تەسدیق دەکەین کە ئاغای ئەبولقاسمی سەدری قازی کوڕی خوالێخۆشبوو عەلی قازی کە پیشەی خاوەنموڵکییە و تەمەنی لە دایکبووی ١٣٨١ و دانیشتووی شاری مهابادە لە هەڵبژاردنی ئەم مەڵبەندەی هەڵبژاردن دا کە لە بەرواری مانگی خەرمانانی ١٣٢٢ی هەتاوی دا کراوە بە زۆربەی سێزدەهەزار و یەکسەد و سی و دوو ١٣١٣٢ دەنگی دەنگدەران لە چاردە هەزار و شەشسەد و پازدە ١٤٨١٥ دەنگ بۆ نوێنەرایەتی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران هەڵبژێردراوە و شەهادەت دەدەین کە هەڵبژێردرانی بەڕێزیان بە پێی ڕێساکانی قانوونی هەڵبژاردن کراوە کە لە بەرواری ٢٨ی شەوالی ساڵی ١٣٢٩ کە هێندێک لە مادەکانی لە دوازدەهەمی خەرمانان و پێنجەم و دوزادەهەمی مانگی ڕەزبەری

١٣٠٤ [ی هەتاوی] و قانوونی دەهەمی مانگی ڕەزبەری ١٣١٣ [ی هەتاوی] چاک کراوە و مەجلیسی شووڕای میللی پەسندی کردووە و وردەڕیشاڵی ئەو هەڵبژاردنە لە پرۆتۆکۆلی هەڵبژاردنی ئەو مەڵبەندە دا نووسراوە

لە بەرواری دەهەمی مانگی ڕەزبەری هەزار و سێسەد و بیست و دووی هەتاوی
مۆر و واژۆی ئەندامانی ئەنجومەنی چاوەدێری
سیید عەبدوڵای سەیدی عەلی حوسێنی محەممەدی قازی [قازی محەممەد]
مستەفای سوڵتانیان عەزیزی ئەمیر عەشایری حەمیدی حەمیدی
مستەفای داودی باپیری مەنگوڕ
فەرماندار - سەریعولقەلەم
مۆر : دەفتەری مەجلیسی شووڕای میللی
واژۆ: مەجلیسی ئیداری .... یە

٢٢ ٩ ٢٩

ڕوونووسی ئیعتیبارنامەیە کە لە بەشی قانووندانانی مەجلیسی شووڕای میللی دا پارێزراوە

تێبینی: ئەم وێنەیەی سەدری قازی وەک لە ژێرنووسییەوە دەردەکەوێ لە لایەن وێنەکێشێکی ئورووپاییەوە هەڵگیراوە

٩ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ = ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨



**ریزی پێشەوە:** پێشەوا قازی محەمەد، نەفەری سێیەم دوکتور محەمەدی کەیوانپوور (موکری دواتر) نێوبراو لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی لە لایەن تارانەوە بە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد دیاری کرا (کتێبی مێژووی مهاباد، سەیید محەمەدی سەمەدی بە زمانی فارسی).

**ڕێزی دووەم لە ڕاستەوە:** میرزا عەلی ڕیحانی، مامە غەنی خوسرەوی، نەفەری چوارەم حاجی مستەفای داودی، ڕیزی بن دیواری ١- میرزا مستەفای سوڵتانیان، ٢- محەمەدساڵحی باباخانی. ٣- محەمەدئەمینی موعینی. ٤- مەنافی کەریمی.

**ڕاوستاوان:** نەفەری یەکەم: ١- عەلی خوسرەوی.






**ڕیزی پێشەوەلە ڕاستەوە:** مەلا سەدیقی سیدقی. ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە میرزا ڕەحیمی لەشکری، نەفەری چوارەم ... سەلاحزادە.
**ڕاوەستاوان:** نەفەری دووەم لە ڕاستەوە عەلی خوسرەوی. لە نێو مێرمندالان دا ئەو لاوەی دەستی ڕاستی بە ملیەوە ناوە: سولەیمانی موعینی.

٧ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ = ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨

## حاجی سەید بابە شێخی سیادەت ڕەئیسی هەیئەت ڕەئیسەی میللیی کوردستان



میرزا مەنافی کەریمی یەکێک لە کاربەدەستە پلە بەرزەکانی کۆماری کوردستان لەو ساڵانەی دواییدا لە ناساندی حاجی بابەشێخ دا نووسیویە: "سەرۆکی هەیئەت رەئیسە (سەرۆکوەزیر) ئاغای حاجی بابەشێخ، خەڵکی شارستانی بۆکان، لە سەردەمی ڕاگەیاندنی جمهووری کوردستان دا تەمەنی ٦٨ ساڵ بوو. بەرێزی لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل بوو و لە کارو باری شەرعی دا زانا و کارامە بوو، هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵک باش بوو. ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک نەبوو و لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییدا لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی حیزبی دێمۆکرات کەوت. لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە دێی تورجان ماڵاوایی لە ژیان کرد"

**تێبینی:** بۆچوونی مەنافی کەریمی لەو یادداشتانە وەرگیراوە کە لە پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایوون (بە زمانی فارسی) نووسیوێتی. وێنەکەش بە سپاسەوە لەکتێبی "حاجی بابە شێخ سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی میللیی کوردستان" وەرگیراوە لە نووسینی بەرێز عومەری فاروقی. ئەم کتێبە لە لایەن بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بڵاو کراوەتەوە.

٣ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ = ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨

**دوکتور محەمەدی کەیوانپوور (موکری) دە جلوبەرگی کوردی دا**



ئەم وێنەیە بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان هەڵگیراوە و چەند کەس لە کاربەدەستانی دواتری کۆمار لە گەڵ دوکتور محەمەدی کەیوانپوور (دوکتور محەمەدی موکری دواتر) نیشان دەدا. محەمەدی کەیوانپوورلە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی سەرۆکی ئیداری فەرهەنگی مهاباد بووە.

**لە ڕاستەوەبۆ چەپ:** ١- عەلی خوسرەوی، ٢- ... ؟ ، ٣- سەعیدی هومایوون، ٤- ڕەحیمی لەشکری دانیشتوو: دوکتور محەمەدی کەیوانپوور (موکری) دەجلوبەرگی کوردی دا.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات کورتە مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم نووسینی بەڕێز جەلیلی گادانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ساڵی ٢٠٠٨ وەرگیراوە.

١٩ی ڕەزبەری ١٣٨٧ = ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨

ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەدحوسێنی سەیفی قازی و پۆدپۆڵکۆڤنیک سەلاحەدین عیسازادە



ژەنەراڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان و پۆدپۆڵکۆڤنیک سەلاحەدین عیسا زادە (کازمۆڤ) ڕاوێژکاری نیزامی کۆمار و قارەمانی نەتەوەیی سۆڤییێت. کازمۆڤ بە ڕەچەڵەک لە کوردەکانی شووروەوی بوو و لەو سەردەمانەی کە لە مهاباد بوو بە 'کاکاغا' بە نێوبانگ بوو.

٣ی ڕەزبەری ١٣٨٧ = ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨

## ٣ نامەی پێشەوا قازی محەمەد بۆ میرجەعفەر باقرۆف

ئامادە کردن و وەرگێڕانی: حەسەنی قازی

بەڕێز ئەمیرعەلی لاهروودی سەدری فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا: "یاد ماندەها و ملاحظەها" (نشر فرقە دمکرات آذربایجان) کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە باکۆ بە زمانی فارسی بڵاو بووەتەوە لە لاپەڕەی ٣٣٦ ، ٣٣٥ و ٣٣٧ی دا کۆپی سێ نامەی پێشەوا قازی محەممەدی بڵاو کردووەتەوە کە بۆ میرجەعفەر باقرۆف نووسراون. ئەونامانە بە زمانی ترکی ئازەربایجانی و بە دەستخەتی جیاواز نووسراون. تەنێ نامەی یەکەم لە سەرکاغەزی فۆرمی "وزارەت هیزی کوردوستان" نووسراوە و تاریخی پێوەیە.لە هەرسێک نامەکان دا ئیمزای پێشەوا قازی محەممەد بە بەراورد کردن لە گەڵ سەرچاوەی دیکە دا بە جوانی دەناسرێتەوە و چ گومانێک لە ڕەسەن بوونیدا نییە. ئەو بەڵگانە یەکەم جارە بڵاو دەکرێنەوە.

بە داخەوە لە کتێبی بەڕێز لاهروودی دا ئەو نامانە بە وردی و بە سەرنجەوە وەرنەگێڕدراونە سەر زمانی فارسی. لە نێوەرۆکی نامەی دوویەم ڕا دەردەکەوێ کە لە دوای پاشە کشەی ئەرتەشی سوور لە ئێران ( مانگی مای ١٩٤٦ ) نووسراوە، لەو نامەیەدا هێندێک وشە پەڕێندراوە یان پاک کراوەنەتەوە! مەبەست لە عیسا زادە، کە دواتر لە نامەکە دا بە ناوی یەکەم"سەلاحەدین" باسی لێوە کراوە "سەلاحەدین کازمۆف" ە کە ڕاوێژکاری نیزامی کۆمار بوو." سەلاحەدین کازمۆف "لە کوردەکانی سۆڤیێت بوو و لە لیستەیەک دا کە لە لایەن وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئازەربایجانەوە بڵاو کراوەتەوە وەکوو یەک لە "قارەمانانی سۆڤیێت" ناسێندراوە. کازمۆڤ لە ساڵی ١٩٧٨ لە ڕووداوێکدا لە باکۆ کووژرا.

نامەی سێیەم دەبێ بە ڕێگەی ئەو خوێندکارە کوردانە ڕا دا ناردرابێ کە بۆ خوێندن چووبوونە سۆڤیێت. لەکۆتاییەکانی مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦ نزیکەی ٦٠ لاوی کورد بۆ پەروەردەی نیزامی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە ناردرانە ئازەربایجانی سۆڤیێت. بەڵام بەر لەوان بە پێی نووسینی ویلیام ئیگلتن "سێ قوتابی ناوەندی لە مهابادەوە لە زانکۆی باکۆ وەرگیرابوون لە چوار چێوەی ئەو بوورسانەی دا کە ساڵێک پێشتر درابوون بە حکوومەتی ئێران. ئەو خوێندکارانە بریتی بوون لە ڕەحمانی حەلەوی، خوسرەوی زولفەقاری و مستەفای شەڵماشی" (کۆماری کوردی لە ساڵی ١٩٤٦، لاپەڕەی ٨٥) لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩٤٦ ئەو خوێندکارانە بە سەردان دێنەوە مهاباد. لە نوتقێکی پێشەوا قازی محەممەد کە لە ژمارەی ٧٦ی کوردستان دا چاپ کراوە) کوردستان، سێشەمۆ ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٢٥ هەتاوی [١٣ی ئووتی ١٩٤٦] ئاماژە بە هاتنەوەی ئەو خوێنکارانە کراوە و پێشەوا قازی محەممەد لەو بارەیەوە دەڵێ: " ... و ئەمن لەم سەفەرە دا هێندێ کارم مابوو کە جێ بە جێیان بکەم بەڵام چونکوو بیستم کە سێ نەفەر لە موحەسیلینی ئێمە کە لە باکۆ دەخوێنن بۆ سەردانی وڵات هاتوونەوە تاڵووکەم کرد کە چاوم پێیان بکەوێت و ئینتیزارم هەبوو کە لە وەختی هاتنەوەی ئەوان دا پێشوازێکی زۆر چاکیان لێ بکرێ چونکوو ئەوانە هەوەڵ موحەسیلێکن کە لە کوردان چوون بۆ خاریجە. میللەت دەبێ زۆریان قەدردانی لێ بکا، بەڵام داخەکەم لەم خسووسەوە وەک پێویستە تەوجوهی لازم و پێشوازی شایانیان لێ نەکراوە. ئومێدەوارم کە هەموو

ساڵێک مووەفەق بین ژمارەیەکی زۆر لە موحەسیلین بنێرین بۆ خاریجە کە بە حەول و قووەتی خودا مووەفەق بین بە هۆی عیلم و زانست کەشتی کوردستان بگەیێنینە ساحیل و خواهیش لەو دانیشجوو خۆشەویستانەی خۆمان دەکەین کە لە ماوەی ئیقامەتی خۆیان لە مهاباد موشاهەداتی خۆیان لەویَ بە نووسین و گوتن بۆ خەڵکی بڵێن و بنووسن کە میللەت ئاشنا بێت کە میللەتانی دیکە چلۆن بە قووەتی عیلم و زانست ئەرز و ئاسمان، سەر دەریا و ژێر دەریایان موسەخەر کردووە..."

یەک لەو خوێندکارانە، ڕەحمانی حەلەوی [دانشجووی کورد لە مەدرەسەی تیبی بادکووبە] لە ژمارەی ٧٩ی ڕۆژنامەی کوردستان دا (کوردستان، سێشەمۆ ٢٩ گەلاوێژی ١٣٢٥ [٢٢ی ئووتی ١٩٤٦] وتارێکی بە نێوی "بڕێک لە جوغرافیای شاری باکۆ" بڵاو کردووەتەوە.

بەم پێیە دەردەکەویَ نامەی دووەم لە دوای مانگی مای ١٩٤٦ و نامەی سێیەم لە کۆتاییەکان، یان سەرەتای سێپتامبری ١٩٤٦ نووسراوە.

## نامەیە یەکەم

ژمارە: ٣٣

بروار..... ئارمی کۆماری کوردستان

وزارەت هیزی کوردوستان

"مهاباد"

آذربایجان کومونیست پارتیاسنن باش کاتبی جناب میرجعفرباغراوف

چوق احترامله عرض اولونور سردشت و سقز و بانه رایونلارندا دشمن النده تانک لار واردر و بیرده سنه شهرنده اولارن لشکرن مرکزنده طیاره وار بونه کویره سیزدن چوق خواهش ایدرم امر بیورەسنز بیزه اوچ تانک و ایکی ضد طیاره طوپی بیزه ویرسونلار

محمد قاضی ٢٩ - ١٢ - ٢٤

## وەرگێڕانی کوردی

سکرتێری گشتیی پارتیی کۆمۆنیستی ئازەربایجان جەنابی میر جەعفەر باغرۆف

بە ڕێزی زۆرەوە عەرز دەکریَ، لە ناوچەکانی سەردەشت و سەقز و بانە دوژمن تانکی لە دەست دایە و هەر وەها

لە شاری سنەش لە مەرکەزی لەشکر فڕۆکەیان هەیە، بۆیە زۆر تکاتان لێدەکەم ئەمر بفەرموون سێ تانک و دوو تۆپی دژە فڕۆکەمان بدرێتێ.

محەمەدی قازی ٢٩ - ١٢ - ٢٤ [٢٠ی مارسی ١٩٤٦]

## نامەی دووەم

محترم آذربایجان خلقینین آتاسی و بیوک معلمی اولان جناب میر جعفر باقراوف

اولا شخصا من و بیز کورد خلقی طرفندن سیزه و آذربایجان ملتنه چوق لی سلام لار یترمگه باهم خوش آزاد و خوشبخت بیر خلق کیمی اولدوقجه ازون ایللار بویی یاشاماقزنی اورگدن آرزو ایدیریک. منم بو مکتوبی یازماقده مقصودم اوندان عبارت در که سیز تماما آرخاین اوله سنز که سیزن و قزل اوردونن چکدیگی زحمت لر هدر گیتمیەجک و روس قوشونی بیزم فکرمزدان، اورک مزدان چیقمیەجاق

من هیچ زمان اینانه بیلمرم که روس قوشون لاری ایرانی بوشالدەرق مظلوم خلق لاردان گوز گوتوروب اوز دوغمه وطن لارنه گیدەجک لار منه ایله گیلرکه دورت بش ایل سزن گوسترشنزله یاشایان و ینه روس لارن قایتمەسنن آرزو ایدن کورد خلقنی یاد دان چقارمیەجاق سنز و بیزم حیاتی گوندەلک مسئلەلارمزمراق لانەجاق سنز. کورد ملتی آذربایجان له باهم اوز ملتی، وطنی و آزادلغی اوغرنده دائما دشمن له ورشوجاقلار آرتق میدان ناموس لی نن دور بیز کورد ملتی سیزن کومک نزله متمدن بیر ملت بولماق له باهم اونی ده یاخشی بیلیریک که آزادلغی سیون بیر ملت بیرلیک و مبارزەنی ایتمەلیدر آزادلق مبارزەسز و قانسز ممکن دگل در بیز کورد ملتی هیچ وقت طهرانه باش ایمەرگ لاکن، سیزدن بیر خواهشم وار:

١- کورد ملتنی اوز قایغی یواسنده بسلەدیکیزکیمی اونلاری اوچونجه یاد دان چیقارمەین و دائما گوز قولاق ویرن سیز بیزه بیر بیز کورد خلقی مقابلنده یوز بورجلی اولماقه حاضرغ

٢- بیر خواهشم وار که بیزه گوندردگز یولداش عیسی زاده تیزلیگله گری قایترق منه بو ایش چوق تعجب گیلر بیر انسان که ناموس له ایشلەیه، زحمت چکه خلق مدافعه قوشونی یارادا سرحدی محکم لندره خلق آراسنده حرمته مالک اولابیر دن ایسه روس لارن گیتمەسی و کورد خلقنن دوشمن له مبارزه امتحاننی ویرن زمان یولداشنی گیترمک فکرنی دوشەرک بیزی ترک ایتمەسی منی معطل قویور

دیەسن بو بهانه ایدی منه گویره صلاح الدینه بیزم حقمز سیزنکی قدر اوله بیلر چونکه او اولا ساویت اوغلی و

ایکینجی کورد در بونه گویره سیزدن خواهش ایدرم هیچ اولمەسا ایشی باشه چاتدرانه قدر یولداش عیسی زادەنی و یولداشنن تشریفی گیری قایتەرسنز چوق ساغ و خوشبخت اولەسنز سیزی اونتمەیان هم دوست محمد قاضی

## وەرگێڕانی کوردی

باوک و مامۆستای گەورەی گەلی بەڕێزی ئازەربایجان جەنابی میر جەعفەر باقرۆف

یەکەم لە لایەن خۆم و گەلی کوردەوە وێڕای ناردنی سڵاوی زۆر بۆ ئێوە و میللەتی ئازەربایجان لە دڵەوە ئارەزوو دەکەین وەکوو گەلێکی ئازاد و خۆشبەخت بۆ ساڵانی درێژ بژین. مەبەستی من لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە کە دڵنیایی تەواوتان بدەمێ ئەو زەحمەتانەی ئێوە و سپای سوور کێشاوتانە بە فێڕۆ ناڕوا و قشوونی رووس لە فکرو دڵی ئێمە دەرناچێ.

ئەمن قەت باوەڕ ناکەم کەهێزە ڕووسەکان بە چۆلکردنی ئێران و گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان چاو لە گەلانی مەزلووم هەڵبوێرن . ئەمن وای بۆدەچم کە دوای چوار پێنجساڵ ژیان لێرە ئێوە و ڕووسەکان بە گەڕانەوەتان گەلی کورد لە بیر ناکەن و سەرنج دەدەنە سەر مەسەلە حەیاتییەکانی ڕۆژانەی ئێمە.
میللەتی کورد بەیەکەوە لە گەڵ ئازەربایجان لە پێناو میللەت، نیشتمان و ئازادیی خۆی بەردەوام لە بەرامبەر دوژمن دا تێدەکۆشی و ئیدی مەیدان ئی کەسانی بە نامووسە.
ئێمەی میللەتی کورد بە یارمەتی ئێوە بۆ سازکرنی میللەتێکی بە شارستانی بەیەکەوە ئەوەش باش دەزانین کە میللەتێکی ئازادی خۆش بوێ دەبێ خەباتێکی یەکگرتوو بکا.

ئازادیی بێ خەبات و بێ خوێن مومکین نییە

ئێمە وەکوو میللەتی کورد هیچ کاتێک سەرلەبەر تاران دانانەوێنین بەڵام، تکایەکم لە ئێوە هەیە:

١- هەر وەک چۆن لە ڕۆژی تەنگانەدا لەسەر میللەتی کوردتان کردەوە لە بیریان مەکەن و هەمیشە چاو و گوێتان بە سەرییەوە بێ ئێوە بۆ ئێمە یەک [ یەک یا چەند وشە پەڕیوە ] ئێمە گەلی کورد لە بەرانبەر دا ئامادەین سەد قەرزتان بدەینەوە.
٢- تکایەکم هەیە کە هاوڕێ عیسا زادە کە ناردبووتانە لای ئێمە بە زوویی بنێرنەوە لامان. بە لای منەوە زۆر سەیرە ئینسانێک کە بە ویژدانەوە کاری کردووە ، زەحمەتی کێشاوە،ئەرتەشی پاراستنی گەلی پێک هێناوە،

سنووری مەحکەم کردووە ولە ناو کۆمەڵانی گەل دا خاوەن ڕێز و حورمەتە، لە پڕا بە گەڕانەوەی ڕووسەکان لە کاتێک دا گەلی کورد لە خەبات بە دژی دوژمن دا ئیمتیحانی خۆی دەدا ئێمە بەجێ بهێڵی و وەبیر هێنانی هاوسەرەکەی بکەوێ.

لەوانەیە ئەوە بیانوویەک بێ. بە بۆچوونی من ئێمەش بە قەدەر ئێوە حەقمان بە سەر سەلاحەدینەوە هەیە چونکوو یەکەم ئەو ڕۆڵەی سۆڤییەت و دووەم کوردە، بۆیە تکاتان لێدەکەم هەرنەبێ تائەو کاتەی کارەکە تەواو دەبێ هاوڕێ عیسا زادە بنێرنەوە. ساخ و خوشبەخت بن. ئەو دۆستەی لە بیرتان ناکا.

محەمەدی قازی

## نامەی سێیەم

بیوک اذربایجان معظم رهبری اتا و باش معلمز میرجعفرباقراوف حضرتلری

ایندی کە بیزم کیچک تمدن کاراونیمیز اوز مرخصلکی تمام ایدوب ینی دان کسب علم و کمال اوز اولکەنی ایشیق لاندرمق ایچون قایدرلار وقتی غنیمت بیلرم اوز صمیمی سلام لارمی تقدیم ایدوب و تقاضا ایلیم کە موکد دستور بیورەسز کە سزن مراحم و بیورکنز کوردلارن بارەسندە کاملا عملی اولوب و او جنابن خیرخواەلق لطف لاری جدی راخ تعقیب اولسون

محمد قاضی


وەرگێڕانی کوردی

ڕێبەری گەورەی ئازەربایجان باوک و سەرمامۆستامان حەزرەتی میرجەعفەر باقرۆف

ئێستا کە کاروانی پچووکی شارستانییەتی ئێمە پشووی خۆیان تەواو کردووە و دیسان بۆ وەرگرتنی زانست و کەماڵ و ڕوون داگیرانی وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە، ئەم کاتە بە دەرفەت دەزانم سڵاوی دڵپاکانەی خۆمتان پێشکێش بکەم و دەمەوێ داوا بکەم کە دەستووری پتەو بدەن کە گەورەیی و ڕوحمی ئێوە سەبارەت بە کوردەکان بە جێ بهێندرێ و لوتفی خێرخوازانەی جەنابتان بە شێوەیەکی جیدیتر شوێنگێری بکرێ

محەمەدی قازی

### نامەی یەکەم


وزارەت هێزی کوردوستان


مهاباد

اولین نامه قاضی محمد به میرجعفر باقراف

### نامەی دوویەم


دومین نامه محمد قاضی به میر جعفر باقراف

### نامەی سێیەم


سومین نامه قاضی محمد به میرجعفر باقراف

**٣١ی خەرمانانی ١٣٨٧ = ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨**

**ڕەسووڵی نەغەدەیی لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان**



تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "جمهوری ۱۹٤٦ کردستان" ترجمەء سید محمد صمدی وەرگیراوە.

۲۵ی خەرمانانی ۱۳۸۷ = ۱۵ی سێپتەمبەری ۲۰۰۸

ڕێورەسمی هەڵکرانی ئاڵای کۆماری کوردستان، ۲٦ی سەرماوەزی ۱۳۲٤



پێشەوا قازی محەمەد. ریزی پشتەوە لە ڕاستەوە بۆچەپ: سەید محەمەدی تەهازادە، یەک لە موعاوینانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان. سەدیقی حەیدەری، مودیری کولی ئینتیشارات و تەبلیغاتی کوردستان لە بەرگی نیزامی هێزی کوردستاندا، سەید عەبدوڵای تەهازادە،
ریزی سێیەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ: نەفەری یەکەم عەبدولرەحیمی جەوانمەردی قازی

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "جمهوری ١٩٤٦ کردستان" ترجمەء سید محەمەد صمدی وەرگیراوە. ڕێکەوتی هەڵگیرانی وێنەکە لە ڕووی چوارەمین وێنەی لەم پێگەیە دا بڵاوکراوەتەوە، ساخ کراوەتەوە.

٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٧ = ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨

چوارچرا، ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار



**ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و ڕێوڕەسمی ڕێژە لە مەیدانی چوار چرا**

**لە ڕاستەوە بۆ چەپ،** سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە، ڕیزی پشتەوە کاپیتان محەمەد خەلیلی مووەفەقی، عەبدولرەحیمی جەوانمەردی قازی

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "جمهوری ١٩٤٦ کردستان، ترجمەء سید محەمەد صمدی" وەرگیراوە. ڕێکەوتی هەڵگیرانی ئەم وێنەیە بە پێی دووەمین وێنەی ئەم پێگەیە ساخ کراوەتەوە.

**٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٧ = ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨**



سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە، فەرماندەی هێزی ناوەندی پێشمەرگەی کوردستان لە حەوشەی ستادی هێزی ناوەندی کوردستان.لە تابلۆکە دا دوو وشەی "هێزی ناوەندی" دیارە.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "جمهوری ١٩٤٦ کردستان، ترجمەء سید محمد صمدی" وەرگیراوە

٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٧ = ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨













١٢ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ١ی جوونی ٢٠٠٨

## ڕێوڕەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان





١١ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ٣١ی مای ٢٠٠٨

## وەزیری هێزی کۆماری کوردستان و فەرماندەی هێزی ناوەندی لە ڕێو ڕەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگە دا



له ڕاستەوه بۆ چەپ: سەرپۆلی [illegible] ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەدحوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان، ڕەحیمی جەوانمەردی قازی [بە بەرگی کوردییەوە] ئەندامی دەفتەری پێشەوا

تێبینی: ئەم وێنەییەش هەر ئەو ڕێوڕەسمەیە کە بە داخەوە تا ئێستا شوێن و ڕێکەوتیمان بۆ ساغ نەبووەتەوە.

٨ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ٢٨ی مای ٢٠٠٨

## ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەدحوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی کوردستان



ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا.

**تێبینی**: سەرچاوەی پێشوو

٨ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ٢٨ی مای ٢٠٠٨

## هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی ڕێژە لە بەرامبەر پێشەوا و کاربەدەستانی دیکەی کۆمار دا



پێشمەرگەکانی کوردستان لە کاتی ڕێژە لە بەرامبەر پێشەوا و کاربەدەستانی دیکەی کۆمار دا.

**تێبینی:** هەر سەرچاوەی پێشوو.

۸ی جۆزەردانی ۱۳۸۷ = ۲۸ی مای ۲۰۰۸

---

هێندێک لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



هێندێک لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

**تێبینی:** هەر سەچاوە پێشوو.

٨ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ٢٨ی مای ٢٠٠٨

هێندێک لە بەشدارانی ڕێژەی هێزی پێشمەرگە



هێندێک لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی ڕێژی هێزی پێشمەرگە

تێبینی: هەر سەرچاوەی پێشوو.

٨ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ٢٨ی مای ٢٠٠٨

پێشەوا قازی محەمەد و حاجی بابە شێخی سیاسەت لە کاتی سان دیتندا



**تێبینی**: سەرجاوەی پێشوو.

**٨ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ٢٨ی مای ٢٠٠٨**

## ڕیژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



**تێبینی**: هەر سەرچاوەی پێشوو.

**٧ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ٢٧ی مای ٢٠٠٨**

## پێشەوا قازی محەمەد، ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی و سەرپۆلی ۲ محەمەدی نانەوازادە



پێشەوا قازی محەمەد، ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەدحوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان و سەرپۆلی ۲ محەمەدی نانەوازادە، فەرماندەی هێزی ناوەندی لە ڕێو ڕەسمی ڕێژەی پێشمەرگەی کوردستان دا.

**تێبینی:** ژێدەر، سەرچاوەی پێشوو

**۳ی جۆزەردانی ۱۳۸۷ = ۲۳ی مای ۲۰۰۸**

## پێشەوا وڵامی سڵاوی هێزی پێشمەرگە دەداتەوە



**تێبینی**: سەرچاوەی پێشوو

۳ی جۆزەردانی ۱۳۸۷ = ۲۳ی مای ۲۰۰۸

## ڕیژەی هێزی پێشمەرگە



**تێبینی:** سەرچاوەی پێشوو

۳ی جۆزەردانی ۱۳۸۷ = ۲۳ی مای ۲۰۰۸

## ڕێو ڕەسمی ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشەوا قازی محەمەد سڵاو لە ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکا.

بەداخەوە هێشتا بۆمان ساغ نەبووەتەوە کە ئەم وێنەیە و وێنەکانی دیکەی بەدووی دا دێن ئی چ ڕێوڕەسمێکن.

تێبینی: ئەم وێنەیە لە فیلمێکی بەڵگەیی وەرگیراوە کە لە لایەن فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجانەوە بڵاو کراوەتەوە و دەکرێ لە سەر ئینترنێت ببیندرێ.

٣ی جۆزەردانی ١٣٨٧ = ٢٣ی مای ٢٠٠٨

---

بەڕێکردنی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان کوردستان لە فرۆکەخانەی تەورێز یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥



بەشداری خەڵک لە بەڕێکردنی دەسیەی نوێنەرایەتی دا. لەم چەند وشەیەی کە لەسەر ئاڵا سپییەکە بە زمانی ترکی ئازەربایجانی نووسراوە دەخوێنینەوە" لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەییمان .....

تێبینی: ئەم وێنەیەش هەر لە هەمان سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە

٢٧ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ١٦ی مای ٢٠٠٨

جەماوەری ئازەربایجانی لە پێشەوازی پێشەوا و پیشەوەری دا



جەماوەری ئازەربایجانی لە کاتی پێشوازی و گوێگرتن لە قسەکانی پێشەوا و پیشەوەری

تێبینی: ئەم وێنەیە لە کاتی چوونی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان - کوردستان بۆ تاران لە ڕۆژی یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٢٨ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە فڕۆکەخانەی تەورێز جەماوەری بەڕێکەران نیشان دەدا. سەرچاوەی پێشوو، واتە ئەو فیلمە بەڵگەییەی لە لایەن فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجانەوە بڵاو کراوەتەوە.

٢٢ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ١١ی مای ٢٠٠٨

ڕێژەی فیدائییانی ئازەربایجان لە بەرامبەر پێشەوا و پێشەوەری



فیداییانی ئازەربایجان لە کاتی ڕێژە لە بەرامبەر پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری

تێبینی: ئەم وێنەیەش هەر لە هەمان سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە و تائێستا بۆنە و ڕێکەوتیمان بۆ ڕوون نەبووەتەوە.

٢٢ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ١١ی مای ٢٠٠٨

وتار دانی میرجەعفەری پیشەوەری بۆ جەماوەر .فرۆکەخانەی تەورێز. یەکشەمۆ ٨ ی بانەمەڕی ١٣٢٥



**له ڕاستەوه بۆچەپ: عەلی شەبوستەری، قازی محەمەد، میرجەعفەری پیشەوەری**




**میرجەعفەری پیشەوەری لە فڕۆکەخانەی تەورێز، یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٢٨ی ئاوریلی ١٩٤٦ بە ئامادە بوونی پێشەوا قازی محەمەد. ئەم وێنەیەی لە ژمارەی ١٩١ی ڕۆژنامەی آذربایجان، ئۆرگانی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان دا چاپ کراوە و ئەو شەرحەی لە سەر نووسراوە:**

**لە فڕۆکەخانە سەرۆکی نوێنەرانی ئازەربایجان ئاغای پیشەوەری لە حاڵی نوتق کردن دا**

**ئێمە ئازادییەکەمان ئەو جۆرەی وەرمانگرتەووە دەیپارێزین**

**ئێمە داوخوازی ئازادی بۆ هەموو میلەتی ئێران دەکەین**

**هەموو دەبێ ئازاد بکرێن و دەبێ ئازاد بژین**

**"لە نوتقی پیشەوەری"**

**ڕۆژنامەی ئازەربایجان لە ژمارەی ١٨٥ی خۆیدا ٢شەمۆ ٩یی بانەمەڕی ١٣٢٥ بە دوور و درێژی باسی ئەو ڕێوڕەسمەی**

کردووە کە لە فرۆکەخانەی تەورێز بەر لە وەرێکەوتنی دەستەی نوێنەرایەتی بەرێوەچووە و لەوێ پێشەوا قازی محەمەد و میرجەعفەری پیشەوەری قسەیان بۆ جەماوەری بەرێکەر کردووە.

## بەشێک لە ووتاری پێشەوەری

"بابەتێکی دیکەی گرینگیش هەیە کە لە ڕوانگەی دەستەبەری بناغەی ئازادییەکەمان، ئابووری، بیروڕا و ئیدەئالەوە و لەو ڕێبازانە دا یەکێک لە مەسەلە هەرە گرینگەکانی ئێمەیە. ئەویش بریتییە لەو یەکەتی و یەکایەتییەی کە لە نێوان ئێمە و برا کوردەکانماندا هەیە. هەتاکو ئێستا سیاسەتی کۆنەپەرستانە هەوڵیان دەدا دووبەرەکی بخەنە ناو ئەو دوو میلەتە نەجیبە، ئیدی ئەو دووبەرەکییە نەماوە، برایانی کوردمان بە سەرنێزەکانی خۆیان سنوورەکانی ئێمە دەپارێزن و ئێمەش سنوورەکانی ئەوان دەپارێزین. ئەو دوو نەتەوەیە ئەگەر دەیانەوێ بژین و بمێننەوە، دەبێ یەک بگرن. بنچینەی سەرکەوتنی ئێمە بە یەکەتی ئەو دوو نەتەوەیە بەستراوەتەوە. آغای محەمەدی قازی پێشەوای گەلی کورد ئێستا یەک لە بلیمەتەکانی وولاتانی رۆژهەلاتە، بەرێزیشیان لەو ڕاستییە تێگەیشتوون. ئێمە لە داهاتوو دا دەست لە دەستی یەکتری دا نەتەوەی کورد و گەلی ئازەربایجان کە بەسالان سووکایەتیان پێ کراوە و چەوسێندراونەتەوە بە تەواوی ئازاد دەکەین (چەپلە لێدان و هوریا کێشان)

بژی گەلی ئازەربایجان!

بژی ئازادی! (چەپلە لێدان و بەشینەوەی دەستە گوڵ)

٢١ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ١٠ی مای ٢٠٠٨

## دیداری پێشەوا و ڕێبەرانی ئازەربایجان



لەم وێنەیە دا پێشەوا لە گەڵ میرجەعفەری پیشەوەری و میرزا عەلی شەبوستەری دەبیندرێن.

تێبینی: ئەم وێنەیەش وەکوو پێنج وێنەی پێشوو لە بۆنەیەک دا هەڵگیراوە کە بەداخەوە جارێ بۆمان ساخ نەبووەتەوە. وێنەکە لە فیلمی بەڵگەیی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان کە پێشتر باس کرا وەرگیراوە.

٢١ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ١٠ی مای ٢٠٠٨

پێشوازی لە پێشەوا قازی محەمەد لەلایەن ئازەربایجانیانەوە



جەماوەر و ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان بە چەپکە گوڵ پێشوازی لە پێشەوا قازی محەمەد دەکەن.

تێبینی: ئەم وێنەیەش هەرلەو فیلمەی لە ژێرنووسی پێشوو دا باس کرا وەرگیراوە. بریا ئەو بۆنەیە و ڕێکەوتی ساخ کرابایەوە.

١٦ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ١٦ی مای ٢٠٠٨

میرجەعفەری پیشەوەری و میرزا عەلی شەبوستری لە کاتی چەپڵەلێدان دوای ووتاری پێشەوا.
یەکشەمۆ ٨ی بانەمەری ١٣٢٥



ئەم وێنەیەش هەر ئی ڕێوڕەسمی پێشوویە

تێبینی: ئەم وینەیە لە فیلمێکی بەڵگەیی وەرگیراوە کە لەلایەن فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجانەوە بڵاو کراوەتەوە و بە زمانی ترکی ئازەربایجانی دەنگی وەسەر خراوە. دەکرێ ئەم فیلمە لە ئینترنێت دا ببیندرێ.

١٦ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٥ی مای ٢٠٠٨

پێشەوا و دوو لە ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان



ئەم وێنەیەش هەر لە بۆنەی پێشوو دا گیراوە و دیارە لێرەدا رێبەڕان سان لە ریژە دەبینن.

**لە لای ڕاستەوە:** ئەفسەرەکە نە ناسرایەوە، شەبوستەری، قازی، پیشەوەری

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: "اسرار محاکمە قاضی محمد ویارانش، گردآوری و ترجمە: محمد رضا سیف قاضی" وەرگیراوە. لە بن وێنەکەدا نووسراوە:" ڕێبەرانی فیرقەی دێمۆکڕات و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] لە دێی خۆجامیر (خوشە میهری ئێستا)ی مەراغە، پەیمانی دوولایەنەیان ئیمزا کرد" ئەم وێنەیەش وەکوو دوو وێنەی پێشوو لە بۆنەیەک دا گیراوە. سەبارەت بە دیداری ڕێبەرانی دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە خۆجامیر، سەعیدی هومایوون لە بیرەوەرییەکانیدا: "پیشوای بیداری، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤ "دەنووسێ:" بەڵام لە جەبهەی کوردستان دا هێزی ئەرتەش [مەبەستی ئەرتەشی حکوومەتی نێوەندییە] زۆر بە سستی و ئیحتیاتەوە پێشڕەوی دەکرد. لە شەوی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٢٥[ی هەتاوی] لە شارەدێی خۆجامیر (لە نزیک مەراغە) کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی سەرۆکەکانی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان پێک هات و تا نزیکەی بەیانی درێژەی هەبوو، دواجار وا بڕیار درا بۆ پێشگرتن لە پێشڕەوی هێزەکانی ئەرتەشی [ئێران] هێزەکانی ئازەربایجان و کوردستان ئامادەی بەرگری و خۆڕاگری بن..."

زانیاری وەرگێڕی "اسرار محاکمە قاضی محمد و یارانش" و "سەعیدی هومایوون" لە مەڕ دوایین دیداری سەرۆکانی کوردستان و ئازەربایجان و ڕێکەوتی ئەو دیدارە یەکتری ناگرێتەوە. هەرچۆنێک بێ بە ورد بوونەوە لە وێنەکانی دیکەی کە بە دووی ئەم سێ وێنەیە دا دێن، وێناچێ ئەو وێنانە لە ئەو بۆنەیە دا هەڵگیرابن.

١٤ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٣ی مای ٢٠٠٨

**وێنەی پێشەوا و چەند کەس لە ڕێبەرانی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان.فڕۆکەخانەی تەورێز ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥**



ئەم وێنەیەش هەر لەو بۆنەیە دا گیراوە کە لەژێر وێنەی پێشوودا باس کرا.

**لە ڕاستەوە بۆچەپ:** ئەفسەرەکان نەناسرانەوە، میرزا عەلی شەبوستەری سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان، پێشەوا قازی محەمەد لە کاتی وتار دان دا، میر جەعفەری پیشەوەری، سەرۆکوەزیری حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان، نووسرەتوڵای جەهانشاهلوو، جێگری پیشەوەری دە بەرگی نیزامیدا.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە جاری یەکەم لە ڕۆژنامەی "هیوا" دا بڵاو کراوەتەوە کە لە ساڵانی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ لە لایەن " کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران" وە دەردەچوو.

ئەم وێنەیەیە لە ژمارەی ١٩٠ی ڕۆژنامەی آذربایجان ( ٥ی مەی ١٩٤٦)



دا بڵاو کراوەتەوە و لە بنی نووسراوە. لە کاتی چوونی نوێنەرانی ئازەربایجان بۆ تاران لە فرۆکەخانە پێشەوای بە حورمەتی گەلی کورد جەنابی قازی محەممەد لە حاڵی نوتق کردن دا

رۆژنامەی ئازەربایجان لە ژمارەی ۱۸۵ی خۆیدا. ۲۹ی ئاوریلی ۱۹٤٦ بە دوورو درێژی باسی ئەو رێورەسمەی نووسیوە و دەقی نوتقی پێشەوای بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاو کردووەتەوە، ئەم دەقە لە زمانی ترکی ئازەربایجانییەوە وەرگێڕدراوە.

"ئەمن زۆر بە داخەوەم لە بەر ئەوەی زمانی ئازەربایجانی باش نازانم، لەو هەلومەرجە ناسکە دا دەرفەتی ئەوەم نییە بەو زمانە بۆچوونەکانم بڵێم. ئێستا کە جەنابی ئاغای پیشەوەری بە نوێنەرایەتی نەتەوەی ئازەربایجان دەچێتە تارانێ، پێمخۆشە بێڵم بەڕێزیان هەر نوێنەری گەلی ئازەربایجان نییە بەڵکوو نوێنەری نەتەوەی کوردیشە( چەپڵە لێدان و هوریا کێشان). ئەمڕۆ گەلی ئازەربایجان و گەلی کورد لە نێو خۆیاندا یەکەتییەکی پتەویان دامەزراوندووە و ئەو یەکەتییە دەرفەتیان پێ دەدا بە لێوەشاوییەوە بەرگری لە مافی یەکتری بکەن. لەو پێوەندییە دا ئێمەش لە گەڵ ئەم دەستەیە بە نوێنەرایەتی گەلی کورد دوو نوێنەر ئاغای محەمەدحوسێن خانی سەیفی قازی و ئاغای سەدری قازی دەنێرینە تارانێ. ئەو نوێنەرانە لە لایەن ئێمەوە دەچنە ئەوێ و نەتەوەکەمان داوخوازی بەرپرسیارەتییان لێ دەکا. ئەوان دەبێ بە شێوەیەک بگەڕێنەوە ئێرە کە هەم رێز و حورمەتی میلەت بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن و هەم لە مێژووش دا نێوێکی گەورە بۆ خۆیان وەدەست بهێنن.
ئەمن لە بەر کەمی کات کۆتایی دەهێنم بە قسەکانم و داواتان لێدەکەم بەسڵامەتی نوێنەرە خۆشەویستەکانمان لە هورا دەن (دەنگی هورا و چەپلە و بەشینەوەی بە هەزاران دەستە گوڵ).

۱٤ی بانەمەڕی ۱۳۸۷ = ۳ی مای ۲۰۰۸

## پێشەوا قازی محەمەد وژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە گەڵ ڕێبەرانی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان



**لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** نەفەی دووەم لە بەرگی نیزامیدا، ژەنەڕاڵ کەبیری لە بەرپرسانی ئازەربایجان لە مەراغە، بە دوای سێ پایەکاندا، مێرجەعفەری پیشەوەری سەرۆکوەزیری حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان دە بەرگی نیزامی دا، میرزا عەلی شەبوستەری سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان، پێشەوا قازی محەمەد ڕەئیس جمهووری کوردستان، ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان.

ڕۆژنامە کوردستان وەک لە خوارەوە دەبینن بەم شێوەیە باسی یەکێک لە سەردانەکانی پێشەوا لە تەوریز دەکا. بڵێی ئەم وێنەیەی پێشەوا و ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەدحوسێنی سەیفی قازی لەو بۆنەیە دا هەڵنەگیرابێ؟ ئەم وێنەیە و چەند وێنەی دیکەی کە هەر لەهەمان ڕێوڕەسمدا گیراون لێرەدا بڵاو دەکەینەوە. بەو هیوایەی زانیاری تەواو سەبارەت بە بۆنە و کاتی هەڵگیرانی وێنەکان بە تەواوی ساخ بکرێتەوە.

"کوردستان، ژمارە: ٤٤، دووشەمۆ ١٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٩ی مەی ١٩٤٦

ڕۆژی پێنجشەمۆ ٥ - ٢ - ١٣٢٥ حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەگەڵ جەنابی سەرۆکوەزیر و باقی وەزیرانی ئازەربایجان و سەرانی فیرقەی دێمۆکرات چوونە شاه گۆلی و هێزی ئازەربایجانیان سەرکەشی کرد".

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش، گردآوری و ترجمه: محمد رضا

سیف قاضی" وەرگیراوە. وەرگێڕ لە ژێر وێنەکەدا نووسیویە: "نوێنەرانی فیرقە و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی گرێدانی پەیمانی دۆستی" دیارە ئەو زانیارییە تەواو نییە و ئەم وێنەیە ئی ئەو بۆنەیە نییە.

١٤ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٣ی مای ٢٠٠٨

## پێشمەرگەیەکی کۆماری کوردستان



**تێبینی**: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە گۆواری "تایم" ١٥ی ئاوریلی ١٩٩١ وەرگیراوە

**١٤ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٣ی مای ٢٠٠٨**

---

**"بە موناسەبەتی جیژنی مانگی مە" نووسینی هاشمی خەلیل زادە**



**هاشمی خەلیل زادە ئەندامی دەفتەری وەزارەتی هێزی کوردستان و لە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان**

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٤٣، شەمۆ ١٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] = ٤ی مەی ١٩٤٦ی زایینی**

**بە موناسەبەتی جێژنی مانگی مە**

**هاشمی خەلیل زادە**

**برایانی خۆشەویست! جووتیاران و کرێکارانی ئازیز! ڕۆژتان باش، جێژنەتان پیرۆز!**

**ئێوە و ئێمە کە ئەورۆ لە شاری ئازاد و جوانی مهاباد، لەو ساحە موقەدەسەی یانەی فەرهەنگی سۆوێت و کورد بە شادی و خۆشحاڵی لە دەوروبەری یەکتر وەکۆ بووین و گوێ بۆ قسەی یەکتر ڕادەگرین، ڕۆژێکی زۆر گەورە و بە شەوکەتە ئەورۆ، ڕۆژێک و ساتێکی زۆر بە نرخە کە قەڵەم و زبان لە تاریفی بە تەواوی لاڵ و کولە؛ چونکوو لەو ڕۆژە دا بووە ئینقیلاب و قیام بۆدوایی دان بە ژینی هەتیوبار و هەژاری جووتیاران و کرێکاران دەست پێکراوە و لەو ڕۆژە بەولاوە بووە کە قالبی بێ ڕوحی ئەوان لە دەست و چنگاڵی بورژوازی و کاپیتالیستەکان (شارستانی و سەرمایەدار) ڕزگاری هاتووە و وەک باڵندەیێکی لە قەفەس بەرەڵا بووە و لە ئاسمانی ژین و گەڕین و فڕین هاتوون و لەولایەشەوە بە جۆرێک لەبەند و کۆت، لە عەبدایەتی عەبدی بە تەماع و زاڵم (شێخی سەعدی فەرموویەتی: "چشم تنگ مرد دنیادار را / یا قناعت پر کند یا خاک گور") بەرەڵا و خەلاس بوون کە بەر لە عیبادەتی خودا و خزمەتی نیشتمان فکر و زیکرێکی دیکەیان نییە. چونکوو بە هۆی ئینقیلابی مانگی "مە" شالوودە و ئەساسێکی وایان دامەزراندووە کە لە دەست ڕەنج و مەینەتی خۆیان بەهرەیێکی وایان دەست دەکەوێ کە هەژاری و ڕووت و قووتی و برسیایەتی لە ناو ماڵ و منداڵە جوانەکانیان نەماوە، ژینیان ڕێک و پێک و بە گوێرەی قانوونی دێمۆکراسییە.قووەی تەولیدیان کەم یا زۆر عاید بە خۆیانە و کەسی تر، یانی نەفعی عموومی بۆ مەسالحی عموومی سەرف دەکرێ.**

**کرێکاران و جووتیارانی خۆشەویست ڕووی قسەم لە ئێوەیە چاک ورد بنەوە و گوێ ڕاگرن؛**

ئەورۆ یانی هەوەڵی مانگی "مە" کە لە تەواوی دنیا دا زەحمەتکێش و کرێکار و ڕەنجبەر بە جێژنی دەگرن، بۆیەیە کە بیرێکی لە ڕۆژگاری پێشووی برایانی شەهیدی خۆیان کە بۆ ڕزگاری تەبەقەی کارگەر خوێنیان ڕژاندووە وە لە گەڵ سەرمایەدار و خاوەن کارخانەجاتە خوێن مژەکان بەربەرەکانیان کردووە، بکەنەوە.چونکوو ٥٩ ساڵ لەمەوپێش یانی لە ساڵی ١٨٦٧ی میلادی مەسیح دا کرێکارانی شاری شیکاگۆ بۆ وەرگرتنی حەقی خۆیان کۆبوونەوە و قیامیان بە پێچەوانەی کاردارەکانی بلەوەز بەپا کرد و پارە نمایشاتێکیان بۆ داوای حەقی مەشرووعی خۆیان بەجێ هێنا، بەڵام "لیدری" کارخانە و سەرمایەدارە بە زەبروزەنگەکان بۆ ئەوەی بە مەزلووم کوشی تەبەقەی کارگەر لە بەر خاتری زگ زلی خۆیان ئیدامە بدەن، پووڵیان بە ئاژان و پۆلیس دا کە لیباسی مەخفی کارگەری دەبەر بکەن و بۆمی دەستی بە دزی هەڵگرن و داخڵی ناو کۆمەڵی کرێکاران ببن و کارێکی وا بکەن ئیدیعای مەشرووعی ئەو ڕەنجبەرە هەژارانە بە ناحەق جیلوە بدەن و ببنە باعیسی لە بەین چوونی ئەوان.

بەڵێ واشیان کرد، یانی پۆلیس و ئاژانە موزدوورەکان بە لیباسی کارگەری لە ناو کۆمەڵی کرێکاران چەند دانەیەکیان بۆمبی دەستی هاویشتە ناو پۆلیسی ئینتیزاماتی شاری، وە پۆلیسی ئینتیزامات کە لە هەوەڵەوە بە هۆی تەتمیعی ساحێب کارخانان و پووڵداران ئامادەی دیفاع کرابوون، ئەو کارگەرە بێچارانەیان وە بەر ڕەگباری موسەلسەل دا و چەند هەزار کەسیان لێ کوشتن. بەڵام خودا ڕاستە و ڕاستی لێ خۆش دێ.خودای گەورە و بە ڕوحم، خودای کۆمەگ و پشتیوانی هەژار و هەتیوان کارێکی وای کرد کە ئەو پۆلیسانەی بە ماڵی دونیا و پارە بۆ جیلوەدانی "حەق بە ناحەق" هەڵیان خەڵەتاندبوون و بوونە باعیسی خوێن ڕێژی و کوشتاری جووتیر و سەپان و کرێکاران، لە پاش ماوەیەکی کەم هاتن و لە دادگای عموومی دا سڕی دیکتاتۆڕانەی سەرمایەدار و ساحێب کارخانانیان فاش و بڵاو کردەوە (یارەبی خودایە هەر کەس لە نەتەوەی کورد بۆ پووڵ و تەماعی مەقامی بێ جێ هەڵ دەخەڵەتێ و دەبێتە باعیسی تێکدانی مەڕامی دیمۆکراسی و ئازادیی کوردستانی گەورە، نیفاق و براکوژی وەڕێ دەخات دە هەوەڵ وەهلە دا یارمەتی نەدەی و بەڵکوو بۆ ڕێگای ڕاست و نیشتمانپەروەری هیدایەتی بکەی و ئەگەر هەر دەست هەڵ نەگرێ خودایە زەلیل و ڕووڕەشی دونیا و قیامەتی بکەی" انشاالله") بە هۆی ئەو کارە ئەوەڵەن بوونە باعیسی ڕزگاری ئەو عیدەی کە لە حەبس دا لە ژێر زنجیر و بەند و کۆتی یەخسیری دا دەناڵان و لەم لایەشەوە بوونە باعیسی ئەوە کە کرێکار بە هیچ لەونێکی دەست لە حەقی مەشرووعی خۆی هەڵ نەگرێ.

ئەوە بوو کە هەموو کرێکاری دونیا لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕین و بە چەکی تێگەیشتن کە دەبێ وەک زنجیری پۆڵا لە قەدی یەکتر هاڵێن و لە چارە ڕەشی یەکتر دا شەریک بن، هەتا بە ئاوات و ئارەزووی خۆیان کە ڕزگاری لە بەردەگی و بەندەگییە بگەن.


لە نەتیجەی ئەو بیرە خاوێنەدا لە ساڵی ١٨٨٩ لە کۆنگرەی بەینەلمیلەلی دا کرێکارانی سۆسیالیست تەسمیمیان

گرت کە هەموو ساڵێ هەوەڵی مە کە ڕۆژی بێ گوناهی و حەق وەدەرخستنی کرێکارانی مەزلوومی شیکاگۆیە بووە، لە تەواوی دونیا دا جێژن و شادمانی بگرن، هەتا هەستی تۆڵە ئەستاندن لە سەرمایەدارانی بلەوەز زیاتر وە جۆش و خرۆش بێت.

ئەوا ئێمەش وەک ئەوان جێژنمان گرتووە وە دەمانەوێ کوڕ و کچ و ژن و ژیانی هەناسە ساردیمان وەک دونیای دێمۆکڕاسی لێ بێت. بیرو هێزی خۆمان بۆ دەسکەوتنێکی ژیانی بە ناموس و بەڕەحەت ئامادە دەکەین و بۆ ملە لەگەڵ ئەوانەی کە مەڕامی ئیتالیای فاشیست و هیتلێری نازییان لە سەر دا هەیە وەک شێری ژیان ڕاوەستاوین و هیوا دارین بە هۆی برایەتی و یەکەتی و زانست و پشتیوانی خودا و قانوونی دێمۆکڕاسی ئێمەش وەک کرێکارانی تەواوی دونیا بە تایەبەتی وەکوو ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی کە لەپاش ئینقیلابی ساڵی ١٩١٧ بە وەسیلەی خۆ دەپێناوونانی معەلیمێکی حەق پەرست و لاگیری کرێکارانی وەک "لێنین" لە دەست تەزار و ساحێب کارخانە خوێن مژەکان ڕەهائیان هات، هەردەبێ ئێمەش لە دەست ئیستیعمار و ئیستیسمار ڕەهائیمان بێت ( انشاالله ).

لە دوایی دا هەموو کەس هەر لە دەوڵەمەند و فەقیر، گەورە و چووک ئەوەی بزانێ تەبەقەی کارگەر کە بۆ سەرنگوونی لە گەڵ ئیستیعمار و ئیستیسمار بەربەرەکانی دەکات، بە تەنیایی قازانجی خۆیان لە بەر چاو نەگرتووە، بەڵکوو بۆ سازمان و تەشکیلاتێکی تازە و نوێ تەواوی بەشەر، خۆ دەپێناو دەنێ و فیداکاری دەکات، هەتا لەو دونیا بەرین و درێژە دا لە ناو کۆمەڵی ( جامیعە ) بەشەری زاڵم و مەزلووم، ئیستیسمارکەر و ئیستیسمارکراو نەمێنێتەوە؛ و هیچ قسەی تێدانییە بۆ ئەو بیرە چاکە بە تایەبەتی ئەوانەی کە ئەسیری دەستی ئیستیعمار و ئیستیسمارن بۆ تەشکیل و دامەزرانی ئەو جامیعەی دێمۆکڕاسی ساحێب نەفع و بەشن.

بژی بابی هەژاران و کرێکاران مارشالیسمووس ستالین.
بژی پێشەوای بەرز و سیاسەتمەداری کوردستانی مەزن جەنابی قازی محەمەد.


دوکومێنتی ژمارە (١٧٠)
هاشمی خلیل زادە
٢٣ - ٣ - ١٣٢٥

نامەی هاشمی خەلیل زادە بۆ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی

تێبینی: وێنەی هاشمی خەلیل زادە و هاوڕێیانی لە سەروبەندی ئەندامەتی لە ژێ کاف دا لەساڵی ١٩٤٤ لە تەورێز هەڵ گیراوە و بە سپاسەوە لە کتێبی:" بەسەرهاتی عەبدولرەحمانی زەبیحی، لە ئامادە کردنی عەلی کەریمی" وەرگیراوە. ئەم وێنەیەمان پێشتریش بڵاو کردبووەوە. بەڵگەکەش لە بەرگی یەکەمی 'دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە و دۆکومێنت، مەحمود مەلا عززەت" وەرگیراوە.

١٠ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٢٩ی ئەپریلی ٢٠٠٨

محەمەدی فەیزوڵابەگی لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان



محەمەدی فەیزوڵابەگی ناسراو بە حەمە خانی بابەخان بەگی قارەوا چکۆڵە

لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان

٧ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٢٦ی ئەپریلی ٢٠٠٨

یای خەجیجی مەجدی ئامۆژگاری مەدرەسەی پەروانەی کچان و هاوسەری سەدیقی حەیدەری وەزیری ئینتیشارات و تەبلیغاتی کۆماری کوردستان



دوو هاوسەری تێکۆشەر و هەڵسووڕاوی کۆماری کوردستان

خەجیجی مەجدی [ حەیدەری] و سەدیقی حەیدەری

تێبینی: ئەم وێنەیە ئی سالانی دوای هەڵوەشانی کۆمارە و بەسپاسەوە لە لایەن کاک ساڵحی حەیدەری فارووقی یەوە بۆ وێنەی کۆماری کوردستان ناردراوە.

خەجیجی مەجدی یەک لەو ژنە تێکۆشەرانە بوو کە لەڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مهاباد وتاریان پێشکێش کرد. ئەو سەر بە بنەماڵەیەکی زانای شاری مهاباد و ئامۆژگاری مەدرەسەی پەروانەی کچان و یەکێک لە هەڵسووڕاوانی حیزبی یایان بوو. باوکی مەلاحوسێنی مەجدی پیاوی ئایینی و لە کۆماری کوردستان دا وەزیری داد بوو، برای، محەمەدی مەجدی، ئەندامی ژێ- کاف و نووسەرێکی چالاکی "نیشتمان" و چاپەمەنییەکانی سەردەمای کۆمار بوو. هاوسەری وەفاداری سەدیقی حەیدەری لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد و ئەندامی دامەزرێنەر و هەیئەتی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و لە کابینەی حکوومەتی کوردستان دا بەرپرسی ئینتیشارات و تەبلیغات بوو.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ١٣، دووشەمۆ ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ [هەتاوی] = ١١ی فێورییەی ١٩٤٦ی زایینی

"ماوەی جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان یا درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان"

بەیاناتی یای خەجیجەی مەجدی ئامۆژگاری مەدرەسەی پەروانە (کچان)ی مهاباد

بە ئیجازەی جەنابی قازی بەیاناتی ناقیسی خۆم بە حزووری برایانی خۆشەویست عەرز دەکەم:

ئەی خوشکانی خۆشەویست، ئەی برایانی عەزیز، لەم ڕۆژە خۆش و پیرۆزە دا ئەمن کە یەک کچە کوردم کە ئـازادی میللەتی خۆم بە چاوی خۆم دی! هەر چەندە کە زمانێک بوو دەمدیت کە لاوانی کورد شەو و نیوەشەوان یا دەم بیست لـە شـاخان و لـە غـاران مەشغووڵی فـەعالییـەت بـوون و خـودای تـەبارەک وە تـەعالا مووەفـەقی کـردن و دڵـی نەشکاندن. ئەلئان ئەی خوشکە خۆشەویستەکان با ئێمەش چاو لە برا خۆشەویستەکانمان بکەین، دەستی ئیتیحاد بۆ یەکتر درێژ بکەین. چون دەبینم دایکی نیشتمان چاوەڕێی کچەکانی خۆیەتی کە دەس بـە فەعالییـەت و خوێنـدن بکەین، بەڵکوو تـائێمەش بگەینە برا خۆشەویستەکانی خۆمان لە بەر ئەوەی دونیای ئەوڕۆ موحتاجی کچ و کوڕە کە بە خوشکو برایەتی دەست بدەینە دەستی یەک بۆ ڕزگاری دایکی نیشتمان.

ئەمن لە تەرەف تەواوی کچ و خوشکانی کوردستانی مەزن پیرۆزی ئەو ڕۆژە موقەدەسە تەقدیمی هەیئەتی دەوڵـەت دەکەم. و لە ئاخری دا تەمەنا دەکەم ئێوەش لـە گەڵ من هەمسەدا بـن و بڵێن: بـژی پێشـەوای بـەرزی کوردستان جەنابی قازی محەمەد! بژی قارەمانانی کورد!.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٢٠، چوارشەمۆ ٨ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ [ی هەتـاوی] = ٢٧ی فێورییەی ١٩٤٦ی زایینی

پێ پیرۆزە

ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان

ئێمە مامۆستاکانی مەدرەسەی کچانی مهاباد لـە ڕووی عیشق و عەلاقە بە مەتبووعات ڕۆژی چوارشەمۆ سـاتی 4ی پاش نیوەڕۆ لە کانگای چاپخانە دیدەنمان کرد، واقیعەن چاوپێکەوتنی ئەو کانگای خۆشەویست کە عیدەیەک لە کوڕانی تازەپێگەیشتووی کورد دەوێدا خەریکی کارن و شەوقێکی زۆر بۆ پێشکەوتنی مەتبووعات نیشـان دەدەن بـوو بـە مایـەی چـاوڕوون بوونـەوەی ئێمـە و تەشـویقی کـردین کـە ئێمـەش تـا دەتـوانین بـۆ زیـاد کردنـی مـەعلوومات و تەربییـەتی کـوڕان و کچـانی کـورد لـەوەی زیـاتر تێبکۆشین و یایـەکانی نێوبراوی ژێـرەوە هـەر یـەک ٥٠ ڕیـاڵ بـە کارگەرانی چاپخانە پێشکەش دەکەن.

١- ویلْما سەیادییان.

٢- یای کوبرای عەزیمی.

٣- ماهوزەر بلەزادە.

٤- یای خەدیجە بابەسووری.

٥- یای خەدیجە مەجدی.

مودیری مەدرەسەی کچان ویلّمەی سەیادییان

رۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٣٧، شەمۆ ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] = ٢٠ی ئاوریلی ١٩٤٦ی زایینی

## کۆنفرانسی سوخەنرانی یایان

رۆژی جومعە ١٧ی مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٤ [ی هەتاوی] مەجلیسی سوخەنرانی یایان و کیژانی مهاباد لە خانەی فەرهەنگی کوردستان گیرا. لە پێشدا لە لایەن یای پێشەوا مەجلیس ئیفتیتاح کرا و بەیاناتێکی چاکی ڕاجیع بە عیلم و فەرهەنگ و تەرەقییاتی دەوڵەتی ئیتیحادی جەماهیری شووروەوی ئیراد فەرموو و چەند نەفەر لە کیژان و یایانی موحتەرەم خیتابەیان خوێندەوە کە لە ژێرەوە دەهێندرێتە بەرچاو:

ئەلف: خولاسەی بەیاناتی یای پێشەوای کوردستان:

یایان و کیژانی خۆشەویست بزانن کە ژنان لە دەوڵەتی ئیتیحادی جەماهیری شووروەوی دا پێشرەفتێکی سەر لێ سوڕماویان کردووە و لە زانست و فەرهەنگ دا کامیلەن شان بە شانی پیاوان دەچنە پێش. ئەم ڕۆژانە دەبینم کە باوکان و دایکان لە بابەت ناردنی کوڕ و کچیان بۆ مەداریس شەوقێکی قابیلی تەقدیر دەنوێنن. گومێدم وایە لەم کۆششە دا قەدەمێکی توندتر هەڵێنن کە بەڵکوو بە یارمەتی خودای بەرز و تەوەجوهاتی دەوڵەتی کوردستان لە ماوێکی کەمدا پیاو و ژنی بێ سەواد لە کوردستان دا نەمێنێ...

......

ح- خیتابەی خەدیجەی حەیدەری [ مەجدی ]

ئەورۆ کە لە سایەی تەوجوهاتی ڕەئیسی جمهووری و پێشەوای بەرزی کوردستان ژنان و خوشکانی ئێمە خەریکن شان بە شانی پیاوان لە ڕێی سەربەرزی کوردستان قەدەم هەڵێنن، لە دونیای ئەورۆ دا نابێ ئێمە وەکوو ژنانی پێشوو لە کاری کۆمەڵایەتی و غەیرە کەنارەگیری بکەین.بەڵکوو دەبێ عەلاوە لە خانەداری و تەربییەتی منداڵانی خۆمان گەلێک لە کارانی گەلی کورد پێک بێنین. لە زەمانی پێغەمبەری ئەکرەم دا سەلەلاهوعەلەیهی وەسەلەم ژنان گەلێک کاروباری پیاوانیان دەکرد و لە مەیدانی شەڕێ دا حازر دەبوون و پیاوانی خۆیان یارمەتی دەدا تا بە سەر دوژمن دا غالب بن. زۆر عەیبە بۆ مە کە زەق و زیندوو و ساحێبی ئەقڵ و شعوور کە لە کفنی مردووان دابین و لە حقووقی بەشەر مەحرووم بین،[دەبێ] ئازادانە داخلی ئیجتیماع بین. ئەورۆ دەوڵەتی کوردی نیوە ئەمەین. ئەگەر بێتوو ئەمەش هەر وەک جاران بە تەنبەڵی ڕای بوێرین، میللەتی کورد هەر وەک جاران لە قافڵەی تەمەدون

وەپاش دەکەوێ. هومێدەوارم لەوەی بەولاوە ئەمەش وەک جمهووری قرقزیستان و ئۆزبەکستان کە لە سایەی دەوڵەتی شوورەوی بە گەورەیی گەیشتوون پێشرەفتێ بکەین. ئەورۆ لە سەرتاسەری رووسییەی گەورە دا ژن و پیاو پێکەوە کاروباری میللەت و حکوومەت پێک دێنن. لە ئەمریکا و رووسییە و مەملەکەتەکانی دی دا ژنان قەدر و قیمەتێکی زۆریان هەیە. تەواوی ئەو تەرەقییاتەی وان لە سایەی عیلم و فەرهەنگ و هەمکاری پیاو و ژنانە. ئومێدەوارم لە سایەی عیلم و فەرهەنگ رەواییتی فەرهەنگی مە و شوورەوی رۆژ بە رۆژ روو بە پێشرەفت بروا.

هومێدەوارم لە سایەی تەوەجوهاتی فەرهەنگ پەروەرانەی پێشەوای موعەزەم ئەمەش وەک ئەوان بۆ بەرزی وڵاتەکەمان تێکۆشین، ماڵ و گیانی خۆمان بێ دەریغ وەقفی خزمەت و دەوڵەت و میللەت بکەین. عومری خۆمان بە غەفڵەت رانەبوێرین، دەست لە قسە و باسی هیچ و پووچ هەڵگرین و منداڵانی خۆتان بنێرنە مەدرەسەی.
ئەورۆ کە ئێمە بارێک و وەزتفەیەکی زەلاممان لە سەر شانییە کە عیبارەتە لە تەربییەتی منداڵانی رەشید و دانا؛ ئەو کارەش وەختێک پێک دێ کە ئێمە بۆخۆمان خوێندەوار و دانا و ئازاد بین و وەکوو ژنانی جێگایان لە نێعمەتی ئازادی بەشدار بین. هەر پایەدار و بەرقەرار بێ حەزرەتی رەئیس جمهووری کوردستان! پایەدار بێ ئەو میللەتە کە بۆ بەجێهێنانی دەستووری پێشەوای موعەزەم ئامادەیە! پایەدار بێ سەربەرزی و سەعادەتی کورد!

رۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ١٤، چوارشەمۆ ٢٤ی رێبەندانی ١٣٢٤ [ی هەتاوی] = ١٣ی فێورییەی ١٩٤٦ی زایینی

لەم ژمارەیەی رۆژنامەی کوردستان وتارێک بە نێوی "هەدیەی قورئان بە جەنابی پێشەوا" بە قەڵەمی قادری مودەرەسی چاپکراوە لە بەشێک لەو وتارەدا هاتووە:

" ..... هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان رۆژی هەینوو ساتی دەی بەیانی لە کانگای حیزب حازر بوون .ئاغای حەیدەری یەک قورئانی مەجیدی ئەعلای کە لە بەرگی مەخمەر دابوو و شاڵی تورمەی بە سەردا کێشرابوو دەگەڵ دوو بەرماڵ هەڵگرت و لە پێش هەیئەتەوە و هەیئەتیش بە تەرتیبێکی تایبەتی لە پشت ئاغای حەیدەری کەوتنە رێ تا بە حزووری موبارەک شەرەفیاب بوون، لەو کاتە دا ئاغای حەیدەری دەگەڵ ئیحترامێکی زۆر کەلامولڵای عەزیم و دوو بەرماڵەکەی لە سەر مێزی پێشەوا دانا و کوتی: "لە خودا دەخوازم ئە، قورئانە یارویاوەری دنیا و قیامەتت بێ". پێشەوا بە نیهایەتی تەعزیم کەلامی عەزیمی هەڵگرتوو و فەرمووی: ئەورۆ بۆ نەتەوەی کورد لە قورئان عەزیزتر و گەورەتر نییە. ئەوا قورئانی عەزیمم قبووڵ کرد و دوو بەرماڵەکەشم هەدیە کرد بە حیزب.پاشان ئاغای غەنی خوسرەوی کوتی: قوربان ئەمە شتێکمان لە قورئان گەورەتر نەبوو کە بە پێشەوای بەرزی هەدیە بکەین و ئەوا قورئانمان هەدیە کردی...."

رۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٢٢، دووشەمۆ ١٣ی رەشەمەی ١٣٢٤[ی هەتاوی] = ٤ی مارسی ١٩٤٦ی زایینی

## میتینگ لە مزگەوتی سوور

"ڕۆژی ٢٩ - ١٠ - ١٣٢٤ ساتی ٨ی بەیانی بوو کە لە مزگەوتی سوور میتینگێکی گەورە لە لایەن حیزبی دێمۆکراتەوە بەرپا کرا. لە، میتینگە دا کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕات و هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان و تەوفقوی نوێنەرانی کوردستان ولکەکانی حیزبی دێمۆکڕات و چەند هەزار نەفەر لە ئەهالی بە پێی گونجایشی مزگەوتەکە لە ئەهالی شیرکەتیان بوو . لەم میتینگە دا خەڵکی چاوەڕاوانێکی زۆریان هەبوو و مونتەزیری جێژنێکی هەرە مەزن بوون کە ئەویش ڕۆژی ٢ - ١١ - ١٣٢٤ بوو کە لە واقیعدا ئەم نمایشە سەرەدای ئەو ڕۆژە بوو. ....

٢- ئاغای سەدیقی حەیدەری و عەلی خوسرەوی لە لایەن موئەسیسینی حیزبی دێمۆکڕات و لاوانی کوردستان کوتیان ئەمە لە لایەن موئەسیسینی حیزبی دێمۆکڕات و دەستەی لاوانی کوردستانەوە کە هێشتا خوێنی خۆیان نەڕژتووە قەول دەدەین کە هەموو حازرین لە ڕێی نیشتماندا بمرین..... "

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٤٩، شەمۆ ٤ی جۆزەردانی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] = ٢٣ی مەی ١٩٤٦ی زایینی

### "ئاگاداری

بە هۆی ئەو نووسراوە بە تەواوی وەزارەتخانەکانی حکوومەتی میللی کوردستان ڕادەگەیەندرێت کە لەوەی دوا هەر دانان و لابردنێک و تەشویق و تەوبیخێک و یا هەر قەدەم و ڕێوشوێنێکی کە بۆ پێشکەوتنی حکوومەتی کوردستان و هەر پێش هاتێکی کە ڕوو بدا دەبێ فەوری بۆ ئیدارەی ئینتیشارات و تەبلیغات (شوعبەی ستاسیۆنی ڕادیۆی بنێردرێ تا لە پاش بڵاوکردنەوە لە ستاسیۆندا لە ڕۆژنامەشدا دەرج بکرێ.

مودیر کولی ئینتیشارات و تەبلیغاتی کوردستان

سەدیق حەیدەری

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٥٧، چوارشەمۆ ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٢٥ [ ی هەتاوی ] = ١٣ی ژووەنی ١٩٤٦ی زایینی

### "لەم ڕۆژە دا واجیباتی میللەت چییە؟!

لە دوای سەدها ساڵ ئیستیعمار و ژێردەستەیی، میللەتی کوردی نەجیب هەستی بەوە کرد کە پیرۆزترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوون، بۆ تام کردنی میوەی ئازادی، بۆ تەئمین کردنی ئاسوودەگی پشتاوپشتی نەتەوەی کورد ئەو کۆبوونەوە بەشەرەفەیە، ئەو پشتی یەکتری گرتنەیە کە ئەورۆ هەموو فەردێکی میللەتی کوردی، سەردار و عەشیرەت و ئاغایان ، مەلا و شێخانی با شەهامەت، شارستانی و دێهاتی بازوو ئاسنین بە بێ جیاوازی پەیمانی یەک دڵی و مەحو بوونەوەیان داوە بۆ پاراستنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان و دەوڵەتی کوردی تازە لەدایک بوو.

بێ گومان ئەورۆ دەبێ هەموو فەردێک بزانێت کە دەوڵەتی میللی کوردستان لە میللەت و بۆ میللەت هاتۆتە جێ و بە هەموو دڵێکییەوە و بە هەموو توانایەکییەوە هەوڵی ئاسوودەگی تەواوی ئەفرادی میلەتییەتی.وەلی مەتەڵێکی کوردی هەیە دەڵێت: "کاڵا لە قەد باڵایە". ئەو ڕۆ کە مانگی پەنجەمە کە بە سەر دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە کۆرپەیە دا تێپەڕ بووە، ئەگەر هێندێک ورد بینەوە دەبینین ئەو کوردستانە ئازادە لە هەموو ڕوویەکەوە پێشڕەفتێکی دەتوانین بڵێین دەساڵانەی کردووە.بۆ پاراستنی کوردستانی ئازاد، بۆ ڕزگار کردنی برایانی کوردی دەستوپێ زنجیرکراوی ئیستیعمار و دیکتاتۆری تەانی تا ١٥٠٠٠ سواری چابوکی با شەهامەتی کورد بە هەموو ئەسبابێکی جەنگی خۆیانەوە کۆ بکاتەوە و بەرامبەر دوژمنی خوێن خۆر ڕاوەستن و بە گیانێکی ئاسنینەوە دیفاع لە شەرەفی کوردستان بکەن.
ئەو میللەتەی کە بە ئیشارەیەکی دەوڵەتی کوردستان بتوانێ خۆی حازرکا بۆ گیان بەخت کردن لە ڕێی نیشتمان دا وا دەزانین هەموو تەرحە شتێکی دیکەی لا سەهلە کە لەو ڕێگایە دا سەرفی کا. لە گەڵ ئەوەشدا ئەورۆ دەوڵەتی کوردستان مخارجی ئەو هەموو برا با شەهامەتانەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.ئایا هیچ وەختێک کەس لە خۆی نەپرسیوە دەوڵەتێکی وا تازە دروستکراو چۆن دەتوانێ مخارجی ئەم هەموو لەشکرە بکا؟ ئەگەر ئەم پرسە هەموو دەمێک هەموو کەسێک لە خۆی بکردایە. پێمان وایە ئەورۆکە ئیداراتی دەوڵەتی کوردستان جێگای نەدەما کە ئەو پووڵ و کۆمەگەی کە میللەت دەبەخشێ تیا دا بنێ، بەڵکوو خیابانەکانیش پڕ دەبوو لە کۆمەک لە میللەتەوە بۆ دەوڵەت. وەلی موتەئەسیفانە سەهلە ئەو فکر کردنەوەیە کە حەتتا جووتە گۆرەییەکیشان بە ناوی کۆمەک بە برایانی خۆیان نەبەخشیوە،بەڵکوو ئەورۆ هەندێک لە ئاغایان تاک تاک وبە کۆمەڵ ئیداراتی دەوڵەتی خۆیان بە موراجەعات بۆ پووڵی تووتن ماندوو کردووە، ئەوەش سەهلە بەڵکوو هێندێکیان سوور لە پێش چاویانە تووتنەکەیان لە ئەنبار دایە، ژێشتا هەر هاواری پووڵیانە. زۆر جێی تەعەجوبە ئەو ئاغایانە ئەوەندە زوو پەیمانەکەی خۆیان لە بیر بچێ؟ کەلیمەی: "حازرم بە ماڵ و روح خزمەتی کوردستان بکەم و خەیانەتی پێ ناکەم" ئایا مەعنای چی ؟ مەعنای ئەوەیە کە بە بێ بیرکردنەوە لە مەعنای ئازادیخواهی هەرکەسە کڵاو فڕانی بۆ خۆی بکا. زۆر جێی تەئەسوفە.

برایانی خۆشەویست: لە لای هەمووومان ئاشکرایە کە حەزرەتی پێشەوای موعەزەم و ڕەهبەری خۆشەویستی کوردستان

چ هەوڵ و کۆششێکی لە ڕێگای فرۆشتنی ئەو توتنە دا کرد.هەتتا بە هێزی فکری حەکیمانەی خۆی توانی کە بە هۆی فرۆشتنی ئەو توتنەوە هەندێک پووڵ بۆ ئەو دەوڵەتە و بۆ ئەو میللەتە پەیدا بکا. ئەورۆش دەوڵەتی کوردی میللەتی لە بیر نەکردووە و توانیویەتی دەستی کۆمەگی بۆ درێژ بکا و میللەت لەو پووڵە بێ بەش نەکا. وەلی ئەورۆ کەلیمەی ئازادی پاراستن، ئاڵای موقەدەسی کوردستان بە بڵیندی ڕاگرتن، کە مەنزووری هەموو فەردێکە واجبترین کارە. ئایا ئەگەر هەموو فەردێک لە میللەتی کوردی خاوەنی گەنجی قاڕوون بێت، ئەگەر سبەینێ دوژمنی بەدفەڕ و موستەبید بە سەریا زاڵ بێ سەهلە ئەو گەنجەی، شەڕەف و عیرز و ناموسیشی پایمال نابێ؟ واجبی شەرح نییە، هەر شەش ساڵ لەمەوبەر بێننەوە پێش چاوتان بە دەم و بەدڵ جواب دەدەنەوە دەڵێن بەڵێ. بەڵام ئاخ! جەهالەت، داخ جەهالەت. بەدبەختی کورد لەوەدایە کە بەسەرهاتی دوێنێ ئەورۆ لە بیر دەچێتەوە.

برایانی خۆشەویست ؛ وا دەزانم ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوە کە بەیانیان لە خەو هەڵدەسێ بێ گومان چاوی بە بینینی برایەکی بارزانی هەلدێ، ئەگەر بەسەرهاتی ژێر دەستەیی و ئیستیعماریان لە بیر دەچێ، خۆ ئەو برا ڕەشیدانە هەر یەکە دەتوانن نموونەی ناحەزی دوژمن بێننە پێش چاوتان، لەوڵاتی خۆیاندا، لە ماڵە خۆیاندا ئاسوودە و ڕەحەت وازیان لێ نەهێنان و لە چلەی زستان دا تووشی دەردی سەری و موهاجەرەتیان کردن بە سەدەهایان لە بێ خۆراکی و بێ بەرگی و بێ جێییدا لاشەی پیرۆزیان چووە ژێر خاک، لە گەڵ ئەوەشدا هەموو بە چاوی خۆتان دەبینن ئەورۆ هیچ ئەو بەسەرهاتانەیان مەنزوور نییە و لە پێشەوە بەرەو سینگی دوژمن ڕاوەستاون و وەک شێر دیفاع لە کوردستانی ئازاد دەکەن.کەچی هێندێک لە ئاغایانی مەش شەڕی پووڵیانە.با وریا ببنەوە ئازادیمان گەنجینێکە بۆ هەموو فەردێک.مەحو بوونەوەمان سەهلە،فەوتی ماڵ، فەوتی گیانی هەموو میللەتی کوردە.ئەورۆ تەواوی دەوڵەت و میللەتانی دونیا چاوی بڕیوەتە ئەم پارچە کوردستانە ئازادە. دوژمن لە ڕێی چەوت و خوار و جێچ تەعقیب کردنی بۆمان دەکاتە دەهۆڵی ئاوازی ناحەزی خۆی، دۆستیش پێی دڵگیر دەبێ .ئەی برایان کاری ئینسانی دوژمنانمان سست دەکا، دۆستمان زیاد دەکا.ئومێدەوارین کە هەموو فەردێک لە ئەفرادی میللەت لەو ڕۆژەوە بە تێبینێکی بە نرخەوە، بە گیانێکی نیشتمانپەروەری ڕاستەوە ڕێگای ڕاست بگرێ و پشت گیری دەوڵەتی موعەزەمی کوردستان بکا.چونکی دەبێ لە لاتان یەقین بێت ئاسوودەگیتان لە ژێر سێبەری ئازادی دا دەپارێزرێ، بۆ پێشەوە بۆ کۆمەک، بۆ هەوڵ و کۆشش. بژی میللەتی با شەهامەت و ئازادیخوآە.

لە لایەن وەزارەتی تەبلیغات

٦ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٢٥ی ئەپریلی ٢٠٠٨

مایۆر(سەرلک) خەیروڵا عەبدولکەریم لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان



## مایۆر [سەرلک] خەیروڵا عەبدولکەریم لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٥١، چوارشەمۆ ٨ی جۆزەردانی ١٣٢٥[ی هەتاوی] = ٢٩ی مەی ١٩٤٦

**ئیعتای دەرەجە**

لە نەتیجەی لەخۆڕابردوویی و خۆ فیداکردن بۆ حیفزی ئازادیی نیشتمان لە مەرحەلەی ئەوەڵ دا و لە پاشانیش لە سەر تەقازای ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بەرامبەر بە ئەمری پێشەوای موعەزەم ئەو برا خۆشەویست و بەرزانەی بارزانی بەو دەرەجانەی خوارەوە:


ئاغای عێزەت عەبدولعەزیز، میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، بەکر عەبدولکەریم بە دەرەجەی پۆدپۆلکۆڤنیک یەعنی(نایب سەرهەنگ)، نووری ئەحمەد تەها، خەیروڵا عەبدولکەریم و جەلال ئەمین مەحموود بە دەرەجەی مایۆری یەعنی (سەرگورد)، عەبدولرەحمان تەیب موفتی و محەمەد مەحموود بە دەرەجەی کاپیتانی یانی (سەروانی) لە لایەن وەزیری بەرزی هێزی کوردستان بە هۆی ئەحکامات موفتەخەر کران و پێیان ئیبلاغ کرا.

تێبینی: ئەم وێنەی لە زۆر سەرچاوەی سەبارەت بە کۆماری کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە.

٥ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٠٨

---

## خەلیلی خوسرەوی سەرۆکی کاری کوردستان



**خەلیلی خوسرەوی وەزیری کاری حکوومەتی کۆماری کوردستان**

**کوردستان، ژمارەی: ٨٥، پێنجشەمۆ ٢١ی خەرمانانی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] = ١٢ی سێپتامبری ١٩٤٦**

**خولاسەی نوتقی ئاغای خەلیلی خوسرەوی سەرۆکی کاری کوردستان**

**بە وەسیلەی ڕادیۆی شەوی ١١- ٦ - ١٣٢٥**

**با وێکڕا هەوڵ دەین**

**هاونیشتمانان**

**لە دوای ساڵانی درێژ ژێردەستی، وێستەکە بە یەگانە ئاواتی کۆن و نوێمان کە ئازادی و دێمۆکڕاسییە موەفەق بووین. کاروباری حکوومەتی بۆ خۆمان و بە زمانی خۆمان ئیدارە دەکەین و لە تەواوی دەستگای حکوومەتی دا کوردەکان خەریکی کارن.**

**جا پێویستە زۆر بە شانازی قۆڵی پیاوەتی هەڵماڵین و بێینە مەیدانی عەمەل و کار کردن. تا بەو هۆیە بە دونیا و بە تایبەتی بە دوژمنانی ئازادی بڵێین کە ئێمە دەتوانین لە ئازادی و دێمۆکڕاسی ئیستیفادە بکەین.**

**ئەوا لە سایەی خودا و پشتیوانی دەوڵەتە ئازادی خوایەکان و فیداکاری و بیری ڕاستی ڕەهبەر و پێشەوای گەورە و هەوڵ و کۆششتی برا کوردەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بە تەرەقییاتێکی عەزیم نایل دەبین.**

**چلونەتی کوردستانێ دەگەڵ پێنج ساڵ لەوەی پێش بێبە پێش چاو، هەموو کەس حەتتا دوژمنیش تەسدیق دەکا کە باوجوودی کەم وەسائیلی و نەداری لە عەرزی تا ئاسمان وەزعی کوردستان گۆڕاوە و پێش کەوتووە.**

هێزی میللی، ڕۆژنامە، چاپخانە، شارەوانی، شارەداری، ستاسیۆنی ڕادیۆ، فەرهەنگ، کەشاوەرزی و تراکتۆر و هەزاران هەزار تەرەقییاتی دی کە کەس بە خەونیش نەیبیستبوو.

براکان زۆر زۆر بە پێویست دەزانم کە لێرە دا لە جەنابی ژەنەڕاڵ محەمەد حوسێن خان سەیفی قازی ئیزهاری سوپاس و تەشەکور بکەم کە شەو و ڕۆژ بۆ ئیسلاحاتی کوردستان و بە تایبەتی بۆ نەزافەت و تەعمیری شاری بێ وچان هەوڵ دەدا.واجبە هەموو کەس یاریدەی بدا تا ئینشائەڵا ئەو ئیسلاحاتەی کە مەنزووری فەرمانداری ئازادیخوامانە زۆر زوو و باشتر جێ بە جێ [چەند وشە کەوتووە] .... لە هەوەڵدا چاوەنۆڕی بوون پێک نەهات. نەتەوەی کورد ئەوڕۆ لە ئاغا تا شوان و دەوڵەمەند و هەژار وێکڕا بێ درۆ و دەلەسە بۆ قایم کردنی ئازادی و پەرەسەندنی دێمۆکڕاسی تێدەکۆشن و بە کوێرایی چاوی دوژمنان وێکرا هەوڵ دەدەن دووبەرەکێکی کە دەوڵەتە ئیرتیجاعیکان دەیانەویست لە نێو کوردەواریدا بڵاوی کەنەوە هەمووی هەرز دەرچوو و نەی توانی سەنگەری ئیتیحادی کورد داڕووشێنێ.
بەرقەرار بێ یەکەتی کوردستان!

جا کەوایە ،روئەسایی بە ناموس، ئاغایانی عەشایر، مەئموورەکانی حکوومەتی میللی،دێهاتی و شارستانی با زیاتر سەعی بکەین ، با زیاتر فیداکاری بکەین.

بۆ پێشەوە بۆ ڕزگاری براکانمان، بۆ پێشەوە بۆ ڕاگرتنی ئازادی و دێمۆکڕاسی، بۆ پێشەوە بۆ ئیجرای دەستووراتی پێشەوای مەحبووبمان.زیندوو و بەرقەرار بێ پێشەوای گەورەمان

تێبینی: ئەم وێنەیە لە ژمارەی: ٨٥ی ڕۆژنامەی کوردستان, ٢١ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوییدا چاپ کراوە.

٥ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٠٨

## سەید پیرەی نیزامی سەرۆکی شارەوانی ناوەندی کۆماری کوردستان



سەید پیرەی نیزامی سەرۆکی شارەوانی [پۆلیس] ناوەندی کۆماری کوردستان



**لە ڕاستەوە بۆچەپ:** سەید خدری [پیرە] نیزامی، سەید خدری قورەیشی، مەولوودی ویقاری [مەولوودی حەمامچی]، محەمەد ڕەسووڵی ناڵبەندی، سەید ڕەحیمی نیزامی، ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی.

**تێبینی:** وێنەی یەکەم بە سپاسەوە لە یەکێک لە کارەکانی لێکۆلەرەوەی کورد سەید محەمەدی سەمەدی. وێنەی دووەم بە سپاسەوە لە لاپەڕەی کەونە نیشتمانی گۆواری "مهاباد" کە لە لایەن فەرەیدوونی حەکیم زادەوە ئامادە دەکرێ، ژمارەی ٨٤، مارسی ٢٠٠٨ وەرگیراوە. سەید محەمەدی سەمەدیش کەئەو وێنەیەی بڵاو کردووەتەوە دەنووسێ" ئەو وێنەیەی سەید پیرە لە گەڵ هێندێک لە دۆستانی بەر لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی هەڵگیراوە. بە پێی ئاگادارییەک کە گۆواری مهاباد لە ژێر وێنەکەی نووسیوە سەید پیرەی نیزامی لە بەفرانباری ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە تەمەنی ٦٠ ساڵی دا لە مهاباد مالاوایی لە ژیان کردووە.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٢٢، دووشەمۆ ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ [ی هەتاوی] = ٤ی مارسی ١٩٤٦ی زایینی

## شارەوانی

شارەوانی ئیدارێکە ڕاگری ئاسوودەیی خەڵکی و ئەمنییەتی نێو شارە. ماڵ و نامووسی خەڵکی دەدەست شارەوانیدایە یانی شارەوانی پێی ئەسپێردراوە کە بە ڕۆژ ئەم دوو گەوهەری ژیانی خەڵکییە لە دەستدرێژی دەست درێژان و تەبەهکاران و بە شەو لە پارێزی دزان و نا بەکاران بپارێزێ، لە کاتێکدا ماڵ و منداڵی خەڵکی دە تاریکایی شەوێدا دە خەوی خۆش ڕۆدەچن پاسەوانی شارەوانی دە کووچە و کۆلان و قوژبناندا لە دزان و نائەهلان هەست ڕادەگرێ، بە هومێدی پاسەوانی شارەوانییە شەوێ کە خەڵک دەنوون ماڵی خۆیان بێ سەرپەرست بە جێ دێڵن.

کاربەدەست و پاسەوانی شارەوانی وەکوو لە دونیای موتەمەدین دا دابە دەبێ لە پاکان و دینخاوێنانی مەردوم هەڵدەبژێردێن و زۆر بە گەورە تەماشا بکرێن.

ڕۆژی ١٠ - ١٢ - ١٣٢٤ ئەمن کە نووسەری ئەم وتارەم بۆ سەردان چوومە ئیدارەی شارەوانی کوردستان کە ئیدارێکی تازە دانراوە، ویستم لە چلۆنایەتی ئەم ئیدارە کە نیگەهبانی ماڵ و نامووسی هەموو کەسە ئیتیلاعات وە چەنگ بێنم، دەرو ژووری هەموو وەتاغەکان گەڕام، لەم کاتەدا تالان و بڕۆی عەسری پیاوی خوێنخۆر و خوێنمژ و خوێنڕێژم وەبیرهاتەوە کە دەو دەورە دا کۆمەڵێک لە تریاک کێشان و ئارەق خۆران و دز و جەردان کۆ دەبوونەوە چەند وەتاغ بە ئەنواعی زینەت کە هەمووی خوێنی خەڵکی بوو داروديواری ڕەنگاندبوو، ڕازابوونەوە و نائەهلان و ڕێگران بە نێوت کاربەدەست تێیدا دانیشتبوون و گەلێک لە دەلالان و خەڵکناسانی بوومی کە لە وان زۆر خەراپتر بوون دەورەیان دابوون، لە هەر وەتاغێکدا کاغەز و پەروەندە و پووشە بە تۆن هەڵدرابووەوە پۆل پۆل توجارڕ، کەسەبە، ڕوحانیان، مەزنانی کوردستانیان بۆ ئەو قەسابخانە ڕادەکێشا تووشی جەریمە،لێدان، سووکایەتییان دەکردن. بۆچی وا بوو؟

چونکوو لەو عەسرە نامبارەکە دا لە شا ڕابگرە تا وەزیر و لە وەزیر ڕا تا کاربەدەستێکی چکۆڵە هەموو بۆ قازانجی خۆیان کاریان دەکرد و هەموو دەمێ لە پارێز دابوون کە چلۆن کەسێک وەچەنگ بێنن و درۆیەکی بۆ هەڵبەستن و یا بە نێوێکی دی بیگرن. تێکڕا شەریکی دز و ڕەفیقی قافلە بوون. پیاوی زۆر گوناهکار بە پووڵێکی کەم خەلاسی دەهات، ئەگەر بە ڕێکەوت بەندی گوناهکارێکیان توند کردبایە بۆ ئەوە بوو پووڵیان پێوە شک دەبرد و دەیانەویست تا بگونجێ پتری لێ بستێنن.

دەگەڵ بوونی ئیدارەی شارەوانی و ئەمنییە و هەنگ کە ڕووی هەم نیزیکەی چوارهەزار نەفەر خاوەن ئەسلەحە کە گشت تەنیا بۆ ڕاگرتنی ئەمنییەت و پاسەوانی میللەت ڕاگیرابوون دیسان نەیان دەتوانی دە خودی شاریش دا پێش بە دزی و ماڵ برین بگرن، چونکوو خوو و ڕەوشیان بە جارێ فاسد ببوو، باوەڕیان بە تەواوەتی لە سەر دزین و تریاک کێشان و ئارەق خواردنەوە کۆ ببووەوە، شەرافەت، دین و ئینسانییەت لەم بێ شەرەفانەدا بە جارێ باری کردبوو و پووڵپەرەستییان بە دەرجێک بوو کە لە پەناباديێکیش گیر بوون و ئەنجامی وەزیفە دەو عەسرە گلاوە دا تەنیا کاغەزپەرین و کاغەزبازی بۆ چکۆلەترین کاری بە قازانجی جامیعە و فەرد بە جێ نەدەهات.میللەت بە تەواوی پەرێشان و سەرلێشێواو بوو، ڕێی ڕزگاری بۆ جێگایەک نەدەبرد و هێندێک سەری ناهومێدیان بەردابۆوە و تەسلیمی قەزا و قەدەر بوون و برێکیش لە بەیندا مابوونەوە و چاوەنۆڕی کولاوکەیەکی دەرفەت بوون کە لێرا ڕزگار بن.

دەر و ژووری شارەوانیم دە غایەتی نەزافەت و سادەگی دا دیت و کاربەدەستەکان و پاسەوانەکان بێ فەرق و جودایەتی بە وەخت و بێ وەخت خەریکی کارن. دیسیپلین بە تەواوی مانا بەرقەرارە. لە وەتاغەکان دا چەند مێز دانرابوون و هەر یەکە بێجگەلە دەوات و قەڵەم یەک دوو پەروەندەیان لە سەر بوو. لە ماوەی نیو سات دانیشتندا دوو سێ کەس هاتنە ئیدارە دیاربوو کاریان بووە و شارەوانی بۆی پێک هێناون.کارەکان گەلێکیش موهیم بوون کە لە دەورەی تاریکیدا یا جێبەجێ نە دەبوون یا پاش پێنج ساڵ هاتوو چوو و دوو موقابیل خەرج پێک دەهات.
وا دیاری دەدا کە لەم ئیدارە دا بێجگەلە کاری زەرووری کاغەزبازی نەبووتە داب، کاری زل زۆر بە هاسانی جێ بە جێ دەبێ، چونکوو هەموو شتێ لە ڕووی حەق و حەقیقەتەوە یە، کەس گلەیی نییە و هەموو کەس بۆ ئەوان فەرمانبەردارە. سەرۆکی شارەوانی ئاغای سەید خزر (سەید پیرە) یە. ئەم ئاغایە سێ ساڵە کاربەدەستی ئەمنییەتی مهابادە و لە دەورەی چەند ساڵ کاربەدەستی ویدا کاری ناحەز نەقەوماوە. و ئێستاش خۆی و تەواوی هاوکارەکانی لە ڕووی وەزیفە ناسییەوە بە شەو و ڕۆژ بێجگەلە ساتی خەو و ئیستراحەت بێ وچان خەریکی پێک هێنانی کارو باری خەڵکین و هەموو شایستەی قەدرزانین. لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەخوازین لە لابردنی ناتەواوی ئەم ئیدارە کە سەرچاوەی ژیانی خەڵکییە لەوەی زیاتر چاوەنۆڕی بفەرموون و کاربەدەستانی شارەوانیش لە پێشکەوتنی کاروباری ئیداری، ئینتیزامات، پێک هێنانی کاری خەڵکی لە ڕووی ڕاستی و حەقانییەت، ڕاگرتنی ئەمنییەت، حوسنی ئەخلاق، ڕێو شوێنی چاک، موراعاتی ئینتیزامات و دیسیپلین لەوەی کە هەیە زیاتر تەوەجوە بکەن و بزانن : کە بەشەر گیاندارێکی موعجیزەیە و دەتوانێ لە هەموو کارێک دا ئیعجاز بنوێنێ و لە هەموو لکەکانی شارەوانی کوردستانیشمان دەوێ کە ڕەفتار و کرداری شارەوانی ناوەندی بکەنە سەرمەشقی بزووتنەوە و کارو باری خۆیان.

**سەیید محەمەد حەمیدی**

**ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٢٤، چوارشەمۆ ٢٢ی ڕیشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٣ی مارسی ١٩٤٦**

**نامەی سەید پیرەی نیزامی سەرۆکی شارەوانی [پۆلیس] کوردستان**

**" مودیری خۆشەویستی ڕۆژنامەی کوردستان**

ڕۆژنامەی کوردستان کە ئەستێرەی خۆشبەختی و ڕۆژی هاتی نەتەوەی کوردە و بۆتە مایەی ڕووناکی بیری نیشتمانپەروەرانی کوردستان و برووسکەی ئەو ئەستێرە و ڕووناکی ئەو ڕۆژە تەواوی نەتەوەی کوردی لەخەوی غەفڵەت ڕاپەڕاندووە و بۆ داوای حەقی میللی خۆیان بە وەسیلەی ئەو ڕۆژنامە بەڕێزە ملە دەکەن بە تایبەتی کە چاومان بە ژمارە ٢٢ی ڕۆژنامەی کوردستان کەوت کە بە درێژی باسی لە پێک هێنانی کاری شارەوانی و چاکی

سەرچاوە Serchawe

کاربەدەستانی ئەو ئیدارە کردووە سوپاستان لێدەکەین. هەڵبەتە تەواوی ئەفرادی کورد لە هەموو کاتێکدا بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئارمانی میللی تا سنووری ئیمکان تێدەکۆشین و کاربەدەستانی شارەوانی ئەنجامی کاریان لا وایە وەزیفێکی ویجدانی و میللی یە بۆ پێک هێنانی ئەو کارە وە ئەمنییەتی ناو شار وە رێک و پێک کردنی هەڵسووڕانی کاری کوردستان بە گیان و دڵ حازرن لە ژێر سێبەری پێشەوای موعەزەمی کوردستاندا چاکتر هەڵسووڕێ. هەویامان وایە ئەو نووسراوەی کە لە جوابی ژمارە ٢٢ بەرواری ١٣ - ١٢ - ١٣٢٤ دا نووسراوە لە ڕۆژنامەی بەرز دا چاپی بفەرموون و لە خاتمەی ئەو نووسراوە دا دەڵێم، بژی بە ژیانێکی ئەبەد سەرۆکی کورد و کوردستانی مەزن.

سەرۆکی شارەوانی کوردستان - نیزامی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٥٩، دووشەمۆ ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] = ١٨ی ژوەنی ١٩٤٦

"پێ ڕاگەیشتن بە شارەوانی"

چەند ڕۆژ لەمەوبەر حەزرەتی پێشەوای کوردستان پێش نیوەڕۆ تەشریفی بۆ پێراگەیشتن چوو بووە ئیدارەی شارەوانی لە کاتێکدا کە هەموو کارمەندەکان لە سەر کار دەبن ئاغای ڕەسووڵی کوردپوور بە پێشوازەوە دێ و چلۆنەتی شارەوانی عەرز دەکا و لە خدمەتیدا هەموو وەتاغەکان دەگەڕێ و بە دوستاخانە و دوستاخان ڕادەگا و ئەمری ئازادی شەش کەس لە دوستاخەکان سادر دەفەرموێت، لە کاتێکدا کە ئاساری خۆشحاڵی لە نێو چاوانی دەبیندرا موراجەعەتی فەرموو.

بەشێک لە قسەکانی میرزا محەممەدئەمینی مەنگوڕی سەبارەت بە زیندانی شارەوانی حکوومەتی کوردستان "..... جا لەو کاتەی کە من چوومە زیندان [٥٠] بەندی لە زیندانەکەدا بوون لە تاوانەکانم پرسین ٣٨ کەسیان وەڵامیان دایەوە و وتیان ئێمە ژنمان هەڵگرتووە، لە سەر ژن هەڵگرتن گیراوین. چونکە "پێمان لە کلکی گوێرەکە" ناوە. بە مانا یاسا و دەستووری حاجی بابە شێخ مان شکاندووە.

١٠ نەفەریش وتیان لە سەر ڕاپۆرتی... گیراوین. گوایا هەرکەسێ لە عێراقەوە بێتە سابڵاغ تەرجەمەی حاڵی ئەو کەسە لە کاک... ئەپرسن. ئەگەر ئەو نەی گوت ئەیان ناسم پیاوی باشن، ئەوا ئەگیرێو لە زیندان ئەمێننەوە هەتا ئەنووسرێ بۆ عێراق و لە عێراقەوە ڕاپۆری خاوێنییان دێ بۆ سابڵاغ ئەو حەلە بەرەڵا ئەکرێن. جا ئێمە لەو کەسانەین کە... نامان ناسێ. ٢ نەفەریشیان لە سەر قەرز بەندی کرابوون.

زۆربەی بەندییەکان مانەوەیان لە ٤ و ٥ مانگ تێپەڕی کردبوو، داد و داخوازیان بە هیچ لایێ ڕا نەگەیی و لەو

مەودایەشدا کەس هیچی لێ نەپرسیبوون.

سەید پیرەی مودیری زیندان ڕۆژێ نەفەری یەک تومانی جیرەبەندی ئەدانێ. هەموو خواردن و ڕابواردنێکیان بریتی بوو لەو تومانە، جا بە کاڵی یا بە کوڵاوی، هەر ئەو تومەنە بوو کە ٥٠ فلسی عێراقی ئەگرێتەوە... جا لە مەودای ئەو ١٦ڕۆژە دا سکاڵام بۆ ٣٨ نەفەری ژن هەڵگرتوو نووسی. بە زۆر وێنەی قانوون و عورف و دەستوور سکاڵاکانم ئەڕازاندەوەو بە هۆی سەید پیرە ڕەوانەی دادگای تایبەتی ئەکران.خۆشبەختانە نەسەقی داواکان ئەکەوتنە بەر چاوی لێپرسەکانی شەرع و دادستێن، هەر ٣٨ کەسیان بەرەڵا کران، بەڵام تا ئەو ماوەیە دەستوورەکەی حاجی بابەشێخیش نەختێ سارد بوبووەوە. پتر ئەوە بوو بە هۆی بەربوونیان نەک هەر تەنیا نووسینەکانی من.

بەڵام ١٠ نەفەرەکەی کە لە لایەن... گیرابوون هیچیانم بۆ بەرەڵا نەکران چونکە بە توهمەتی سیخوڕی و سیاسەت گیرابوون و لە حیزبی ' پارت و تەحەڕوڕ' پرسیان بۆ کرا بوو.مانەوەیان لە سەر وەڵامی حیزبەکان ئاوا دوا کەوتبوو ..." "بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم، سوید ١٩٩٩" لاپەڕەی: ١٤١، ١٤٢، ١٤٣،




## سەربەرز (کاپیتان) محەمەد مەحموود قودسی



سەربەرز (کاپیتان) محەمەد مەحموود قودسی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمی فەرمیدا بە نوێنەرایەتی ژەنەڕاڵ مایۆر مەلا مستەفای بارزانی وتەی پێشکێش کردووە و هەر وەها یەکێک لە نووسەرە چالاکە کانی ڕۆژنامەی کوردستان بووە.

**تێبینی: ئەم وێنەیە لە زۆر سەرچاوەی چاپکراو دا بڵاو کراوەتەو و ئەم نامەی محەمەد مەحموود بۆ ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد ڕەشیدخانی قادرخانزادە لە بەرگی یەکەمی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە و دۆکومێنت، مەحمود مەلا عززەت، سوید ئازاری ١٩٩٢" وەرگیراوە.**


دوکومێنتی ژمارە (٢٨)
نامەی محەممەد مەحمود
(محەممەد قودسی) بۆ حەمەرەشیدخان
١٣ - ٢ - ١٣٢٥

هێزی
دیموکراتی کوردستان
ژمارە ١

**ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٢٨، چوارشەمۆ ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ = ٢٧ی مارسی ١٩٤٧**

**"جێژنی نەورۆز لە مهاباد**

### ٣- خیتابەی برای خۆشەویست محەمەد مەحموود:

به ناوی پارتی دیمۆکراتی کوردی عێراقەوە بە بۆنەی جێژنی نەورۆزەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

گەورەکانم، ئەی ڕاوەستاوەکانی گەل! دەزانن نەورۆز نیشانەی چ دەکا؟ ئەمەیە کە لەم وتەیەدا وەڵامی دەدەمەوە. چاخەها، ساڵهایی درێژە بە سەر ئەم ڕۆژە دا ڕابردووە و گەلی کورد بە جێژنێکی خۆشی سەرئەفرازی نەهێناوەتە ئەژماردن، لەو زنجیری ئەسارەتەدا دەی ناڵاند کە بێگانە پێی بەند کردبوو و ناخۆشی و سەرگەردانی پێ تام دەکرد. دەرگای ئازادی و حقووقی تەبیعی ئینسانی لێ دادەخست، ڕەنجی ڕۆڵەکانی بۆ شکاندنی زنجیری ئەسارەت و نەزانی و ژێر دەستەیی. ئەم ڕەنجە گەورەیە لە هەموو ماوەکانی مێژوو دا ئەوەی لە بیر بردبووەوە کە جێژن هەیە، و ڕۆژێکیش هەیە کە پێی دەڵێن نەورۆز و چاو بە سەرەتای بەهار دەگەشێتەوە.
گەل لەو سەفەرە درێژە دڕکاوییەی بۆ گەیشتن بە قیبلەی مبارەکی کە "سەربەخۆیی، ئازادییە" تووشی گەلێک ئەزییەت و ناخۆشی هات.

ڕۆژ باش ئەی نەورۆز، هەزار ڕۆژباش.... ڕۆژباش ئەی جێژنی میللی ڕۆژباش... ئەی ڕۆژی پیرۆز! بوویتە هۆی هێنانە جێی ئەو ڕابردووانەی کە لە مەیدانی شەرەف دا لە خوێنا گەوزیون.تۆی خاوەنی ڕووناکی بە تین و جوان چونکی حکوومەتی کوردستان و حقووقی دیمۆکراتی گەلت لە ژێر باڵ دایە.

مەرعبا ئەی جێژنی دڵکراوە مەرحەبا! ئەوە ڕۆڵەی کوردستان خۆی لە چەک داوە و لە هەنگاوەکانیا سپەرێکە بۆ پارێزگاری ئەو ئەمانەتە موقەدەسە کە شەهیدانی نیشتمان بۆیان بە جێ هێشتووین... بۆ گەلی ئازاد کراو.

ڕۆژباش، هەزار ڕۆژباش ! دایکی ڕۆڵە لە خوێن گەوزەکان دڵنیا بوون چونکی زانیان کە بە خۆڕایی نەچوون. منداڵەکانمان لە خۆراک مەدرەسەکانیان دڵنیان، گەل لە حقووقی خۆی دڵنیایە چونکی دەزانێت کە دەستی زاڵم ناتوانێ داگیری کا، بە تەواوی بۆی وەرکەون کە ئەویش وەک ئادەمیزادی دی بە ئازادی دەژی و بەرێی زانستی و پیشەسازی خۆی دەخوا و میوانی شارستانیەتی و بازرگانی بۆی دەبێتە یەکیەتێک و لە دوایی ئەو ڕۆژە هیچ زاڵمێک و بەکارهێنەرێک ناتوانێ دەست ڕەنجی بدزێت.

هیچ دەمێک فرمێسک بە سەر ئەو جەوانانە دا کە دەبنە سپەرێکی پۆڵایی لە ڕووی هێرش و زەبر بەدەستیدا ناڕێژرێ. نا، هیچ دەمێک گوێمان لە هاواری سەرگەردانی برسی نابێت، دەنگی ئەو ئازارانەمان نایەتە گوێ کە

دەستی دڕندە لە گیانی گەلدا بە جێی هێشتووە.چاخی پارێزگاری کەرامەتی ئینسان لە گەڵ نەورۆزی ئازادیدا دەست پێدەکا.

نەورۆز! ئەی سەرەتای ژیانی نوێ! ڕاناوەستین، سارد نابینەوە، هەروەکوو گەیشتینە لووتکە و هیچی تری لە دوا نەبێ. هێشتا لە سەرەتای عەهدی نوێین.پێویستە لە نوێ وە دەست بکەنە کار و بکەوینە چالاکیکی بێ سستی.

ئەی نەورۆز لە عێراقدا کورد هەیە لە زنجیری ئەسارەت و ژێر دەستی دان چاویان بڕیوەتە تۆ و دڵیان پڕ لە هیوایە بۆ ڕزگاربوون و ئازادی. لە تورکیا دا دڵ شکاوە، چونکی بە بەندی ئاسنین بەند کراوە،ئێستا خۆی کۆ دەکاتەوەبە هیواداری ئەو ژیانەوە کە تۆ دەرگای ڕزگاری بیت.
ئەی هەوەڵ نەورۆزی حکوومەتی نوێ ببەرە ڕۆژی بەند شکاندن بۆ نیشتمان، ببەرە ڕۆژی بڵیندی کورد لە گەڵ کاروانی میللەتانی پێشکەوتوو دا ببە بەڕێوە.
بژی گەلی کورد بە ژیانێکی کامرانی وەک کامرانی دنیا لە سەرەتای بەهار دا.
بژی حکوومەتی کورد دامەزرێنەری ڕۆژی ئازادی گەل!
بژی سەرۆکی حکوومەتی نوێ جەنابی پێشەوای موعەزەم
بژی سەرکردەی هێزی ئازادی زەعیم مەلا مستەفای بارزانی
بژی نەورۆزی هیوادار و ژیانی پڕ ئاسایش و کامرانی.

٢ی بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٢١ی ئەپریلی ٢٠٠٨

---

دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان لە کاتی سەردانی لە مهاباد حەوتووی کۆتایی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی





ئەم وێنەیەش لە کاتی سەردانی دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان مودیری نامەی هەفتەیی کووهستان لە مهاباد هەڵگیراوە. ڕۆژنامەی کوردستان ڕێپۆرتاژێکی درێژی لەمەڕ ئەو دیدارە بڵاو کردووتەوە.

**دانیشتووان لە ڕاستەوەبۆ چەپ:** ١- ئەحمەدی ئیلاهی [مام ئەحمەدی حاجی ئەلای] وەزیری ئابووری، ٢- هێمن شاعیری میللی و نووسەری هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان ٣- مەنافی کەریمی لە ڕێبەرانی کۆمار و وەزیری فەرهەنگ، ٤- دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان، مودیری نامەی هەفتە یی کووهستان و مامۆستای زانکۆ لە تاران، ٥- سەدیقی حەیدەری لە ئەندامانی هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و وەزیری تەبلیغات، ٦- سەید

محەمەدی ئەیووبیانی تەهازادەی مەرکەزی لە ئەندامانی هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و وەزیری لەشساغی، ٧- سەرپۆلی ٢ مستەفا خۆشناو فەرماندەی لکی ١ی هێزی بارزانییان لە جەبهەی سەقز.

**ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە بۆچەپ:** ١- ڕەحیمی لەشکری ڕەئیسی دەفتەری پێشەوا،٢- نەناسراوە، ٣- نەناسراوە، ٤- عەبدولباقی حەیدەری فارووقی، ٥- نەناسراوە، ٦- سەعیدی هومایوون، ئاجودانی پێشەوا قازی محەمەد و ئەندامی دەفتەری پێشەوا. ٧- دڵشادی ڕەسووڵی ئەندامی هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و موعاونی وەزیری فەرهەنگ، ٨- سەید ئەحمەدی سەید تەها فەرمانداری کۆمار لە نەغەدە، ٩- عەلی خوسرەوی یەک لە کادرە هەرە هەڵسووڕاوەکانی کۆمار و سەرۆکی سازمانی جەوانان، ١٠ سەرپۆلی ٢ عێزەت عەبدولعەزیز سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ وتو وێژ لە گەڵ سەرلەشکر ڕەزم ئارا لە سەقز، ١١- ڕەحیمی جەوانمەردی قازی ئاجودانی پێشەوا قازی محەمەد و ئەندامی دەفتەری پێشەوا، ١٢- ڕەحمانی وەیسی، ١٣- سەربەرز [ کاپیتان] خەیروڵا عەبدولکەریم، ١٤- نە ناسراوە.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە ئارشیڤی تایبەتی نەمر مەنافی کەریمی دا بووە و ئێمە بە سپاسەوە لە سەید محەمەدی سەمەدی مان وەرگرتووە.

کوردستان ژمارەی: ٨٥، پێنجشەمۆ ٢١ی خەرمانانی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] = ١٢ی سێپتامبری ١٩٤٦

## کوردێکی بە نرخ ئاغای دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان مودیری دانشمەندی نامەی هەفتەگی کووهستان

لە ژمارەی پێشوو دا خەبەری هاتنی جەنابی ئاغای دوکتور ئیسماعلی ئەردەڵان مان نووسی و بەڵێنی مان دا کە لە ژمارەی دواییدا تەفسیلی هاتن و چەند کەلیمەیەک راجع بە شەخسییەتی ئەو زاتە و نامەی هەفتەگی یەکەیان بنووسین. ئاغای دوکتور ئەردەڵان بە ئارەزووی سەردان لە خاکە پڕ پیت و جوانەکەی کوردستان و بە شەوقی چاوپێکەوتنی ئازادیخوایانی کوردەواری مانگێکە لە تاران وەدەرکەوتووە. لە پێشدا چووبووە محاڵی کولیایی، ماوەت پازدە ڕۆژ لە دێهاتی کولیایی سەقز ڕای بواردووە و لەوێرا چووەتە شاری سنە، هەفتەیەکیش لەوێ بووە، لەوێش دەگەڵ ئاغای عەبباسی ئازادپوور نوێنەری نامەی کوهستان لە سنە هاتوونە شاری سەقز، هەفتەیەکیش لەوێ ڕاوەستاوە، پاشان ئاغای ئازادپووری لە سەقز بەجێ هێشت و بۆخۆی دەگەڵ جەنابی ئاغای سەدری قازی نومایەندەی مەحبووب و خۆشەویستی مهاباد و ئاغای مەنافی کەریمی نوێنەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان هاتۆتە میاندواو.بۆ ئیحتیرام ئاغای سەدیقی حەیدەری نومایەندەی نامەی کوهستان و ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ژمارەیەکی دیکە لە ئەعزاء و کاربەدەستانی حیزب تا میاندواو بە پێشوازەوە چوون، لە وەختی دیتن و موسافەحە دا ئاغای سەدیقی حەیدەری نیسبەت بە ئاغای سەدری قازی و ئاغای ئەردەڵان محەبەتێکی لەئەندازە بەدەری هەیە و بە ڕێکەوت کوڕێکی ٣ ساڵەی خۆی دەگەڵ بوو و کوتی: لێرە تەنیا ئەو

کوڕە جگەر گۆشەم حازرە ئەگەر ئیجازە دەفەرموون بە ئیحتیرامی ئێوە بیکەم بە قوربانی. ئەوانیش زۆر بە محەبەتەوە وەڵامیان داوە و سوپاسیان لێکرد.جەنابی ئاغای سەدری قازی بە ڕێگای ئازەربایجاندا گەڕاوە بۆ تاران و ئاغای دوکتور ئەردەڵان دەگەڵ ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی بەرەو مهاباد هاتبوون. ئاغای دوکتور هەر کە گەیشتبووە قەراخ شاری ژمارەییێکی زۆر لە کاربەدەستان و رونەسای ئیدارات و خەڵکی مهاباد بە پیریەوە چوون و زۆربە ئیحتیرام واردی عیمارەتی دەفتەری پێشەوائیان کرد و لە سەعات ١٨ وە تا سەعاتی ٢٠ دەگەڵ ئەندامەکانی حیزب خەریکی گفتوگۆ بوون.پاشان بۆ پەزیرایی و ئیستیراحەت چووە مەنزڵی ئاغای سەدیقی حەیدەری و ئێمەش سەعات ٣٠، ٢١ کە هاتنی ئاغای دوکتورمان زانی بێ ئیختیار بۆ مەنزڵی ئاغای حەیدەری چووین و میوانی خۆشەویست و مەحبووبمان کە زۆر لە مێژ بوو ئارەزوومان دەکرد زیارەت کرد و ماوەی دووسەعات لە خسووس ڕۆژنامەنگاری و ئەدەبییاتی کوردییەوە گفتوگۆیان بوو. بەیانی جەنابی ئاغای سەیفی قازی فەرمانداری مهاباد و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و رونەسای ئیدارات و تەبەقاتی ئەهالی دەیدەنییان لێ کرد.

جەنابی ئاغای دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان پیاوێکی موتەوازیع و موئەدەب و ویقارە.لە قسە کردندا مەتین و ئارامە، لە لوغەز زۆر خۆی دەپارێزێ.فازل و دانشمەندە لە تەمەنی ٣٣ساڵیدایە. شەش ساڵ و نیو لە پاریس پایتەختی فەڕانسە خوێندوویەتی و ئێستا خاوەنی ئیمتیاز و مودیری مەسئوولی نامەی هەفتەگی کوهستانە و لە دانشکەدەی دام پزشکی تاران دا سیمەتی ئوستادی هەیە. ئاغای دوکتور وەک قەڵەمی شیرینە بۆ خۆشی لەبەردڵان و خۆشەویستە. کاتێ لە ٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٣ دا هەوەڵ ژمارەی نامەی کوهستانی بڵاو کردەوە خۆی و مەقامی هەڵکەوتووی بە هەموو کوردێک ناساند و خۆشەویستی خۆی لە دڵی هەموو کوردێک دا جێ کردەوە. نامەی کوهستان شۆڕشێکی سەر لێ سوڕماوی خستە دڵی کوردانەوە و تا شەش مانگ بێ وچان لە لایەن پیاوان و پایانی نوقاتی کوردستانەوە چەند سەد بەڵکوو چەند هەزار نامەی پیرۆزبایی بە دەفتەری نامەی کوهستان گەیشت.لاپەڕەکانی شەش مانگەی هەوەڵی کوهستان شایەدی ئەم ئیدیعایەمانە. نامەی کوهستان پاش ساڵەها بێهۆشی و بێدەنگی لە دەمێکدا کە تاران کانوونی ئیرتیجاع بوو، نێوی کوردی زیندوو کردەوەلە وەختێکدا کە لە تاران نێوی کورد بە زمان دا هێنان گوناهێکی نەبەخشراو بوو، نێوی کوردستانی بەرز کردەوە.

کوهستان هەر کە بڵاو بووەوە لە گەڵ بتی ئیرتیجاع لە کوردستاندا دەستی کرد بە شەڕ کردن و توانی یەکێ لەو بتانەی کە داوای خوداوەندی کوردستانی دەکرد و خوێنهای ڕشت، ماڵانی کاول کرد لە بەرامبەر گەورەیی گیانی کورداندا بە سوجدەی دا خست و لە کوردستانی پاک کردەوە. ئاغای ئەردەڵان بە هۆی نامەی کوهستانەوە خزمەتێکی زۆری بە کورد و کوردستان کردووە و تیشکی نامە بەرزەکەی ڕۆژبەڕۆژ ڕووناکتر و بە تین تر دەبێ، و هەموو کوردێک لە قووڵایی دڵەوە خۆی و نامەکەی خۆش دەوێ.

قەرار وایە هەفتەیەک لە مهاباد تەشریفیان بمێنێ.پیرۆزی ئاغای دوکتور ئەردەڵان و پێشڕەفت و سەرکەوتنی نامەی هەفتەگی کوهستان لە ژێر مودیرییەتی مەحبووبی دا لە خودای بەرز و بێ هاوال داوا دەکەین.



ای بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٠٨

سەدیقی حەیدەری فارووقی لە ئەندامانی دامەزرێنەری ژێکاف، لە دامەزرێنەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و وەزیری تەبلیغات و ئینتیشاراتی کۆمار



ئەم وێنەیە لە کاتی سەردانی دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان، مودیری نامەی هەفتەیی کووهستان لە مهاباد هەڵگیراوە. بە پێی ڕۆژنامەی کوردستان دوکتور ئەردەڵان لە حەوتووی کۆتایی مانگی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی گەیشتووەتە مهاباد و حەوتوویەک لەوێ ماوەتەوە.

لە ڕاستەوە بۆ چەپ: برایمی نادری سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد،سەدیقی حەیدەری، سەربەرز [کاپیتان] محەمەد مەحموود، سەرپۆلی ٢ مستەفا خۆشناو.
دانیشتوو: دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان مودیری نامەی هەفتەیی کووهستان.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ئارشیڤی تایبەتی لێکۆڵەرەوەی کورد بەڕێز سەید محەمەدی وەرگیراوە،

نووسینێکی سەدیقی حەیدەری لە گۆواری نیشتمان دا

نیشتمان ژمارەی ٣ و ٤ ساڵی یەکەم، سەرماوەز - ڕێبەندانی ١٣٢٢ [ی هەتاوی]

ژنێکی بوێژی کورد آ. ل . ب م .ح. لاو - ١٠

## حەیران خانمی دونبلی

حەیران خانم کچی کەریم خانی کوردی دونبلی یە کە لە (نەخجەوان)ی قەفقاز ڕا هاتوونە دەورو بەری شاری (ورمێ)، و دانیشتوون.

حەیران وەکوو زۆر بوێژانی کورد بە کوردی شێعری هەڵنەبەستووە یا ئەگەر هەڵی بەستبێ وەدەست نەکەوتووە.

دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی ئەم ژنە بوێژە کە هەڵبەستەکانی لە پلەیێکی بەرزی ئەدەبیدا جێگایان بۆ کراوەتەوە، زانیارێکی وا نییە کە بینووسم.ئەوا لە خوارەوە غەزەلێکی فارسی ئەخەمە بەرچاو لە دواییشدا ئەگەر شتێکی تازەم دەربارەی حەیران وەگیر کەوت لە نیشتمانا دەرجی ئەکەم.

میان جمله مه رویان، توئی سردفتر خوبان
رخت چون گوی خور باشد،بود زلف کجت چوگان
جمال تو بود گلشن، چه گلشن؟ گلشن خوبی
چه خوبی؟ خوبی یوسف، چه یوسف؟ یوسف کنعان
دو چشم مست تو ظالم، چه ظالم؟ ظالم کافر
چەکافر؟ کافر رهزن، چه رهزن؟ رهزن ایمان
لب لعلت بود غنچه، چه غنچه؟ غنچهء روضه
چه روضه؟ روضهء جنت؛ چه جنت؟ جنت رضوان
بود خال لبت هندو، چه هندو؟ هندوی ساحر

سەرچاوە
Serchawe

چه ساحر؟ ساحر فتنه، چه فتنه؟ فتنهء دوران
زبان تو بود بلبل، دهان تو بود چشمه
چه بلبل؟ بلبل خوش گو، چه چشمه؟ چشمهء حیوان
بود حیران ترا عاشق، چه عاشق؟ عاشق بیدل
چه بیدل؟ بیدل واله، چه واله؟ والهء حیران

نیشتمان - بوێژەکانمان ئەم غەزەلەی سەرەوە وەرگێڕنە سەر کوردی، بۆمان بنێرن هەرچی باشتر بێت چاپی ئەکەین.

*( آ.ل.ب) نیشانەی نێوی نهێنی شاری مهاباد بووە لە ژێ.کاف دا و ( م. ح . لاو - ١٠) نێوی نهێنی سەدیقی حەیدەری بووە.

وتاری سەدیقی حەیدەری لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی،ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان

کوردستان، ژمارە: ١٢، شەمۆ ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ = ٩ی فێورییەی ١٩٤٦

## خیتابەی ئاغای سەدیقی حەیدەری

ئەی برایانی خۆشەویست! ئەی قارەمانان و شێرمەردانی کوردەواری!

ئەمن یەک نەفەر پێشمەرگەی کورد هێندێک قسەی چکۆڵە هەیە کە پێویستە بە عەرزی حوزاری موحتەڕەمی بگەیێنم:

١- سپاس و ستایش بۆ خودای تەبارەک و تەعالا و گەورەیی بۆ حەزرەتی سەیدی کائینات.
٢- پێویستی شەرافەتی یەک نەتەوە سەربەخۆییە.
٣- سەربەخۆیی میللەت فەقەت بە زانایی و ئەخلاقی چاک ڕادەگیرێ.
٤- ڕاگرتنی سەربەخۆیی هەر میللەتێکی بە ئازایی و قارەمانی ئەو میلەتەیە.
٥- بە بێ حەقیقەت داخڵ بوون بۆ مەڕامی موقەدەسی ئازادی مومکین نابێ.
٦- هەر میللەتی بییەوێ ئازاد بێ، دەبێ حەقیقەت و سەداقەت بکاتە ڕەوشتی خۆی.
٧- هیچ میلەتێک ناتوانێ بە بێ مەعاریف و فەرهەنگ ئازادیی خۆی ڕابگرێ.
٨- دە ڕێگای ژینی شەڕافەتمەندانە دا لە گیان و ماڵ ببوورن.

٩- بژی ئەو میلەتەی کە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی ژیانی خۆش ناوێ.

١٠- ئازادی ، پێویستی وەک یەک بوونە، و لە بەرامبەر قانوون هەموو وەک یەکین.

١١- هیچ نەوعە ئازادێک ئیجازە نادا هەتا ئاخر و ئۆخری عومر هەر خەتاکار بین.

١٢- عەتری گوڵاوی چاک، عەتری بەدەڵ و جەعل دەشێوێنێ.پێویستە ئێمە عەتری ئازادی دە مەملەکەتی خۆمان دا بڵاو بکەینەوە تا جەعل و ئیستیبداد لە نێو هەڵگیرێ.

١٣- ئازادیی عەقیدەی بە سەر هەموو سیاسەتێکی دا حاکمە.

١٤- هەرچەندە ئێوە ئازادیخوا بن، هەن جەماعەتێکی دی لە ئێوە ئازادیخواترن.

١٥- کوردستان دەبێ بە دەستی کورد ئازاد بکرێ.

١٦- دە عەینی ئازادی دا دەبێ موقەیەد بن.

١٧- روحی میللەت فیدای هیچ کەس نییە، ئەرواحی خادمینی میللەت دەبێ فیدای میللەت بن.

١٨- ئێمە دەبێ ئینشائەڵاە بێهداری کوردستان ڕاجیع بە پاک و خاوێنی کە لازم نییە ئەمن لێرە شەرحی بدەم بگەیێنینە ئەو مەقامەی کە سەیدی کائینات بە سوننەتی دەزانێ.

لە ئاخری عەرایزی خۆم دا بە دەنگێکی بەرز دەڵێم بژی بە ژیانێکی ئەبەد پێشەوای کوردستان حەزرەتی قازی محەمەد. بژی قارەمانانی کورد.

[ئەم برا پێشمەرگە بەرزە پاش قوتار بوونی وتارەکەی ئێحساساتێکی بێ ئەندازەی لە نێو گوێدێرەکانی ئیجاد کردبوو و چەند برای خوێن پاکی دیکەش لە سەر شانی خۆیان دانابوو و بڵیندیان کردبوو و بە نەعرەتە و شریخەیەکی شێرانە دەیان کوت جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لە هەموو کوردان مبارەک بێ و هەتا دنیا هەیە جێژن و سەربەخۆیی کورد هەتا هەتابێ.

[کۆکەرەوە: سەید محەمەدی حەمیدی]

ای بانەمەڕی ١٣٨٧ = ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٠٨

## سەرپۆلی ٢ میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی فەرماندەی لکی ٢ی هێزی بارزانیان و بازرەسی جەبهەی سەقز





نامەی ژمارە (٢٢٠)
نامەی میرحاج
١٣٢٥ - ٤ - ٢٦


**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە ڕووی وێنەیەکی بە کۆمەڵ کە کاتی سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد [سێپتامبری ١٩٤٦] هەڵگیراوە و لە کتێبی ویلیام ئیگلتن دا چاپ کراوە، ساز دراوەتەوە. نامەی سەرپۆلی ٢ میرحاج ئەحمەد بۆ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشیدخانی قادر خانزادە لە بەرگی یەکەمی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان، مەحمود مەلا عززەت" وەرگیراوە.

٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ١٨ی ئەپریلی ٢٠٠٨

---

## سەرپۆلی ٢ مستەفا خۆشناو فەرماندەی لکی ١ی هێزی بارزانیان






**تێبینی: ئەم وێنەیە لە زۆر سەرچاوەی لەمەڕ مێژووی كۆماری كوردستان دا بڵاو كراوەتەوە.**

**ئەم بەڵگەیەی نامەی سەرپۆلی ٢ مستەفا خۆشناوە بۆ ژەنەراڵ مایۆر حەمە ڕەشیدخانی قادرخانزادە فەرماندەی**

هێزی بۆکان و مەنتەقەی بۆکان. ئەم بەڵگەیە لە بەرگی یەکەمی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە و دۆکومێنت، مەحمود مەلا عزەت، سوید ئازاری ١٩٩٢" وەرگیراوە.

٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ١٨ی ئەپریلی ٢٠٠٨

## سەرپۆلی ٢ عێزەت عەبدولعەزیز وچاوپێکەوتنی سەرلەشکر ڕەزم ئارا دوای سەرکەوتنی هێزی کوردستان لە شەڕی قارەوا



سەرپۆلی ٢ عێزەت عەبدولعەزیز

"ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٥٣، دووشەمۆ ١٣ی جۆزەردانی ١٣٢٥[ی هەتاوی] = ٤ی ژووەنی ١٩٤٦

## نوێنەرەکانی کوردستان و تاران لە سەقز

رۆژی یەکشەمۆ ٥ - ٣ - ٢٥ هەیئەتی نومایەندەگانی حکوومەتی کوردستان گەیینە سەقز. لای ڕۆژئاوا سەرلەشکر ڕەزم ئاراش لە گەلّ سێ نەفەر نومایەندەگانی ئازەربایجان:

١- ئاغای جەوودەت وەزیری کار.
٢- ئاغای عەلی خادە موفەتیشی مەخسووسی جەنابی پیشەوەری.
٣- ئاغای ئازەرپادگان فەرمانداری مەراغە لە تارانەوە واردی سەقز بوون، سەعاتێک لە شەو چووبوو جەلەسە لە مەنزڵی سەرتیپ هومایوونی تەشکیل بوو، موزاکەرە تا سێ سەعات و نیو توولی کێشا:

١- سەرهەنگ ٢ عێزەت عەبدولعەزیز بۆ کردنەوەی جەلەسە بە زمانی کوردی بەیاناتێکی زۆر باشی کرد کە جوملە بە جوملە بە زمانی فارسی تەرجومە دەکرا.بینای ئەو بەیاناتە لە سەر ئەوە بوو کە زۆر جێی خۆشوەختییە لەگەلّ برایانی ئازەربایجانی دا دۆستێکی مەحکەم و برایەتێکی تەواومان بۆ حاسڵ بووە و لەم جەلەسەش دا وا دیارە کە برایانی فارس مەیلیان لە سەر حوسنی تەفاهومە کە تەقازایان کردووە ئەمە بێینە سەقز و ئاغای سەرلەشکریش بۆ موزاکەرات لە تارانەوە هاتۆتە ئێرە.تائێستا کە دوو برای ئازەربایجانی و کورد دەستیان پێک دابوو،هەویامان هەیە کە لەگەڵ برایانی فارسیش دا لە سەر ئەسڵی برایەتی مووافەقەت حاسڵ ببێ و ببینە سێ برا.

٢- ئاغای سەرلەشکر ڕەزم ئارا لە پاش بەیاناتی برای خۆشەویست کاک عێزەت مەنزووری جەلەسەی بەیان کرد کە چونکوو بەم زووانە دووبارە موزاکەراتی بەینی دەوڵەتی مەرکەزی تاران و نومایەندەگانی ئازەربایجان و کوردستان دەست پێدەکرێتەوە لە بەر ئەوە کە موزاکەرە لە سەر ئەسڵی حوسنی تەفاهوم سەر بگرێ وا بەچاک زانرا کە ئەم مەجلیسە لێرە تەشکیل ببێ و کارێکی قا بکەین لە تەواوی جەبهە دا تا دوایی موزاکەرە ئارامی بەرقەرار بێت.

٣- سەرهەنگ ٢ کاک عێزەت جوابی داوە کە ئەسڵی هاتنت ئێمە لە سەر ئیعتیبارنامەیەکە بە ئەمە دراوە و ئەوەیە کە سابیت بکرێ شەڕی قارەوا، بەرواری (٩ی بانەمەڕ) هەووڵ جار حەملە لە تەڕەف کێوە بووە، جا لە سەر ئەم ئەسڵە چەندین دەلیلی بەیان کرد لەوانە یەکێک ئەوە بوو : بە هەموو قاعیدێکی حەرپی هەمیشە تەلەفات لە عیدەی موهاجیم زیاتر دەبێ، چون لە عیدەی نیزامی ئێران لەو شەڕە دا تەلەفاتێکی زۆر بووە و لە عیدەی ئەمە یەکێک خوێن لە قامکی نەهاتووە، ئەوە خۆی دەلیلە کە عیدەی نیزامی ئێران حەملەی کردووە بۆیە

سەرچاوە
Serchawe

لێیان تەلەف بووە، ئەمما هی ئێمە چون لە سەنگەری خۆیان دا بوون گوللە نەیگرتوون. دەلیلێکی دی ئەوەیە لە ئەسیرانی خۆتان کە لە مهاباد و تەورێزن بپرسن تا لێتان مەعلووم بێت کە نیزامی ئێران حەملەی کردووە. سەرتیپ هومایوونی کوتی: من عیدەیەکم بۆ شیمالی سەقز ناردبوو ئەمما نەچووبوونە خاکی مهابادەوە، لەو سوورەتە دا ئەوە بە حەملە مەحسووب نییە.

سەرهەنگ ٢ کاک عێزەت لە جوابی دا وتی: سەقز و مهاباد لە یەک جوێ نین، هەر دووک خاکی کوردستانن،هەر کوێ کوردی لێیە ئێمە بە هی کوردی دەزانین. لەو بەینە دا برای خۆشەویست کاپیتان سەعیدزادە لە سەر دوو سێ مەتڵەبی دی لە قەبیلی فڕینی تەییارە و هێند شتی دی پیلەی بە سەرتیپ هومایوونی گرت، چون سەرتیپ هومایوونی دەلیلی حەقی بە دەستەوە نەبوو ناچار لە مەجلیس وەدەر کەوت، ئیدی نەهاتەوە.لە ئاخر دا ئاغای سەرلەشکر ڕەزم ئارا ئیقراری کرد کە لەوە دا عیدەیەک لە سەقزەوە نێردراوە بۆ سەر عیدەی کوردستان هیچ قسەی تێدا نییە، مەوزووعی حەملە بەو جۆرە لە جەلەسەی ڕەسمی دا مەعلووم بوو کە خەتای نیرووی ئێران بووە.

٤- مەوزووعی بەرقەراری ئارامی لە جەبهە دا لە پاش گفتوگۆیەکی زۆر و موتالەعەی نەخشەجاتی نیزامی ئێران بە ئیتیفاقی ئاراء قەرار کرا تا تەواو بوونی موزاکەرە هیچ لایەک حەقیان نییە بچنە پێشەوە، دەبێ هەر کەس لە هەر جێیەک هەیە ڕابوەستێ و هیچ لاش حەقیان نییە تەقە بکەن.زیمنەن سەرلەشکر ڕەزم ئارا تەقازای کرد کە هێزی کوردستان چوار هەزار گەز لە دەورەی سەقز دوورەوە کەون و سێ هەزار گەزیش لە سەر جادەی بەینی بانە و سەقز بکشێنەوە و بۆ لای خۆراوا، تا نیزامیانی ئێران بتوانن بە ئازادی بۆ عیدەی بانە و میرەدێ ئازوخە بەڕێ بکەن و لە موقابیل دا ئیمزایان دا کە تەییاراتی ئەوان هەر بە سەر جادە دا حەقی حەرەکەتی ببێ و عەلاوە سێ نەفەر نومایەندەی خۆمان هەمیشە لە سەقز و بانە و سەردەشت دا هەبێ و نازری کاری ئەوان بن کە عیدە و موهیمات بۆ ئەو سێ نوختە لە تەڕەف دەوڵەتی ئێرانەوە بەڕێ نەکرێ، ئەمما ئەگەر عیدەیان بۆ عەوەزکردنی نەفەراتێک کە وادەی خزمەتیان تەواو بووە بێت مانیع نەبن. ئەو مەوزووعە بە مەقاماتی بەرزی مەرکەزی خۆمان عەرز کرا لە جواب دا فەرموویان کە لە سەر ئەسڵی ئیحتیڕامی دوو تەڕەفی ئێمە هەرچەند بکشێینەوە دواوە، نیزامیانی ئێرانیش هەر بەو قەرارە دەبێ بکشێنەوە دواوە،دەنا غەیرە مومکینە و هەر جێیەک کە ئیشغاڵمان کردووە هەر لە دەست ئێمە دا دەبێ و جادەش بە جێ ناهێڵین.هەر بەو جۆرە لە جەلەسەی ڕەسمی دا بە ئاغای سەرلەشکر ڕەزم ئارا جواب دراوە.

٥- لە مودەتی ٣٨ سەعات کە ئێمە لە سەقز بووین فەرماندەی نیزامیانی ئێران چەند جار هاواری بۆ ئێمە نارد کە ئەوا لە میرەدێ شەڕە وەرن مەهێڵن، ئەوا جادەی بەینی سەقز و سنە هێزی کوردستان داگیری کرد بچن بیان گێڕنەوە.تا وابوو بۆ ئەوەی نەهێڵن تەقە بکرێ نوێنەرەکانی کوردستان لە ماشێن دا کە بەیداغی شەهامەتی کوردستانی لە سەر دەلەراوە لە سەقزەوە بە سەر جادەی بانە دا هاتینە حەرەکەت و لە پشت سەری ئەوانەوە


ماشێنی نیزامیانی ئێران کە یەکێک لە نقمایەندەگانی و دوو سەرهەنگی تێدا بوو لە ژێر پەناە و حیمایەتی بەیداغی بەرزی کوردستان دا هێواش هێواش بە دوای ئێمە دا دەهات، لە ئاییچی، لە تەمووغە، لە بەلەجەڕ و لە ئەغڵەبی کێو بە چاوی خۆیان عیدەی مونەزەمی پێشمەرگان و سەرکردانی کوردیان دەدی کە چۆن لە کەماڵی شەهامەت و بێ باکی دا ئەو جێیانەیان داگیر کردووە و مونتەزرین بە مەحزی سادربوونی فەرمان قەلبی دوژمن هەڵدڕن.

یەکێک لە نوێنەرەکان، ئیبراهیمی سەلاح

تێبینی: ئەم وێنەیە لە زۆر سەرچاوەی سەبارەت بە مێژووی کۆماری کوردستان بڵاو کراوەتەوە

۲۹ی خاکەلێوەی ۱۳۸۷ = ۱۷ی ئەپریلی ۲۰۰۸


وێنەیەکی دیکەی ئارچیباڵد ڕووزڤێڵت لە کاتی سەردانی لە مهاباد ، ١٤- ١٦ی سێپتامبری ١٩٤٦



**تێبینی:** ئەم وێنەیە یەکێکی دیکە لەو وێنانەیە کە ئارچیباڵد ڕووزڤێڵت لە کاتی سەردانی لە مهاباد ١٤ تا ١٦ی سێپتامبری ١٩٤٦ هەڵیگرتوون. وێنەکە بە سپاسەوە لە چاپی تازەی کتێبی سوزان مەیسێلاس
**Kurdistan In the Shadow of History**
وەرگیراوە.

**٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ١٥ی ئەپریلی ٢٠٠٨**

## دوو نووووسراوەی م.آریا [مەنافی کەریمی] دە گۆواری نیشتمان دا


J. K
نیشتمان
گوڤاریکی کومەڵایەتی، ئەدەبی، خویندەواری و ... کوردیە
ژمارەی ١ سالی یەکەم پوش پەری ١٣٢٢ جولای ١٩٤٣
لەم ژمارەیەدا:
وەگەڵی باسی خوشی تر ئەخوینیتەوە

دوو نووسینی مەنافی کەریمی لە گۆڤاری نیشتمان دا

**نیشتمان ژمارەی - ٢ ساڵی یەکەم خەزەڵ وەری ١٣٢٢[ی هەتاوی]**

**ئەی لاوی کورد**

**م. آریا - ٢٧ خاوەندی میدالی ئالای کوردستان**

له رێگای وەدەست هێنانەوەی سەربەخۆیی کوردستان - لە پێناوی سەربەستی کورد - بۆ لە ناو بردنی هەموو ئەم چەوتی و نارەوایانەی لە کوردەواریدا هەیە، بۆ ئەستاندنی حەقی مەشرووعی خۆت و دوایی هێنان بەم حاڵە پەرێشانەی ئێستای قەومەکەت و بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوانەی حەز بە دیلی و ئێخسیری مان دەکەن هەڵستە! ژیان بە بێ سەربەستی و سەربەخۆئی چییە؟ ڕابە! دایکی نیشتمان چاوەنواڕی قیامی تۆیە؛ قیامێکی وا کە لە جادەی شارستانێتی دەرنەکەوێت؛ قیامێکی هەموو چارە ڕەشی و نەگبەتێکی لە سەر نەتەوە و هاونیشتمانەکانت هەڵبگرێت. هەڵستە! نێهزەتێکی بکە چونکوو سەورەی لاوەکان دەسمایە و خەزێنەی ڕۆژی تەنگانەی نیشتمانە؛ هیوا و ئومێدی ڕزگار بوونە. چ خۆشە ئەم ڕۆژە کە دەنگی لاوەکانی کورد بۆ وەگێرخستنی سەربەستی ئەم میللەتە مەزلووم و حەق خوراوە دونیا بخاتە جونبش و جووڵانەوە.

ئەی لاوەکانی کورد ڕێککەون. قودرەت و ئیقتیدار لە ڕێککەوتنا شێردراوەتەوە، بە نیرووی یێکەتی و برایەتی بە شمشیری نیشتمانپەروەری ئەو دەستانەی بە ناحەق بۆ سەر وڵاتی ئێوە درێژ کراون و ئەستۆی براکانت ڕێک دەکوشن بپەڕێنە و خاکت پاکی کوردستان بێنە وێنەی بەهەشتی خۆش و خوڕەم.

ئەی لاوی هێزداری کورد تێبکۆشە! تا وەکوو باپیرەکانت لە وڵاتی "نایری"، "کوردتەن"، "کوردیەن" دا بە دونیایان نیشان دا ئەتۆش هێز و توانایی خۆت پێشانی دانیشتووەکانی ڕووی زەوی بدەی، مەگەر نازانی چۆن بە ناحەق و زوڵم ئەم خاکە پیرۆزەی تۆیان دابەش کردووە و هەر پارچەیەکی خراوەتە ژێرحوکمی دەوڵەتێکی بێگانە کە بە ئارەزووی خۆیان لە هەموو ئەو نێعمەتانەی خوا بەخشیوێتی بە کوردستان کەلک ئەستێنن و بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد نەپەرژێتە سەر فکر و خەیاڵی ئازادیی خۆی هەر ڕۆژە بە نەوعێک سەری گەرم ئەکەن.

ڕۆژێکی بە پارە و دراو عەشیرەتەکانمان هەڵ دەخەڵەتێنن و ئەیانکەن بە بەرهەڵست و مانیعی کاری لاوەکان؛ جارێکی تر بە وەسیلەی کاربەدەستانی خۆیان تۆوی نیفاقیان لە ناوا ئەپرژێنن و بە گژ یەکیاندا ئەکەن تا یەکتر بکوژن. ئاخر تا کەنگێ وا بێ موبالاتی دەبی، بۆچی مەگەر تۆ گوێت لە ئاه و ئاهوناڵەی دایکی نیشتمان نییە وا بەدەست بێگانەوە ئەگری و ئەناڵێنێ. ڕاپەڕە و بگەرە فریای دایکی نیشتمان کە لە تۆ زیاتر کەسی نییە بگاتە هاواری.

**نیشتمان ٧ - ٨ - ٩ ساڵی یێکەم خاکەلێوە،بانەمەڕ - جۆزەردانی ١٣٢٣ [ی هەتاوی]**

## قەومی کورد لایقی ژیانە

**آ.ل.ب ؛ م. آریا ٣٦**

بێ گومان بوونی نەتەوەی کورد لە چەرخی بیستەما بۆ جەختی (ئیسباتی) نەمری ئەم ڕۆڵە ئازا و زرینگەی ڕەگەزی "ئاری" دەلیلێکی گەورە و بەهێزە و هەر وەها پیشان دەدا لەوەو دواش کورد بۆ ژیانی لیاقەتی هەیە.

زۆر میللەتی هێزدار و گەلێک حکوومەتی زلی وا بوون کە بۆ مانەوە و نەمردنی خۆیان ئەوەندە تێکۆشاون تابەجارێک لە ناو چوون و پووچ بوونەتەوە یا تێکەڵ بە نەتەوەیەکی لە خۆیان جیاواز بوون؛ بەڵام کورد دەگەڵ ئەو هەموو مەوانیع و بەرهەڵستانەش کە دوژمنانی بۆیان حازر کردووە بە هۆی زانایان و بلیمەتەکانی خۆی بەرانبەر سووڕانی چەرخی زەمان شێرانە ڕاوەستاوە و لافاوی ڕۆژگار نەیتوانیوە لە ناوی ببات.

هەر لاپەڕێکی لە دیرۆکدا هەڵی بدەیتەوە بە زمانی بێدەنگی بۆت دەگێڕێتەوە کە لە قروونی پێشوو دا کورد چەند حکوومەتی گەورەیان بنیاد ناوە و لەم دوایانەش دا کە کورد دە ژێر بەیداغی عوسمانی دا ژیاون وەنەبێ بە زۆری شمشیر ملیان بۆ ئەو دەوڵەتە کەچ کردبێ، بەڵکوو حکوومەتی عوسمانی کە ئەو دەمی بە ناوی (خەلافەتی ئیسلام ) ەوە ئیدارە دەکرا ئەوانی بانگ کردە ژێر بەیداغی ئیسلام ؛ کوردی بەستەزمانیش کە دڵێکی سادە و پاک و خاوێنی هەیە، هەموو کەس وەکوو خۆی دەزانێ،بۆ پێشکەوتنی کاروباری ئیسلام ملی بۆ جەنابی خەلیفە کەچ کرد، ئیتر خۆ نهێنی دڵی خەڵکیش، کوردی سادە و دڵپاک بە جێی خۆی نەتەوە پێشکەوتووەکانیش زۆر کەمی تێدەگەن. کورد وای دەزانی خەڵیفە سێبەری خوایە لە سەر زەوی، هەر کەس لە فەرمانی دەرچێت خوا دەیباتە جەهەننەم! ئیدی نەیدەزانی لە دوایی دا دەستی دەکرێت بە زاخا و هەموو ڕێوشوێنێکی کوردایەتی لێ مەنع دەکرێت، کوشتوبڕێکی بێ مانەندی تێ دەخرێ و هەموو حقووقێکی لێ غەسب دەکەن.

٭ مەنافی کەریمی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری ڕوانگە (ژمارەی: ١١، ئۆکتۆبری ٢٠٠٢) دەڵێ بە ڕێگەی عەبدولرەحمانی زەبیحی ڕا بووتە ئەندامی کۆمەڵە و ناوی نهێنی ( م.ئاریا و ژمارەی ٢١) بووە. کەچی لەو دوو وتارەی لە "نیشتمان" دا چاپ بوون جارێک نووسراوە (م.آریا ٢٧) و جارێک (م.آریا ٢٦). بێشک ئەوانە هەڵەی چاپین، چونکوو ئینسان نێوی خۆی لە هەموو کەسی دیکە باشتر دەزانێ.

لێکۆلەرەوەی کورد سەید محەمەدی سەمەدی لە کتێبی "نگاهی بە تاریخ مهاباد" دا دەڵێ بە هاوفکری لە گەڵ

قادری مودەریسی و سەدیقی حەیدەری فاررووقی هێندێک لە نێوە نهێنییەکانی ئەندامانی کۆمەڵە و ڕەمزی دیکەی ساخ کردووەتەوە، بۆ وێنە: آ.ل.ب نیشانەی ڕەمز بووە بۆ شاری مهاباد.

٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ١٠ی ئەپریلی ٢٠٠٨

---

## ناساندنی وەزیرانی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە لایەن مەنافی کەریمی یەوە



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- سەرپۆلی ٢- محەمەدی یاهوو ٣- نەناسراوە ٣- سەرپۆلی ٢ حوسێنی زێڕینگەران [فرووهەر] ٤- سەرپۆلی ٢ مەنافی کەریمی ٥- سەرپۆلی ٢ دڵشادی ڕەسووڵی ٦- مایۆر [سەرلک] مینەی شەڕەفی.

ئەم وێنەیە لە فیلمێکی بەڵگەیی وەرگیراوە کە لە لایەن فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان ڕا ئامادە کراوە. دەو فیلمە دا کە نزیکەی ٥٢ دەقیقەیە، بۆ ماوەی ١٠ دەقیقە دیمەنی کاربەدەستان و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان گونجێندراوە. ئەو دیمەنانە ئی بۆنە و موناسەبەتی جیاوازن. بە داخەوە تائێستا تەواو بۆم ساخ نەبووتەوە کە

ئەم وێنەیە و هێندێک دیمەنی دیکەی کە دواتر لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە ئی چ بۆنەیەکن، بەڵام بێ گۆمان ئی تەئریخی بەر لە ٢٥ - ٤ - ١٣٢٥ی هەتاوی واتە ڕۆژی کووژرانی سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازدەن. چونکوو لەم بۆنەی سان وریژەیە دا جگە لە دیمەنی پێشەوا قازی محەمەد، حاجی بابەشێخی سیادەت، ژەنەراڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، دیمەنی سەرپۆلی ٢ ،محەمەدی نانەوازادەش دەبیندرێ.

ئەو پلە نیزامییانەی سەرەوەم بە پێی ئەو ئاگادارییەی ویلیام ئیگلتن نووسیوە کە دەڵێ:" ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە زۆربەیان لە کابینەی حکوومەت دا بوون، ئەگەر یوونیفۆرمی نیزامی ئامال ڕووسیان دەبەر کردبا دەرەجەی سەرپۆل ٢ییان هەبوو".

## ناساندنی وەزیرانی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە لایەن مەنافی کەریمی یەوە

مەنافی کەریمی یەکێک لە کادرە پایە بڵیندەکانی حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان لە یادداشتەکانیدا کە وەکوو پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایوون بلاو بووەتەوە: "پیشوای بیداری خاطرات سعید همایون، بە کوشش هاشم سلیمی، موسسەی چاپ و نشر آراس، اربیل ٢٠٠٤ "بە کورتی هەرکام لە وەزیرەکانی حکوومەتی جمهووری کوردستانی ناساندووە و دەنووسێ:

" شەرحەالی کورتی هەر کام لە وەزیرەکانی حکوومەتی جمهووری کوردستان و ئەو پلە و پایانەی هەیانبوو ئاوایە:

١- سەدری هەیئەت ڕەئیسە (سەرۆکوەزیر) ئاغای حاجی بابە شێخ، خەڵکی شاری بۆکان بوو، لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا تەمەنی ٦٨ ساڵ بوو. بەڕێزیان لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل بوو و لە کارو باری شەرعی دا زۆر زانا و کارامە بوو . لە هەستان و دانیشتنی گشتی دا لە گەڵ خەڵک باش دەجووڵاوە.ئەندامی ژ.ک نەبوو، لە ساڵی ١٣٢٤ لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی حیزبی دێموکرات کەوت و لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە دێی تورجان وەفاتی کرد.

٢- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری جەنگ، ئامۆزای خوادالێخۆشبوو قازی محەمەد پیاوێکی هەتا بڵێی بە خۆوە بوو. لە یەکێک لە دێیەکانی نزیک میاندواو دادەنیشت. دڵخوازانە ببوو بە ئەندامی ژ.ک. فەرماندەیی ئەرتەشی نەتەوەیی کوردستانی بە ئەستۆوە بوو.بەڕێزیان کەسێکی زۆر گەرم بوو و بوێری و ئازایی لە باوکی سەیفولقوزات شاعیری شۆڕشگێڕی کورد بۆ بە میرات بە جێ مابوو.

٣- **مەنافی کەریمی** ٢٥ ساڵان لە ئەندامانی ژ.ک، یاریدەدانی قازی محەممەدی لە کاروبارەکانی لە مەڕ کۆمیتەکانی حیزبی بە ئەستۆوە بوو.

٤- **محەممەدئەمینی موعینی وەزیری کیشوەر** نزیکییەکی زۆری لەگەڵ بازرگانانی شوورەوی لە تەوریز هەبوو و جێی باوەڕ و دڵنیایی ئەوان بوو.

٥- **سەید محەممەدی ئەیووبیانی مەرکەزی (تەها زادە) وەزیری بێهداری** لاوێکی سی ساڵە بوو و بۆ خۆی خۆی پێگەیاندبوو و لە ئەندامانی لە مێژینەی کۆمەڵەی ژ.ک بوو.

٦- **عەبدولرەحمانی ئێلخانیزادە (موهتەدی) وەزیری کاروباری دەرەوە** لە خاوەنموڵکانی بە دەستەڵاتی شاری بۆکان، خوێندنی ئایینی زۆر باشی هەبوو یەکێک لە ئەندامانی هەڵکەوتووی ژ.ک بوو، تەمەنی نزیک ٣٥ ساڵ دەبوو و لە پێناو ژ.ک دا چەرمەسەرییەکی زۆری کێشابوو.

٧- **سمایلاغای ئێلخانیزادە وەزیری ڕێ** تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو کوڕی مەحمووداغای ئێلخانیزادە، لە بنەماڵە بەدەستەڵاتەکانی شارستانی بۆکان بوو.لە ساڵی ١٩٤٤ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک.

٨- **ئەحمەدی ئیلاهی وەزیری ئابووری،** تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو، لە سەرەتای دامەزرانی ژ.ک دا بوو بە ئەندام. ناسیاوییەکی باشی هەبوو لە سەر پرسی ئابووری.

٩- **خەلیلی خوسرەوی ٣٨ ساڵان وەزیری کار** لە ئەندامانی ژ - ک بوو، لە سەرەتاوە کە تەشکیلاتی حیزب بە تەواوی نهێنی بوو زۆربەی دانیشتنەکان لە ماڵی بەڕێزیان دەکران.

١٠- **کەریمی ئەحمەدەین وەزیری پۆست و تێلێگراف،** ٤٠ ساڵان بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک

١١- **حاجی مستەفای داودی** ٥٥ ساڵان لە بنەماڵە ناسراوەکانی مهاباد بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ دا ئەندامەتی ژ - ک ی پەژراند، لە تەجارەت و سەودا و ماملە دا زۆر زانا وئاگای لە مەسەلەکانی ڕۆژانە بوو.

١٢- **مەلا حوسێنی مەجدی ٦٥ ساڵان وەزیری داد،** خوێندەوارترین و بەنێوبانگترین پیاوی ئایینی بوو و ئیعتبار و بایەخی دینی و قەزایی زۆر بەرزی هەبوو.

Serchawe سەرچاوە

١٣- مەحموودی وەلیزادە، ٢٣ ساڵان مەدرەسەی بەرزی کشتوکاڵی کەرەجی تەواو کردبوو، لە ساڵی ١٩٤٣ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک، لە کاروباری کشتوکاڵ دا خاوەن ڕا بوو.

١٤- سەدیقی حەیدەری وەزیری تەبلیغات لە دامەزرێنەرانی ژ.ک، لە کاروباری حیزبی دا زۆر چالاک بوو و لە پێناو ئازادی کوردستان دا زەحمەتی زۆری کێشا."

هەڵبەت، وەک لەو زانیارییانەی لە ژمارەکانی بەردەستی کوردستان دەردەکەوێ، میرزا مەنافی کەریمی لە سەرەتای دامەزرانی حکوومەتی کوردستاندا وەزیری فەرهەنگ نەبووە، بەڵکوو یەک لە هەڵسووڕاوە سەرەکییەکانی حیزب و تەنانەت بەر لە دەرچوونی بەیاننامەی ڕاگەیاندنی "کۆمەڵەی دێمۆکڕاتی کوردستان" یەک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بووە کە لەگەڵ قازی محەمەد چوونە باکۆ.

ژمارەی: ٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان [ شەمۆ ٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٢٧ی ئاوریلی ١٩٤٦] نامەی مودیری مەدرەسەی خوسرەوی، حەبیبی بڵاو کرووەتەوە کە دەنووسێ: "آغای مدیری محترمی روژنامەی بەرزی کوردستان استدعامان وایە ئەو چەند عرایضی خوارەوە لە روژنامەی بەرزی کوردستان چاپ بفەرمون!

ئەمن لە طرف تەواوی ماموستایانی مدرسەی خسروی لە دانانی حضرتی آغای میرزا مناف کریمی بسمت وزیری فرهنگ و آغای دلشاد رەسولی بە سمت معاون و بازرس کل وزارت فرهنگ اظهاری سوپاس و قدرزانی دەکەین و امیدمان هەیە کە لەوەی دوا فرهنگ لە ژیر توجهات شخص ریاست معظمی جمهوری کوردستان و ئەو دوو ذاتە مبارکە بە انتها درجەی ترقی خوی بگات. مدیر مدرسەی خسروی، حبیبی"


میرزا مەنافی کەریمی سەبارەت بە کاری خۆی لە وەزارەتخانەی فەرهەنگ هەرلە یاداشتی پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایوون دا دەنووسێ: " ئەو ڕۆژەی کە ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان کەوتە بەر دەست من ، هەستم کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانەی خراونە سەر ئەستۆی من لە داهاتوو دا لە گەڵ کێشەی زۆر قورس و دژوار بەرەوڕوو دەبم. لە خەرمانانی ١٣٢٠وە تا ساڵی ١٣٢٤ تەقریبەن هەموو فێرگەکان داخراو یان نیوە داخراو بوون و وەزعی خانووی ئەوان و دەرس دادانی ساوایان لە هەموو ڕوویەکەوە نارێک و پێک و شپرزە بوو و بۆ گوتنەوەی زمانی کوردی نە کتێبێک هەبوو و نە مامۆستا، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ کردنەوەی فێرگەکان لە هەموو لایەکەوە گوشار دەهات، چ چارەیەک جگە لەوە نەبوو لە کوردستانی عێراقەوە کتێبی کوردی بهێندرێ، بەو بڕیارانەی وا لە لایەن هەیئەتی فەرهەنگی ڕا درا لە ماوەیەکی کەم دا ئەو کتێبانەی پێویست بوون گەیشتنێ و دوای گۆڕانی پێویست لە چاپخانەی مهاباد ئامادە کران و کتێبە تازەکان لە فێرگەکان و کتێبخانە گشتییەکانی

شاری دا بڵاو کرانەوە، هاوکات لە گەڵ کرانەوەی فێرگەکان چەند نەفەر لە ئامۆژگارانی عێراقی بە دلخوازی خۆیان بە مەبەستی دەرس دادانی زمانی کوردی بە ناوەکانی عوسمان دانیش، محەممەد وردی، عەبدولقادر ئەحمەد، جەمیل بەهایەدین هاتنە مهابادێ. خوێندکاران بە شەوق و زەوقێکی زۆرەوە کە چاوەڕوان نەدەکرا هاتنە پۆلەکانی دەرس، و بەو مرخە زۆرەی کە هەیانبوو لە ماوەی کەمتر لە مانگێک دا ئەلفوپێتکەی کوردی و تا ڕادەیەکیش خوێندن و نووسین فێر بوون و بەو پێیە ئەو گیروگرفتەی وا لە سەرەتاوە وا دادەندرا جێبەجێکردنی محاڵ بێ بە هاسانی بەرتەڕەف بوو.

چوار مانگ لە حکوومەتی کوردستان تێپەڕیبوو و لەو ماوەیەدا کەموکورتی و کێشەی کاروباری پەروەردە تا ڕادەیەک بەلادا خرا، بەڵام ئیدارە کردنی مەدرەسەکان لە گەڵ ئەو هەموو حەولەش کە درابوو پێداویستی بە جیدییەتێکی زیاتر بوو، بۆ پێشگرتن لەوەی کە کارەکان نەکەونەوە سەریەک و کاری فەرهەنگی چەتی تێنەکەوێ ئاغای برایمی نادری م کردە جێگری [وەزارەت] ی فەرهەنگی کوردستان ناوبراو یەکێک لە لاوانی خوێندەواری کرماشانی و لیسانسی ئەدەبییات بوو، بەڕێزی لاوێکی زۆر هەڵسووڕاو و لە جێبەجێکردنی کارەکان دا جیدی بوو، شەو و ڕۆژ بۆ دەمێکیش چییە لە پێڕاگەیشتن بە پێداویستییەکانی فێرگەکان تەنەخی نە دەکرد و ئەرکەکانی خۆی بە باشترین شیوە پێک دەهێنا و من بە فکری ئاسوودەوە بە کارەکانی دیکەی حیزبییەوە خەریک بووم."

٢١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٨

## زانیاریی زیاتر سەبارەت بە وێنەی خوێندکارانی کورد لە باکۆ



دوای بڵاوکردنەوەی ئەم وێنەیەی سەرەوە کە بە سپاسەوە لە کتێبی "نگاهی به تاریخ مهاباد"ی سەید محەمەدی سەمەدی وەرگیراوە بە ڕووتێکردن لە کتێبی "خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو" واتە دوکتور قادری مەحموود زادە کە بۆ خۆی یەک لە خوێندکارەکان بووە، هەم لە سەر خوێندکارانی کورد لە مەدرەسەی نیزامیی باکۆ و هەم ئەم وێنە تایبەتییە زانیاری زیاترمان دەست کەوت: ئەو ، لەگەڵ شتی دیکە دا دەنووسی:".... ئەمن لە ئەزموونی سێ مانگەی یەکەم دا بووم بە شاگردی مومتاز . دە نێو خوێندکارە کوردەکاندا چوار کەسمان بووین بە شاگردی مومتاز. دوو کەسمان، من و عەلی گەلاوێژ لە گوردانی تۆپخانە، مەجیدی وەلیزادە لە گوردانی موسەلسەل و سەید عەزیزی شەمزینی کە دەرەجەی سەروانی هەبووبە یەکەوە لە گەڵ چەند خوێندکاری مومتازی ئازەربایجانی وێنەی یادگاریمان گرت ...."

* بۆزانینی ڕیزی دانیشتنی کەسەکان دەکرێ تەمەشای ژێرنووسی پێشووی ئەم وێنەیە بکەن.

۲۰ی خاکەلێوەی ۱۳۸۷ = ۸ی ئەپریلی ۲۰۰۸

---

## دایکی نیشتمان بەهار و هاوینی ۱۳۲٤ی هەتاوی.ڕێوایەتی مەنافی کەریمی



## وێنەی عەبدوڵای برایم شەمزینی ئاکتۆری سەرەکی دایکی نیشتمان

### شانۆی دایکی نیشتمان

### بە ڕیوایەتی مەنافی کەریمی

هاوینی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٩٤٥ی زایینی

هێشتا نازانم نووسەری شانۆی دایکی نیشتمان چ کەسێک یان کەسانێک بوون. ئەو شتەی لەو و لەمم بیستووە ئەوەیە هێندێک لە جەوانانی مهابادی لە دوای ڕووخان و تێک تەپینی حکوومەتی ڕەزا خان لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی [ ئووتی ساڵی ١٩٤١ی زایینی] بە هەبوونی ئازادییەکی ڕێژەیی، جارو بار لە دەوری یەکتری کۆ دەبوونەوە و بە زمانی کوردی ڕاهێنانیان لە سەر شانۆی دایکی نیشتمان دەکرد و بەڕێوەیان دەبرد.

دایکی نیشتمان بە شێوەیەکی دڵتاوێن لە کاتێک دا دەست و پل و لاقی لە کۆت و زنجیر دابوو و نوشتابووەوەو هەڵدەرزی و تاقەتی ڕۆیشتنی نەبوو دەهاتە سەر شانۆ و بینەران بە دیتنی ئەو وەزعە دڵتاوێنەی دایکی نیشتمان خەم و پەژارەیەکی زۆر دایدەگرتن و بە تایبەتی بە بیستنی هاواری دڵتەزێنی منداڵەکانی، فرمێسک دەچاویان دەتزا و دیتنی ئەو شانۆ پەژارەنگێزە شوێنێکی قووڵی دەکردە سەر هەست و نەستی بینەران. ئەسڵی شانۆکە لە ٥ بەیت شێعری شاعیری بە نێوبانگی کورد عەبدولرەحمانی شەرەفکەندی (هەژار) ئیلهامی وەرگرتبوو:

### جووجەڵەی نیشتمان *

ڕاوکەری بەدخوو، خوێن ڕێژی خوێن خۆر
ئەتۆ بی و خودا، بەسیە زوڵم وزۆر

ئەمجارش بم دە مۆڵەت و مەودا
ڕۆڵەی شیرینم لە شیرین خەودا

لە ژێر باڵم دا، ڕای مەپەڕێنە
هێلانەکەمان لێ مەڕووخێنە

لە خوێنی خۆم دڵ، ئەندێشێ ناکا
بەڵام دەترسم تیرت خەتا کا

نەدرێ لە من، وەڕۆڵەم کەوێ
جەرگەکەم ببڕێ لە شیرین خەوێ

دندووکی شووشی، شووشەی گیانمە
خەت و خاڵەکەی، خەتی گیانمە

تۆ باخەبەر نی لە ئێش و دەردم
دڵ دەبرژێنێ هەناسەی سەردم

لە دایکت پرسە، پێت دەڵێ حاڵم
ئینجا تام دەکەی ژیانی تاڵم

پێم خۆشە بمرم نەک جووجەڵەکەم
بڕەنجێ و بپسێ بەندی دڵەکەم

سەرچاوە Serchawe

هەزار جووجەڵەی نیشتمان ئەتۆی          وەهای خۆش دەوێی بەوەفابی بۆی

شاعیر ئاوا دەگێڕێتەوە کە مەلێک لە نێو لک و پۆپی دارێک دا هێلانەیەک بۆ خۆی و جووجەڵەکانی پێکەوە دەنێ تـا لـەو هێلانەیـە دا بـە خـەیاڵی ئاسـوودە منداڵـەکانی بـەخێو کـا. جووجەڵـەکانی وردە وردە بازەڵـە دەبـن و وەجموجووڵ دەکەون و دایکیان بە ڕەنج و کوێرەوەرییەکی زۆر دان و ئاوی ڕۆژانەیان بۆ پەیدا دەکا و ئاگای لێیـان دەبێ.

لە پڕ لە دوورەوە سێ ڕاوکەری لێ پەیدا دەبن هەر یەکەی لە لایەکەوە بەرەو هێلانەکەی دێن. دایک هەست دەکا ڕاوکەرەکان زۆر بێ بەزە و دڵرەقن، و ببێ و نەبێ دەیانەوێ ڕاویان کەن. ڕاوکەرەکان بە چاوی قوشقی تەماشـای ئەملاولای خۆیـان دەکەن تـا دەگەنـە بـن ئـەو دارەی مەلەکە و جووجەڵـەکانی هێلانـەیان لـێ دانـاوە. دایکەکە زۆر پەشێوە و لەسوێی منداڵەکانی نازانێ چ بکا. یەکێک لە ڕاوکەرەکان خەریکە سێرەیان لێ بگرێ. دایک بـە هـات و هاوار و پرمەی گریانەوە بە سەر ڕاوکەرەکە دا دەقیژێنێ: ئەی ڕاوکـەری خـوێن خـۆر دەزانم بـە تـەمای ڕاوی ئێمـە هاتووی. ئێمە بۆخۆمان لە سووچێکی ئەم لێرەوارە هێلانەیەکەمان پێکەوە ناوە لێمان مەڕووخێنە، لـە ژێـر بـاڵم دا جووجەڵە نازدارەکانم نوستوون، لـە خـەویان ڕامەپەڕێنـە. ئێمـە ئـەم هێلانـە پچکۆلانەیـەمان بـەخوێنی دڵ دروست کردووە لێمان تێک مەدە.دندووکی شووشی جووجەڵەکانم شووشەی گیانمـە، خـەت و خـاڵی پـەڕ و بـاڵیـان نیشـانەی گیانمە. ئەمن لە مەرگی خۆم ناترسێم، بەڵام ترسم لەوەیە ئەو تیرەی تێن هەڵدەکەی سەر بکا و وەبەر ڕۆلەکانم کەوێ، لە شیرن خەو ڕایان پەڕێنێ و بەندی جەرگ و دڵم بپسێنێ.

ئەوکەسەی دەوری دایکی نیشتمان ی دەگێڕا عەبدوڵای نەهری بوو کە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کۆچی دوایـی کـرد. ئـەو لـە جلوبـەرگی دایـک دا بـە دەنگی خـۆش و دڵنشینی خـۆی بـە ئاهـەنگێکی خەفـەتاوی ڕووەو ڕاوکـەرەکان ئـەو شێعرانەی سەرەوەی دەخوێندەوە و دەگریا. عوبەیدیلای ئەیووبیان و سیرووسی حەبیبی دەوری منداڵـەکانیان دەگێڕا و ئـەو دەمی هـەر دووکیـان مێردمنـداڵ و لـە تەمـەنی ١٣- ١٤ سـاڵی دابـوون. سیرووسـی حـەبیبی لاوێکـی وێچـوو و بەوەج بوو و دەنگی زۆر خۆش بوو و کاری لە سەر دڵی بیستەر دەکرد. ئـەو کراسێکی سپی دەبـەر دابـوو و چووبـوو دەقالبی پەپوولەیەکەوە، دەستە بارێک و شووشەکانی ڕووەو ئاسمان هەڵدەهێنا و یەک لە شێعرە بە نێوبانگەکانی حاجی قادری کۆیی دەخوێندەوە کە لە پەسنی خودا دایە.

ئەی بێ نەزیر و هاوتـا، هەر تۆی کە بەرقەراری     بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری

بـە زمـانی منداڵانـە لـە کاتێکدا کـوڵی گریـانی لـە ئـەوکی دا بـوو لـە خـودا دەپـاڕاوە دایکی بپـارێزێ و لـە چنـگ ڕاوکەرانی ڕزگار کا. نـاڵە و نزای منداڵانەی ئەوەندە دڵتاوێن بوو  دڵی هەموو بیستەرێکی دەخستە ئۆف و ژانەوە.

لەوحاڵە دا بینەران بۆ ئەوەی بتوانن پێشی خۆیان بگرن زۆڕ زۆڕ دەگریان. شانۆیەکە لە حەوشەی ماڵێک پێشکێش دەکرا بۆ ئەوەی دەرو دراوسێش لێی بێ بەش نەبن. ئەو ژن و کچانەی شانۆکەیان لە پشت پەنجەران، لە سەر دیواران و لە سەر سەربانانەوە دەدی، نەیان دەتوانی پێشی گریانی خۆیان بگرن و گۆڕ گوڕ فرمێسک لە چاویان دەهاتە خوارێ وهیچ بینەرێک نەبوو ئەو شانۆیە کاری لە سەر نەکا و بە دیتنی غەم داینەگرێ.لە شانۆکە دا، دواجارمنداڵان بن پیلی دایکیان دەگرن و هەلیدەستێنێن و ماچی دەکەن و دڵی دەدەنەوە تا ئەوەی کە لە سایەی پێکێشی و ورەی ئەواندا، دایکی نیشتمان لە مردن و یەخسیری ولە چنگ ڕاوکەرەکان ڕزگاری دەبێ. ئەوشانۆیە لە شارەکانی مهاباد، نەغەدە، شنۆ و بۆکان پێشان درا و خەڵک بە گەرمی پێشوازییان لێکرد."

سەرچاوە: "پیشوای بیداری، خاطرات سعید همایون، به کوشش هاشم سلیمی، موئسسه چاپ و نشر آراس،

هولر، ٢٠٠٤. ل ٣٨ ، ٣٩

* بە داخەوە ئەم شێعرەی هەژار لەو کتێبەی سەرەوە دا بە کەمو کوڕی و ئاڵوگۆڕەوە چاپ کراوە، بۆیە شێعرەکەمان لە ڕووی نوسخەی چاپکراوی کە لە ژمارەی ٥ی نیشتمان ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاوی، لاپەڕە ٢٠ دا بڵاو کراوەتەوە.

**نووسییەوە:**

سەید محەمەدی سەمەدی لە کتێبەکەیدا "نگاهی به تاریخ مهاباد" وێنەیەکی عەبدوڵای نەهری چاپ کردووە کە لە شانۆی دایکی نیشتمان دا دەوری دایکی گێڕاوە و دەنووسێ:

"بیربی زیندوو بێ "عەبدوڵای نەهری" ناسراو بە" عەبدوڵای برایم شەمزین" لە ئۆپێرای دایکی نیشتمان دا دەوری سەرەکی هەبوو. ئەو شانۆیە لە مانگی مارسی ١٩٤٥ [خاکە لێوەی ١٣٢٤] لە سابلاغێ پێشکێش کرا. دەنگخۆشی عەبدوڵای نەهری لە هەموو کوێیەک دەنگی دابووەوە.لە پاییزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دا کۆچی دوایی کرد.ڕوحی شاد بێ. سەید محەمەدی سەمەدی لە وتو وێژێکدا دەڵێ عەبدوڵای نەهری هەتا مردنیشی خەڵک هەر بە "دایکی نیشتمان" نێویان هەلداوە.

هونەرمەندی شانۆ برایمی فەرشی سەبارەت بە دایکی نیشتمان ڕیوایەتێکی دیکەی درێژتری لە سەر بنەمای وتووێژ لە گەڵ غەنی بلووریان نووسیوە، دەکرێ لێرە بیخوێنینەوە.

http://www.rojhalat.de/laparakan/nuseran/Braym/dayki%20nishtman.pdf

تێبینی: وێنەی سەرەوە بە سپاسەوە لە کتێبی " نگاهی به تاریخ مهاباد" سید محمد صمدی" وەرگیراوە.

١٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٦ی ئەپریلی ٢٠٠٨

## دوو بەڵگە سەبارەت بە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ٣ی خەزڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی



ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە: ٣٠٢، شەمۆ ٦ی خەزەڵوەری ١٣٢٩ = ٢٩ ی ئۆکتۆبری ١٩٤٩

ئۆرگانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان (لە لایەن دەستەی نووسەران دەردەچێت)

تێوەرسووڕانی پێنجەمین وەرزی هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

پێنج وەرز لەمەوبەر دە بەرواری ٢ی مانگی خەزەڵوەر دا هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە باژێڕی مهاباد بە ئیشتراکی ٢٧٠ - نەفەر نوێنەرانی تەواوی چینەکانی کوردستانی مەزن ساز بوو. ئەو کۆنگرەیە دە مێژووی بەربەرەکانی نەتەوەی کورد دا خاوەنی کەلکێکی زۆر گەورەیە و بۆ کەرەتی هەوەڵ یێکەتی ئیرادە و ئاوات و ئامانجی چینەکانی کوردستانی بە ئیسبات گەیاند. ئەو کۆنگرەیە، درۆ، تەبلیغات و بوختانی چەندین وەرزەی داگیرکەرانی ئێران و عێراق و تورکییەی سوور کردەوە. وەکی مەعلوومە دوژمنانی نەتەوەی ئێمە دایما داوایان دەکرد کە گۆیا یێکەتی ئیرادە و ئامانج دە نێو نەتەوەی کورد دا دە گۆڕێ دا نییە. فاشیستەکانی تورکییە داوایان دەکرد کە "مەبەستی کوردایەتی" لەتورکییە دا نەماوە. دەم و دەزگای ڕەزا خان بەخۆی دەفشی کە دە نێوان عەشیرەتەکانی کوردستان دا نێوان ناخۆشی و دوژمنایەتی پێک هێناوە و هەتا هەتایە لە نێوان هەڵ ناگیرێت.

بەلام هاتنی نوێنەرانی تەواوی کوردستانی مەزن و عەشیرەتەکان بۆ کۆنگرە ئیزهاراتی ئەوان دە کۆنگرەی ناوبراو دا دیوی ئاوەژووی دوژمنانی نەتەوەی کوردی وەدەرخست.

ئەو نوێنەرانەی کە بۆ کۆنگرە هەڵبژێردرابوون، لە دەردی نەتەوەی کورد و لە زوڵم و زۆری داگیرکەران نیسبەت بە کوردان بە چاکی ئاگادار بوون و بۆخۆیان دە نێو ئاگری زوڵمی داگیرکەران دا دەسووتان. دەگەڵ ئەوەی کە داگیرکەران بۆ پێشگیری کردن لە هات و چۆی کوردان سنووره داتاشراوەکانیان قایم کردبوو، دەگەڵ ئەوەی کە تێرۆر و تەبعید و تالان کردن لە سەر سنووره داتاشراوەکان حوکماتی دەکرد، بەلام دیسانەکەش ئیرادەی یێکەتی خوازی کوردانیان پێ بێ هێز نەکرا و لە کوردستانی داگیرکراوی سوورییە و عێراق و تورکییە ڕا چەند نوێنەرێک بۆ ئیشتراک کردن دە کۆنگرە دا هاتنە مهابادێ. نوێنەری کوردستانی داگیرکراوی عێراق دە کۆنگرە دا ڕایگەیاند کە "دەبێ تەواوی کوردستان یێک کەوێت و مەرامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕزگار کردنی تەواوی کوردستانی داگیر کراوە".

نوێنەری کوردەکانی سوورییە کوتی کە: "ئێمە بە تەواوی هێزی خۆمان حازرین کە بە گوێرەی مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان تێ بکۆشین و ئەمن سلاوی گەرم و گوڕی دانیشتووانی کوردستانی سووەییە و لوبنان بە خەڵکی قارەمانی مهاباد و بە نوێنەرانی کۆنگرە ڕادەگەیێنم."

دە کۆنگرە دا لە مەڕ زوڵم و زۆری داگیرکەرەکان، لەمەڕ سیاسەتی شۆڤێنیستی ئەوان نیسبەت بە زمان و ڕێوشوێنی کوردەواری و لەمەڕ دامەزراندنی لکەکانی حیزب سکالاییێکی زۆر بە عەمەل هات. پێشەوای شەهیدی نەتەوەی کورد قازی محەمەد دەو کۆنگرەیە دا نوتقی کرد و لە پاش بەخێرهێنانی نوێنەران و دوان لەمەڕ ئەو مەبەستانەی ژووروو ڕایگەیاند کە : دوژمنان بە خیاڵی خۆیان بۆ بەدنێوکردنی ئێمە نێوی کۆمۆنیستمان لەسەر دادەنێن، بەلام زۆر

تەئەسوف کە ئێمە هێشتا نەمان توانیوە ببینە کۆمۆنیست. مەبەستێک کە زۆر ئاشکرایە و پێداویستی لێدوان نییە، عیبارەت لەوەیە کە دەوڵەتی شوورەوی و ژەنەرالیسموس ستالین پێشەوای ڕاستە قانی نەتەوەی کوردە و نەتەوەی کورد بە تەنیا دە نەتیجەی سیاسەت و یارمەتی و هاوکاری ویدا ڕزگار دەبێت.

دە هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا ڕێزە قەرارێک قبووڵ کرا کە یێکێک لەوان لە مەڕ قایم کردنی دۆستایەتی و یێکەتی خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان بوو. هەر وەها کۆنگرە لە پاش تەواو کردنی کاروباری خۆی ئاگادارییێکی بلاو کردەوە کە: "... هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە پاش چەند ڕۆژ سکالا بە ئیشتراکی نوێنەرانی تەواوی نەتەوەی کورد ئەو نەتیجەیەی وەدەست هێنا کە دەبێ کوردستان ڕزگار و سەربەست و یێک بێت... مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ بەربەرەکانی ڕزگاری نەتەوەی کورد هەڵکەوتووترین چەکێکی بە برشتە و دەبێ کۆمەلانی خەڵک لە دەورەی ئەو حیزبە وەخڕ بن..."

نیهایەت کۆنگرە بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد و پێی ئەسپارد کە لەوڕۆ را بە گوێری مەرام و نیزامی تەسویب کراوی کۆنگرە دەست بە کار بکات. بەو جورەی کاروباری هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دوایی هات. ئەو کۆنگرەیە دە مێژووی بەربەرەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا بە کۆنگرەی پێک هێنانی یێکەتی نەتەوەی کورد دەئەژمێردرێت. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە گوێرەی ئەسپاردەکانی کۆنگرە دەست بە کار بوو و وەکی خەڵکی کوردستان بۆخۆیان شاهیدن، یێکەتێکی مەحکەم و قایم دەنێو عەشیرەتەکان و چینەکانی دیکەی نەتەوە دا پێک هات و داگیرکەران دەگەڵ ئەوەش کە هێرشیان هێنا و ئازادیخوازنیان دە ژێر تەعقیب و تێرۆڕ دا دانا، بەلام دیسانەکەش نەیان توانی ئەو یێکەتییەی لە نێوان هەڵگرن.

ئەو یێکەتییە کە ئەسپاردەی هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە، دە شەڕایتی بەربەرەکانی نهێنی ئەوڕۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش دا بە چاکی خۆی دەنوێنێت.

کوردستان، ژمارەی: (٦٨١) ٣ ،٤٣، شەمۆ ١ی خەزەڵوەری ١٣٣٣ = ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٥٤

ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (لە لایەن دەستەی نووسەران ڕا دەردەچێت)

### ٩ مین ساڵی هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

بە ڕاگەیشتنی ڕۆژی ٢ی مانگی خەزەڵوەر لە ڕۆژی کرانەوەی کۆنگرەی یێکەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ٩ ساڵ

ڕادەبرێت. ساڵی ١٣٢٤ دەو ڕۆژە دا لە شاری مهاباد بە ئیشتراکی نوێنەرانی تەواوی تەشکیلاتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەروەها بەحزووری گەلێک لە پیاوی بە دیمەن و پێشکەوتووی وەڵاتی ئێمە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یێکەمین کۆنگرەی خۆی ساز کرد.ئەو بەسەرهاتە لە مێژووی نەتەوەی کورد دا بەسەرهاتێکی زۆر گەورە بوو.

ئەهەمییەتی سازبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یێکەمین کۆنگرەی وی بەر لە هەموو شتێک لەوە دایە کە، ئەو دەمی هێزی دێموکڕاسی بە سەر فاشیزم دا سەرکەوتوو ببوو،وەکوو تەواوی نەتەوەکان نەتەوەی کوردیش لەو هەڵکەوتوایەتییە ئیستیفادەی کرد و بۆ ئەستاندنی حقووق و ڕزگاری خۆی دەستی بە کار کرد.حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەواوی هێزە پێشکەوتووەکانی لە ریزەیێکی واحید و یێککەوتوو دا بە پێچەوانەی ئیرتیجاع و ئیمپریالیزم وەخرِ هێنا.حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەڵاتی کوردستانی لە ژێر نفووزی ئیمپریالیزم دەرهێنا و تێکەڵاوی ناوچەی هێدیایەتی و دێموکڕاسی دنیای کرد. کۆنگرەی یێکەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هۆی پەسند کردنی مەرامنامە و نیزامنامەی حیزب بەشی ئەساسی ئاواتی ئەو ڕۆژەی نەتەوەی کوردی دە خۆی دا نواند. لە بەیانییەکدا کە، بەر لە ساز بوونی کۆنگرە لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕا بڵاو کراوەتەوە ڕاگەیاندرابوو کە، "ئێمە کوردان کە، لە ئێران دا دەژین چەند ساڵ و بەڵکە چەند قەرنە بۆ ئەستاندنی حەق و ئیختیاری میللی کێشەمان کردووە. لە خۆمان کردووەتە گاو گەردوون. بەدبەختانە کاربەدەستانی موستەبیدی ئێران بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون قسە حیسابییەکانی ئێمە ببیستن.حەتتا لەو حەقە کە، لە قانوونی ئەساسی دا بۆ ئەیالات و ویلایەتەکانی ئێران داندراوە نەیان هێشتووە فایدە وەربگرین و هەمیشە جوابی ئێمە گوللە و بۆمب و تۆپ و گیران و دەربەدەری و لە دار دان و یەخسیری بووە". هەر لەو بەیاننامەیەدا ڕاگەیاندرابوو کە،" هاو وەتەنانی خۆشەویست دەبێ بزانن حەق نادرێت، دەئەستێندرێت. ئێمە دەبێ بۆ ئەستاندنی حەق و ئیختیاراتی میللی جێگای خۆمان ملە بکەین؛ ئەو ملەیەش یێکەتی، پاڵ وێک دان، تەشکیلات و چوونە پێشی پێویستە". هەر لەو بەیاننامەیە دا ٨ شوعاری تایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نووسرابوو. لەو شوعارانەدا حەقی خودموختاری کوردان، حەقی خوێندن و نووسین و ئیدارە کردنی کاری وەڵات بە زمانی کوردی، دامەزراندنی ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان و دیاری کرانی مەئموورین لە خودی کوردان داوا کرابوو و ڕاگەیاندرابوو کە، نەتەوەی کورد دەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و ئاسۆری و ئەرمەنی و ئەوانی دیکە دەستی برایەتی داوەتە یێک و بۆ ڕزگاری تەواوی خەڵکەکانی ئێران بەربەرەکانی دەکات. لەوێدا ڕاگەیەندرابوو کە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هۆی ئیستیفادە لە سەروەتی تەبیعی کوردستان و پەرە پێدانی جووتێری و تەجارەت و مەعاریف و سحییە بۆ بەرەوژوور بردنی بارستایی ژیانی مادی و مەعنەوی نەتەوەی کورد بەربەرەکانی دەکات.

ئەو ئاگادآرییە لە لایەن ٧١ کەس ڕا ئیمزا کرا بوو کە، لەوانە ٢٤ کەسیان خاوەن ملکی چکۆڵە، ١٨ کەس وردە بورژوا، ٩ کەس ڕووناکبیر و کاربەدەستی دەوڵەتی، ١٦ کەس سەرۆک و ئەندامی عەشیرەت و ٤ کەس ڕووحانی

بوو[ن]. ئەوەش نیشانی دا کە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نەک هەر لە لایەن کۆمەڵانی مەزنی کرمانج و لادێیی ڕا، بەڵکە لە لایەن تەواوی تەبەقاتی ڕزگاریخوازی کوردستان ڕا پێشوازی لێ کرا.

مەبەستی ئەساسی ئەوی ڕۆژێ کە، عیبارەت لە بەربەرەکانی بەپێچەوانەی فاشیزم و ئیمپریالیزم بوو لە مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا زۆر بە چاکی و ڕووناکی ڕاگەیەندراوە و وەزیفەی ئەساسی ئەوی ڕۆژێی کوردان نیشان دراوە.

لە مەڕ نیوە و ناتەواوی مەرامنامەکە ئەودەمی نەدەکرا بدوێین، چونکە مەبەستی ئەساسی بە دروستی لە وێدا نیشان درابوو، بەڵام ئەورۆ، لە حاڵێک دا کە ناوچەی هێدیایەتی و دێمۆکراسی دنیا گەلێک بەرەو پێش چووە و زیدییەتی کۆمەڵایەتی لە وەڵاتی ئێمە دا گەلێک پەرەی گرتووە ناکرێت لە مەڕ گەلێک لەو نیوە و ناتەواویانە بێدەنگ دابنیشین.

ناتەواوییێکی زۆر گەورە کە، ئەورۆ لەو مەرامنامەیە دا وەبەرچاو دەکەوێت عیبارەت لەوەیە کە، لە وێدا لە مەڕ مەبەستی زەوی و بەربەرەکانی چینایەتی لە کوردستان دا چ نەکوتراوە. لە حاڵێک دا کە، بورژوازی ئێران بەلەونی لیبراڵ مەبەستی ئیسلاحاتی زەوی دەهێنێتە گۆڕێ، لە حاڵێک دا کە، حەتتا شا زەوی بەش کردن بە گەورەترین هۆی تەبلیغاتی خۆی دەزانێ، حیزبێک کە، خۆی بە نوێنەری میلیۆنەها، ئینسانی زەحمەتکێش دەزانێ، حیزبێک کە، دەیەوێت ڕێگای ڕزگاری بە خەڵک نیشان بدات، ناتوانێ ئیتر لە مەڕ مەبەستی زەوی بێدەنگ بێت. لە نێوان لابردنی فێئۆدالیزم و مەحو کردنەوەی وی و شوێنی سێرواژ یێکێک لەو ئامانجە هەرە گەورانەیە کە، ئەورۆکە دە بەرانبەر نەتەوەی کورد دا ڕاوەستاوە.

ئەورۆ لە حاڵێک دا کە، ٩ ساڵ لە هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕادەبرێت نەتەوەی کورد لە ژێر ڕەهبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا بە پێچەوانەی دەزگای مۆنارخۆ - فاشیستی شا - زاهیدی بەربەرەکانی دەکات و تێدەکۆشێت کە نیشتمانی خۆی لە ژێر چەنگوڕکی ئیمپریالیزم دەربهێنێت.

ئەورۆ شوعاری ئەساسی بەربەرەکانی بە پێچەوانەی ئیمپریالیزمە، لەو حاڵەدا بەربەرەکانی چینایەتی لە سەر ئەساسی ئەو شوعارە بەرەو پێش دەڕوات.

تێبینی: ئەم دوو نووسراوەی سەرەوە لە "ڕۆژنامەی کوردستان" وەرگیراوە. ئەو ڕۆژنامەیە لە لاپەڕەیەکدا لە گەڵ ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەساڵانی دوورو درێژ لەشاری باکۆ چاپ کراوە. لەوانەیە ئەو ڕۆژنامە یەک لاپەڕەییە تا هەزار ژمارەی لێ بڵاوبووبێتەوە. دوایین ژمارەی کە لە بەردەست ئێمە دایە ژمارە: ٨٧٧ ە کە لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٣٥ = ١٢ی سێپتامبری ١٩٥٦ دەرچووە.

وێدەچێ ئەو نووسراوانە بە قەڵەمی ڕەحیمی قازی بێ کە بۆخۆی یەکێک لە بەشدارانی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی

دێمۆکڕاتی کوردستان بووە. سپاس بۆ پرۆفێسۆر توورەجی ئەتابەکی کە نووسخەی لەبەرهەڵگیراوەی ٣٦ ژمارەی ئەو "کوردستان" ەی لە بەر دەست ناین.

۱٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٣ی ئەپریلی ٢٠٠٨

## وتەی پێشەوا قازی محەمەد سەبارەت بە چاوپێکەوتنی لە گەڵ قەواموسەلتەنە



زۆر ڕێی تێدەچێ ئەم وێنەیەی پێشەوا لەو سەفەری تاراندا بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە.

[٤ی پووشپەری ١٣٢٥ تا ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٢٥] هەڵگیرابێ.

## بەشێک لە نوتقی پێشەوا سەبارەت بە دیداری لە گەڵ قەواموسەلتەنە

"کوردستان، ژمارە: ٧٢، سێشەمۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٣٠ ژوویيەی ١٩٤٦

نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ورمێ

ڕۆژی هەینوو ٤ - ٥ - ١٣٢٥ [ ٢٦ - ٠٧ - ١٩٤٦ ] سەعاتی ١١ پێشەوای موعەزەمی کوردستان حەزرەتی قازی محەمەد لە کاتێک دا خۆی ئامادە کردبوو کە بۆ پێراگەیشتن بە هێندێ کاران بۆ لای ورمێ و مەڵبەندەکانی کوردستانی باکوور بچێت بە حوزووری ژمارەیەکی زۆر لە ئاغایانی مامەش و زەرزا و ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری نوتقێکی بە تینی ئیراد کرد.

"... بۆ خۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و ڕۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم.تا یەک ڕۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە. و، دیسان بۆ خۆتان دەزانن کە لە پێشدا ئێمە بە هیچ جورێک داوای تەجزییەی ئێرانمان نەکردووە و تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دێمۆکڕاتی بوو، بەڵام لە پێشدا کاربەدەستانی ئێران بێجگەلەوەی جوابیان نەداینەوە شۆخیشیان بە داوای ئێمە کرد و ناچار بووین حکوومەتی میللیمان دامەزراند و هێزی خۆمان لە بەرانبەر ئەوان دا تاقی کردەوە. ئەوان کە ویستیان لەمە بێنە پێش، ئێمەش لەوان چووینە پێش،ئێستاش ئەوان حازر بوون پاشەکشێ بکەن، ئێمەش ئامادە بووین بکشێینەوە. ئەوان دەگەڵمان هاتوونە باری پیاوەتی، ئێمەش گوێیان بۆ ڕادەگرین.

لە سەفەری تارانم دا دەگەڵ ئاغای قەواموسەلتەنە زۆرم گفتوگۆ کرد. ئاغای قەواموسەلتەنە نەزەرێکی موساعیدی دەگەڵ کوردان هەیە. ڕۆژێک ئاغای قەوام پێی کوتم: ئەوا ئێمەش بووینە دێمۆکڕات و حیزبی دێمۆکڕاتی ئێرانمان دامەزراندووە، وا بە باش دەزانم کە نێوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بگۆڕن و نێوی بنێن حیزبی دێمۆکڕاتی ئێران. منیش وڵامم داوە کە ئەمن بە بێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێکی ناکەم،چونکوو دێمۆکڕاتی مانای ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللەتی بێ موشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی. ئاغای قەوام ددانی بەوەدا هێنا کە کوردستان شایانی تەقدیرە و میللەتی کورد ئامادەی هەموو جورە فیداکارییە بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێمۆکڕاتی و کوتی: " نێهزەتی دێمۆکڕاتی کوردستان بە پشتیوانێکی گەورەی خۆمان دەزانین و ئومێدمان ئەوەیە کە بە هۆی ئێوەوە دێمۆکڕاتی لە تەواوی ئێران دا بڵاو بێتەوە"... وە ئەگەر لەو سەفەرەی منیش دەپرسن: بۆ خۆتان دەزانن کە ئازەربایجانی برا و پشت و پەنای ئێمەن و ئەم ڕۆژانە بیستوومە کە لە ئەترافی ورمێ هێندێ لە کوردەکان ئەسبابی زەحمەتی هێندێ لە برا ئازەربایجانییەکانیان فەڕاهەم هێناوە و نارێکییان کەوتووتە نێوان.ئەمە کارێکی پێجگار خراپە. مومکین نییە تەعەدی بە حقووقی هیچ فەردێکی ئازەربایجانی یا کورد بکرێ.بە پێی پەیمانی نێوانی کورد و ئازەربایجان خیانەت بە ئەفڕادی ئازەربایجانی خیانەت بە ئەفڕادی کوردە. جا دەچم بزانم مەبەستیان لەم جورە کارە ناحەزانە چییە و بۆچی وادەکەن؟..."

١٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢ی ئەپریلی ٢٠٠٨

## سەفەری قازی محەمەد بۆ تاران بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە، پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی، ڕیوایەتی سێیەم، سەعیدی هومایوون



"سەفەری قازی محەمەد بۆ تاران بۆ چاوپێکەوتنی قەواموسەلتەنە

ریوایەتی: سەعیدی هومایوون

پاش چەند تێکهەڵچوونی عەسکەری لە نێوان ئەڕتەشی ئێران و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە جەبهەی سەقز و وتوویژ و پێک هاتن لە نێوان قازی محەمەد و سەرلەشکر ڕەزم ئارا، تەقریبەن دۆخێکی نە شەڕ نە ئاشتی لە ناوچە دا پێک هاتبوو . قازی محەمەد و کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان لەژێر گوشاری دەوڵەتی شووڕەوی دابوون بۆ ئەوەی بەرەو ناوچەی ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی نێوەندی پێشڕەوی نەکەن، و شووڕەوییەکان بەجۆرێک دەیانەویست لە گەڵ دەوڵەتی نێوەندی ئێران پێک بێن ئەوەش لە بەر ئەو گوشارەی بوو کە لەلایەن دەوڵەتانی ئینگلیس و ئەمریکاوە دەکرا سەر شووڕەوی.و دەوڵەتی ئێرانیش بە دوای دەرفەتێک دا دەگەڕا کە بە لەبارتر بوونی بار ودۆخ مەسەلەی جێ نەهێڵانی ئێران لە لایەن شووڕەوییەوە بکێشێتە کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەو هەلومەرجە دا بوو کە بۆ دووبەرەکی و دژایەتی ساز کردن لە نێوان کوردستان و ئازەربایجان دا قازی محەمەد بانگهێشتن کرا بۆ تاران و بەڕێزیان مهابادی بەرەو تەبریز [تەورێز]بە جێهێشت. لە تەبریز دیدەنی لە

سەرچاوە Serchawe

کاربەدەستانی حکوومەتی ئازەربایجان و شوورەوییەکان کرد و وتوویژی لەگەڵ کردن. ڕۆژی ١٨ - ٤ - ١٣٢٥ی هەتاوی [٩ی ژووییەی ١٩٤٦] بە فڕۆکەیەیەکی شیرکەتی هەواپێویی شوورەوی کە نزیکەی ٣٠ سەرنشین و ڕێبواری هەبوو بەرەو تاران هەڵفرین. نووسەری ئەم (جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی: ٦٥ دا، ١٤ی پووشپەڕی ١٣٢٥ - ٥ی ژووییەی ١٩٤٦، تاریخی ئەو سەفەرەی ئاوا نووسیوە: " چوونی حەزرەتی پێشەوای کوردستان بۆ تاران ڕادیۆی تەورێز [ تەبریز] - حەزرەتی پێشەوای کوردستان جەنابی قازی محەمەد ڕۆژی ٥ - ٤ - ١٣٢٥ [٢٦ی ژوەنی ١٩٤٦] سەعات ٨ی بەیانی لە کاتێکدا کە جەنابی ئاغای محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و هەیئەتی وەزیرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و عیدەیەک لە موحتەرەمین لە حوزووری دا بوون بە فڕۆکە لە تەورێزەوە بۆ تاران چوو و ڕادیۆی تاران پەیامی دا کە سەعاتی ١٠ی بەیانی حەزرەتی پێشەوا ڕەهبەری کوردستان لە کاتێکدا کە سەرانی ئەحزابی ئازادیخوا و ژمارێکی زۆر لە ئازادیخوازان و ڕەجاڵ و موحتەرەمین پێشوازیان لێ کردبوو لە ئیستگا دابەزی و خێرا لە لایەن جەنابی ئاغای قەواموسەلتەنە سەرۆک وەزیری ئێران دەعوەت کرا و بە ئیحترامێکی زۆر وارد کرا)

## هەر لەو ژمارەیەی کوردستان دا خەبەرێکی ڕۆژنامەی ڕەهبەر ئاوا هاتووە:

"پێشەواز لە پێشەوای کوردستان، لە ڕۆژنامەی ڕەهبەر ١٠ی پووشپەڕ. ئەوڕۆ سەعات ٨.٣٠ بەیانی جەنابی ئاغای قازی محەمەد لە کاتێکدا لە لایەن لە کاتێکدا لە لایەن ئازادی خوایانەوە پێشوازی لێ کرا و هەستیان دەنواند گەیشتە تاران. ئەو ڕۆ بەیانی ژمارێکی زۆر لە دانیشتوانی پایتەخت بۆ پێشواز و هەست نواندن لە بەرامبەر ئاغای قازی محەمەد ڕەهبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە فروودگای مێهرئاباد کوببوونەوە. لە نێو ئەم خەڵکە دا ئاغای سەدری قازی نوێنەری پێشووی مەجلیسی شووڕای میللی و چەند پیاوێکی گەورە و بەناوبانگی کورد کە لە تاران نیشتەجێن دەبیندران. سەعاتی ٩.٣٠ فڕۆکەی هەڵگری ئاغای قازی محەمەد لە فروودگا نیشت .ئاغای مستەفا فەرداد لە لایەن دەوڵەتەوە ئاغای قازی محەمەدی بە خێر هێنا و پێشوازەکان نیسبەت بە ئاغای قازی محەمەد هەستی لە ئەندازە بەدەریان دەنواند و هوڕایان دەکێشا. جەنابی ئاغای قازی محەمەد تا لە تارانە میوانی دەوڵەت دەبێ و لە ویلای ژمارە ٥ی هۆتێلی دەربەند دادەنیشێ و دوێنێ قەرار وابوو لە کووهەکی کوێستانی وەزارەتی دەرەوە لە گەڵ ئاغای سەرۆک وەزیری ئێران یەکتر ببینن".

وەک دەخوێنینەوە ئەو تاریخە لەگەڵ تاریخی خەبەرەکەی دی یەک ناگرێتەوە و لەگەڵ ئەو تاریخەش کە هومایوون دەڵێ یەک ناگرێتەوە. دوکتور هاشمی شیرازی لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: "قازی محەمەد بە پێی بانگهێشتنی قەواموسولتەنە لە ڕۆژی پێنجی مانگی پووشپەڕی ١٣٢٥ هەتاوی [٢٦ی ژوەنی ١٩٤٦] هاتە تاران، لە ویلای ژمارە ٥ی ویلای هوتێلی دەربەند میوانداریيان لێ دەکرا، هەر ئێوارەی هەمان ڕۆژ چوومە دیداری" یادداشتانە لە خزمەتیان دا بووم .فڕۆکەکەی شوورەوی دوای دووسەعات هەڵفرین لە فڕۆکەخانەی مێهرئابادی تاران لە سەر زەوی

سەرچاوە
Serchawe

هەڵنیشت و هەیئەتی کورد لە لایەن نوێنەری قەواموسەلتەنە سەرۆکوەزیر و کوردەکانی دانیشتووی تاران و ژمارەیەکی زۆر لە رووناکبیران و پیاوانی سیاسیی ئێران و هۆگرانی جێبەجێ بوون و بەڵاداخرانی گیروگرفتەکانی وڵات بە شێوەیەکی شایان پێشوازییان لێکرا و بە کاروانێک لە ماشێنی ئەوانەی بە پیلەوە هاتبوون بەرەو هوتێل دەربەندی شیمران وەرێ کەوتن. لە سالۆنی هوتێل دەربەند ڕێوڕەسمی خوناساندن و دیسان بەخێرهێنانەوە لە لایەن نوێنەری قەواموسەلتەنە و ژمارەیەک لە رۆژنامە نووسان بەڕێوە چوو و دوای دووسەعات وتووێژی خۆمانە و ئاسایی لە گەڵ خەڵک و رۆژنامە نووسان، قازی محەممەد چووە ویلای ژمارە ٥ی هۆتێل دەربەند کە بۆ میوانداریێتی و حەسانەوەی ئەوان ئامادە کرابوو.

لەم سەفەرە دا، دیدارێک لە نێوان قازی محەممەد و ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا کرا. ئیحسان نووری پاشا ڕێبەری ڕاپەڕینی ئاگری بوو کە لەبەر هاوکاری رەزا خان لەگەڵ دەوڵەتی ترکیە تێک شکابوو داڵدەی هێنابوو بۆ ئێران و لە تاران دەژیا و مافی نەبوو لە تاران دەرکەوێ. قازی محەممەد لە گەڵ ئاغای دوکتور هاشمی شیرازی کە پێوەندییەکی زۆر نزیک و گەرمی لە گەڵ ئیحسان نووری پاشا هەبوو، چوونە ماڵی ئەوان و چەند سەعاتێک لە ماڵی ئیحسان نووری خەریکی وتووێژ و لێکدانەوەی کارو باری کوردستان بوون.

لە دیوی میوانان لە ماڵی ئیحسان نووری ئاڵای کوردستان بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو و هەر وەها نیشانی حیزبی خۆیبوون لە سەر مێزی کاری داندرابوو.

ئەمن ئەو رۆژە جلوبەرگی نیزامی کوردستانم دەبەر کردبوو کە ئەوەش بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی هاتبوون بە پێشوازەوە تازە بوو و ببووە جێی سرنج و پرسیاری هێندێکیان. سەدری قازی لێی پرسیم هەر بەو جلوبەرگەوە هاتووی بۆ تاران یان چاکەت و شەڵواریشت لە گەڵ خۆت هێناوە؟ لە بەر ئەوەی پێشەوا بە مەبەستی وتووێژ بۆ ئاشتی و پێک هاتن تەشریفیان هێناوە بۆ ئەو سەفەرە باشترە ئەتۆش چاکەت و شەڵوار دەبەرکەی. منیش بە قسەم کرد و دوای دامەزران لە ویلای ژمارە ٥ی هۆتێل دەربەند جلوبەرگە مەدەنییەکانم دەبەر کرد. لە ماوەی حەوتوویەک مانەوە لە تاران، قازی محەممەد دووجار لە گەڵ قەواموسەلتەنە سەرۆکوەزیر و چەندین جار لە گەڵ ئاغایانی موزەفەری فیرووز جێگری سەرۆکوزیر و سەرلەشکر رەزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەش لە کۆشکی هاوینەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە زەرگەندە دیدار و وتووێژی کرد. دووجاریش لە سەفارەتی شوورەوی لە گەڵ سادچیکۆف سەفیری دەوڵەتی شوورەوی دیدار و وتووێژی کرد. سەبارەت بە وتووێژەکان تا ئەو جێیەی کە من ئاگادار بووم پێشنیاری قەواموسەلتەنە و دەوڵەتی شا ئەوە بوو ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای ئێران، ئەستانەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و کوردستان و کرماشان بە نێویکی یەگرتوو وەک ئەستانی کوردستان وەکوو یەکەیەکی دیاریکراو بناسن و ئەستانداری ئەم ئەستانە گەورەیەش شەخسی قازی محەممەد بێ. هەڵسوکەوتی قازی محەممەد لە گەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت و وتووێژکاران لە ڕووی مەتانەت و چاکە خوازییەوە بوو و تەنانەت لە

سەرچاوە Serchawe

قسە کردن لە گەڵ ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنووسانی چاپەمەنییەکانیش کە سەبارەت بە نێوەرۆکی وتووێژەکان لە گەڵ دەوڵەت پرسیاریان لێ دەکرد لە نیازچاکی و سەرنجی باشی ئاغای قەواموسەلتەنە لە وتووێژەکاندا دەدوا و لێ ڕازیبوونی خۆی دەردەبڕی بەڵام ئەمن وام هەست دەکرد بەڕێزیان پێی وانەبوو پێشنیارەکانی حکوومەت لە ڕووی نیاز باشییەوە بێ جا بۆیە وڵامدانەوەی یەکجارەکی بەستەوە بە چوونەوەی کوردستان و ڕاوێژ لە گەڵ ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی و دەوڵەتی کوردستان. کاتی هاتنەوە بۆ تەبریز [تەورێز] و ئالو گۆڕی بیروڕا لە گەڵ کاربەدەستانی ئازەربایجان و لە قسە نهێنییەکانی سەفیری شووڕەوی و کاربەدەستە پلە بەرزەکانی ئەوان لە تەورێز وادەردەکەوت کە هەر دووک لایان لە قبووڵ کردنی ئەو پێشنیارە ناڕازی بن و بۆچوونی گشتی ئەوە بوو کە حکوومەتی نێوەندی و شەخسی قەوام و موزەفەری فیرووز لە فکری ئەوەدان دووبەرەکی و دژایەتی بخەنە نێوان دووحکوومەتی ناوچەیی ئازەربایجان و کوردستان و شووڕەوییەکانیش لە گەڵ ئەوەشدا کە پێشتر پێیان خۆش بوو لە گەڵ دەوڵەتی ئێران کێشە نەکەن و لەگەڵی پێک بێن پێیان وابوو تا کوو وەرگرتنی ئاکامێکی یەکجارەکی و لێبڕاوانە لە وتووێژەکانیاندا لە گەڵ قەوام سەبارەت بە وەرگرتنی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکوور دەبێ بە گوێرەی قسەی مۆلۆتۆف هێندێک پشیلەیان بەدەستەوە بێ بۆ دارکاری کردن و لەلایەکی دیکەوە ئازەربایجانییەکانیش نەیان دەویست کوردستان یەک لایەنە و سەربەخۆ لەوان لە گەڵ دەوڵەتی ئێران پێک بێ و کوردستان هەڵکەوت و سنووریکی دیاریی جوگرافیایی لە نێو ئێراندا پەیدا بکا و بەڵکوو دەبێ لە مەڕ مافە ڕەواکانی خۆی لە ئاستێکی زۆر کەمدا ڕازی بێ.

سەفەری قازی محەممەد بۆ تاران بە بێ وەدەستخستنی چ ئیمتیازێک کۆتایی هات . بەڕێزیان لەو سەفەرەدا چاکەت و شەڵوارێکی عابی کەمرەنگ و سادەی دەبەرکردبوو و هەڵسوکەوت و ئاکار و هەستان و دانیشتنی وەکوو هەمیشە مەعقوول و لە سەرەخۆیانە بوو. بەهەمان گەورەیی و مەتانەتی هەمیشەیی خۆی و بە ڕووی خۆش لەگەڵ ئەو کەسانەی دەهاتن بۆ دیداری دەجووڵاوە. بەڕاستیش بەردەنگی خۆی دەخستە ژێر کارتێکەری دڵپاکی ومەتانەتی خۆی. لەو هاوپرسەکیانەیدا کە لە گەڵ هەواڵنووسانی ڕۆژنامەکانی تاراندا کردی و لەوانە ڕۆژنامەی ڕەهبەر و ئێرانێ ما بە ڕستەی ڕاشکاو و کورت و بە باوەڕی بە ئازادی و دیمۆکراسی بۆ ئێران و باسی پێشینەی مێژوویی و خەباتی نەتەوەی کورد، بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەربڕینی هیوا بۆ ڕێککەوتن و پێک هاتن لە گەڵ دەوڵەتی ئێران، زاڵبوونی خۆی بە سەر بابەتی سیاسی و ئاشنایەتی لە گەڵ پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بە باشی نیشان دەدا.

وردە ڕیشاڵی دیدارەکانی قازی محەممەد لە تاران لە گەڵ سەفیری ئینگلیستان، ئارچیباڵد ڕوزڤێلت و ئیحسان نووری پاشا، لە کتێبی بیرەوەرییە سیاسییەکانی دوکتور هاشمی شێرازی دا هاتووە.

قازی محەممەد دوای یەک حەوتوو مانەوە لە تاران هەر بەو فرۆکەیەی شووڕەوی کە لە خەتی هەوایی تەبریز

[تەورێز] - تاراندا هاتووچووی دەکرد گەڕاوە تەورێز و دوو ڕۆژیش لە تەورێز مایەوە و سەبارەت بە پێشنیارەکانی قەوام لە گەڵ سەرانی حکوومەتی ئازەربایجان بیروڕای ئاڵوگۆڕ کرد و ڕۆژی ٢٧ - ٤ - ١٣٢٥ی هەتاوی [١٨ی ژوویيەی ١٩٤٦] لە نێو بە پیلەوە هاتن و پێشوازی ئەندامان و کۆمیتەی نێوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کاربەدەستانی حکوومەتی نەتەوەیی کە تا میاندواو بە پیل بەرێزیانەوە هاتبوون و هەروەها لە لایەن خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتەکان و گوندنشینەکان کە هەستی خۆیان دەردەبڕی و گوڵبارانیان دەکرد گەیشتەوە مهاباد."

سەرچاوە "پێشەوای بێداری، بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایوون، بە حەولی هاشمی سەلیمی،بڵاوکەرەوە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤. ل. ٧١، ٧٢ ، ٧٣ و ٧٤ "

تێبینی: سەعیدی هومایوون لە تاریخی چوونی قازی بۆ تاران دا هەڵەی کردووە، هەموو سەرچاوەکانی دیکە، ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامەی دنیا ژمارەی ٣٨٥، ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی، دوکتور هاشمی شیرازی ئەو تاریخەیان بە ٥ - ٤ - ١٣٢٥ی هەتاوی [٢٧ی ژوەنی ١٩٤٦] باس کردووە. بەڵام تاریخی گەڕانەوەی بۆ مهاباد ئەو جۆرەی هومایوون دەڵێ ٢٧ - ٤ - ١٣٢٥ ە، چونکوو ڕۆژنامەی کوردستان یش لە ژمارەی ٦٩ [یەکشەمۆ ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی] دا دەنووسێ: "پێشەوای مەزنی کوردستان کورد و کوردستانی بە دیداری مبارەکی شاد کرد و ژیاندەوە. حەزرەتی پێشەوا کە لە سەفەری تاران گەڕاوە چەند ڕۆژێک تەشریفی لە تەورێز ماوە و ڕۆژی ٢٦ - ٤ - ٢٥ کە خەبەری هاتنەوەی بە مهاباد گەیشت هەیئەتی کۆمیتەی مەرکەزی و سەرانی حکوومەتی میللی و سەرکردانی ئەرشەدی کوردستان و موحتەرەمین تا میاندواو و شاگردانی مەداریس و هێزی ناوەندی و نزیکەی دە هەزار نەفەر پیاو و ژن و گەورە و پچووک لە هەموو تەبەقەیەک تا یەک فەرسەخی مهاباد بە پێشوازی پێشەوای خۆشەویستی خۆیانەوە چوون و سەعات ٦ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٧ - ٤ - ٢٥ لە نێو چەپڵە ڕێزان و گوڵ باران تەشریفی گەیشتەوە مهاباد و کوردستانی بە دیداری مبارەکی شاد کرد و ژیاندەوە و لەگەڵ هەموان بە تایبەتی شاگردانی مەداریس و یەکەتی جەوانان ئەحواڵ پرسی و ئیزهاری لوتفی فەرموو". لەو سەفەرەی تاران دا بە پێچەوانەی ئەوەی هومایوون دەڵێ، دوکتور شیرازی باسی ئەوەی نەکردووە قازی محەمەد لەوێ چاوی بە ئارچیباڵد ڕوزڤێلت کەوتبێ.

١٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢ی ئەپریلی ٢٠٠٨

## سەفەری قازی محەمەد بۆتاران بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی، ڕیوایەتی دووەم، دوکتور هاشمی شیرازی



سەفەری قازی محەمەد بۆ تاران بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە

پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی ڕێوایەتی دووەم، دوکتور هاشمی شیرازی

### "دیداری قازی محەمەد لە گەڵ ئیحسان نووری پاشا"

قازی محەمەد لە سەر بانگهێشتنی قەواموسەلتەنە لە ڕۆژی پێنجەمی پووشپەڕی ١٣٢٥ = ٢٧ی ژوەنی ١٩٤٦ی زایینی] هاتە تاران. لە ویلای ژمارە پێنجی هۆتێل دەربەند میوانداری لە بەرێزیان کرا.هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە چوومە دیداری. لەوەی کە بەر لە هەموو کەسی دیکە چوومەتە دیداری زۆری پێ خۆش بوو. فەرمووی لە گەڵ ڕەئیسی دەوڵەت وتووێژمان دەبێ. بە بۆچوونی ئێوە چ جۆرە پێداویستی فەرهەنگی دەبێ پێش بخرێ و پێویستە لەگەڵی بهێندرێتە گۆڕێ؟ گوتم بەیانی بیروڕای خۆم لە سەر کاغەز دەنووسم و پێشکێشی دەکەم. پرسیارم لێکرد لەو چەند ڕۆژەی کە لە تارانن گەلۆ بە سەلاح نازانن دیدارێکتان لە گەڵ ژەنەراڵ[!]ئیحسان نووری پاشا دا هەبێ؟ پێشوازی لەو پێشنیارەی من کرد و فەرمووی هەر ئێستا بچۆ و لە گەڵ گەیاندنی سلاوی من بڵێ قازی محەمەد دەیەوێ بێتە دیدەنی ئێوە. هەستام گوتم پەیامەکە دەگەیێنم بەڵام دڵنیام ئەو [ ئیحسان نووری

سەرچاوە
Serchawe

دێتە خزمەت ئێوە. کات دیاری بفەرموون کە بیهێنمە خزمەتتان. بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە سەعات ٩ی بەیانی ڕێگەیان دا کە
ئیحسان نووری ببینن.

بۆ بەیانی سەری سەعات چووینە خزمەتیان. ئاغای مستەفای سوڵتانیان لەو وتووێژە دا بەشدار بوو. بە پێی دەستوور قاوەیان بۆ هێناین. ئەمن زووتر لەوان قاوەکەم بە گەرمی فڕ کرد. هەستم کرد قازی محەمەد لەو هەلسوکەوتە دوور لە نەزاکەتەی من زۆر نارەحەت و تووڕە بووە.هەڵبەت نەک لەبەر قاوە خواردنەوە بەڵکوو لە بەر ئەوەی نەکا ئێحسان نووری پێی وابێ خەڵکی خوێندەوار و دەوروبەری قازی محەمەد تا ئەو ڕادەیە بێ پرێستیژ و بێ ئەدەبن کە جەوانێک لە حوزووری دوو کەس لە گەورەکانی نەتەوەیی دا نەریتی گەورە و چکۆڵەیی بە جێ نەهێناوە . قاوەکەم تەواو کرد هەستام، قازی محەمەد لەو پەڕی تووڕەیی دا کە زۆری هەوڵ دەدا وەسەرە خۆی نەهێنێ بە دەنگی بەرز لێی پرسیم بۆ کوێ؟ گوتم لەبەر ئەو بێ ئەدەبییەی کە کردم و قاوەکەم بەر لە ئێوە و ئەویش بە گەرمی خواردەوە لەگەڵ ئاغای سوڵتانیان لە خزمەت مەرەخەس دەبین تا ئێوە دوو ئینسانی گەورە بە ڕاحەتی بتوانن بەیەکەوە بدوێن. ئەو قسەیەی من بووە هۆی ئارام بوونەوەی وبێ لەبەرچاوگرتنی پلەو پایەی خۆی لە خۆشیان بەرەو لای من هات تا بەڕێم بکا. ئیحسان نووری گوتی: بۆ کوێ دەچی ئەتۆ وەک ئەولادی ئێمە وای دانیشە.قازی محەمەد کە گەیشتبووە نزیک من لە بەر ئیحسان نووری دەستی لە سەر شانی دانام و لە سەر جێگای خۆم داینیشاندمەوە و بەخەیاڵی ئاسوودە و ڕووی کراوەوە لەگەڵ ئیحسان نووری دەستی بە قسان کرد.ئیحسان نووری ڕووەو قازی محەمەد گوتی: دووشاری ورمێ و میاندواو شاری کورد نشین بوون و تا سەردەمێکی نەهێندە دوور جگە لە کورد و ژمارەیەکی کەمی هەرمەنی نەبێ کەسی دیکەیان تێدا نەژیاوە.

پاشان گوتی لەجەنابی قازی تکا دەکەم کارێکی ئەوتۆ بکەن بەر لەوەی هەموو کارەکانی دروست بوونی خانووبەرەکەمان تەواو ببێ گەلی کورد لەسەر ڕەنگی دیواری ژوورەکان دەگیانی یەکدی ڕۆ نەبێن.

و لێ زیاد کرد: بە بۆچوونی من ئەگەر لە بەڕێوە بردنی کاروباری کوردستان دا لە تاکوتەرای لێوەشاوەی شارەکانی سنە، کرماشان، سەقز، پاوە، بۆکان ، قەسری شیرن، مەریوان، سەردەشت و بانە کەلک وەربگیرێ فایدەیەکی زۆری دەبێ چونکوو کوردستان تەنێ هەر مهاباد نییە.

نزیک نیوەڕۆ ماڵاواییمان کرد و جەنابی قازی مان بە تەنێ لە هۆتێل بە جێ هێشت. لە کاتی ڕۆیشتندا ئەوەی پێشتر داوای لێکردبووم و پێشتریش ئیحسان نووریم لێ ئاگادار کردبوو لە نێو زەرفێک دا پێشکێش کرد.

## داوخوازەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- زمانی کوردی لە شەش ساڵی سەرەتای خوێندن لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان بکوترێتەوە.
٢- مهاباد کە لەڕابردوو دا نێوەندی والی نشین بووە وەکوو سنە دیسان ببێتەوە بە نێوەندی ئەستانی موکریان، ئەو بەش و شارستانانەی لێی جودا کراونەتەوە دیسان بخرێنەوە سەر ئەوێ.
٣- ئەستاندار، سەرۆکی داییرەکان و کاربەدەستانی دەوڵەت خەڵکی خۆجێیی و هەموویان لە کوردان بن.
٤- لە هەموو شارە گەورە کوردنشینەکان زانکۆ دابمەزرێ.
٥- فێرگەی پیشەیی، دانیشسەرای سەرەتایی و بەرز بۆ پەروەردە کردنی مامۆستای خوێندەواری خۆجێیی دابمەزرێندرێ.
٦- ڕیگەی ئاسنی سەرتاسەری بگاتە شارە گەورەکانی کوردستان.
٧- نەخۆشخانەی گەورە و تەیار و چەندین دەرمانگە دروست بکرێن.
٨- پێوەندی پۆست و تێلگراف و تەلەفۆن لە هەموو کوردستان دا پەرە پێبدرێ.
٩- لە شارە گەورە کورد نشینەکان فرگە دروست بکرێ.
١٠- هەموو ڕێگەکان کە لە ناوچە دا شوێنان بە یەک دەبەستنەوە چاک بکرێنەوە و قیلەتاو بکرێن.

## دیداری قازی محەمەد لە گەڵ سەفیری ئینگلیستان

لەو کاتەی دا کە قازی محەمەد بە پێی بانگهێشتنی قەواموسەلتەنە لە تاران بوو، سالار سەعیدی سەنەندەجی نوێنەری خەڵکی شاری سنە لە مەجلیسی شووڕای میللی بە عەبدوڵای ئێلخانیزادە دەڵێ:

سەفیری ئینگلیستان دەیەوێ چاوی بە قازی محەمەد بکەوێ ئێوە ئەو دیدارە ڕێک بخەن. ئێلخانیزادە ئەو داوخوازە لەگەڵ قازی محەمەد دەهێنێتە گۆڕێ و ئامادەی دەکا بچێ بۆ دیداری سەفیر بەوشەرەتەی عەوڵا ئاغا بۆ خۆشی لە گەڵی بچێ.

ئەو دیدارە لە سەفارەتخانەی ئینگلیستان بەڕیوە چوو. سەفیر لەوەی کە کوردەکان خۆیان ئەسپاردووتە دەست شووڕەوی و بە سازی ئەوان هەڵدەپەڕن گلەیی و گازند لە قازی محەمەد دەکا.

قازی لە وڵام دا پێی دەڵێ حەق وایە ئەمن گلەیی لە ئێوە بکەم.لە شەڕی یەکەمی نێونەتەوەیی دا دەوڵەتی ئێوە بووە هۆی ئەوە خاکی وڵاتی ئێمە لە نێوان پێنج وڵاتان دا دابەش بکرێ و لە هەر پێنج وڵاتان دا گەلی کورد

بکەوێتە بەر سووکایەتی، بێ مێهری و هەموو چەشنە زوڵم و زۆرداریيەک. ئەمڕۆ گەلی ئێمە وشیار بووەتەوە و دەزانێ چۆن مافەکانی پێشێل کراوە. نەتەوەی ئێمە بە ساڵانە گلەیی و گازندی لە دەوڵەتی ئێوە هەیە چونکوو سیاسەتی دووبەرەکی سازکردنی دەوڵەتی ئێوە کاری گەیاندووتە ئەو جێیەی کە ئەو خەڵکە غەدرلێکراو و ستەم چێژتووە بۆ وەدەست هێنانی مافە پێشێلکراوەکانی خۆی باوێتە نێو هەموو ئاو و ئاگرێکەوە و تەنانەت بە سازی دەوڵەتێک هەڵپەڕێ کە هیچ جۆرە باوەڕییەک بە بەڵێن و سۆزەکانی ناکرێ. تا کەنگێ دەتانەوێ نەتەوەیەکی ٢٠ میلیۆنی زۆرلێکراو لەو هەلومەرجە نائینسانییە دا ڕابگرن؟ ئەمڕۆ دەوڵەتی ئێوە دەبێ تۆڵەی ئەو ڕابردووە بکاتەوە و قەرەبووومان بداتەوە و بۆ ڕزگاری نەتەوەی ئێمە لەو بارودۆخە خەفەتاوییە فکرێکی جیدی بکاتەوە و بە کردەوە هەنگاو هەڵهێنێتەوە.

سەفیر گوتی ئێمە هەنووکە ئەوەی لە دەستمان بێ ئەوەیە بەڕێگەی وەزیری کاروباری دەرەوەی خۆمان داوا لە شای ئێران بکەین ڕێگە بدا خەڵکی کورد تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی بە زمانی کوردی دەرس بخوێنن و کاربەدەستانی دەوڵەتی و مەدەنی بەگشتی لە نێو کوردان خۆیان دابندرێن. قازی محەمەد پێشوازی لەو پێشنیارە کرد.

## دیداری قازی محەمەد و قەواموسەلتەنە سەرۆکوەزیری ئەو کاتی ئێران

سەبارەت بە دیداری قازی محەمەد و قەواموسەلتەنە لە بەر ئەوەی دەستم وە سەنەد و بەڵگان ڕانەدەگەیشت دەستەو داوێنی ئاغای دوکتور عاقڵی نووسەری کتێبی میرزا ئەحمەدی قەواموسولتەنە بووم. بەڕێزیان وردەڕیشاڵی ئەو چاوپێکەوتنەی لە دە لاپەڕە دا نووسی و لە بەر دەستی نام.

## ئێستا بۆ ئاگاداری خوێنەرەوان ماکی ئەو شتانەی بەڕێزیان نووسیویە لێرە دا چاپ دەکەم.

قەواموسەلتەنە ڕۆژی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ [٢٦ی ژانوییەی ١٩٤٦ی زایینی] کرا بە سەرۆکوەزیر.لە ڕۆژانی بەرایی دەست بەکار کردنی دا تووشی بە تووشی گیر و گرفتی گەورەوە ببوو.سەفەرێکی کرد بۆ شووڕەوی ڕۆژی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥پەیماننامەیەکی لە گەڵ سادچیکۆف واژۆ کرد کە نێوەرۆکە گرینگەکەی بریتی بوو لە دەرکەوتنی هێزی شووڕەوی لە ئێران و دانی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکوور بە کۆمپانییەکی تێکەڵاوی ئێران و شووڕەوی و جێ بەجێ کردنی ئاشتییانەی مەسەلەی ئازەربایجان و لەو تاریخەوە گەمە سیاسییەکانی قەوام دەستی پێکرد.

یەکێک لە ئامانجەکانی وی ئەوەبوو نەهێڵێ قازی محەمەد و ژێ.کاف لە گەڵ پیشەوەری و فیرقەی دێمۆکرات پێوەندی دۆستی و نزیکایەتی دامەزرێنن، بەو مەبەستە هێندێک ناوبەینکاری دیاریی کرد بۆ پێوەندی لە گەڵ

قازی محەمەد و فەرمانی پێویستی دابوونێ.تا ئەوەی کە بۆ خۆی بە شەخسە چاوی بە قازی محەمەد کەوت و لە ڕۆژی چوارەمی مانگی پووشپەڕی ١٣٢٥ بانگهێشتنی کرد بێتە تاران بۆ ئەوەی بیبینێ.

قازی محەمەد بە سەرۆکایەتی شاندێک ڕۆژی پێنجەمی پووشپەڕ گەیشتە تاران و ڕۆژی شەشەمی پووشپەڕ لە سەعات ٢ی دوای نیوڕۆ ئەو دیدارە لە شوێنی هاوینەی سەروکوەزیرایەتی کە پێشتر سەفارەتخانەی ئاڵمان بوو بەڕێوە چوو. ئەوەی کە لە ڕیوایەتی جێی باوەڕ بیستم لەو چاوپێکەوتنەدا کە نزیکەی سەعاتێکی خایاند لایەنی گرینگی دیدار و وتووێژەکان لە مەڕ یەک نەگرتن لە گەڵ پیشەوەری بووە و قەوام لەگەڵ قازی محەمەد پێداگری کرد  قەت نەچێتە ژێر باری ئەو یەکگرتن و هاوبەندییە و بەهەموو هێزەوە لە بەرانبەر دێمۆکڕاتەکاندا ڕاوەستێ. قەوام لە سەر ئەو باوەڕە بوو ئەگەر دێمۆکڕاتەکانی ئازەربایجان پێیان بگاتە کوردستان بێگومان کوردستانیش هەر تووشی چارەنووسی ئازەربایجان دێ.

لەو دیدارە دا قەواموسەلتەنە پێداگری کرد کە فیرقەی دێمۆکڕات چارەنووسێکی دڵتەزێنی لەپێشە و بەدڵنیاییەوە بەر لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٥ تەکلیفیان ڕوون دەبێتەوە.قەوام لەو دیدارە دا جەختی کردەوە نابێ هیچکەس لە نێوەرۆکی وتووێژەکانی لەگەڵ قازی محەمەد ئاگادا بێ. دوای تەواو بوونی ئەو دیدارە یەک سەعاتەیە قازی محەمەد لە کۆشکی سەرۆکوەزیرایەتی چاوی بە سەرتیپ سەففاری سەرۆکی شارەوانی کەوت کە لە کەسانی نزیکی قەوام بوو و داوخوازەکانی خۆی هێنایە گۆڕێ."

سەرچاوە: "خاطرات دکتر هاشم شیرازی، از فعالان سیاسی کردستان، بە کوشش هاشم سلیمی، انتشارات توکلی، ١٣٨٠" ل. ١٢٣ ، ١٢٤ ، ١٢٥ ، ١٢٦ و ١٢٧

١٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ١ی ئەپریلی ٢٠٠٨

**٣ ڕیوایەتی سەفەری پێشەوا قازی محەممەد بۆ تاران بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە. پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی, ڕیوایەتی یەکەم نامەی دونیا**



**ویلای ژمارە ٥ی هۆتێل دەربەند لە تاران،**

**لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** سەعیدی هومایوون، پێشەوا قازی محەممەد، میرزا مستەفای سوڵتانیان. قازی محەممەد لە ڕۆژی چوارشەمۆ، ٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥ [٢٧ی ژووەنی ١٩٤٦ی هەتاوی] گەیشتووەتە تاران و نزیکەی دوو حەوتوو لەوێ ماوەتەوە سەفەری قازی محەممەد بۆ تاران بۆ دیدار لە گەڵ قەواموسەلتەنە ڕیوایەتی نامەی [ڕۆژنامەی دونیا]، ژمارەی ٣٨٥ - ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٣٤ (١٨ی دیسامبری ١٩٥٥)

سەفەری قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان بۆ تاران لە ڕووداوە گرینگەکانی زەمانی حکوومەتی قەواموسەلتەنە بوو. ئێمە بۆ ئاگاداری لە هۆی ئەو سەفەرە و شێوەی هاتنی قازی بۆ تاران و ڕەوتی چاوپێکەوتن و وتووێژەکانی لە گەڵ قەواموسەلتەنە و ڕەزم ئارا پێری شەوێ لە ماڵی یەکێک لە نوێنەرانی مەجلیس کە ژمارەیەک لە نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لەوێ بوون و ئەو دەمی ئاگایان لەو دیدارانە بووە، پێوەندیمان کرد و ئەم زانیارییانەمان وەرگرت کە بەتەواوی جێی باوەڕن و بۆ یەکەمین جار چاپ و بڵاو دەکرێنەوە:

"دوای ئەوەی کە پیشەوەری و ئەندامانی میسیۆنەکەی لە تاران ڕۆیشتن قەواموسەلتەنە بیری لێکردەوە داوا لە قازی محەممەد بکا بێ بۆ تاران بۆ ئەوەی لەبیر و بۆچوونەکانی ئاگادار بێ. تازە چەند ڕۆژێک بوو سەدری قازی

برای قازی محەمەد کە نوێنەری خولی چارەدەیەمی مەجلیس بوو لە کوردستانەوە هاتبووە تاران. سەدری قازی تا دوایین دەمەکانی مەجلیسی چاردەیەم کە ڕۆژی ٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ ئەو خولە کۆتایی هات دژی بیروڕای براکەی قازی محەمەد بوو و زۆر جار ئەو بابەتەی وەبیر نوێنەرانی مەجلیس، وەزیرەکان و کاربەدەستانی ئەرتەش دەهێناوە، بەڵام لە دوای کۆتایی هاتنی خولی مەجلیس، کۆماری ئازەربایجانی شووڕەوی بانگهێشتنی کرد لە ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی ئێران و لەوانە مەلیکوشوعەرای بەهار و مەشکووتی بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێک سەردانی باکۆ بکەن و سەر لە دامەزراوە کولتوورییەکانی ئەو کۆمارە بدەن. یەک لەو کەسانەی کە بانگهێشتن کرابوو هەر هەمان سەدری قازی بوو کە دوای گەڕانەوەی لە سەفەری بادکووبە بە تەواوی بیرو ڕای خۆی گۆڕێ و هەتا دەهات زیاتر لە برایەکەی نزیک دەبووەوە.

قەواموسەلتەنە لە یەکێک لە ڕۆژەکانی جۆزەردانی ١٣٢٥ سەدری قازی بانگ کرد بۆ کۆشکی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و ڕایگەیاند خراپ نییە قازی بۆ جێبەجێ کردنی مەسەلەی کوردستان بێتە تاران و لێرە ناکۆکییەکان چارەسەر بکا.

سەدری قازی ئەو فکرەی پەسند کرد و لەوبارەیەوە تێلگرافێکی بۆ برای خۆی نارد و قازی محەمەد دوای ئامادەکردنی سەرەتاکانی کارەکە چووە تەورێز و دوای دیدار لە گەڵ پیشەوەری بە فڕۆکەی شیرکەتی ڕێبوارگوێستنەوەی شووڕەوی کە دەوان ساڵان دا لە خەتی تەبریز [تەورێز] و تاران دا هات و چووی دەکرد، نزیک سەعات دەی بەیانی ڕۆژی چوارشەمۆ پێنجەمی تیر مانگ (پووشپەڕ) گەیشتە تارانێ (٢٧ی ژووەن).

قازی محەمەد لە کاتی گەیشتنی بۆ فڕۆکەخانەی مێهراباد، هەر وەک لە وێنەی یەکەم دا دەبینن، چلوبەرگی کوردی دەبەر دانەبوو، بەڵکوو جلوبەرگی شاریی دەبەردابوو و کراواتی لێدابوو.ئەو کەسانەی هاوڕێیەتییان دەکرد بریتی بوون لە سەعیدی هومایوون ناسراو بە فەیزوڵابەگی کە پلەی ئاجودانی قازی محەمەدی هەبوو و جلوبەرگی ئەرتەشی کۆماری کوردستانی دەبەر دابوو و کەسەکەی دیکە مستەفای سوڵتانیان ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆک کۆمار بوو. ئەوانە هەردووکیان لە دوای ڕزگاری ئازەربایجان و کوردستان گیران و ماوەیەک لە بەندیخانە دا بوون و دوای لێبووردنی گشتی دەستیان کرد بە کاری ئازاد. ئەوەی یەکەمیان خاوەن موڵکە و سوڵتانیان لە مهاباد بازرگانی دەکا.

## دابەزینی قازی محەمەد لە هۆتێل دەربەند

لە فڕۆکەخانەی مێهراباد سەدری قازی پێشوازی لە براکەی خۆی کرد و بە پێی بەرنامەیەکی دیاری کراو قازی محەمەدیان برد بۆ میوانخانەی دەربەند و لەوێ دابەزی. یەکەم کەسی کە چووە دیداری قازی محەمەد، ئێلخانیزادە نوێنەری هەنووکەی مهاباد لە مەجلیس بوو کە ئەو دەمی پیشەی پێوەندیکاری نێوان قەواموسەلتەنە و ڕەزم ئارای

هەبوو. ئێلخانیزادە لە دۆستانی نزیکی قازی محەمەد بوو و بەر لە ڕووداوەکانی کوردستان هاتبووە تارانێ و پێوەندی خۆی لە گەڵ قازی محەمەد بڕیبوو.

ئێلخانیزادە لە یەکێک لە دیوەکانی نهوومی سەرەوەی هۆتێل دەربەند چاوی بە قازی محەمەد کەوت .قازی محەمەد دەیزانی ئێلخانیزادە لە گەڵ دەوڵەتی نێوەندی هاوکاری دەکا و لە بەر ئەوەی لە تافی لاوەتییەوە لەگەڵی دۆست بوو و لە ژیان دا هیچ خراپەیەکی لەوی نەدیتبوو، ئیزنی دا ئێلخانیزادە چاوی پێی بکەوێ. لەو دیدارە دا ئێلخانیزادە بێ ڕوودەربایستی بە قازی گوت هەتا زوویە بۆ ڕزگار کردنی خۆت لەو گرفتە گرینگە چاوت بە شا بکەوێ و دەستی هاوکاری بدە بە دەوڵەتی نێوەندی و ئەگەر دەترسێی لە کوردستان لە لایەن کاربەدەستانی بێگانەوە ئازارێکت پێ بگا دەتوانی جارێ لە تاران نەچییە دەرەوە یان بەپێی مەسڵەحەتی شا سەفەر بکە بۆ ئەمریکا و دوای ئەوەی کە کوردستان هاتەوە نێو ئێران بگەڕێوە مهاباد.

قازی محەمەد لە سەرەتاوە بەو قسەیە هەژا و پێی دەڵێ کاری کوردستان تەواو بووە، سەربەخۆیی وی دەستەبەر کراوە و مەبەست لە سەفەری تاران بۆ وەسەرخستنەوەی سەقزو سەردەشت و بانە بۆ سەر کۆماری کوردستانە، چما دەکرێ من دەست لە ئابڕوو و حەیسییەتی خۆم هەڵگرم و هەموو زەحمەتەکانم بە با بچێ. داوات لێدەکەم جارێکی دیکە ئەم قسەیە دووپاتە نەکەیەوە کە من ئامادە نیم بیبیستم.

ئێلخانیزادە دیسان لەسەری دەڕوا و قازی محەمەدی پێ پێمل نابێ. سەعاتێک دواتر ئێلخانیزادە بە هیوای دیداری دوویەم لە لای قازی دەڕوا و دەستبەجێ دەچێ بۆ ستادی ئەرتەش و ڕەزم ئارا لە نێوەرۆکی دیداری خۆی لە گەڵ قازی ئاگادار دەکا. ڕەزم ئارا دەستبەجێ تەلەفۆنی تایبەتی قەواموسەڵتەنە کە لە سەفارەتی کوێستانی ئاڵمان هەڵکەوتبوو دەگرێ و سەرۆکوەزیر ئاگادار دەکا ئێلخانیزادە هەڵگری زانیاری گرینگە سەبارەت بە قازی محەمەد، ڕێگە بدەن با هەر ئێستا بێ بۆ دیدەنیتان. قەوامیش دەڵێ باشە و ئێلخانیزادە بەرەو پردی ڕوومی وەڕێ دەکەوێ. ڕەزم ئارا لەبەر ئەوە کاتی چاوپێکەوتنی لە قەواموسەڵتەنە وەرگرتبوو چونکوو دەیزانی تا چەند سەعاتی دیکە بە پێی بڕیاری پێشوو قازی محەمەد لەگەڵ برایەکەی سەدری قازی دەچێ بۆ دیداری قەواموسەڵتەنە.

### قەواموسەڵتەنە پرسیاری کرد گەلۆ ڕاستەو ڕاست پێوەندییان لە گەڵ ڕووسەکان هەیە؟

ئێلخانیزادە چووە کۆشکی سەرۆکوەزیری، لە دیوی چاوەڕوانکردن سپەهبود ئەحمەدی وەزیری شەڕ و دوکتور ئیقباڵی دی کە چاوەڕێی دیداری قەواموسەڵتەنە بوون. سپەهبود ئەحمەدی هۆی دیداری ئێلخانیزادە دەپرسێ و ئێلخانیزادەش کورتەی بابەتەکە بە ئاگاداری وەزیری شەڕی کابینەی قەوام دەگەیێنێ. نیو سەعات دواتر محەمەدی قەوام سەرۆکی دەفتەری سەرۆکوەزیر ڕێگەی چوونە ژوورەوە بە ئێلخانیزادە دەدا و ئەویش دەچێتە دیوی کاری

قەواموسەلتەنە و ڕەوتی دیداری خۆی لە گەڵ قازی محمەد موو بە موو بۆ قەواموسەلتەنە دەگێڕێتەوە.

قەواموسەلتەنە بە وردی گوێ لە قسەکانی ئێلخانیزادە هەڵدەخا و دەپرسێ؟

"خان، ڕاستییەکەم پێ بڵێ ئەتۆ بۆت دەرکەوت قازی محەمەد ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ ڕووسەکان هەیە یان بە ڕێگەی کەسێکی سێیەمەوە پەیام وەردەگرێ؟"

ئێلخانیزادە بێ ئەوەی ئیست بگرێ وڵام دەداتەوە: "بە سەری حەزرەتی ئەشرەف ڕاستەوخۆ پێوەندی لە گەڵ ڕووسەکان هەیە و جاروباریش بۆ خۆی بە فڕۆکە دەچێ بۆ باکۆ و دوای چەند ڕۆژ مانەوە دەگەڕێتەوە".

قەوام دەستێک بە دەموچاوی خۆیدا دەهێنێ و دەڵێ: "من هەر دەمەویست ئەوە بزانم، زۆر باش تێگەیشتم چ بکەم".

لەو کاتە دا ئێلخانیزادە ئیزن دەخوازێ بڕوا و قەوام پێی دەڵێ بەیانی زوو بێتەوە بۆ دیداری. ئێلخانیزادە لە کاتی دەرکەوتن لە دیوەکە وەبیری دێتەوە مەبەستێکی گرینگی بەقەواموسەلتەنە نەگوتووە دیسان دەگەڕێتەوە دیوەکە و دێتە پێش مێزی نووسینی قەوام و دەڵێ: "داوخوازم لە حەزرەتی ئەشرەف ئەوەیە کاتی دیداری قازی محەمەد ئیزنی هاتنی سەدری قازی نەدەن، لە پێشدا قازی محەمەد وەربگرن و بۆخۆتان وتووێژی لەگەڵ بکەن و دوای ئەوەی لە بیروڕاکانی قازی ئاگادار بوون ئیزن بدەن سەدری قازی بێتە ژوورێ." قەوام ئەو فکرەی لا پەسند دەبێ و دەڵێ هەر وا دەکەین.

کاتێک ئێلخانیزادە لە خانووی یەک نهۆمی کۆشکی کوێستانی دێتە دەرێ لە پێش خانووی دەفتەری موزەفەری فیرووز دەبینێ قازی محەمەد بە جلوبەرگی کوردییەوە لەگەڵ براکەی بەرەو خانووی شوێنی

نیشتەجێی قەواموسەلتەنە دەچن. قازی محەمەد هەر کە چاوی بە ئێلخانیزادە دەکەوێ بە زمانی کوردی دەڵێ: "

فڵانەکەس چووبووی بۆمان تێچێنی!؟" ئێلخانیزادە وڵام دەداتەوە" دڵنیا بە هەموو قسەکانم بە قازانجی تۆ بوون، ئێستا دەچی و دەبینی". قازی محەمەد بە توندی دەستی ئێلخانیزادە دەگوشێ و دەڵێ:

"دڵنیام چونکوو تایفەی کورد درۆ ناکەن".

ئەکبەر خان پێش بە هاتنە ژوورەوەی سەدری قازی دەگرێ

ئێلخانیزادە دەبینێ سەعیدی هومایوون ئاجودانی قازی محەمەد بە جلوبەرگی ئەفسەری کوردستانەوە بە دوای قازی دا دێ، بە قازی دەڵێ شایستەی تۆ نییە ئەو کەسە بەو جلوبەرگەوە لە تەک تۆ دا بێ چونکوو قەوامولسەڵتەنە پیاوێکی یەکدەندە و سەختە، بۆ ڕاکێشانی خۆشەویستی وی نەکەی سەعید بەریە ژووری سەرۆکوەزیر! قازی محەمەد بەڵێنی دەداتێ و هەر لەوێوە سەعید هومایوون دەنێرێتەوە دەرەوەی باغ کە ئۆتۆمۆبیلی قازی محەمەد لەوێ ڕاگیرابوو.قازی محەمەد دوای ماڵاوایی لە ئێلخانیزادە دەچێتە نێو خانووی سەرۆکوەزیر. محەمەدی قەوام دەستبەجێ قەوامولسەڵتەنە لە هاتنی قازی محەمەد ئاگادار دەکا.قەوامولسەڵتەنە زەنگ لێدەدا، ئەکبەر خان کە پێشخزمەتی تایبەتی قەوامولسەڵتەنە بوو، بانگ دەکا و ئیزنی هاتنە ژووری قازی محەمەد دەدا و کاتێک سەدری قازی بە دووای براکەی دا دێ، ئەکبەرخان پێشی دەگرێ و دەڵێ چەند دەقیقەیەک تەشریفتان لە دیوی چاوەڕوانی بێ تاکوو ئیزن وەربگرم، سەدری قازی زۆری پێ سەیر دەبێ و چارەیەکی نابێ دەچێتە ژووری چاوەڕوانی و ٢٠ دەقیقە دواتر بانگ دەکرێ. لەو دیدارە دا قەوامولسەڵتەنە وا بە سەدری قازی دەنوێنێ کە ئامادەی هاوکارییە لەگەڵیان چونکوو دڵی بە سیاسەتی شووڕەوییەوەیە.

هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، قەوامولسەڵتەنە لە ئێلخانیزادەی پرسیبوو گەلۆ قازی ڕاستەوخۆ بە شوورەوییەکانەوە مەربووتە یان بەرێگەی نێونجی؟ و لە بەر ئەوەی قەوام نەیدەویست لە دیدار و وتووێژەکانی دا لەگەڵ قازی محەمەد، بە دژی شوورەوی هیچ بڵێ کە ئەوان دەستبەجێ شوورەوییەکانی لێ ئاگادار کەن و بەو شێوەیە ڕەوتی سیاسەتی قەوامولسەڵتەنە سەبارەت بە ئازەربایجان ئاو و ئاو چێ، پەیتا پەیتا بە قازی محەمەد دەڵێ ئامادەی هەموو جۆرە وتووێژ و نەهێشتنی ناکۆکییەکان لە گەڵ ئێوەم.

ئەو دیدارە تەقریبەن لایەنی تەشریفاتی هەبوو و بڕیار درا دوو ڕۆژ دواتر دیداری دوویەم سەر بگرێ و هەر وەها قەوامولسەڵتەنە سەدری قازی ئاگادار دەکا، دوکتور جاوید کە تازە بووەتە ئەستانداری ئازەربایجان لە تارانە و ئەو بۆ جێبەجێ کردن و تەرتیبی تەشکیلاتی کوردستان پێوەندیتان لەگەڵ دەکا و چاوی پێتان دەکەوێ.

ئەو ڕۆژە ڕابرد، بۆ بەیانی زوو ئێلخانیزادە دەچێتەوە دیداری قەوامولسەڵتەنە و قەوام بە ئێلخانیزادە دەڵێ:

لەمڕۆ دەبێ لەگەڵ کوردستانییە بەنێوبانگەکانی دانیشتووی تاران وەکوو حاجی عێزولمەمالیکی ئەردەڵان و ئاسەف پێوەندی بگری و کارێکی وا بکەی بچنە دیدەنی قازی محەمەد و لە ڕاستییەکانی بارودۆخ ئاگاداری کەن. ئێلخانیزادە بەڵێنی دەداتێ و پاشان دەڵێ: دوێنێ شتێکم لە بیرچووبوو بە عەرزتان بگەیێنم و ئەویش ئەوەیە کە قازی محەمەد گوتبووی مەبەست لە سەفەری بۆ تاران داگیرکردنی سەردەشت و سەقز و بانەیە کە ئێستا بە دەست هێزە دەوڵەتییەکانەوەن.

قەواموسەلتەنە توورە دەبێ و دەڵێ ئەو قسانە چییە، دەردەکەوێ گشت ئەو کارانە لە بن سەری سەدری قازی دایە،ببڕ ببڕ سەفەری قازی بۆ ئەو شتانە نەبوو، داوامان لێکرد بێ بۆ جێبەجێ کردن و تەرتیبی تەشکیلاتی ئیداری کوردستان کە بڕیارە بخرێتە سەر ئازەربایجان و مهاباد بێ بە فەرمانداری و لەو بارەیەوە وتووێژ بکەین. چونکوو دوێنێ دیداری وی لە گەڵ من لایەنی تەشریفاتی هەبوو، هەر ئێستا بچوە لای قازی و دۆستانە پێی بڵێ سەبارەت بە سەردەشت و سەقز وبانە وشەیەکیش چییە نەڵێ کە نەک هەر قەبووڵ ناکرێ بەڵکوو دەشبێتە هۆی بڕینی وتووێژەکان.

## دوویەمین دیدار و وتوویژ لە گەڵ قازی محەمەد

ئێلخانیزادە دەستبەجێ بەرەو دەربەند دەچێ و کاتێک دەچێتە نێو هۆتێل کە دوکتور سەلامولای جاوید ئەستانداری ئازەربایجان خەریکی وتوویژی خۆمانە دەبێ لە گەڵ قازی محەمەد. ئێلخانیزادە بۆ ئەوەی سرنجی دوکتور جاوید بەرەو لای خۆی ڕانەکێشێ خۆی لە تەلەفۆخانەی هۆتێل دەربەند دەغافڵێنێ.

نیو سەعات دواتر لەلایەن پێشخزمەتەوە ئاگادا دەکرێ کە دوکتور جاوید ڕۆیشتووە دەستبەجێ لە پلیکانەکان سەردەکەوێ و دەچێتە دیوی قازی محەمەد.

بەرلەوەی ئیزنی دیداری بوێ، دەبینێ سەرتاش چووەتە ژوورێ و دەیەوێ سەر و دەموچاوی قازی ئیسلاح کا، لەبەر ئەوەی دەرگەی ژوورەکە ئاواڵە بووە قازی محەمەد ئێلخانیزادە دەبینێ و داوای لێدەکا بێتە ژوورێ.

دوای ئەوەی ئیسلاحی قازی محەمەد تەواو دەبێ، ئێلخانیزادە پاشماوەی قسەکانی دوێنێی درێژە پێ دەدا، و قازی لە وڵامی دا دەڵێ ئێوە لە گوێی گا دا نوستوون، دوێنێ قەواموسەلتەنە نیشانی دا بەتەواوی لە گەڵ ئێمەیە و بە دەردی دڵمان ئاشنایە.

ئێلخانیزادە دەبینێ ناتوانێ لە وتوویژ لە گەڵ قازی محەمەد چ ئاکامێک وەربگرێ، بۆیە پاشماوەی قسەی سەرەکی دادەکووژێنێ و دەڵێ بۆ ئەوەی کارەکان بە مەیلی ئێوە هەڵسووڕێ لە دیداری قەواموسەلتەنە دا باسی وەسەرخستنەوەی سەقز و بانە بۆ سەر مهاباد مەکەن.

### قازی محەمەد دەپرسێ بۆچێ؟

ئێلخانیزادە وڵام دەداتەوە هێشتا کاری گرینگتان لە سەر ڕێیە، ئێوە دەبێ لە پێشدا کارێک بکەن دەوڵەتی

نێوەندی کوردستان بە ڕەسمییەت بناسێ و بێتوو بە ڕەسمییەت بناسرێ، ئەوجار سەبارەت بە شوێنەکانی دیکە وتووێژ بکەن.

قازی محەممەد دەڵێ، دنیا کۆماری کوردستانی ئازادی بە ڕەسمییەت ناسیوە و حەزرەتی ئەشرەفیش دوێنێ ڕووی مووافیقی نیشان داوە.

ئێلخانیزادە چونکوو ڕووحییەی قازی محەممەدی بەتەواوی دەزانی و دەیزانی ئەو ناسیاوی لە گەڵ بارودۆخی نێونەتەوەیی نییە و تەنێ زانینی هێندێک زمانی ئینگلیسی و ڕووسی بۆ سیاسەتمەداری بە بەس دەزانێ، هیچ ناڵێ و پێی دەڵێ بۆچی دیداری سەرلەشکر ڕەزم ئارات وەدوایە خست؟ خراپ نییە بچییە دیدەنی ئەویش.

قازی بەو قسەیە نێوچاوانی تێک دەنێ و دەڵێ ڕەزم ئارا دەبێ بێتە دیتنی من، ئەگەر چوومە دیداری قەواموسەلتەنە لەبەر ئەوە بوو قەواموسەلتەنە دوو کراسی لە من زیاتر دڕاندووە و لە باری تەمەنەوە لە من گەورەترە.

بە کورتی دوای چایی خواردنەوە ئێلخانیزادە هوتێل دەربەند بە جێ دەهێڵێ ، بەر لەوەی بڕوا، قازی محەممەد بە ئێلخانیزادە دەڵێ دەیەوێ ئوتۆمۆبیلی سواری بکڕێ و نازانێ کامە مارک باشترە. ئێلخانیزادە دەڵێ ئۆتۆمۆبیلی فۆرد بکڕێ، چونکوو فۆرد بۆ ڕێگە سەختەکانی کوردستان لەبارە.

ئێلخانیزادە لە هۆتێل دەربەندەوە دەچێتە ستادی ئەرتەش و چاوی بە ڕەزم ئارا دەکەوێ و سەرۆکی ستاد دوای بیستنی نێوەرۆکی دیداری وی لە گەڵ قازی محەممەد بۆ ئەوەی ئاکامێک بۆ وڵات وەدەست کەوێ ئامادە دەبێ لە شوێنێکی سێیەم لەگەڵ قازی محەممەد دیدار بکا، و هەڵبەت ئەو شوێنە دیاری دەکرێ و دوای موافەقەتی قازی، ئەو گەڵ براکەی سەدری قازی زیاتر لە دوو سەعات لەگەڵ ڕەزم ئارا دادەنیشن و ڕەزم ئاراش وەکوو قەواموسەلتەنە لە وتووێژەکاندا پای ڕووسەکان ناهێنێتە گۆڕێ و تەنیا شتێکی کە دەیڵێ ئەوە دەبێ کە، قازی محەممەد لە لای پیشەوەری خۆی بە پچووک نیشان نەدا.

وێدەچێ ئەو قسەیە بە دڵی قازی محەممەد بووبێ چونکوو قازی محەممەد سوێند دەخوا لە جێدا دژی پیشەوەری یە و خۆشی لە چرۆچاویشی نایە، چونکوو نوێژ ناکا، و جگە لە نوێژ نەکردنیش هەرکاتێک یەکتری دەبینین فەرمانم پێدەدا و پەیتا پریتا داوای باج لە کوردستان دەکا و بە ناردنی نامە داوا دەکا ماڵیات کۆکەینەوە و حەواڵەی تەورێزی کەین.

ڕەزم ئارا زۆر خۆشحاڵ دەبێ و نەخشەی کار ئامادە دەکا و دوای ئەو دیدارە بە ئێلخانیزادە دەڵێ، وەدووی جێبەجێ کردنی پێشنیاری قەواموسەلتەنە کەوێ و دیداری کەسایەتییە کوردستانییەکان لە گەڵ قازی ڕێک بخا.

### فەهیمولمولک بانگهێشتنی قازی محەمەدی کرد بۆ نانی نیوەڕۆ

لە کوردستانییەکانی دانیشتووی تاران زۆریان چوونە هۆتێلی دەربەند و بە شێوەی خسووسی چاویان بە قازی کەوت، لە سەرووی ئەوجۆرە کەسایەتییانە دا ئاسەفی کوردستانی، حاجی عێزولمەمالیکی ئەردەڵان و دوکتور زەنگەنە بوون. فەهیمولمولکیش چەند جار بە شەخسە دیداری لە قازی کرد و ڕۆژێک قازی بانگ کرد بۆ نانی نیوەڕۆ. و قازی محەمەد لە پارکی ئەمینودەولە کە فەهیمولمولک بە کرێی گرتبوو نانی لە گەڵ دەخوا، و گۆیا سەر لە ماڵی حاجی عێزولمەمالیکیش دەدا لە دێزئاشیب.

وتووێژەکانی کوردستانییەکانی دانیشتووی تاران لە گەڵ قازی محەمەد زیاتر لایەنی دۆستانەی هەبوو و تەنێ ئاسەف و ئەردەڵان و فەهیمولمولک قازی تێدەگەیێنن پێشاژۆ ئەو جۆرە نییە کە ئەو پێی وایە و وەزعی وی لەگەڵ پیشەوەری جیاوازە. پیشەوەری خاوەنی ماڵ و هێلانە و بنەماڵە نییە لە ئازەربایجان، بەڵام قازی خاوەنی بنەماڵەی چوارسەدساڵەیە و لە منداڵییەوە لە مهاباد بووە و کارو پیشەی قەزاوەتی شەرعە کە بەپێی فەرمانی ڕەسمی شای خوداڵێخۆشبوو ئەو پلە گرینگەی دراوەتێ ، جا بۆیە وا باشترە بۆ ئەوەی کارەکە بگاتە جێیەک دیدەنی شا بکا و لەو چاوپێکەوتنە دا خۆی لە بەر دەست دەوڵەت بنێ و لە هەموو کارەکان دا بە قازانجی دەوڵەتی نێوەندی ئەویش بە نهێنی هەنگاو هەلهێنێتەوە.

لەو دیدارانە دا قازی محەمەد بە هیچجۆر ئەو فکرە قەبووڵ ناکا و تەنیا دەڵێ ئەو بە شەخسە پیاوێکی کۆمۆنیست نییە و نێوانیشی لە گەڵ پیشەوەری نییە و مەبەست لە نزیکی وی لە ڕووسەکان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان تەنیا و تەنیا، نارەزایەتی خەڵکە و لە لایەکی دیکەشەوە ئێستا مەلا مستەفای بارزانی بە دووهەزار سوارەی چەکدار و فیدایی خۆیەوە لە شارەکانی کوردستانە و تەنیا ئاسایشتی حدوود و سەراوەردی کوردستانیان بە ئەستۆوەیە، ئەگەر ئەو خۆی لە بەر دەست دەوڵەت بنێ، کاری ئەو سوارە پەنابەرە عێراقییانە چ لێ بکا و لە لایەکی دیکەوە دووساڵ لەمەوبەر کاتێک هاتبوومە تارانێ هێشتا ڕێبەری "کۆمەڵە" (وشەی کۆمەڵە بە زمانی کوردی بە واتای جەمعییەت و حیزبە) م قەبووڵ نەکردبوو، ئەو ساڵی لە گەڵ براکەم سەدری قازی چووینە خزمەت ئەعلاحەزرەت و لەوێ باسی نارەزایەتی خەڵک و سرنجنەدانی دەوڵەتی نێوەندیم بۆ کرد و ئەعلاحەزرەت بە باشی ئاگایان لەوەیە و ئەمن ناتوانم دەست لە خەڵک هەڵگرم و کارێکی کە گەیاندوومانەتە ئێرە لەپڕ لەبەر یەک هەڵوەشێنم.

کەسایەتییە کوردستانییەکان بەتایبەتی ئاسەف دەبینن قازی محەمەد لە جێدا ئامادە نییە قسەکانی ئەوان بسەلمێنێ و هەست پێدەکەن سەدری قازی زیاتر هاندەری قازی محەمەدە و لە ڕۆژەکانی دوایی مانەوەی قازی محەمەد لە تاران ئیتر لە دیدار و وتوویژ لە گەڵی دەست دەپارێزن.

پێوەندییەکانی دوکتور جاوید لە گەڵ قازی محەمەد هەروا بەردەوام بوو. دوکتور جاوید بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی ئەستانداریی [ئازەربایجان] لە تاران مابووەوە، زۆربەی ڕۆژان لە هۆتێلی دەربەند و یان لە ماڵی سەدری قازی کە لە موعێزولسوڵتان هەلکەوتبوو، نانی نیوەڕۆی لە گەڵ قازی محەمەد دەخوارد و وتوویژی سیاسی لە گەڵ دەکرد.
دوکتور جاوید هەر ئەو دەمی کەوتبووە خزمەتی دەوڵەتی نێوەندی و هوێ ڕاستیی ئەوەی دوکتور جاوید دەورێکی دوولایەنەی دەگێڕا لە بەر چالاکی و حەولی جۆرج ئالەن باڵوێزی ئەمریکا لە تاران بوو کە بە هێندێک ڕێگەی تایبەتی کە دواتر دەینووسین و لە زمان دوکتور جاوید خۆیەوە دەیگێڕینەوە.

دوکتور جاوید ئێستا لە شەقامی شاپووری تاران مەتەبی هەیە. دوکتور جاوید و شەبوستەری ئامادە بوون بە نهێنی داوخوازەکانی دەوڵەتی تاران لە ئازەربایجان پێک بهێنن بە بێ ئەوەی کە پیشەوەری و هاوکارانی لێی ئاگادار بن.

بە کورتی چالاکی دوکتور جاوید لە جلکی دژایەتی لە گەڵ حکوومەتی تاران دا ، بووە هۆی ئەوە کە قازی محەمەد ئامادە بێ کوردستان بخرێتە سەر کۆماری ئازەربایجان و لە مهاباد بە پێی پێشنیاری قازی، فەرمانداریێک دیاریی کرا و بەڕەسمی دەست بە کار بوو. وەک فەرمانداری مهاباد، سەیفی قازی وەزیری هێزی کابینەی قازی محەمەددانرا و دەستبەجێ لە لایەن دوکتور جاویدەوە بە وەزارتی کیشوەر [نێوخۆ] ناسێندرا و حوکمی فەرمانداری وی بە ئیمزای فەرەیدوونی کەفیلی وەزارەتی کیشوەر دەرکرا و ڕاگەیێندرا.

قازی محەمەد لە سەر یەک بیست ڕۆژ لە تاران بوو. ئۆتۆمۆبیلی فۆردی بە دووسەد هەزار ڕیاڵ لە کۆمپانی فۆرد کڕی و ڕۆژانە لە شەقامەکانی تاران پێی دەگەڕا تا ئەوەی کە چەند ڕۆژ بەر لە چوونەوەی خۆی بە فڕۆکە، ئۆتۆمۆبیلەکەی بە ڕێگەی زەنگان دا ناردەوە بۆ کوردستان.

قازی پێنج جار چاوی بە قەواموسەلتەنە کەوت و ٣ جار بە ڕەزم ئارا. لەو دیدارانە دا قازی محەمەد نەیتوانی ئەوجۆرەی کە دەبێ ئاکامێک بە دەست بهێنێ و تەنیا کارێکی کە توانی بیکا وەرگرتنی حەواڵەی سیگار بوو کە لە بری وی سەد تۆن توتنی سەوزی ئیدارەی دوخانییاتی کە لە بۆکان ڕاگیرابوو لە سەقز ڕادەستی کاربەدەستانی دەوڵەتی نێوەندی کرد.

**تێبینی:** من ئەو دەقەم لە ڕووی ٨ لاپەڕەی کە بە "ماشێن تەحریر" نووسراوەتەوە و لە ئارشیوی ڕەحیمی قـازی دا بووە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوە. ئەو نووسراوەیە لە کتێبی "تاریخچه خانواده قاضی در ولایت موکری، به قلم شادروان خلیل فتاح قاضی، تبریز ١٣٧٨" یش دا بڵاو کراوەتەوە.

ئـەم وێنەیـە بـە سپاسـەوە لـە کتێبـی "پیشـوای بیـداری، خـاطرات سـعید همـایون، بـه کوشـش هاشـم سـلیمی، موسسه چاپ و نشر آراس، هولر ٢٠٠٤" وەرگیراوە.

١٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٣١ی مارچی ٢٠٠٨

---

## نوسخەیەکی دیکە لەو وێنەیەی پێشتر بڵاو کرابووەوە




**ئەم وێنەیەی لێرەدا دەیبینن ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستان لە مهاباد هەڵگیراوە**

**لـە ڕاسـتەوە بـۆ چەپ:** نەفەری دوویەم: سـەیدمحەمەدی تەهازادە(ئەیوبییـان) وەزیـری بێهـداری،نەفەری چـوارەم: ڕەئیس جمهووری کوردستان پێشەوا قـازی محەمەد؛نەفەری شەشـەم: حـاجی بابەشێخی سیادەت سـەرۆکی هەیـئەت ڕەئیسەی میللی؛ نەفەری حەوتەم: محەمەدحوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی کوردستان و جێگری ڕەئیس جمهووری کوردستان.

**تێبینی:** هۆی ئەوەی دەڵێین ئەم وێنەیە ئی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان نییە، ئەوەیە لێرەدا پێشەوا بەرگی نیزامی دەبەر دا نییە،وەکوو ئەو وێنەیەی والەکتێبەکی ئیگلتن دا چاپکراوە.هیچ گومانی تێدانییەوێنەی نێو کتێبی ئیگلتن ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان هەڵگیراوە.ئەو ئەفسەرەیسڵاوی نیزامی پێشکێش دەکا، ئەحمەدی کەفاشی یان کەریمی نازمی یە، وادەردەکەوێ ئەم وێنەیە و وێنەی پێشوولە یەک بۆنە داهەڵگیرابن.

**وێنەهەڵگر:** سەیادیان یان سمایل خانی فەڕوخی

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە لایەن ڕێزدار " سوزان مەیسیڵاس" بە دەستمان گەیشتووە. ئەو شێکردنەوانەی لە سەر وێنە کە نووسراون، هەم سەبارەت بە پلەی کەسان و بۆنەی هەڵگیرانی وێنەکە دروست نین،




١١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٣٠ی مارچی ٢٠٠٨

**شێخ محەمەد سەدیق [پووشۆ] کوڕی سەید تەهای نەهری و ئارچیبالد ڕوزڤێڵت لە بەغدا**



Pusho, with Armin Meyer and Archie.

**لە ڕاستەوە بۆچەپ: ئارچیبالد ڕوزڤێلت، سەید محەمەد سەدیق [شێخ پووشۆ] و ئارمین مەیر یەک لە کاربەدەستانی سەفارەتی ئەمریکا لەبەغدا. ئەم وێنەیە لە مانگی ژوویيەی ساڵی ١٩٤٤ هەڵگیراوە. سەید محەمەد سەدیق کوڕی سەید تەهای نەهری یەک لەو کوردانە بوو کە لە سەرماوەزی ١٣٢٠ی هەتاوی [دیسامبری ١٩٤١] دا بانگهێشتن کران بۆ سەردانی ئازەربایجانی شوورەوی.**

**تێبینی: ئەم وێنە بە سپاسەوە لە کتێبی "سوێی زانین، بیرەوەرییەکانی سەرکردەیەکی هەواڵگری، ئارچیبالد ڕوزڤێلت، ١٩٨٨" وەرگیراوە.**

**١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٩ی مارچی ٢٠٠٨**

## بۆچوونی ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

ئارچیبالد رۆزڤێلت لە کتێبەکەیدا "سوێی فیربوون، بیرەوەرییەکانی سەرکردەیەکی هەواڵگری" دوو بەندی تەرخان کردووە بۆ باسی کوردان و یەک لەو بەندانە بە تایبەتی لە سەر کۆماری کوردستانە؛ ئەودەنووسێ"

قازی گوتی" کوردەکان داوخوازێکی ئەوپەڕ ئاسایی ناکەن، تەنێ ئەو مافە خۆڕسکی و ئازادییانەیان دەوێ کە بۆ بەشەرییەت بە ڕەوا داندراوە، کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ بارودۆخی کورد لە بەرچاو بگرێ، و ئەگەر ئێستا دەستبەجێ سازکردنی کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دەست نادا، بە لانی کەمەوە ئەو دەزگایە دەتوانێ ئەو دەوڵەتانەی کەمایەتی کوردیان تێدایە ناچار بکا مەڵبەندی ئۆتۆنۆمییان لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیان دا بۆ دامەزرێنن."

ئەمن لە ڕاپۆرتەکەم دا کورتەی بۆچوونی ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی حێزبی دێموکراتی کوردستانم باس کردبوو کە لە کاتی مانەوەی کورتی ئێمە لە مهاباد دا هێنایانە گۆڕێ: ئەوان منەتباری یەکێتی شووڕەوی بوون کە دەرەتانی سەربەخۆیی ئەوانی پێک هێناوە، بەڵام ئەوەشیان دادەگرتەوە کە شووڕەوییەکان دەست لە کارو باری حکوومەتەکەیان وەرنادەن و کاربەدەستانی شوورەوی لە شارەکەدا نین.(ئەمن وام وەبەر چاو هات زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان مەیلی بەرەو کۆمۆنیزمیان تێدا نەبێ، و وادیار بوو ئاریستۆکراسی کۆن هێشتا جڵەوی کارەکانی بە دەستەوە بێ.) ئەوان خۆیان لە بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانەدا دەدی - بەڵام شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی. گوتیان ئاواتیان ئەوەیە دەوڵەتەکەیان پەرەپێبدەن بۆ ئەوەی هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران وەبەر بگرێ. ئەوان ئامادەن دەست لە ناوچەکانی کوردستان بەرەو باشوور کە لەژێر کۆنترۆڵی ئێران دا هەڵبگرن لەوانە ناوچە عەشیرەتتەکانی لوڕ و بەختییاری کە خۆیان بە کورد نازانن. بەرەو لای باکوور ئەوەی ئەوان دەیانەوێ بەشێک لە ئازەربایجان دەگرێتەوە تادەگاتە باشوور و ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ڕەزائییە لەوێوە تا دەگاتە سنووری شووڕەوی.

ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی ئەوپەڕی بێزاری و جاڕزی خۆیان لە ئاست ئەرتەشی ئێران دەربڕی، وێدەچوو ئەوان بەتەواوی لە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری سەرباز و هێزی ئێرانی دڵ پەشێو بن کە بەرەو باشوور مۆڵ دراون. بەلانی کەمەوە یەک لە ئەندامانی کۆمیتە ئاماژەی پێکرد کە حکوومەتی نێوەندی خەرێکی تەڵەکە نانەوە و کاکەو برالەیە لە ناو هێندێک لە عەشیرەتە کوردەکاندا [سوێی زانین، ل. ٢٧٩، ٢٨٠]

٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٨ی مارچی ٢٠٠٨

**وێنەی [٧] پێشەوا و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لە حەوشەی کانگای حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە کاتی سەردانی ئارچیبالد ڕوزڤێلت**






**ئەم وێنەیە دەبێ ڕۆژی دووشەمۆ ١٦ی سێپتامبری ١٩٤٦ کاتی دیداری دووەمی پێشەوا و ئارچیبالد ڕوزڤێلت هەڵگیرابێ.**

**لە ڕاستەوە بۆ چپ:** ١- نەناسراو ٢- ئەحمەدی ئیلاهی [مام ئەحمەدی حاجی ئەلای] لە ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی

کوردستان ٣- دڵشادی ڕەسووڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و دواتر موعاونی کولی ئیدارەی فەرهەنگ ٤- مەنافی کەریمی لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ٥- پێشەوا قازی محەمەد ٦- سەدیقی حەیدەری لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ٧- غەنی خوسرەوی رەئیسی شارداری مهاباد ٨- خەلیلی خوسرەوی ڕەئیسی ئیدارەی کاری کوردستان و لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ٩- عەلی خوسرەوی یەک لە کادرە هەرە هەڵسووڕاوەکانی کۆماری کوردستان ١٠- مایۆر جەعفەری کەریمی موعاونی وەزیری هێزی دێموکڕاتی کوردستان.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە تێزی: "لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە پێوەندییەکانی کۆماری مهاباد و کۆماری دێموکڕاتی ئازەربایجان؛ هاوکاری گرژ و شوێنی لە سەر کۆماری مهابادی ١٩٤٦، ڕیچارد ئەی مۆبلی، واشنگتن دی سی، مەی ١٩٧٩" وەرگیراوە. نووسەر سپاسی ئارچیباڵد ڕوزڤێلتی کردووە بۆ ئەوەی ئەم وێنە و چەند وێنەی دیکەی لە بەر دەست ناوە.

٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٨ی مارچی ٢٠٠٨

**وێنەی [٦] ئارچیباڵدڕوزڤێلت و سەرکردەکەی دیکەی هاوڕێی لە نێو بازاڕی مهاباد ، دوای نیوەڕۆی یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦**



ئارچیباڵد ڕوزڤێلت لە بیرەوەرییەکانی دا "سوێی زانین" دەڵێ دوای نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمۆ ١٦ی سێپتامبر چوون و بە نێو شار دا گەڕاون. ئەو کەسەی لە دوورەوە بە جلوبەرگی ڕەشەوە پشتی لە دووربینە مەنافی کەریمی لە کاربەدەستانی کۆمارە، ئەوەی کە بەجلوبەرگی سەرکردەیی ئەمریکاییەوە دیارە,دەبێ هاوکارەکەی ئارچیباڵد ڕوزڤێلت بێ کە بە داخەوە نێویمان پێ ناڵێ.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وێنەیە لە "وێنەی کۆماری کوردستان" دا خوێنەرەوەیەکی بەڕێز ئاگاداری کردین، کە ئەو شوێنە 'مەیدانی مەنگوڕان" ە و ئەو کەسەش کە لەگەڵ میرزا مەنافی کەریمی و سەرکردە "ئەلکۆلیستە" نێو نەزاندراوەکەی ئەمریکایی ڕاوەستاوە و بەیەکەوە لەقاپی" شۆرمەزە"ی دەڕوانن. دەبێ میرزا حوسێنی حەبیبی هاوسەری مارتا داڵ [میزداڵ خانم] بێ کە دەکرێ دەوری دیلمانجی گێڕابێ.ئارچیباڵد ڕوزڤێلت لە کتێبەکەیدا هیچ باسی کەلک وەرگرتن لە دیلمانج لە کاتی سەردانی مهاباد دا ناکا. وا دەردەکەوێ بۆ خۆی هێندێک زمانی فارسی زانیبێ. زۆر سپاس بۆ زانیاریی ئەو ڕوانەرە بەڕێزە، هیوا دارم وێنەی زۆر بێ و ئێوەش کە سەری ئەم پێگەیە دەدەن، بە پێی دەرفەت زانیارییەکانتانمان لە گەڵ بەش بکەن. جێی وەبیر هێنانەوەیە "مارتا داڵ" لەدەورەی 11 مانگەی هەبوونی ڕەسمی "کۆماری کوردستان" دا لە بەر ئەوەی لەناوچە بە "ئەمریکایی" دادەندرا بۆ ئەوەی هیچ گرفتێک بۆکاروباری کۆمار نەیەتە پێشێ، لە مهاباد ڕۆیشتبوو.

تێبینی: ئەم وێنەیە لە تۆری ئینترنێت وەرگیراوە

ئەم شەرحەی خوارەوە بەڕێز حامیدی مایلی لە شەوی دووشەمۆ ١٦ی ئاوریلی ٢٠١٢ لە فەیس بووک دا لە سەر " مەیدانی مەنگوڕان" ی نووسیوە و لەو باوەڕە دایە ئەم وێنەیەی سەرەوە لەو مەیدانە هەڵگیراوە لە سەر ئیزنی بەڕێزیان ڕاگوێزراوەتە ئێرەکانە.


Hamid Mayeli ئەو خانووە دوو نهوومە لەدەستی ڕاستی وینەکەدا دیارە جێگای لێفە دروان بوو و شەریف گابەگای قسە خۆشی مەشهووری مەهاباد لە وی دووکانی بوو دەگەڵ بابی آقای فتاحێ لەحافی کە نێوم لەبیر نەماوە ئەوانەی کە ئەو چەند کۆت وشڵوار... دەبەرەی لێڕاوەستاوە بەر دەرکی دووهەمی تاریکە بازاڕە کە لەزارکی ئەو دەرکە حاجی هاشمی نانەوازادە شاعیر دووکانی خەڕازی بوو، و قاوخانەیەکیشی لێبوو کە چای بە دووکانەکانی نێو ئەو قەیسەرییە دەفرۆشت، ئەو جێگایە کە ئەو سێ کوڕەی لێڕاوەستاوە هێندیک خوارتر لە دەرکی مزگەوتی حاجی بایزە کە بەرابنەری نانەواخانەکەی میرزا مستەفای بلووری بوو. پشتی وینەگرەکەش دە دەرکی ماڵی کاک سەدیقی گرماییە، ئەو حەسیرە هەلواسراوانەش کە دیارن داڵانێک بوو دەچووە ڕووبەڕووی دووکانی میرزا عەلی جۆرابچی. دەستی ڕاستیش کە ڕەش دەنوێنێ داڵانێکی چووک وتەنگ بوو کە سەراجییەکان دووکانیان لێی بوو، کە دەچووە بەر قاوەخانەکەی عیمادی و دووکانی مام ئەحمەدی ئیلاهی و ئاغای ئەسحابی و دەچووە سەر خەیابانێ ڕووبەڕووی داڕوخانەی مەرکەزی (ئەیووبیان) و دووکانی کۆنی ئاغای موەفەقی کتێبفرۆش

دەستی چەپی ئەو وێنەیەش ڕیزەدووکانی لێبوون کە هەر هەمووی بێڵایان بوو (هەیوان) کە دوو دووکانی پێشەوە هی ماڵە ئالبەندییەکان بوو و ئالبەندییان تێدا دەکرد دووکانی دوای ئەوان خمگەر بوو هی ماڵە دووبراکانی سەباخییەکان بوو، د... وای ئەوان چەند کوتاڵ فرۆش و دووکانی حاجی ڕەحیمی نەمەشیری بوو. دوایە دەهاتەوە داڵانێک کە دەچووە بەر دەرکی مەتەبی دوکتور لازار و کاروانسەرای عەزیزە کەڵەی و پشت مزگەوتی و بەر دەرکی ماڵە کۆنی حەمەکەوڵەی.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٧ی مارچی ٢٠٠٨

## وێنەی [٥] پێشەوا لە حەوشەی کانگای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کاتی سەردانی ئارچیباڵد ڕۆزڤێڵت یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦





**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە تۆڕی ئینترنێت وەرگیراوە، بەڵام بە بەراوەرد کردن لەگەڵ وێنەکانی دی جوان دەردەکەوێ ئارچیباڵد روزڤێڵت بە دووی وێنەکانی دیکە دا گرتوویەتی.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٧ی مارچی ٢٠٠٨

وێنەی [٤] وێنەیەکی دیکە هەر لە دەفتەری پێشەوا، یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٣٦



تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە تێزی "لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە پێوەندییەکانی کۆماری مهاباد و کۆماری دێمۆکراتی ئازەربایجان؛هاوکاری گرژ و شوێنی لە سەر کۆماری مهابادی ١٩٤٦، ڕیچارد ئەی. مۆبلی، واشنگتن،دی سی، مەی ١٩٧٩" وەرگیراوە. مۆبلی سپاسی ئارچیبالد ڕوزڤێلتی کردووە بۆ ئەم وێنەیە و چەند وێنەی دیکەی کە ڕێگەی داوە تێزەکەی پێ برازێنێتەوە. ئەو تێزە لە لایەن حەسەنی قازییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە لایەن وەشانخانەی ئاپێک لە سوێد و وەکوو زنجیرەش لە حەوتوونامەی "پەیامی کوردستان" دا بڵاو کراوەتەوە.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٧ی مارچی ٢٠٠٨

**وێنەی [٣] پێشەوا لە دەفتەری کاری سەرۆککۆماری یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦**



**پێشەوا لە دەفتەری کاری سەرۆککۆماری لە کاتی چاوپێکەوتنی ڕوزڤێلت یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦**

**تێبینی: ئەو وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی " کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦، ویلیام ئیگلتن ی کورِم ١٩٦٣" وەرگیراوە. ئیگلتن سپاسی ڕزڤێلتی کردووە بۆ ئەوەی ڕێگەی داوە ئەم وێنەیە لە کتێبەکەیدا بڵاو بکاتەوە.**

**٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٧ی مارچی ٢٠٠٨**

وێنەی [٢] سەرۆککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد و ئارچیبالد ڕوزڤێلت، یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦


Qazi Mohammad shares a watermelon with Archie.

پێشەوا قازی محەمەد و ئارچیبالد ڕوزڤێلت لە دیداری ڕۆژی یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبری ١٩٤٦ لە مهاباد

تێبینی: ئەم وێنەیە بەسپاسەوە لە کتێبی "سوێی زانین، بیرەوەرییەکانی سەرکردەیەکی هەواڵگری، ئارجیبالد ڕۆزڤێلت، ١٩٨٨" وەرگیراوە

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٧ی مارچی ٢٠٠٨

## وێنەکانی ئارچیباڵد ڕۆزڤێڵت [١] ئەمەرخانی شەریفی لە زیندەشت



Amr Khan with Shikak tribesmen in Zindasht, 1946.

ئەمەرخانی شەریفی لە گەڵ هێندێک کەس و کار و دەستوپێوەندی. زیندەشت ڕۆژی جومعە ١٣ی سێپتامبری ١٩٤٦

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: "لەبەر سوێی زانین، بیرەوەری سەرکردەیەکی هەواڵگری، ئارچی ڕۆزڤێلت، وەشانخانەی جۆرچ ویدن فێلد و نیکۆلسۆن لیمیتید، چاپی یەکەم ١٩٨٨، بریتانیای مەزن" وەرگیراوە.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٧ی مارچی ٢٠٠٨

## سەفەری سەرکردەی هەواڵگری سەفارەتی ئەمریکا لە تاران ئارچیباڵد ڕۆزڤێڵت بۆ مهاباد و وێنەکانی

ئارچیباڵد ڕوزڤێلت لە کتێبەکەیدا "سوێی فێر بوون، بیرەوەری سەرکردەیەکی هەواڵگری" باسی سەفەری دووەمی خۆی بۆ کوردستان دەکا. دەڵێ لەو سەفەرەدا سەرکردە [ئەفسەر] یەکی هاوکاری لە گەڵی بووە، بەڵام نێوی ناهێنێ و تەنێ باس لەوە دەکا کابرا ئالکۆڵیست بووە. لەتارانەوە بەرەو تەوریز دەچن، لە تەوریزەوە بەرەو شاپوور [ سەڵماس] و ورمێ، لە ورمێ وە بۆ نەغەدە و شنۆ و لەوێوە بۆ مهاباد.

ئارچیبالْد ڕوزڤێلت دەڵێ: جۆمعە ١٣ی سێپتامبری ١٩٤٦ لە دێی زیندەشت چاوی بە ژەنەڕاڵ مایۆر ئەمەرخانی شەریفی کەوتووە. ئەوە لە کاتێکدا بووە کە ئیدی ئەمەر خان لە دەستەڵاتی مهاباد دوورکەوتووەتەوە. ئارچیبالْد ڕۆزڤێڵت لەگەڵ هاوکارە سەرکردەکەی شەوێ لە ورمێ ماونەتەوە و ڕۆژی شەمۆ ١٤ی سێپتامبر درێژەیان بە سەفەرەکەیان داوە. لەورمێ وە چوون بۆ نەغەدە و شنۆ. ڕۆزڤێڵت لە شنۆ چاوی بە مووساخانی زەرزا کەوتووە، دوایە لە نەغەدە لە ماڵی سەید ئەحمەدی سەید تەها کە سەرکردەیەکی کۆماری کوردستان و بەرپرسی ناوچەی نەغەدە بووە نانی نیوڕۆیان خواردووە و ئەو ڕۆژە درەنگان گەیوەتە مهاباد. لەوێ شەوێ چاویان بە سەدیقی حەیدەری و کاربەدەستانی دیکەی کۆمار کەوتووە و ئاگادار کراون بۆ ڕۆژی دواتر واتە یەکشەمۆ ١٥ی سێپتامبر قازی محەمەد دەیانبینێ. سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە لە گەڵ پێشەوا دواون.ڕوزڤێڵت دەڵێ دوای چاوپێکەوتن لە گەڵ قازی، چوونەتە نێو شاری و پێیدا گەڕاون. سەرلە بەیانی دووشەمۆ ١٦ی سێپتامبر سەریان لە ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان و چاپخانەی کوردستان داوە، و دواتر دیسان لە گەڵ پێشەوا دانیشتوون و وەک باس دەکا لەودیدارە دا زیاتر لەسەر بابەتی کولتووری دواون. بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی پێشەوا بوون و لە دەورو بەری سەعات ٣:٣٠ مهابادیان بە جێ هێشتووە و بەرەو بۆکان چوون وشەوێ گەیشتوونەتە سەقز و لەوێ میوانی سەرلەشکر هومایوونی بوون.

زیاتر لە دوومانگ دوای سەردان وگەڕانەوەی لە مهاباد، ئارچیبالْد ڕوزڤێڵت دەڵێ: لە ٢٩ی دیسامبری [١٩٤٦] لە تاران چاوی بە قاسمی سەدری قازی کەوتووە و سەری ساڵی نوێ، واتە ٣٠ی دیسامبری ١٩٤٦ لە گەڵ کۆلۆنێل سێکستۆن چوون بۆ دیداری مەلا مستەفا، عەزت عەبدولعەزیز و میرحاج ئەحمەد لە ماڵی سەرهەنگ غەففاری لە تاران.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٧ی مارچی ٢٠٠٨

## مەجید خانی میرموکری وکاپیتان نەماز عەلیییێڤ لە قەرەوەیران



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: شۆفیری کاپیتان نەماز عەلیییێڤ، مەجید خانی میر موکری حاکمی میاندواو، موعاونی عەلیییێڤ، کاپیتان نەماز عەلیییێڤ ئەفسەری پێوەندی شوورەوییەکان لە میاندواو لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا. ئەم وێنەیە دەبێ لە بەرایی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی، ١٩٤٢ی زایینی هەڵگیرابێ. قەرەوێران دێیەک بووە لە پەنا میاندواو کە فابریکی قەندی لێ هەڵکەوتووە و ئێستا لە گەڵ شارەکە تێکەڵ بووەتەوە.

### مەجید خانی میرموکری

مەجید خانی میرموکری یەک لەو پیاوماقووڵە کوردانە بوو کە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی [نۆوامبری١٩٤١] لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆماری ئازەربایجانی شوورەوییەوە بانک هێشتن کران بۆ باکۆ.باوکی مەجید خان حەسەن ئاغای میرموکری لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم،لەکاتێکدا کە لەشکری عوسمانی و هێزی ڕووسییەی تێزاری موکریانیان کردبووە مەکۆی شەڕ و پێکدادان و ئەو مەڵبەندەیان دە ئاگری شەڕی بەرژەوەندی خوازی خۆیان دا دەسووتاند بە دەسکیسی کەسێک بە ناوی بلە سەمسام و بە فەرمانی شوجاعودەلە حاکمی ئێرانی دەستنێژی ڕووسیە لە گەڵ ژمارەیەکی زۆرخەڵکی دیکە لە شوێنێک بە نێوی عەباس ئاباد لە نزیک مەلیککەندی قەتڵی عام کران. لە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و لاچوونی ڕەزا شا لە سەر تەختی شایەتی مەجید خان بوو بە حاکمی میاندواو و لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی ئەو و چەند کەسێکی دیکە [لەوانە محەمەد حوسێنی سەیفی قازی] لە لایەن ئیدارەی ئەمنییەی ئازەربایجان، لە کاتێکدا کە هیچ نیشانەیەک لە هێزی نێوەندی لە موکریان و بەشێک لە ئازەربایجان نەمابوو، بە ناچاری دەستەڵاتی پاراستنی هێمنی میاندواو تا ساین قەڵایان پێ ئەسپاردرا.

مەجید خان و فەتاح خانی برای پێوەندییەکی زۆر نزیکیان لە گەڵ بنەماڵەی قازی هەبوو. مەجید خان وەک کوڕی سەیفولقوزات وابوو و دۆستێکی نزیکی حەمەحوسێنی سەیفی قازی بوو. تووران خانم کچی سەیفولقوزات هاوسەری فەتاح خان بوو.

لە هاوینی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی دا لە میاندواو تراژێدییەکی زۆر گەورە قەوما، شەڕی دەستەڵات بووە هۆی ئەوەی برایمە سووری شێخ ئاغایی و فەتاح خانی میر موکری کە دۆستی زۆر نزیکی یەکتری بوون تەقە لە یەک بکەن و یەکدی بکوژن. ئێستاش ئازایەتی فەتاح خان لە شەڕی خۆپاراستن دا لە بیرەوەری خەڵکی موکریان دا ماوەتەوە. کۆنە ساڵان دەگێڕنەوە کاتێک بێ هیچ ئاگاداری پێشوو فەتاح خان هەستی کرد برایمە سوور سێرەی لێگرتووە و خەریکە تەقەی لێبکا، چەندین جار بە سەری دا گوڕاند "کوڕە نەکەی چۆن دۆستی خۆت دەگوژی"؟ بەڵام برایمە سوور تەقەی لێکرد و فەتاح خان لە کاتێکدا گولە پێکابووی، بەو حاڵەوە توانی قاتڵەکەی خۆی بکووژێتەوە.

لە بەر پێوەندی عاتیفی قووڵ لە نێوان مەجید خان و فەتاح خان دا،نەمانی فەتاح خان بڕستی لێبری و ساڵێک دواتر لە ٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە نەخۆشخانەیەک لە تەبریز [تەورێز] سەری نایەوە.
ئارامگەی ئەو دوو برایە لە شوێنێک بە نێوی چاکە ڕووتە لە سەر کێوی دەلمە، دێیەک لە دەوروبەری شاری میاندواو هەڵکەوتووە.

مەجیدی میرموکری نەما تا گەشەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی ژیانی کورد وحیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کە گەیشتە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ببینێ، بێگومان ئەگەر مابا دەورێکی سەرەکی دەبوو لەو کۆمارە دا.

کاپیتان نەماز عەلیییێڤ یەک لەو ئەفسەرانەی ئازەربایجانی شووڕەوی بوو کە لە کاتی داگیر کردنی ئازەربایجانی ئێران لە لایەن ئەرتەشی سوورەوە ناردرا ئەوێ. ویلیام ئیگلتن ی کوڕ لە مەڕ وی دەنووسێ:

"لە میاندواو کاربەدەستی سیاسی شوورەوی کەسێک بوو بە نێوی کاپیتان نەماز عەلیییێڤ، تەمەنی نزیک ٣٥ ساڵ دەبوو، و ترکێکی ئازەربایجانی بوو. کابرایەکی کەمدوێ بوو و لەچاو کاربەدەستە کانی دیکەی شووڕەوی کە پێوەندییان لە گەڵ کوردەکان هەبوو، لەنێو ئەواندا کەمتر خۆشەویست بوو،ئەگەرچی ئەو لە میاندواو دامەزرابوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە کاتی خۆی لە مهاباد بە سەر دەبرد. بە سواری جیپ هەر سەعاتێکیان نێوانە".

٦ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٥ی مارچی ٢٠٠٨

## سەردانی پیاو ماوقوڵان و هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئازەربایجانی شووڕەوی سەرماوەزی ١٣٢٠ی هەتاوی = دیسامبری ١٩٤١

### ڕیوایەتی عومەرئاغای عەلییار

... دەوڵەتی ڕووسییە لە بەر ئەو بەرعۆدەییەی شۆڕشی ئۆکتۆبر بۆی سازکرد بوو و لە لایەکیش دەیەویست لە دۆشینی ئێران دا لە ئینگلیستان وەدوایە نەکەوێ دوای داگیر کردنی ئازەربایجان و کوردستان بەڵێنی دا بە خەڵکی ترک و کورد کە بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری یارمەتییان پێ بکا و وەکوو یەکەم هەنگاو لە کوردستاندا لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی هێندێک لە نوێنەرانی کوردستانی ئێرانی بۆ سەردان لە شووڕەوی دیاری کرد.

ئەو بانگهێشتنە لە لایەن سەرانی کوردەوە قەبووڵ کرا و بانگهێشتکراوان لە تەوریزەوە بە قەتار لە ڕێگەی سەعاتلی و یەنجییان کە جادەی نیزامی بوو لە ئازەربایجانی شووڕەوی بە هاوڕێیەتی ژەنەڕاڵ سەلیم ئاتاکیشییێڤ بەرەو بادکووبە (باکۆ ) چوون. بانگکراوانی سەفەری یەکەم بۆ شووڕەوی بریتی بوون لە کەسانی بەدەستەڵات و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە:

١- قازی محەمەد،
٢- عەلیاغای عەلییار (ئەمیر ئەسعەد) سەرۆکی عەشیرەتی دیبۆکری،
٣- قەرەنی ئاغای ئەمیرولعەشایر سەرۆکی عێلی مامەش،
٤- حاجی بابە شێخی سیادەت،
٥- مەجید خانی میر موکری،
٦- عەلی خانی نەوزەڕی مەنگوڕ،
٧- بایزاغای عەزیزی گەورک،
٨- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی،
٩- ڕەشید بەگی هەرکی،
١٠- زێرۆ بەگی هەرکی،
١١- سەرتیپ شکاک،
١٢- حەسەن تێلۆ شکاک،
١٣- کاک هەمزەی قادری مامەش،
١٤- ئەحمەد خانی فارووقی فەیزوڵابەگی،

١٥- حەسەنی عومەری شکاک،
١٦- محەمەداغای وسووق قاسملوو،
١٧- محەمەد ئەمین بەگی فەیزوڵابەگی،
١٨- ترۆ کوڕی سەید تەهای [شەمزینی]،
١٩- قۆیتاسی مامەدی شکاک،
٢٠- عومەری عەلییار (کوڕی ئەمیر ئەسعەد)

(ڕوونکردنەوە: ویلیام ئیگلتن لە بەشی پەیوەستەکانی کتێبەکەی لیستی ئەو کەسانەی کە لە هەوەڵین سەفەر دا بۆ باکۆ بەشدارییان کردووە ئاوا نووسیوە: قازی محەمەد - حاجی بابە شێخ - عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد - عومەری عەلییار - ڕەشید بەگی هەرکی - زێرۆ بەگی هەرکی - تەها هەرکی - شێخ پووشوو - محەمەدئەمینی شکاک - حەسەن هەناره (عومەری) حەسەن تێلۆ شکاک - حاجی قەرەنیاغای مامەش - کاک هەمزەی نەڵۆس مامەش - مەجیدخانی میاندواو - نووری بەگی بەگزادە - هورکۆ بەگزادە - ئەحمەد بەگی فەیزوڵا بەگی - بایزاغای گەورک - محەمەدحوسێنی سەیفی قازی)*

ئەو هەیئەتە لە باکۆ لە هەنگاو و پێشکەوتنەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵی، فەرهەنگی و هونەری دیدەنی کرد و لە گەڵ سەرکردەکانی کۆماری ئازەربایجانی شووڕەوی سەبارەت بە کوردستان وتووێژی کرد. بەو پێیە دوو ڕۆژ لە هاتنی ئەو هەیئەتە بۆ باکۆ تێنەپەڕیبوو کە ژەنەراڵ سەلیم ئاتاکیشییێڤ هاتە شوێنی دابەزینی میوانەکان کە لە هۆتێلی "یێنی ئورووپا" بوو و ئاغاکانی بۆ چاوپێکەوتنی میر جەعفەر باقرۆڤ ئامادە کرد.

عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد (عەلییار) ئاغاکانی دیکەی بۆ ڕاوێژ و بیرورا گۆڕینەوە کۆ کردەوە. کاتێک هەموویان ئامادە بوون، عەلیاغا گوتی: بەیانی چاومان بە سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی شووڕەوی دەکەوێ بە بۆچوونی ئێوە ئێمە دەبێ داوخوازمان لە بەڕێزیان چ بێ؟ ئەگەر ئەویش هێندێک بەرعۆدەیی لە ئێمە بوێ دەبێ چی وڵام بدەینەوە؟ دوای قسەیەکی زۆر دەگەنە ئەم ئاکامانەی خوارەوە: قازی محەمەد و حاجی بابەشێخ و ئەحمەد خانی فارووقی باوەڕیان وا بوو لە دەوڵەتی شووڕەوی بخوازن بۆ ئەوەی کوردەکان سەربەخۆیی وەدەست بهێنن یارمەتییان پێ بدا و چەک و سەربازیان لە بەر دەست بنێ، تاکوو دوای گەڕانەوە بۆ ناوچە دەست بە خەبات بکەن. قەرەنیاغای ئەمیرولعەشایر و عەلی خانی نەوزەری و بایزی عەزیزاغا و دەستەیەک لە ئاغاکانی دیکە باوەڕیان وا بوو کە داوای پارە و قەند و مادییات بکەن، بەڵام ئەمیر ئەسعەد لە گەڵ هیچکام لەو باوەڕ و پێشنیارانە نەبوو و گوتی بە بۆچوونی من باشترە ئێمە هیچ داوخوازێک نەهێنینە گۆڕێ و چاوە ڕێ بین بزانین ئەوان بۆچی ئێمەیان بانگهێشتن کردووە و چاوەڕێی چ لە ئێمە دەکەن.

سەرچاوە
Serchawe

ئەو ڕۆژەی داندرابوو هەموویان چوون بۆ دیداری میر جەعفەر باقرۆڤ. سەرۆک کۆمار تا پێش پلیکانی سەرسەراوە هاتبوو بە پیل میوانەکانەوە، دەستی لە گەڵ لێدانەوە و بە گەرمی چاک و چۆنی لە گەڵ کردن. دوایە بەڕیز چوونە نێو تالارێکی گەورە کە مێزێکی گەورە لە نێوەڕاستی داندرابوو و لە بەرانبەر هەر کورسییەک دا نێوی یەکێک لە بانگکراوەکان نووسرابوو. سەرۆک کۆمار و ژەنەراڵ سەلیم ئاتاکیشییێڤ لە لای سەرەوە و ئەوانی دیش لە دەوری مێزەکە و هەرکەسە لە شوێنێک کە بۆی دیاری کرابوو و نێوی لێی نووسرابوو دانیشتن. دوای وە ڕەسمییەت کەوتنی دانیشتنەکە و کۆتایی هاتنی قسەی سەرەتایی و چاک و چۆنی، سەرۆک کۆمار ڕووەو عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد کە نزیک لەو دانیشیبوو، گوتی: ئێمە ئێوەمان خۆش دەوێ و بۆ پێشکەوتن و بەرەوژوورچوونی ئێوەمانان تێدەکۆشێن و هەرکارێکتان هەبێ دەتوانن وەرنە لای ئێمە و کێشەی خۆتان بهێننە گۆڕێ. هەنووکە داوخوازی ئێوە لە ئێمە چییە و چتان دەوێ؟ عەلیاغا گوتی: هیچ داوخوازێکمان نییە و تەنیا بە ئاوات دەخوازین ئەرتەشی سوور لە شەڕ بە سەر ئاڵمان دا سەرکەوێ. لێرەدا قازی محەمەد هەستا و گوتی: ئێمە سەربەخۆییمان دەوێ و دەوڵەتی شووڕەوی دەبێ بەڕێگەی ئەرتەشی سوور دا سەربەخۆیی ئێمە دەستەبەر بکا و چەک و پێداویستی دیکەمان بداتێ. دوای بەڕێزیان حاجی بابەشێخ لە شوێنی خۆی هەستا و زۆر توندو تیژتر لە قازی سەبارەت بە سەربەخۆیی گەلی کورد نوتقی کرد. هەڵبەت حاجی بابەشێخ بە زمانی ترکی عوسمانی دەدوا و بەرپرسانی ئازەربایجانی شووڕەوی بە تەواوی لێی تێدەگەیشتن. لە ماوەی ئەو قسانەدا جەعفەر باقرۆڤ هەر چاوی لە عەلیاغا دەکرد و کاتێک قسەکان تەواو بوو لە عەلیاغای پرسی: بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەم قسانەی ئەو ئاغایانە چییە؟ عەلیاغا لە وڵام دا گوتی: بەندە کوردم و پێشکەوتن و بەرەوژوورچوونی خەڵکی کورد لە قووڵایی دڵەوە بە ئاوات دەخوازم، ئەو بابەتە دەبێ لەگەڵ هەموو کوردەکان بهێندرێتە گۆڕێ و فەرمایشتی ئەو ئاغایانە بێ ڕاوێژ لە گەڵ کوردەکانی دیکەیە و پەلەی لێ دەکەن. بەڵام گەلۆ بۆچوونی جەنابی سەرۆک کۆمار سەبارەت بە قسەی ئەو ئاغایانە چییە؟ ئاگادار بوون لە بۆچوونی ئێوە ئەوپەڕی گرینگی هەیە بۆ ئێمە.میرجەعفەر باقرۆڤ بە پێکەنینەوە وڵامی داوە: ئێمە ئامادەین بۆ پشتیوانی و یارمەتی دانی گەلی کورد و مەئموورانی ئێمە لە ویلایەتی خۆتان لە وردە ڕیشاڵی ئەوە ئاگادارتان دەکەنەوە. دوای کۆتایی هاتنی باسەکە و تەواو بوونی کاتی چاوپێکەوتن میوانەکان هەستان و جارێکی دیکەش جەعفەر باقرۆڤ تا سەر پلیکانان هات و میوانەکانی بەڕێ کرد و دوای دەست لێدانەوە و ماڵاوایی خواستن هەموو میوانەکان گەڕانەوە شوێنی دابەزینی خۆیان لە هۆتێل. لەو تاریخەوە ئیدی ڕووسەکان لە عەلیاغا دڕدۆنگ بوون. لەو ماوەیە دا کوردەکان سەریان لە کێڵگە و هێندێک فابریک و شوێنی دیتنی، تیاتور و بازاڕ دا...

دوای ماوەیەک میوانان هەر بەو ڕێیەیدا کە هاتبوون، گەڕانەوە و بە گەیشتنی دەروازەی میاندواو دیتمان نزیک هەزار سوارەی عەشیرەتە کوردەکان لە مهابادەوە هاتوون بۆ پێشوازی و ئەو ئەژمارە لە پێش ماشێنەکانەوە بە رەو مهاباد وەڕێ کەوتن. هەر کە گەیشتینە کەڵکی بەگزادان تەقریبەن هەموو خەڵکی مهاباد بە پیلەوە هاتبوون و تا ئەو دەمی مهاباد قەت پێشوازییەکی ئەوتۆی بە خۆییەوە نەدیبوو. هاتنەوەی ئاغایان بۆ شاری مهاباد بیستەمی

سەرماوەزی ساڵی ۱۳۲۰ی هەتاوی بوو. لە بەر ئەوەی عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد لایەنگری دەوڵەت [ی ئێران] و دژی ڕووسەکان بوو، قازی دژایەتی لە گەڵ دەکرد و لە بەر دژایەتی لە گەڵ عەلیاغا ئەو یەکێتییەی کە ڕووسەکان چاوە ڕوان بوون لە نێو کوردەکانداسازبێ، ساز نەبوو...

**تێبینی**: ئەو بابەتەی سەرەوە بە سپاسەوە لە کتێبی بە نرخی سەید محەممەدی سەمەدی "نگاهی بە تاریخ مهاباد" ل. ۱۵۳ ، ۱۵٤ ، ۱۵۵ ، ۱۵٦ وەرگیراوە و وەرگێردراوە.

* ئیگلتن لە کتێبەکەی دا دەڵێ لەو سەفەرەدا عەلی هومامی قازی (کوڕی ڕەش) تاقە کوڕی قازی محەمەدیش لەگەڵ بووە

٥ی خاکەلێوەی ۱۳۸۷ = ۲٤ی مارچی ۲۰۰۸

## خوێندکارانی کورد لە تەورێز



**سەیفەخانی میرموکری (سەیفە خانی مەجیدخانی قەرەوێران) یەک لە خوێندکارە کوردەکان لە مەدرەسەی نێزامی تەورێز**

**کۆماری کوردستان جگە لە ناردنی ژمارەیەک لە جەوانان بۆ خوێندن و پەروەردەی نیزامی لە ئازەربایجانی شوورەوی، ژمارەیەک خوێندکاریشی بۆ پەروەردە ناردە تەورێز پێتەخی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان. لەو سەرچاوە نووسراونەیدا سەبارەت بە مێژووی کۆمار بەدەستەوەن کەم باسی ئەو خوێندکارانە کراوە. سەیفە خانی میرموکری، سولەیمانی موعینی لەو کەسانە بوون کە لە سەردەمی کۆمار دا لە لایەن کۆماری کوردستانەوە ناردراونە تەورێز. بەڕێز مەنافی کەریمی وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ گۆڤاری ڕوانگە [ژمارەی ١٥، ژوویيەی ٢٠٠٣] دەڵێ: ژمارەی ئەو خوێندکارانەی بۆ خوێندن ناردرانە تەورێز ٤٠ کەس بوون.**

**تێبینی: سپاس بۆ ئەو خوێنەرەوەیەی ئەم وێنەیەی بۆ ناردووین.**

**٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٣ی مارچی ٢٠٠٨**

**ناودار ٢ غەنی بلووریان لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ،هاوینی ١٩٤٦ی هەتاوی**



غەنی بلوویان بەر لەوەی لە گەڵ لاوانی دیکەی کورد لە لایەن کۆمارەوە بۆ پەروەردە بنێردرێتە ئازەربایجانی شوورەوی لە ژمارەی ٢٦ی ڕۆژنامەی کوردستان دا، دووشەمۆ ٢٧ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٨ی مارسی ١٩٤٦نووسینێکی لە ژێر سەردێڕی "ئازادی" بڵاو کردووەتەوە.

"ئازادی، ئازادی چەند لکێکی هەیە:

١- ئازادیی وەڵات
٢- ئازادیی قەڵەم
٣- ئازادیی زمان
٤- ئازادی عەقیدە
٥- ئازادیی بیر. ئازادی وەڵات ئەوەیە کە خاک و بادی کوردەواری لە ژێر پەنجەی بەلەوەزان ڕزگار و لە وجوودی نەحسی وانی پاک کەینەوە بۆ خۆمان تەسەلوتمان بە سەر وڵات دا هەبێ. ئازادیی قەڵەم یانی لەناو میللەت دا هەر نەتەوەیەک بتوانێ هەر چەشنە شتێ کە بە نەفعی وەڵات بێ یانی نەفعی وەڵاتی تێدابێت بینووسێ. ئازادیی

زمان ئەوەیە شەخس دەتوانێ ئامانجی دڵی خۆی بە ناو ویلاتا بڵاو کاتەوە،بە هەموو چەشنێک بۆ تەرەقی میللەت و وڵات بدوێ. ئازادیی بیر، پیاو موختارە بیری خۆی چ بە قەڵەم،چ بە زمان بڵاو کاتەوە بەڵکە میللەت ئیستیفادی لێ بکات. ئازادیی عەقیدە، شەخس دەتوانێ لە بارەی هەموو کار و بارێکا عوقیدەی خۆی بێ پەروا بە ناو میللەتا بڵاو کاتەوە بە شەرتێک زەرەری بۆ وەڵات و میللەت تیا نەبێ.

لەوانەی لە سەرەوە عەرز کرا هەموو بەری داری ئازادین. لە ناو میللەتێکا لەم چەشنە ئازادییە هەبێ، بەو میللەتە دەڵێن خاوەنی مەسلەکی دێمۆکڕاسین. ئەمڕۆ نەتەوەی کوردلە سەمەری دێمۆکڕاسی بەهرە وەردەگرن.

هیوام وایە کە لە ژێر ڕا و تەدبیری پێشەوای خۆمان بتوانین بەو ئازادییە کە دەستمان کەوتووە زیاتر لەوەی کە پەرەی پێبدەین وە براکانی ترمان ئازاد کەین.

غەنی بلووریان"

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "ئاڵەکۆک،بەسەرهاتەکانی ژیانم،غەنی بلووریان، چاپخانەی فورفاتارێس بووک مەشین، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧" وەرگیراوە.

٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٢ی مارچی ٢٠٠٨

## سەرووەر(سەربەرز) ڕەحیمی سەیفی قازی لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ هاوینی ١٩٤٦ی هەتاوی



ڕەحیمی سەیفی قازی بەر لەوەی بۆ خوێندن بنێردرێتە باکۆ بە پێی حوکمێک لە "تەڕەف وەزیری هێزی جمهوورییەتی کوردستان و بە ئیمزای سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە"[ی ڕوانە بەشەکانی پێشووتر] دەرەجەی "سەووەر"ی دەدرێتە و دەکرێ بە فەرماندەی چلی ٢، لە پۆلی ٣ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ڕەحیمی سەیفی قازی لە پەیامێکدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ژمارە: ٩، شەمۆ ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی = ٢ی فێورییەی ١٩٤٦ دا بڵاو کراوەتەوە دەنووسێ:

" سڵاو لەتۆ ئەی کوردستان

ساڵەهایە کە تەواوی نەتەوەی کورد چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژە بوو کە خەت و زبانی شیرینی کوردی لە لاپەڕەی ڕۆژنامە چاو پێ بکەوێ، وە ئەمن کە یێکێکم لە پێش مەرگەکانی مهاباد ئەووەڵ ڕۆژ کە چاوم بە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی

کوردوستان کەوت چاوم ڕوون بۆ وە وە سوپاسی خودای بەرز و بێ هاوتا ئەکەم کە چرای کوردان هەڵ کراوە،ئێستا دەتوانن بە زمانی کوردی ڕۆژنامە و گۆوار لە تەواوی دونیا دا بڵاو بکەنەوە،بە تەواوی دنیا ڕابگەیێنن کە کورد لایقی ژیانە و لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانێ لە گەورەترین نەتەوەی دنیا حیساب بکرێ و بە دڵێکی بەهێز دەڵێم خودایا هەتا ڕۆژ لە ڕۆژهەڵات سەر وەدەر دەنێ وە لە ڕۆژئاوا ئاوا دەبێ چرای کوردان ڕووناک کەیەوە وە ئاڵای موقەدەسی کوردان سەربڵند کەی. وەک شاعیری بە ناوبانگ دەفەرموێ:

چەند خۆشە ئەو دەورە بۆ دینی محەمەدی، بژی دەوڵەتی کوردی ڕەبی تا دەورەی مەهدی.


لە پاش ئیحساساتێکی زۆر بە دەنگێکی بەرز دەڵێم: بژی بە ژیانێکی بە ئەبەد ڕەئیس جمهوری کوردوستان و پایەدار بێ هێزی کوردوستان.

پێش مەرگە ڕەحیمی سەیفی قازی"

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش، گردآوری و ترجمه محمدرضا سیف قاضی، تهران: نشر آنا، ۱۳۸۰، چاپ دوم" وەرگیراوە.ئەگەرچی لەو بەڵگە ڕەسمییەی وەزارەتی هێزی جمهووریيەتی کوردستان دا دەرەجەی ڕەحیمی سەیفی قازی وەک (سەرور )نووسراوە کە لە پلەی نیزامی جمهوری کوردستاندا هاوتای "سەرتیپ"ی ئەرتەشی ئێران بووە، بەڵام لەوەدا دەبێ لە بەر بێدیقەتی لە گەڵ سەربەرز کە هاوتای پلەی "سەروان" بووە تاق و جووت کرابێ. بۆیە لە سەر باسەکەدا وشەی "سەربەرز" خراوەتە نێو دوو کەوان، کە وێدەچێ ئەوەیان دروستتر بێ.

٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٢ی مارچی ٢٠٠٨

## وێنەی کاپیتان سەید عەزیزی شەمزینی و چەند خوێندکاری کوردی دیکە لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ



وێنەیەکی دیکەی هێندێک لە خوێندکارانی کورد لە مەدرەسەی نیزامی باکۆئەم وێنەیە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦ دا هەڵگیراوە.

**ئەوانەی تا ئێستا ناسراونەتەوە:** ڕیزی دوویەم لە ڕاستەوە بۆچەپ: نەفەری سێیەم مەجیدی وەلیزادە، نەفەری چوارەم سەیدعەزیزی شەمزینی، نەفەری پێنجەم عەلی گەلاوێژ، نەفەری شەشەم قادری مەحموود زادە تکایە حەول بدەن بۆ ناسینەوەی ئەوانی دیش.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: "نگاهی بە تاریخ مهاباد، سەید محەمەدی سەمەدی" وەرگیراوە لە نێو ئەو خوێندکارانەی وا لەلایەن کۆماری کوردستانەوە نێردران بۆ ئازەربایجانی شوورەوی، هەر سەید عەزیزی شەمزینی پەروەردەی فەرمی نیزامی هەبوو و لە ئەرتەشی عێراق لە ساڵی ١٩٤٣ پلەی "کاپیتان" ی وەرگرتبوو. لە ساڵی ١٩٤٥ ئەرتەشی عێراقی بە تەواوی بە جێهێشت و لە تەک ئەفسەرە کوردە کانی دیکەی ئەندامی "حیزبی هیوا" لە گەڵ بزووتنەوەی بارزانی کەوت. سەید عەزیز و زۆر لە ئەفسەرە کوردەکانی دیکە دوای هێرشی بەربلاوی حکوومەتی عێراق بۆ سەر بزووتنەوەی بارزان ناچار مان بەرەو ڕۆژهەلاتی کوردستان پاشە کشە بکەن و دوای ماوەیەکی کورت لە گەڵ کۆماری کوردستان کەوتن. مەلا مستەفای بارزانی، هێزی بارزانیان و ئەفسەرانی وەکوو میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی، مستەفا خۆشناو،بەکر عەبدولکەریم و عێزەت عەبدولعەزیز دەورێکی گرینگیان هەبوو لە

بواری ڕێکخستنی نیزامی و بەرەکانی شەڕی هەمبەر حکوومەتی ناوەندی ئێران.

لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار سەید عەزیزی شەمزینی یەک لەو کەسانە بوو لە مەیدانی چوارچرا قسەیان کرد. سەید عەزیز لەداخوازینامەیەک دا کە دواتر بۆ وەرگرتن لە خوێندنگەی بەرزی سیاسی بۆ کاربەدستانی شووڕەوی بەرز کردووەتەوە دەڵێ لە ٢٠ - ٨ - ١٣٢٤ی هەتاوی لە گەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان (کۆماری کوردستان) کەوتووە.

چەند مانگ بەرلەوەی کە سەید عەزیز لە گەڵ خوێندکارانی دیکە بچێ بۆ باکۆ لە جێژنێک دا کە بە "شانازی پێشەوای کوردستان" لە لایەن باوکی سەید عەبدوڵا ئەفەندی لە ٩ - ١١ - ١٣٢٤ی هەتاوی ڕێک خراوە ئەم پەیامەی خوارەوەی خوێندووەتەوە.

" کوردستان، ژمارە: ٢٥ یەکشەمۆ ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٧ی مارسی ١٩٤٦ لە ڕۆژی ٩ - ١١ - ١٣٢٤ ساتی ٢ی پاش نیوەڕۆ دا لە لایەن ئاغای حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی جێژنێکی زۆر جوان بە شانازی پێشەوای کوردستان گیرا. پاش وتارێکی زۆر لە لایەن برایانەوە سەید عەبدولعەزیز ئەم وتارەی خوێندەوە:

## تەبریکی خانەدانی نەهری

خانەوادەی نەهەری بە گەورە و پچووک و ژن و پیاو و کچ و کوڕیانەوە تەبریکی ئەو ڕۆژە موقەددەس و موبارەکە لە پێشەوای کوردستان و لە هەموو برا کوردێک دەکەن.

تاریخ شاهیدە کە خانەوادەی نەهری لە ڕێی ئازادیی کورد دا چەند شوهەدای قوربانی داوە و بە بێ حیساب بە ماڵ و سەر و ڕوح و گیان هیچ جۆرە قسوورێکی نەکردووە و نایکا.روحی ئەو شەهیدانەش کە لەم ڕێگایەدا فیداکاریان کردووە و شەهید کراون و بە ئاواتی ئازادی نەگەیشتوون، ئێستاکە لە ئێمەمانان شادتر و مەسرووورترن و تێ گەیشتن کە خوێنی ئەوان بە خۆڕایی نەڕێژرا و نەتەوەی ئەوان بەو ئاواتە موقەددەسە نائیل بوون و دەبێ بزانین کە ئەو ڕوحە پاکانەش تەبریکی ئەو جێژنە موقەددەسە لە هەموو برا کوردێکی دەکەن.

لە بەر ئەوە هەر یەک لە خانەواسەی نەهری بە گەورە و پچووکیانەوە ڕجا لە هەموو برا کوردێک دەکەن کە لەمەودوا پێویستە هەموو میللەتی کورد لە ڕێی ئازادیی کوردستانی گەورە دا یەکدڵ و موتەحید و جانفیدا بن و بە هۆی عەزم و برایەتی و یەکیەتی و هێز و هیممەتی خۆیان ئامادە بن کە خوێنی گەشی خۆیان بڕێژن بۆ ئەوەی ئەو برا کوردە ئەسیرانەی دییان کە لە ژێر زنجیری ئیستیعمار و ئەسارەت دەناڵێنن دەرێنن و لە دوایی دا لە

خواش دەپاڕێینەوە کە خوای عەزە وەجەل بە گەورەیی و عەزەمەتی خۆی حەزرەتی قـازی محەمەد پێشـەوای کـورد پایەدار کا کە بتوانێ ئەو ڕەسالەتە موقەددەسە گەورەیە بە جێ بێنێ و بەرقەراری کا.
و ئێمەش هەر فەردێک لە خانەوادی نەهری حازر و ئامادەن بە ڕوح و گیان و بە ماڵ، بە ڕوحێکی زۆر پڕ ئیخلاس و فەداکارانە لەو ڕێیە دا خزمەت بکەن.

ئیتر هەر بژی کوردستانی گەورە و حەزرەتی پێشەوای کورد قازی محەمەد."

٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٢ی مارچی ٢٠٠٨

## ناساندنی هێندێک لەو خوێندکارانەی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە نێردرانە ئازەربایجانی شووڕەوی




بـە یارمـەتی ڕێـزدار محەمـەدی ڕەیـانی [کـە بۆخـۆی یـە کێـک لـەو خوێندکارانـە بـووە کـە کۆمـاری کوردسـتان بـۆ پەروەردەی نیزامی ناردنی بۆ باکۆ ] و مامۆستا حەسەن سۆران بەشێک لەو خوێندکارانەی لەم وێنەیە دا دەبیندرێن ناسرانەوە. ڕەییانی بە پێچەوانەی ئەو ژمارەی بلووریان لە کتێبەکەیدا باسی کردووە ژمارەی خوێندکارەکان بـە ٦٠ کەس [هەر ئەو ژمارەیەی کە ئیگلتن یش گوتوویە] دادەنێ و دەڵێ "وێنەی کالیجی نیزامی بـاکۆ لـە سـاڵی ١٣٢٥ی هەتاوی. کەسی هەشتەم لە ڕاستەوە محەمەدی ڕەیانی - گشت خوێنـدکارەکان ژمارەیـان ٦٠ کـەس بـوو کـە نـاردران. وێنەکە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦ هەڵگیراوە"

ڕیزی یەکەم [ئەوانەی بە پێوە ڕاوەستاون]، لە لای چەپەوە بۆ ڕاست:

١- غەنی بلووریان، ٢- عەبدولفەتاحی قازی [کاکاغا]، ٣- .... بلووریان ٤- . مکایلی، ٥- مووساخانی زەرزا ٦- سەید مووسای گەیلانی زادە ٧- قادری مەحموود زادە ٨- محەمەدی ڕەییانی ٩- سەید باباجانی ١٠- ... ؟، ١١- ..... ؟، ١٢- ... عەبدولاهی ١٣- ئەحمەدی فاتیحی ١٤- ..... ؟ ، ١٥- ... ؟، ١٦- ... ؟ ،١٧- مەجیدی ولیزادە، ١٨- حەبیبولای قاسملوو، ١٩- ....؟، ٣٠- ..... ؟

**ڕیزی دوویەم: [ئەوانەی دانیشتوون]، لە لای چەپەوە بۆ ڕاست:**

٢٥- حەسەنی حیسامی ٢٦- سەید عەزیزی شەمزینی ٢٧- ؟، ٢٨- حوسێنی فەتاحی قازی (ماموسێن)

**ڕیزی سێیەم: لە لای چەپەوە بۆ ڕاست:**

٢٢- ؟، ٢٤، ؟ ٣٢ ؟، ٣٤- قادری مرادیان، ٣٥- ؟، ٣٦- ؟ ، ٣٧- ؟، ٢٩- ؟ ،

**ڕیزی چوارەم: لە لای چەپەوە بۆ ڕاست:**

٢١- ؟ ، ٢٣- ڕەحیمی شێرزاد [برازای عەلی بەگی یەکشەوە]، ٣٣- قادری حەمیدی،٤١- ؟ ، ٤٢- ڕەحمانی قازی، ٤٣- خەلیلی سەدیقی، ٣٨- ؟، ٣٩- عەبدولای حیسامی [کوڕی حاجی حەمەداغای شێخاڵی]

**ڕیزی پێنجەم [ئەوانەی لە پێشەوە دانیشتوون] لە لای چەپەوە بۆ ڕاست:**
٢٠- محەمەدی سەدیقی،٣١- .... باباجانی .؟؟ ، ٤٠- قادری ڕیحانی، ٤٤- .... کەریمی، ٤٥- ڕەسووڵی ڕەسووڵی [ڕەسووڵ ئاغای قۆرغان] ؟، ٤٦- کەریمی مەنسووری قازی، ٤٧- حەسەنی قازی ، ٤٨- ؟

ئەوانەی وا نەناسراونەوە و دەبێ لەم وێنەتە دا بن: ڕەحمانی گەرمیانی [ڕەحمانی حاجی باغر]، مستەفای سەڵماسی [شەڵماشی]، عەلی گەلاوێژ، ڕەحمانی حەلەوی؟، سەید کەریمی ئەیوبی، خوسرەوەی زولفەقاری، ئیبراهیمیان؟، سوڵتانی وەتەمیشی؟، فەیزولابەگی و..... ئەمن پێم وانییە ڕەحیمی سەیفی قازی [ڕەحیمی قازی] لەم وێنەیە دا هەبێ، ئەگەرچی ڕێزدار ڕەییانی کەسی ژمارە ٢٧ی بەو داناوە.

تکایە ئێوەش بە پرس و ڕا لە گەڵ کۆنەسالان یارمەتی بکەن بۆ ناسینەوەی ئەو کەسانەی لەم وێنەیە دا نەناسراونەوە و ساخکردنەوەی ناوی گشت خوێندکارەکان.

سپاس بۆ بەڕێز "کەماڵ" بۆ ناسینەوەی ڕەسووڵی ڕەسووڵی و عەبدولای حیسامی.

٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٢ی مارچی ٢٠٠٨

## خوێندکارانی کورد لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ



ویلیام ئیگلتنی کوڕ لە کتێبەکەی دا "کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦" سەبارەت بە ناردنی خوێندکارانی کورد بۆ ئازەربایجانی شووڕەوی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە دەنووسێ: "لە کۆتاییەکانی مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦، ٤٠ خوێندکار بە خەرجی خۆیان ناردرانە تەورێزێ و، پازدە ڕۆژ دواتر بیست خوێندکاری دیکەشیان لە گەڵ کەوت. لەوێوە ڕووسەکان بەرپرسیارەتی بردنی لاوەکانیان بۆ باکۆ وەئەستۆ گرت و بە قەتار بردیانن بۆ کالیجی نیزامی لە باکۆ، لەڕاستیدا نێوەرۆکی پەروەردەیەی ئەو کالیجە لە ئاستی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دا بوو لە گەڵ مەشقی نیزامی. بەڕێوەبەر و فەرماندەکەی کەسێک بوو بە ناوی ژەنەراڵ مالچانۆڤ و بەرپرس و چاوەدێری خوێندکارە کوردەکانیش کۆلۆنێل حوسێن حاجیۆڤ بوو، لەوێ یونیفۆرمیان دا بە خوێندکارەکان و بە پێی ئیستیعداد و تواناییان لە پۆلی جیاواز دایاننان. هەموو خەرج و مخاریجیان دەکێشرا و تەنانەت جیرەی زیادیشیان دەدرایە. ڕاستەو ڕاست بە کۆمۆنیزم تەلقینیان دانەدەدان بەڵام باسی دەستکەوتەکانی یەکێتی شووڕەوی و مێهر و خۆشەویستی ستالین بۆ کوردەکان بەشێک لە جەمە خوێندنی ڕۆژانە بوو.بیروڕای ناسیونالیستی و نەتەوەخوازی کوردیش بە دەرس دەگوترا‌وە. ئەگەرچی لاوە کوردەکان تێکەڵاوییەکی باشیان لە گەڵ ئازەربایجانییەکانی خانەخوێ لە باکۆ هەبوو، بەڵام دوژمنایەتییەکی نەریتی، پێوەندیی دۆستانەی ئەوانی لە گەڵ ٢٥٠ خوێندکاری کە لە ئازەربایجانی ئێرانەوە ناردرابوون کەمتر دەکردەوە".

کۆماری کوردستان لە پلانی دابووە کە خوێندکاری دیکەش بۆ پەروەردە بنێرێتە شووڕەوی.ئیگلتن دەڵێ جگە لەو ٦٠ خوێندکارە، ٣ خوێندکاری دیکە ڕەحمانی حەلەوی، مستەفای شەڵماشی و خوسرەوی زولفەقاری بە کەلک وەرگرتن لەو بورسەی کە زانکۆی باکو دابووی بە حکوومەتی کوردستان، لەوێ دەستیان بە خوێندن کرد.

غەنی بلووریان کە یەکێک لەو خوێندکارانەی بووە کە کۆماری کوردستان ناردنی بۆ باکۆ لە کتێبی بەسەرهاتەکانی ژیانی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ: "ئێمە کوردەکان ٥٠ کەس بووین و ئازەربایجانییەکان سێسەدوپەنجا کەس.... بەتەواوی تواناوە هەوڵمان دەدا دەرسەکانمان باش بخوێنین و فێریان ببین. هەر سی کەسەی لە یەکانێک دا بووین و سێ ئەفسەریشیان بۆ دیاری کردبووین، کە مەشقی سەربازی و چەک ناسی، تاکتیکی شەڕ، تێئۆری و سیاسەتمان فێر کەن. بەرە بەرە دەرسەکانمان تەواو بوون و لە ئاخرین تاقیکردنەوەکان تێپەڕین و لیباسی ئەفسەریمان وەرگرت. لیباسەکان بە چەشنی بەرگی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوون. گشتمان بووین بە ئەفسەر و ئەستێرەیەکیان داینێ، کە لە سەر شانمانی بدروین و بە گوتنی ڕووسەکان بووین بە ملاتشی لیوتێنانت.

[ئاڵەکۆک، ل. ٦٦ ، ٦٧]

محەممەدی ڕەبیانی کە یەکێکی دیکە بووە لەو خوێندکارانەی نێرداوە بۆ باکۆ دەڵێ ژمارەی خوێندکارەکان ٦٠ کەس بوون.
مەنافی کەریمی یەک لە بەرپرسانی پایە بەرزی کۆمار لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ ژمارەی ئەو خوێندکارانەی بۆ پەروەردە نێردرانە باکۆ ٦٠ کەس بوون.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "اسرار محاکمە قاضی محمد و یارانش، گردآوری و ترجمە محمدرضا سیف قاضی، چاپ دوم" وەرگیراوە. نوسخەیەکیشمان بە سپاسەوە لە لایەن مامۆستا حەسەن سۆرانەوە پێگەیشتووە.

٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٢ی مارچی ٢٠٠٨

## ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری کیسلۆڤۆدسک لە باکووری قەفقاز




ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە شاری ئاوی مەعدەنی کیسلۆڤۆدسک،ئەم وێنەیە لە دوایین سەفەری سەیفی قازی بۆ شووڕەوی هەڵگیراوە. بە پێی نووسینی ئیگلتن دوایین سەفەری سەیفی قازی بۆ باکۆ لە مانگی نۆڤامبری ساڵی ١٩٤٦ دا بووە. نەمر ڕیحمان حەلەوی لە بیرەوەرییەکانی دا باسی هاتنی سەیفی قازی بۆ باکۆ و لەوێوە چوونی بۆ شاری کیسلۆڤدسک دەکا کە بە پێێ ئامۆژگاری دوکتوران بۆ کەلک وەرگرتن لە ئاوی مەعدەنی چووەتە وێندەرێ. لە سەر وێنەکە بە ڕووسی نووسراوە کیسلۆڤدسک ٣٠ - ٩ - ١٩٤٦.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوەلە گۆڤاری مهاباد ژمارەی ٥٨، بەفرانباری ١٣٨٤ وەرگیراوە، بەڵام ئەو زانیارییەی لە مەڕ وێنەکە نووسراوە "حەمە حوسێن خان سەیفی قازی، حەمەدی مەولوودی لە ئاخرین سەفەری باکۆ دا" ڕاست نییە، چونکوو حەمەدی مەولوودی ئەو دەمی لە شووڕەوی نەبووە و زۆر دوای هەڵوەشانی کۆمار چووتە باکۆ.

٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٢ی مارچی ٢٠٠٨

## باسی سەردانی مهاباد لە زمان قەدری جەمیل پاشا خۆیەوە



سەفەری قەدری جەمیل پاشا بۆ مهاباد و سەردانی کۆماری کوردستان

قەدری جەمیل پاشا لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا [ دۆزی کوردستان] بە ناوی خواستەمەنی زنار سلۆپی کە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٩بە زمانی ترکی لە بەیرووت بڵاو بووەتەوە، باسی سەفەری خۆی بۆ مهاباد و دیدار لە گەڵ پێشەوا قازی محمەد و کاربەدەستانی کۆمار دەکا. ئەو دەنووسێ دوای هەشت ڕۆژبە سواری وڵاغ و بە پێیان بەڕێگەی سلێمانیدا خۆی گەیاندووەتە ناوچەی بەردەستی هێزی کوردستان لە بۆکان، لە وێ چووەتە لای پۆدپۆڵکۆڤنیک مستەفا خۆشناو و، ئەو لە گەڵ خۆیدا بردوویەتە سەردانی جەبهەی هەمبەر هێزە ئێرانییەکان، پاشان بە یەکەوە بە ئۆتۆمۆبیل چوون بۆ مهاباد بۆ دیدەنی پێشەوا قازی محەمەد.

قەدری جەمیل پاشادوای حەسانەوە دەچێتە دیداری پێشەوا،لە دیتنی پێشەوا زۆر خۆشحاڵ دەبێ. بۆ بەیانییەکەی ڕا بە یەکەوە نانی نیوەڕۆ دەخۆن، باسی وەزعی کوردان لە سوورییە و ترکییە دەکەن.

قەدری بەگ لە بەردەوامی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان لە مهاباد دێتە سەرباسی ئاڵای کوردستان لە کاتی کۆمار دا و ئەو ئاڵایە دەناسێنێ.

سەرچاوە
Serchawe

قەدری جەمیل پاشا لە دۆزی کوردستاندا، باس دەکا دوای ڕاوێژ و مەسڵەحەت لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد بڕیار دەدا بۆ پێوەندی لە گەڵ سۆڤێتییەکان بچێتە تەورێزێ. پێشەوا دەینێرێتە لای سەرۆکی نەخۆشخانەی شووڕەوی لە تەورێز .جەمیل پاشا دەڵێ نێوی ئەو دوکتورەی لەوێ چاوم پێی کەوت وەبیرم نایە، بەڵام دەڵێ زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم و زۆرم لە گەڵ بە محەبەت بوو. ئەو دوکتورە دەبێ دوکتور سەمەدۆف سەرۆکی نەخۆشخانەی شووڕەوی بووبێ لە تەورێز کە جۆرە پێوەندیکارێک بووە لە نێوان کوردەکان و کاربەدەستانی شووڕەوی دا ،وەزیری هێزی دێموکراتی کوردستان محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لەڕۆژنامەی کوردستان دا [ژمارە ٧٦ و ٧٩] دوو نووسراوەی بە کوردی و فارسی سەبارەت بە خزمەتی سەمەدۆف بە کوردان بڵاو کردووەتەوە.

قەدری جەمیل پاشا بە سەمەدۆف دەڵێ پێی خۆشە چاوی بە کۆنسوولی شووڕەوی بکەوێ. ئەو بۆ سبەێنێ ڕا کۆسوول دەیبینێ، داوا لە کۆنسوول دەکا ڕێگای بدەنێ [ڤیزای بدەنێ] بچێتە سەردانی کوردەکانی شووڕەوی لە ئەرمەنستان. کۆنسوول لێی دەپرسێ گەلۆ پاسپۆرتی هەیە یان نا؟ ئەویش وڵامی دەداتەوە بەڵێ هەیەتی و کۆنسوول پێی دەڵێ کەوایە دەبێ کاربەدەستانی ئێران بە ڕەسمی ئاگادار بکرێن. قەدری بەگ لە دڵی خۆی دا دەڵێ ئەمن بە قاچاغ هاتووم بۆ سەردانی جمهووری کوردستان و ناکرێ لای ئێرانییەکان خۆم ئاشکرا کەم و ئیتر ئەو داوایە ناهێنێتەوە گۆڕێ.

قەدری جەمیل پاشا دەڵێ بە سەریەکەوە نزیک حەوتوویەک لە مهاباد بووە. نێوبراو لە کتێبەکەیدا دەقی ئەو داوخوازینامەیەی کە وەکوو نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردی سوورییە، بە ئیمزای زنار سلۆپی پێشکێشی پێشەوا قازی محەمەدی کردووە بڵاو کردووەتەوە. ئەو داوخوازینامەیە تەئریخی ٢١ ئەیلوول ی ١٩٤٦ واتە ٢١ی سێپتامبری ١٩٤٦ی پێوەیە. بە وەڕا دەردەکەوێ قەدری جەمیل پاشا بە ئیحتیمالی زۆر لە نێوان ١٣ و ٢١ی سێپتامبری ١٩٤٦ واتە ٢١ی خەرمانان تا ٢٨ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی لە مهاباد بووە. جێی ئاماژە پێکردنە کە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بڵاوکەرەوەی بیری کۆماری کوردستان لە ژمارەی ٩٢ ی خۆیدا [پێنجشەمۆ ١١ی ڕەزبەری ١٣٢٥ی هەتاوی = ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦] بابەتێکی سەبارەت بە ژیان و تێکۆشانی سیاسی قەدری جەمیل پاشا لە ژێر سەردێری "قەدری بەگ جەمیل پاشا، پیاوێکی نیشتمانپەروەری کورد" بڵاو کردووەتەوە، بەڵام هیچ باسی سەردان و سەفەری بۆ مهاباد ناکا و وێدەچێ ئەو بێدەنگی لێ ڕاکردنە لە مەڕ هاتنی بۆ مهاباد لە بەر بارودۆخی سیاسی ڕۆژ بووبێ.

قەدری جەمیل پاش لە کاتی سەردانی لە تەورێز باش ورو یەکی [داخوازینامە] ڕووەو ستالین بە نوێنەرایەتی کوردی ترکییە و سوورییە نووسیوە و داویە بە کاربەدستانی شووڕەوی لە تەورێز کە ئیمزای ٢٠ی ئەیلوول واتە ٢٠ی سێپتامبری ١٩٤٦ی پێوەیە.

قەدری جەمیل پاشا ئاڵای دەوڵەتی جمهوری کوردستان ئاوا دەناسێنێ:

"حکوومەتی جمهووریيەتی کوردستان لە سابڵاغ ، ئەو ئاڵایەی وا " کورد تەشکیلاتی ئیجتیماعییە جەمعییەتی" - کە لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەنبوول پێک هاتبوو- وەک ئاڵای ڕەسمی کوردستان قەبووڵ و ئیعلان کردبوو، بە هێندێک ئاڵو گۆڕەوە پەسند کرد بوو . بە دەوری ڕۆژە کەدا کە لە نێوەڕاست ڕەنگە سپییەکەی دابوو ، دوو گوڵە گەنم کە قەڵەمێکیان دەنێوان دا بوو وسەریان دەگەیشتەوە یەک و لە سەرەوە یان نووسرابوو دەوڵەتی جمهوری کوردستان" بەرچاو دەکەوت.

چەند وێنە لەو سەفەرەی قەدری جەمیل پاشا بۆ مهاباد و چاوپێکەوتنی لەگەڵ پێشەوا، مەنافی کەریمی، عەبدولرەحمانی زەبیحی، مەلا مستەفای بارزانی، مستەفا خۆشناو و کاربەدەستانی دیکەی کۆمار لە زۆر کتێب و سەرچاوەی لەمەڕ مێژووی کۆماری کوردستاندا چاپ کراون. ئێستا بە خۆشییەوە ڕەنگە بۆ جاری یەکەم بێ کە بە پشت بەستن بە نووسینی قەدری بەگ خۆی، ڕێکەوتی هەڵگرتنی وێنەکان ساغ دەبێتەوە.

kadri Cemil Pasa( Zinar Silopi )
Doza Kurdistan(Kurdistan Davasi )
Beyrut 1969
لاپەڕە 170

٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢١ی مارچی ٢٠٠٨

## ڕێوڕەسمی ڕیژەی پێشمەرگەی هێزی ناوەندی بە فەرماندەیی سەرپۆلی ٢ ئیبراهیمی سەلاح لە بەرامبەر پێشەوا و قەدری بەگ [وێنەی ٤]





هۆی ئەوەی کە من دەڵێم ئەم وێنەیە لە کاتی سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد [١٣ - ٢١ی سێپتامبری ١٩٤٦] گیراوە ئەوەیە کە عەبدولڕەحمانی زەبیحی هەمان جلوبەرگی دەبەر دایە کە لەوێنەی ڕۆژی ١٤ی سێپتامبر دا دەیبینین.


ئەوانەی لە وێنە کە دا دەناسرێنەوە: فەرماندەی پۆلی ٣ی هێزی ناوەندی سەرپۆلی ٢ ئیبراهیمی سەلاح. لە نێو ئەوانەیدا وا سان دەبینن لە لای چەپەوە پێشەوا قازی محەمەد، قەدری جەمیل پاشا [!]، عەبدولرەحمانی زەبیحی، هێندێک ئەولاوەتر مایۆر جەعفەری کەریمی موعاوینی حەرەبی هێزی دیمۆکراتی کوردستان و ڕەشیدی خوسرەوی.

**تکایە یارمەتی بکەن بۆ دیاریکردن و ساخکردنەوەی بۆنەی هەڵگیرانی ئەم وێنەیە.**

**تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە دوو سەرچاوە، کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی، عەلی کەریمی" و ڕێزدار حەسەن سۆران وەرگیراوە کە بەداخەوە زانیاری سەرچاوەی دوویەم سەبارەت بە بۆنەی هەڵگیرانی ئە م وێنەیە ڕاست نییە.**

**١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٠ی مارچی ٢٠٠٨**

## ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانیان [وێنەی ٣]



**بە بەراورد کردنی ئەم وێنەیەی ژەنەڕاڵ مایۆر بارزانی لە گەڵ وێنەی بەکۆمەڵی پێشوو جوان دەردەکەوێ کەکاتی سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد، لەپێش یان بە دوای وێنەکەی دیکە دا هەڵگیراوە.**

**تێبینی:** ئەم وێنەیەش بە سپاسەوە لە کتێبی ئیگلتن، سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە

**١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٠ی مارچی ٢٠٠٨**

## سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد [وێنەی ٢]



**قەدری جەمیل پاشا لە نێوان ٢١ - ٢٨ ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی = ١٣ تا ٢١ ی سێپتامبری ١٩٤٦ی هەتاوی سەری لە مهاباد داوە، لەو وێنەیە دا لە گەڵ ژەنەڕاڵ مایۆر مەلا مستەفای بارزانی و هێندێک لە سەرکردە و فەرماندەکانی هێزی بارزانییان دەبینین.**

**لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- نەناسراو. ٢- مایۆر خەیروڵا عەبدولکەریم ٣- قەدری جەمیل پاشا نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردی سووریە ٤- ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانییان ٥- سەرپۆلی ٢ [پۆدپۆڵکۆڤنیک] عێزەت عەبدولعەزیز ٦- ئەنوەر دڵسۆز. نووسەرو بەرپرسی گومرک و دابەشکردنی خۆراک لە نەغەدە، ٧- سەرپۆلی ٢ [پۆدپۆڵکۆڤنیک] میرحاج ئەحمەد، فەرماندەی لکی ٢ی هێزی بارزانیان ٨- نە ناسراو. دانیشتووکان لە ڕاستەوە: وەهاب ئاغای محەممەد عەلی ئاغای جوندیانی موعاوینی لکی ٤ی هێزی بارزانیان، ٩- نەناسراو.**

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی ویلیام ئیگلتن ی کورِ " کۆماری کوردساڵی ١٩٤٦، چاپی ئاکسفۆرد یونیڤێرسیتی پرێس، ساڵی ١٩٦٣" وەرگیراوە.

١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٠ی مارچی ٢٠٠٨

## سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد



وەک پێشتر نووسیمان ئەو وێنەیە زۆر وێدەچێ رۆژی دووەمەی سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد واتە ٢٢ی خەرمانانی ١٣٢٥ = ١٤ی سێپتامبری ١٩٤٦ هەڵگیرابێ.

ریزی یەکەم دانیشتوان لە ڕاستەوە بۆچەپ: ١- خەلیلی خوسرەوی سەرۆکی کاری کوردستان ٢- عەبدولرەحمانی زەبیحی پشکن، نووسەری ئەنجومەنی رەوابیتی فەرهەنگی ئێران - شووروەوی، شۆعبەی کوردستان و کادری کۆماری کوردستان بۆ پێوەندی دیپلۆماتیک، ٣- قەدری جەمیل پاشا [زنار سلۆپی] نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردی سوورییە ٤- پێشەوا قازی محەمەد رەئیس جمهووری کوردستان ٥- غەنی خوسرەوی شارداری مهاباد، ٦- ..... ؟ ٧- مەنافی کەریمی ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و وەزیری فەرهەنگ.

ڕاوەستاوان لە ڕاستەوەبۆ چەپ: ١- پۆدپۆڵکۆڤنیک بەکر عەبدولکەریم حەوێزی فەرماندەی لکی ٣ی هێزی بارزانیان ٢- ڕەحمانی ئووەیسی، هەڵسوڕاوی یەکەتی جەوانانی کوردستان، کەفیلی ئیدارەی کاری کوردستان، ٣-

..... ؟ ، ٤- ..... ؟، ٥- مستەفای سوڵتانیان ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کۆماری کوردستان بۆ وتووێژ لە گەڵ تاران ٦- ..... ؟ ٧- عەزیزی مەنسووری قازی ئەفسەری کۆماری کوردستان ٨- وەهابی قازی ڕەئیسی ئیدارەی بارەبەری کوردستان ٩- عەلی خوسرەوی لە کادرە هەرەهەڵسووڕاوەکانی حکوومەتی کوردستان ١٠- مایۆر محەممەدئەمینی شەرەفی ڕەئیسی ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی هێزی کوردستان، ١١- دڵشادی ڕەسووڵی ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، موعاوین و بازرەسی کولی وەزارەتی ١٢- ڕەشیدی خوسرەوی ١٣- موهەندیس مەحموودی وەلیزادە وەزیری کەشاوەرزی کوردستان ١٤- پۆدپۆلکۆڤنیک مستەفا خۆشناو فەرماندە و سەرکردەی هێزی بارزانییان لە ئەحمەداوا.

تێبینی: ئەم نوسخە لەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: " ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمانی زەبیحی" ئامادە کردنی عەلی کەریمی، وەرگیراوە.

ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٠ی مارچی ٢٠٠٨

---

## ناساندنی قەدری جەمیل پاشا لە لایەن ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە

"کوردستان،ژمارە: ٩٢، پێنجشەمۆ ١١ی ڕەزبەری ١٣٢٥ = ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦

### قەدری بەگ جەمیل پاشا پیاوێکی نیشتمانپەروەری کورد

قەدری بەگ جەمیل پاشا لە بنەماڵێکی زۆر گەوەرەی کوردی دیاربەکرە.ئەو بنەماڵە تێگرا دەستێکی باڵایان بووە لە کاروباری کوردایەتی دا. قەدری بەگ لە ساڵی ١٨٩٢ی میلادی لە شاری دیاربەکر کە یەکێکە لە شارانی کوردستانی تورکیا لە دایک بووە. لە تەمەنی ١٦ ساڵی دا بۆ خوێندن چۆتە ئەستەمبوڵ کە ئەو دەمی پایتەختی حکومەتی عوسمانی بوو.

چەندێک لە لیسە (مەدرەسەی موتەوەسیتە) ی ئەستەمبوڵ و دوو ساڵیش لە مەدرەسەی فەلاحەت دا خوێندوویە. لە ساڵی ١٩١١ یەعنی لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا قەدری بەگ دەبینێ کە ئەو نەتەوانەی لە ژێر ئاڵای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دا دەژین وەکوو عەرەب ، ئەرمەنی،ئارناوود (ئاڵبانی) خەریکن بۆ ڕزگاری خۆیان تێدەکۆشن و بۆ ئەو ئامانجە کۆمەڵ و ئەحزاب تەشکیل دەدەن. ئەویش بە ڕاهنمایی دەروونی پاک و هەستی میللەت پەروەری دەگەڵ

چەند موحەسلێکی کوردی دیکە بە ڕەهبەری و ئیرشادی مامۆستا خەلیل خەیاڵی موتکی کۆمەڵی (هێڤی) یان ساز کرد. ئامانجی ئەو کۆمەڵە وەکوو لە هەموو کەس ئاشکرایە سەرخستن و پێش خستنی کاروباری نەتەوەی کورد بوو.

قەدری بەگ لە ساڵی ١٩١٢- ١٩١٣ لە شاری لۆزان کە مەشهوورە خەریکی خوێندنی حیلمی سۆسیۆلۆژی (عیلمی ئیجتیماع) و پێداگۆژی (تەعلیم و تەربییەت) بووە، بەوحاڵەش دەستی لە فەعالییەت و کۆششت بۆ ڕێگای نەجاتی قەومەکەی هەڵ نەگرتووە و لە گەڵ دوو ئامۆزای خۆی ئەکرەم و شەمسەدین و شەخسێکی بابانی مەشهوور بە چایی و سەلیم دەرسیمی لکێکی کۆمەڵی (هێڤی)یان لە لۆزان دامەزراند و دەستیان بە ناساندنی نەتەوەی کورد کرد بە گەلانی گیتی.

ساڵی ١٩١٤ جەنگ دەست پێکرا، قەدری بەگ و ئاواڵەکانی کە زانیان حکومەتی سویس ڕابیتەی خۆی دەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی قەتع دەکا و هات و چۆ لە بەر شەڕ پەکی دەکەوێ مەجبوورەن گەڕانەوە تورکیا.

لە تورکیا قەدری بەگ داخڵی هێزی عوسمانی بوو، کرا بە ئەفسەری ئیحتییات، چونکوو ئارەزووی بوو بچێتە ناو عەشیرەتی حەمیدی [!] و لە نێو ئەواندا خەریکی فەعالییەتی بی، لە قسمەتی سوارە نیزامی عوسمانی دا خۆی دامەزراند و چووە ناو ئەو عەشیرەتە، بەڵام چونکوو لەو کاتە دا هەستی نیشتمان پەرستی لە نێو کوردانداا بە تایبەتی لە نێو ئەو عەشیرەتە دا زۆر کەم بوو و لە لایێکی دیکەشەوە عوسمانیەکان کوردانیان بە ناوی دین، جیهاد و غەزا هەڵخەڵەتاندبوو، کۆششتی قەدری بەگ بێ سوود بوو، نەیتوانی کارێکی هێندە بە کەلک ئەنجام بدا.

دوای جەنگ قەدری بەگ دەگەڵ دوکتور فوئاد و بابی تۆژۆ (وەکیل محەمەد ئەفەندی) حیزبی ئیستیقلالی کوردستان یان دامەزراند - لە ساڵی ١٩٢١- ١٩٢٢ شێخ مەحموود حکومەتێکی کوردی لە عێراق دامەزراندبوو، لە تەڕەف حیزبی ئیستیقلالی کوردستان بابی تۆژۆ یان ناردە لای شێخ مەحموود بۆ ڕێک خستنی ئیرتیبات بەڵام هەر وا بێ نەتیجە گەڕاوە.

قەدری بەگ دەگەڵ مەرحوومی شێخ سەعید لە عەلەیهی حکومەتی تورکیا ئینقیلابی کردووە.وەکوو دەزانن سەرانی ئەو ئینقیلابە لە تەڕەف حکومەتی تورکیا ئیعدام کران، بەڵام قەدری بەگ بە عامیلی زۆر سەمەرە و سەیر لە ئیعدام کران ڕزگار بووە.
ئەکرەم بەگی ئامۆزای ١٥ ساڵ حەبس و خۆشی بۆ ئیزمیر تەبعید کرا، لە ساڵی ١٩٢٦ دا گەڕاوە دیاربەکر، ئەما لە بەر سەختگیری و تەنگەتاو کردنی تورکەکان خۆی پێ ڕانەگیرا و رووی کردە سووریا و تێکەڵی کۆمەڵی خۆیبوون بوو کە مەمدووح سەلیم و جەماعەتێکی تری کورد لە سووریا سازیان کردبوو.

کۆمەڵی خۆیبوون تەشکیلاتێکی بەتینی لە هێزی ئیحسان نووری پاشا لە ئاراڕات دا هەبوو و لە ساڵی ١٩٣٠ کە تورکەکان هەستی بوونی ئەو کۆمەڵەیان کرد و بۆ تێکدانی کەوتنە کۆششت، قەدری بەگ لە گەڵ جەماعەتێکی هاوبیری خۆی بۆ ئیلتیحاق بە ئێحسان نووری و شەڕ لە گەڵ تورک لە سووریا دەرکەوتن و گەیشتنە چیاکانی ماردین بەڵام، بێ دەستەڵاتی کورد بەرامبەر هێزی بە چەکی تورک و یارمەتی دەوڵەتەکانی تر بە تورک بوونە هۆی پیرۆز نەبوونیان.ئاگری شۆڕشی ئاراڕات کووژایەوە و زۆریان کە ڕزگار بوون ڕوویان کردە ئێران. تەنها لە ساسۆن لە ژێر ئەمری عەبدولرەحمان ئاغای عەلی یۆنسی تا بەینێک شۆڕشی کوردەکان پایەدار بوو. قەدری بەگ کە گەڕاوە سووریا، فڕنساویەکان بە قسەی تورکان تەبعیدیان کرد.

لە پاش گەڕانەوەی بۆ شام دیتیان کاری ئاشکرایان پێ ناکرێ لە بەر ئەوە کەوتنە کار کردن بە نهێنی. کە دیتیان کۆمەڵەکانی کورد لە تورکیا و عێراق و ئێران و سووریا هەر یێکێک بە ئارەزوو و ئیشتیهای خۆی کار دەکات، بە بێ ئەوەی ڕابیتەیەک و یا ئامانجێکی موشتەرەک لە بەینیان بێ حیزبێکیان دامەزراند بۆ یەک کردنی ئامانج و هەوڵ و تێکۆشینی ئەو هەموو کۆمەڵانە.

لە پاش ئەوەی کە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دامەزرا، حیزبەکەی خۆیان لەناو برد و یەک سەر ئیلتیحاقی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

هەرچەند خزم و کەسی قەدری بەگ هەبوون لە دیار بەکر، هەموویان لە پاش مڵک و ماڵ موسادەرە کردن دەربەدەری وڵاتان کراون ، و ئەوانەی لە تورکیاش ماون هەرییێکی لە شارێک ئیسکانی ئیجباری کراون. قەدری بەگ لە گەڵ ئەوەش کە لە عومری ٥٤ ساڵی دایە و سیحەتی زۆر باشە بەڵام، لە بەر کوێرەوەری و دەردی سەری هەموو سەر"

**تێبینی:** نووسراوەکە لێرەدا تەواو دەبێ و وا دەردەکەوێ پاشماوەی لە ژمارەی ٩٣ یان ژمارەکانی دواتر دا چاپ کراوە کە بە داخەوە تائێستا ئەو ژمارانە نەدۆزراونەتەوە. بڵێی لەو ژمارانەدا باسی سەردانی قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد نەکرابێ؟

١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ = ٢٠ی مارچی ٢٠٠٨

## قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد ٢١ - ٢٨ی خەرمانانی ١٣٢٥ = ١٣- ٢١ی سێپتامبری ١٩٤٦



ایستاده ازراست: بکر عبدالکریم ـ رحمن اویسی ـ شناخته نشد ـ شناخته نشد ـ مصطفی سلطانیان ـ شناخته نشد ـ عزیزمنصورقاضی ـ میرزا وهاب قاضی ـ علی خسروی ـ محمدامین شرفی ـ محمد(دلشاد) رسولی ـ رشید خسروی ـ محمود ولی زاده ـ مصطفی خوشناو .
نشسته از راست: خلیل خسروی ـ عبدالرحمن ذبیحی ـ شکری قدری بیگ ـ قاضی محمد ـ مامه غنی خسروی ـ حاجی کاکەرحمن سرگیز ـ مناف کریمی . سال ١٣٢٤هجری شمسی .



سەرەدەمی کۆماری کوردستان ـ مەهاباد
دانیشتووەکان لە راستەوە: ١)خەلیلی خوسرەوی ٢) زەبیحی ٣) قەدری جەمیل پاشا ٤) قازی محەمەد ٥) غەنی خوسرەوی ٦) هەمزەی نەلوس ٧) مەناقی کەریمی ، راوەستاوەکان لە راستەوە: ١) رەئیس بەکر ٢) رەحمان وەیسی ٣) ئەحمەد ٤)ـ؟ ٥) مستەفا سولتانیان ٦) ـ؟ ٧) عەزیزی مەنسووری قازی ٨) وەهابی قازی ٩) عەلی خوسرەوی ١٠) محەمەد دەمینی شەرەفی ١١) دلشاد رەسولی ١٢) رەشید خوسرەوی ١٣) مەحموودی وەلی زادە ١٤) مستەفا خۆشناو

بە پاڵپشتی کتێبی بیرەوەرییەکانی قەدری جەمیل پاشا "دۆزی کورد" بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە کە لە نێوان ٢١ - ٢٨ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی [١٣ - ٢١ی سێپتامبری ١٩٤٦ی زایینی] لە مهاباد بووە. لەم وێنانەی سەرەوە دا کە یەکەمیان بە سپاسەوە لە کتێبی "نگاهی بە تاریخ مهاباد، سەید محەمەدی سەمەدی" و ئەوی خوارەوەتر بە

سپاسەوە لە کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی، عەلی کەریمی" وەرگیراوە لە ناساندنی کەسی شەشەمی دانیشتوو دا جیاوازی هەیە. ڕێزدار سەمەدی نووسیویە حاجی کاکە ڕەحمانی سەرگیز و ڕێزدار کەریمی نووسیویە [کاک] هەمزەی نەڵۆس. یارمەتی بکەن بۆ ناسینەوەی ئەم کەسە.ئەو وێنەیە دەبێ ڕۆژی دووەمی دیداری قەدری جەمیل پاشا لە مهاباد واتە ٢٢ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی هەڵگیرابێ

٢٩ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٩ی مارچی ٢٠٠٨

## وێنەی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و فیداییەکانی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بەیەکەوە



وێنەی هێندێک فەرماندە و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و ئەفسەران و فیداییانی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان. بە داخەوە ئاگادارییەکمان سەبارەت بەم وێنەیە بە دەستەوە نییە.تکایە بە پێی ئیمکان یارمەتی بکەن بۆ ناسینەوەی کەسانی نێو ئەم وێنەیە، شوێن و کات و بۆنەی هەڵگیرانی.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ماڵپەڕی ٢١ی ئازەر وەرگیراوە.

٢٩ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٩ی مارچی ٢٠٠٨

## ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی



**تێبینی:** ئەم وێنە یە بە سپاسەوە لە کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش، گردآوری و ترجمه:محمدرضا سیف قاضی، چاپ دوم ١٣٨٠" وەرگیراوە و لە بنی نووسیوە" پێشوازی لە هاتنی میر جەعفەر باقرۆف بۆ تەورێز. محەمەد حوسێنی سەیفی قازی بە نیشانەی X دیاری کراوە" ئەمن پێم وانییە ئەم وێنەیە پێوەندی بە هاتنی " باقرۆف" وە هەبێ، چونکوو ئەو لە سەردەمی دەستەڵاتی حکوومەتی ئازەربایجاندا نەهاتووەتە تەورێز، بەڵکوو وەکوو مێژوونووس جەمیل حەسەنلی باس دەکا ساڵی ١٩٤١ چووەتە تەورێز. ئەو وێنەیە دەبێ لە بۆنەیەکی دیکەی بە پیلەوە چووندا هەڵگیرابێ، تکایە ئێوەش هەوڵ بدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر ئەم وێنەیە و ئاگادارمان کەنەوە.

٢٨ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٨ی مارچی ٢٠٠٨

## حەمەدەمین بەگی مەحموداوا (مورتەزایی) و محەمەدخانی دانیشوەر




لای ڕاست حەمەدەمین خانی مەحموود ئاوا (مورتەزایی) لای چەپ، محەمەدخانی دانیشوەر برای ئەحمەد خانی فارووقی یە. حەمەدەمین بەگی مەحموود ئاوا (مورتەزایی) لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە کانی کەوێ ی سەقز شەهید بووە و محەمەد دانیشوەر (حەمەخانی ئاڵکەلوو) ش دوای ڕووخانی جمهووری لە ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لەگەڵ ١٠ تێکۆشەری دیکەی جمهووری لە سەقز لە داری بێدادی دران.



**تێبینی:** وێنەی یەکەم بە سپاسەوە لە گۆڤاری مهاباد ژمارە ٦٠، ڕەشەمەی ١٣٨٤ی هەتاوی وەرگیراوە و وێنەی دووەم و ساخکردنەوەی ناوی حەمەدەمین بەگی مەحموود ئاوا لە بەڕێز هادی عەزیزی وەرگیراوە کە لە فەیس بووک دا بڵاوی کردووتەوە.

٢٧ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٧ی مارچی ٢٠٠٨

## هێمن لە تەورێز



تێبینی: بە سپاسەوە ئەم وێنەیە لە گۆڤاری ژمارە ٧٣ی "مهاباد" وەرگیراوە کە سەر بەرگی ئەو ژمارەیەی پێ ڕازاوەتەوە. هێمن بە فارسی شەرحێکی لە سەر وێنەکە نووسیوە کە دەکرێ وەک بیرەوەرییەک بۆ دۆستێکی خۆی نووسیبێ: "ئێستا کە بەداخەوە مووی سەرو ڕووم بەرەو سپی بوون دەچن و چرچ و چۆڵێکی زۆر لە ڕوخسارم دا پەیدا بووە هەرکاتێک چاو لەووێنەیەی خۆم دەکەم کە یادگاری تافی لاوێتی و ڕۆژگاری کامرانی منە، هەناسەیەک هەڵدەکێشم و ئەم شێعرە لەبن لێوان دەڵێمەوە: پیهر بووم لەم کۆنە دەیرە دا، ئەی لاوەتی لە کوێی یادت بەخێر بێ. ئەم وێنەیەم لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی دا لە یەکێک لە عەکاسخانەکانی شاری تەورێز کێشاوە، ئەودەمی هێشتا ژیانی هاوسەریم دەست پێنەکردبوو و سەڵت بووم و تاقە یادگاری سەردەمی خۆشبەختی و لاوەتی منە - ٢٠ - ١٢ - ١٣٣٤ محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی

مەکێشە لە خۆڕا ئەم نەخشە نەخش دەکەی ئەی نەقاش
خوێن دەگری ئەگەر سەر لە ئەحواڵم دەربهێنی
چ پێویست دەکا لە دوای من ئەم تیمسالە
فەلەک چی لە گەڵ خۆم کرد تا بیکا لەگەڵ تیمسالم

٢٦ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٦ی مارچی ٢٠٠٨

## هێمن، قازی محەمەد، هەژار



ئەم وێنەیە دەبێ لە کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەز یان بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی کێشرابێ، چونکوو لە زەمینەی وێنەکە دا بەفر بە زەوییەوە دیارە. لەو وێنەیە دا بەپێچەوانەی وێنەی پێشوو هێمن دە بەرگی فەرەنگی و هەژار دە جلوبەرگی کوردیدا دەبینین.یارمەتی بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوت و شوێنی هەڵگیرانی وێنەکە.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە یەکەم جار لە دیوانی هێمن "تاریک و ڕوون " ساڵی ١٩٧٤ بڵاو بووەتەوە.ئەو نوسخەیە لە کتێبی "پێداچوونەوە، کەریمی حیسامی، سوێد ١٩٩٦" وەرگیراوە.

٢٦ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٦ی مارچی ٢٠٠٨

## پێشەوا، نانەوازادە، هەژار و هێمن لە تەورێز!



زۆر وێدەچێ ئەم وێنەیە لە یەکێک لە سەفەرەکانی پێشەوا دا بۆ تەورێز هەڵگیرابێ.چونکوو وێنەیەکی هێمن بە دەستەوەیە وهەمان شێوە جلوبەرگی دەبەر دایە و دەڵێ: "لە بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی لە یەکێک لە عەکاسخانەکانی تەورێز گرتوومە".

**ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە:** عەبدلرەحیمی جەوانمەردی قازی، مایۆر جەعفەری کەریمی، سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە، سەدیقی حەیدەری، سەربەرز[کاپیتان] عەزیزی سەدیقی.
**دانیشتوان:** هەژار، قازی محەمەد، هێمن.

**تێبینی:** تکایە یارمەتیمان بکەن بۆ دیاریکردنی ڕێکەوت و شوێنی دەقیقی ئەم وێنەیە. زانیارییەکانی سەرەوە بەپێی بەراورد کردن نووسراون و دەکرێ هەڵە بن. وێنەکەلە کتێبی: "ئێداچوونەوە،کەریمی حیسامی،چاپخانەی ماردین،سوێد ١٩٩٦" وەرگیراوە.



٢٦ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٦ای مارچی ٢٠٠٨

## پێشەوا قازی محەمەد لە چیانە



ئەم وێنەیە یەکەمجار لە کتێبی ویلیام ئیگلتن "کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦" بڵاو کراوەتەوە و لە بن وێنەکەی

نووسیوە دێی چیانە لە نزیک نەغەدە،بەهاری ساڵی ١٩٤٦. بەڵام، لەو ژمارانەی کوردستان دا کە لە بەر دەست دان، هیچ باسی سەردانی قازی محەمەد لە نەغەدە نەکراوە، بڵێی ئەو وێنەیە لە کاتی سەفەری پێشەوا بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەفتەی یەکەمی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویدا هەڵنەگیرابێ؟

**لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** ١- غوڵام ڕەزا خانی قەرەپەپاغ ٢- مایۆر خەیروڵا عەبدولکەریم ٣- دڵشادی ڕەسووڵی لە ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەرگی عەسکەری دا ٤- سەعیدی همایوون ئاجودان و ئەندامی دەفتەری پێشەوا ٥- پێشەوا قازی محەمەد ٦- سەید ئەحمەدی سەید تەها لە بەرپرسانی حکوومەتی کوردستان لە نەغەدە ٧- پۆدپاڵکۆڤنیک سەلاحەدین کازمۆف [کاکاغا] ڕاوێژکاری عەسکەری هێزی دێمۆکراتی کوردستان، ٨- عەبدولرەحیمی جەوانمەردی قازی، ئاجودان و ئەندامی دەفتەری پێشەوا ٩- کاک جانگیری ئەمیری [جانگیرخانی دەوەشاری] ١٠- نادیار، ١١- میرزاوەهابی قازی، ڕەئیسی باربەری حکوومەتی کوردستان.

**تێبینی:** وەک باس کرا ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی ئیگلتن وەرگیراوە. ئەو نێوی هەموو کەسەکانی نێو وێنەکەی نەنووسیوە. تکایە ئەگەر ئاگادارییەکی دیکەتان سەبارەت بەم وێنەیە دەست دەکەوێ ئاگادارمان کەن.



٢٥ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٥ی مارچی ٢٠٠٨

## شاعری ملی و بەناوبانگی کورد هەژار،کوردستان ٦٩ ، ٣٠ پوشپەری ١٣٢٥


کوردستان
ژمارە ٦٩

# شاعری ملی و بەناوبانگی کورد هەژار

٢٤ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٤ی مارچی ٢٠٠٨

## شاعرملی جەوان هیمن، کوردستان ژمارە ٦٥، ١٤ پووش پەر ١٣٢٥

ژمارە ٦٥

### شاعرملی جەوان هیمن



٢٤ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٤ی مارچی ٢٠٠٨

تکایە یارمەتی بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوت، شوێن و کەسانەی نێو ئەم دوو وێنەیە







**تێبینی:** ئەم دوو وێنانە بە سپاسەوە لە کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش...، گردآوری و ترجمه: محمد رضا سیف قاضی ، نشر آنا چاپ دوم ١٣٨٠" وەرگیراون. محەمەد ڕەزای سەیفی قازی لە بن وێنەی سەرەوەتر دا نووسیویە: "قاضی محمد و ژنرال سیف قاضی در حین نواختن مارش جمهوری کردستان در خانقاه شمزینان" و لە بن وێنەی خوارەوەتر دا نووسیویە "خانقاه شمزینان - صدیق حیدری، قاضی محمد، سیف قاضی، به هنگام نواختن مارش جمهوری کردستان"

بە پاڵپشتی ژمارەکانی لەبەردەستی کوردستان چ ڕێویوسمێک لە "خانەقای شەمزینان" لەو سەروبەندی دا بەڕێوە نەچووە، مەگەر ئەوەی ئەم خانووە ئێستا خانەقای شەمزینان بێ. بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە چەند کەسێک بە بەرگی مەڵبەندی باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان لە وێنەکان دا دەبیندرێن [کە دیارە بە دووی یەکتر دا هەڵگیراون]، وێدەچێ ئەو ڕێوڕوسمە یەک لەو بۆنانە بێ کە تێکۆشەرانی کورد لە شوێنی جیاوازەوە بەشدارییان تێدا کردووە. لە وێنەکاندا غەنی خوسرەوی [کەسی دوومی لای چەپی سەیفی قازی] و عەلی خوسرەوی کە ڕووبەڕووی قازی محەمەد ڕاوەستاوە دەناسرێنەوە. لەو وێنانە دا سەدیقی حەیدەری نابیندرێ.

ئەمن بەردەوامم بۆ دۆزینەوەی بۆنە و ڕێکەوتی هەڵگیرانی ئەم دوو وێنەیە. تکایە ئێوەش بە پێی دەرەتان حەولی خۆتان بدەن.

کەریمی ئەحمەدەین یش ئەو کەسی کە شەدەی ڕەشی لە سەرە و لە خوارەوە دەستی ڕاست ڕیزی پشتەوە چاوی لە دووربین کردووە!

۲٤ی ڕەشەمە ۱۳۸٦ = ۱٤ی مارچی ۲۰۰۸

## پۆرترەی گێنرالیسموس ژۆزێف ستالین لە حەوشەی دەرسخانەی گەلاوێژ



مەهاباد سالی 1325ی هەتاوی ـ مەدرەسەی گەلاوێژ. لە چە پەوە: دانیش پەژوو، سەیفوڵلا ئانەوازادە، خالەمەلا، حوسێن فتووحی، ئیبراهیم داودی، ؟، ڕاوەستاو لە چە پەوە: عەلی فەرهادی، محەممەد داودی



مەهاباد 1325ی هەتاوی ـ مەدرەسەی گەلاوێژ
لە ڕاستەوە: 1ـ محەممەد داودی (کوڕی خاڵە مەلا) 2ـ عەلی فەرهادی 3ـ؟
(دیاری: حاجیە خانمەی داودی)

حەوشەی دەرسخانەی گەلاوێژ لە مهاباد، **لە ڕاستەوە بۆچەپ:** ١- محەمەدی داودی [کوڕی خالە مەلا] ٢- عەلی فەرهادی. ٣- نەناسراو. لە دەوری پۆرترەی ستالین. ئەو وێنەیە دەبێ بە دواى دەستپێکردنی چالاکی "ئەنجومەنی ڕەوابیتی فەرهەنگی ئێران - شووڕەوی شەعبەی کوردستان هیلگیرابێ کە پێش لە ڕاگەیاندنی کۆمار لە خەرمانانی ١٣٢٤ی هەتاوی دا دامەزرا.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بەسپاسەوە لە لاپەڕەی "کەونە نیشتمان"ی گۆڤاری مهاباد، ژمارە ٨١، سەرماوەزی ١٣٨٦ی هەتاوی کە لە لایەن فەرەیدوونی حەکیم زادەوە ئامادە دەکرێ وەرگێراوە.وێنەکە حاجیە خانمەی داودی دیاریی کردوون کە دەبێ کەسێکی نزیکی خاڵە مەلا بێ. بەو هیوایەی ئەگەر وێنەی دیکەشی لایە ، ئەوانیش بڵاو بکاتەوە.

٢٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٣ی مارچی ٢٠٠٨

## وێنەی هێندێک لە ئەندامانی ژ.کاف ٥ - ٥ - ١٣٢٤ مەئمووررییەتی کۆمەڵەی ژ. کاف بۆ ورمێ



1324/5/5 ماموریەتی کۆمەڵەی ژ.کاف بۆ ورمێ ـ لە چەپەوە: عەبدوڵڵا فەیزیایی (یاسەبان)، ئەحمەد فەیزیایی (ئەندامی ژ.کاف)، عەلی محەممەدیانی (ئەندامی ژ.کاف)، عەلی هیدایەت فەر (ئەجل عەلی)، موتەلیب ڕعنایی ، کەریم عەزیمی (ئەندامی ژ.کاف) . دیاری: (ئەحمەد فەیزیایی)

هێندێک لە ئەندامانی ئاسایی "کۆمەڵەی ژیانی کورد". لە بن وێنەکەدا نووسراوە" ٥ - ٥ - ١٣٢٤ ماموریەتی کۆمەڵەی ژ.کاف بۆ ورمێ" بریا دیاریدەری وێنەیە باسی ئەو مەئمووریتەشی گێڕاباوە.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە لاپەڕەی "کەونە نیشتمان" ی گۆڤاری مهاباد، ژمارەی ٦٠، ڕەشەمەی ١٣٨٤ وەرگیراوە.

٢٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٣ی مارچی ٢٠٠٨

## قانوونی موجازات دیوانی حەربی هێزی دێمۆکراتی کوردستان

" رۆژنامەی کوردستان: ژمارە ٤٠، شەمۆ ٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥ هەتاوی = ٢٧ی ئاوریلی ١٩٤٦ تەسویبی قانوونی موجازات بەرابەر بە ئەمرییەی ژمارە ١٦٠٧ - ١ - ٢ - ٢٥ ی کۆمیتەی مەرکەزی [حیزبی دێمۆکراتی کوردستان] دیوانی حەربی هێزی دێمۆکراتی تەشکیل و قانوونی موجازاتیش وەک لە خوارەوە نووسراوە تەسویب بوو:

**قانوون**

**مادەی ١:** جاسووسی کە بە یەقین گەیشت جەزای ئەو ئێعدامە، ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لە کار دا بێ تەواوی دارایی ئەو کەسە دەبێتە هی دەوڵەت. یان زیندانی بە کار لە شەش مانگەوە تا مردن.

**مادەی ٢:** مەستی و هەرزەیی لە دەرۆژەوە تا یەک مانگ زیندانی لە گەڵ کار و لە پەنجا تا دوو سەد قەمچی هەر نۆبەی لە پەنجا قەمچی زیاتر نەبێ.

**مادەی ٣:** دزین یان لە نێوبردنی ماڵی دەوڵەت لە چاو ئەو گوناحە کە کردوویە ئێعدام یان هەڵگرتنی دارایی ئەو کەسە بۆ دەوڵەت و یان زیندانی بە کار لە دوومانگەوە تا مردن و لە هەموو حاڵدا دەرکردن لە سەر خدمەت. کەسانێک کە بە تفەنگ و یان ئەسلەحەیەکی شەڕە جەردەیی و ڕێگری و یان دزی بکەن ئەوانیش جەزایان هەر وایە.

**مادەی ٤:** زۆرهێنان بۆ هاوسەر یان بۆ کەسانی دی یەکساڵ زیندانی بە کار و لێ ئەستاندنەوەی ئەوەی کە سەندوویە.

**مادەی ٥:** تریاک کێشان [...] بێ بەش بوون لە تەواوی حوقوقی مەدەنی. ئەوانەش کە لە سەر خذمەتن، ئەگەر لە دوایە دا فێری تریاک بن لە دوای یەک ساڵ زیندانی بە کار لە سەر خدمەت دەر دەکرێن.

**مادەی ٦:** هەڵاتن لە شەڕ دا و ئەسلەحە بە دوژمن دان جەزای ئێعدامە.

**مادەی ٧:** خەیانەت بە میللەت یان دەوڵەت یان نیشتمان ئێعدامە، ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لە بەین دا بێ، وەک لە مادەی ١ نووسراوە ڕەفتار دەکرێ.

سەرچاوە Serchawe

مادەی ٨: دەس درێژی بە ناموسی خەڵک جەزای هەر بەو جۆرەیە کە لە هەیئەتی ڕەئیسەی میللی دا گوزەراوە.

مادەی ٩: بەرتیل وەرگرتنیش هەر وەها.

تێبینی: ١. تەواوی گرتووان (دوکتور، لیسانس،دیپلۆمە و ناقس نەبێ) لە ڕۆژی گیرانەوە بە ئەمری ئەو مە قامانەی کە سەلاحییەتیان هەیە مومکینە کاریان پێ بکرێ، ئەمما ڕۆژی لە ٦ سەعات زیاتر نا و ڕۆژانی تەعتیلیش هەر نا.

تێبینی: ٢ - ئەفسەران و نەفەراتی هێزی دێمۆکراتی کوردستان و جاسووسانی خارج ئەگەر یەکێک لەو گوناحانەیان لێ ڕوبدا هەر لە دیوانی حەڕەب پێ ڕادەگەن. خەڵکی خارج لەو هێزەوەش بە پێی فەرمانی ڕیاسەتی موعەزەمی جمهوور، ئەم دیوانە حوکمیان دەکات.


ئەوا بۆ ئاگاداری تەواوی دێمۆکراتی کوردستان ئەم قانوونە چوار جار لە دووی یەک لە ڕۆژنامە دا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە خودا بکات هیچ کەس یەکێ لەو گوناحانەی لێ ڕوو نەدات، دەنا حەتمەن بەو موجازاتەی کە نووسراوە گرفتار دەبێ.

سەرۆکی دیوانی حەڕبی هێزی دێمۆکراتی کوردستان : ئیبراهیم سەلاح

آ - ٢ "ئەوقانوونەی دیوانی حەڕبی وەزارەتی هێزی دێمۆکراتی کوردستان هەروەک ڕاگەیێندراوە لە چوار ژمارەی بە دووی یەکدای کوردستان [ ژمارە ٤٠ ، ٤١ ، ٤٢ ، ٤٣] بڵاو کراوەتەوە.

٢٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٣ی مارچی ٢٠٠٨


## نامەی سەرپۆلی ٢ ئێبراهیمی سەلاح بۆ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە


نامەی ژمارە (١٢٣)
نامەی ئیبراهیم صەلاح
١١ - ٢ - ١٣٢٥

**تێبینی: ئەم بەڵگە یە لە بەرگی یەکەمی کتێبی: "دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەڵگە و دۆکومێنت، مەحمود مەلا عززەت" وەرگیراوە.**

**٢٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٣ی مارچی ٢٠٠٨**

## وێنەی سەرپۆلی ۲ (پادپۆلکۆڤنیک) محەمەدی نانەوازادە و سەرپۆلی ۲ ئیبراهیمی سەلاح و هێندێک لە ئەفسەرانی دی کۆماری کوردستان



ئەم وێنەیە لە مهاباد لە کانگای "پێشمەرگەخانە"ی هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە مانگی ۳ی ساڵی ۱۳۲۵ی هەتاوی گیراوە. کەسی پێشەوە: سەرپۆلی ۲ محەمەدی نانەوازدە، فەرماندەی هێزی ناوەندی دێموکراتی کوردستان و دواتر موعاونی سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان.

**ڕیزی دوویەم لە ڕاستەوەبۆچەپ:** ۱- سەرپۆلی ۲ ئیبراهیم سەلاح، فەرماندەی پۆلی ۳ی هێزی ناوەندی، دواتر سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزی دێمۆکراتی کوردستان سەرۆکی دیوانی حەربی هێزی دێمۆکراتی کوردستان،
۲- سەربەرز [کاپیتان] عەزیزی سەدیقی، بازرەسی وەزارەتی هێزی کوردستان لە سەرا، ۳- ناودار محەمەدی تۆکمەچی، ٤- ناودار حوسێنی خەفافی.
**ڕیزی سێیەم لە ڕاستەوە:** ۱- نەناسراو. ۲- ساڵحی قزڵباش ٦- محەمەدی موبەلەغی مودیری مەکتەبی کرمانجی، ۱۰- یۆسفی شافیعی

"کوردستان ژمارە ۱۵، شەمۆ ۲۷ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤ی هەتاوی = ۱٦ی فێورییەی ۱۹٤٦

جیژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆک جمهووری بەرزی کوردستان لە پێشمەرگەخانەی هێزی دێمۆکراتی کوردستان

شەوی ٤ - ١١ - ١٣٢٤ شەوێکی سەراسەر خۆشبەختی بۆ تەواوی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی هێزی مەرکەزی دێمۆکراتی کوردستان بوو،چون لەو شەوە دا پێشمەرگەخانە غەرقی نووری شادی بوو. تەواوی وەتاغەکان بە جورێکی موجەلەل ڕازابوونەوە. ٢٠ نەفەر کێشکچی تەشریفاتی کە هەموو ئەفسەر بوون لە پێش دەرکی پێشمەرگەخانە بۆ تەشریف هێنانی حەزرەتی سەرۆکی جمهوور دامەزرابوون، هەموو جوورە شیرینی و شەربەت بۆ پەزیرایی مێهمانانی خۆشەویست لە سەر میز داندرابوو، دەستەی مووزیک لە حاڵی تەرەنوم دابوو، دەهۆڵ و زوڕنا لە پێش دەرکی پێشمەرگەخانەی لێدەدرا و هەزاران برای بە ئێحساسات لە پێش دەرکێ لە شادی و هەڵپەڕین دابوون، بە پێی کارتی ڕەسمی کە بۆ مێهمانان ناردرابوو، مێهمانانی خۆشەویست دەستە دەستە دەهاتن و ٦ وەتاغی تایبەتی پڕ لە مێهمان بوون، لەو ئانە دا ئۆتۆمۆبیلی حەزرەتی سەرۆکی جمهوور دیاری دا ولەلایەن فەرماندەی هێزی دێمۆکراتی کوردستان فەرمانی ئیحتیرام درا، مووزیک و کێشکی تەشریفاتی ئیحترامیان بەجێ هێنا.حەزرەتی سەرۆکی جمهووری نیسبەت بە کێشکی تەشریفاتی ئیبرازی مەرحەمەتی فەرموو لە پاشان لە نێوان چەپڵەڕێزان و هوڕا دا لە وەتاغی تایبەتی نزوولی ئیجلالی فەرموو، هوڕا و چوپڵەڕێزان ساتێک ئیدامەی هەبوو پاشان لە لایەن محەممەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی دێمۆکراتی کوردستان لە عومووم مەراسیمی بەخێر هاتن بە عەمەل هات، بە پێی بەرنامە لە پاش وەرگرتنی ئیجازە وتاری ژێرەوەی بە عەرزی میوانەکان گەیاند:

مێهمانانی خۆشەویست زۆر سەربەرزم کە ئێوە لەو جێژنە سەراسەر سەعادەتە شیرکەتوو کردووە و ئەفسەرانوو بە هاتنی خۆتان سەربەرز فەرمووە و زیمنەن بە عەرز دەگەیێنم کە لە دەورەی ژیانی خۆمدا دوو ئیفتیخاری زۆر گەورەم نەسیب بووە کە باوەڕ ناکەم هەتا ئەورۆ نەسیبی هیچ کوردێک بووبێ .ئیفتیخاری هەوەڵم ئەوەیە کە هەوەڵین جەلەسەی کۆمەڵە (حزب) لە ماڵە من دامەزرا و ئەمن بە عوزوی شەشەمی هەیئەتی ناوەندی ناساندرام.زەحمەتێکی لەو ڕێگایە دا کێشاومە لازم نازانم بە عەرز بگەیێنم. ئیفتیخاری دووەمی من کە لە تەئریخی ژیانم دا زۆر موئەسیرە ئەوەیە کە بۆ ناساندنی حەزرەتی سەرۆکی جمهووری کوردستان لە ڕۆژی تەئریخی ئیعلامی سەربەخۆیی کوردستان ڕۆژی ٢ - ١١ - ١٣٢٤ سیمەتی فەرماندەی گاردی ئیحتیڕامم هەبوو. ئومێدم لە خودای لایەزال ئەوەیە کە ئیفتیخاری سێیەمی من ئەوە بێ کە لە ڕێگای نیشتمانی خۆشەویست و سەرۆکی جمهووری کوردستان مووەفەق بە خوێن ڕشتنی خۆم بم. لە ئاخر دا بە دڵێکی پاک و ئیمانێکی قایم بە میللەتی خۆم دەڵێم بە سەلامەتی حەزرەتی سەرۆکی موعەزەمی کوردستان هوڕا ........"

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی ویلیام ئیگلتن ی کوڕ " کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦" وەرگیراوە.تکایە یارمەتی بکەن بۆ ناسینەوەی ئەو کەسانەی دیکەی لە وێنەکەدان.

٢٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٣ی مارچی ٢٠٠٨

ژەنەڕاڵ مایۆر مەلا مستەفای بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانیان



وێدەچێ ئەم وێنەیەی مەلا مستەفا هەر لە گەڵ ئەو وێنانەی خوارەوە هەلگیرابێ، هێندێک جیاوازی لە گەڵ وێنەکەی دەست ڕاست لە خوارەوە دەبیندرێ.





ئەم دو وێنانەی ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی وێدەچێ لە گەڵ وێنەکەی پێشوو (مەلا مستەفا و جەعفەری کەریمی) هاوکات هەڵگیرابن.

**تێبینی:** وێنەی لای ڕاست بە سپاسەوە لە کتێبی "حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپی یەکەم ١٩٩٣" و وێنەی لای چەپ لە کتێبی: " کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خودموختاری؟، کەریمی حیسامی، ١٩٨٥" وەرگیراون.

٢٢ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٢ی مارچی ٢٠٠٨

---


## نامەی مایۆر جەعفەری کەریمی سەرۆکی ستاد بۆ حەمەڕەشید خان لە مەڕ وەرگرتنی پلەی ژەنەڕاڵ مایۆری


نامەی ژمارە (٣٠)
نامەی جەعفەر کەریمی
١٣ – ٢ – ١٣٢٥

**تێبینی:** ئەم بەڵگەیە لە بەرگی یەکەمی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەڵگە و دۆکومێنت، مەحمود مەلا عزەت " وەرگیراوە.

٢١ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١١ی مارچی ٢٠٠٨

وێنەی ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانییان و سەرلک (مایۆر) جەعفەری کەریمی سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان





ئەم وێنەیەی ژەنەراڵ مایۆر مستەفا بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانیان و سەرلک (مایۆر)جەعفەری کەریمی سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان لە پێگەی وەزارەتی هێزی دیمۆکڕاتی کوردستان لە مهاباد هەڵگیراوە.

"ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٣٠، دووشەمۆ ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی = ١ی ئاوریلی ١٩٤٦

جێژن و بانگ هێشتنی ئاغای جەعفەری کەریمی بە بۆنەی (سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان) ساتی سێی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینوو ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بە هۆی بانگهێشتنێک کە لە لایەن ئاغای جەعفەری کەریمی بە ئیفتیخاری ئازادی وسەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان کرابوو جێژنێک لە ساڵۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی گیرا.جەنابی حاجی سەید بابە شێخی سیادەت و جەنابی شێخ مەعسووم زیایی و ژمارێکی زۆر لە عولەمای عوزام و ئاغایانی عەشایر و توجاڕ و موحتەرەمین لە ساڵۆنی نێوبراو حوزووریان بوو. ساتی ٣.٣٠ پاشنیوەڕۆ زاتی موعەزەمی پێشەوا لە نێو هەرا و چەپڵەڕێزان و شادی تەماشاچیان پەیدا بوو و لە پێش دەرگای حیزبێ مەراسمی گاوگەردوون بە جێ هات و کەلەی جوانەگاکەیان هاویشتە بەر پێی پێشەوای بەرز و ئاغای جەعفەری کەریمی خیتاب بە پێشەوای بەرز ئەو وتانەی ژێرەوەی ئیزهار کرد:

بەرقەرار و پایەندە بێ پێشەوای کوردستان. بە یارمەتی خودای بەرز هەرکەس کە دوژمن و خائینی کوردستان بێت وەک ئەو جوانەگایەی سەری لە بەدەن جوێ دەکەین و دەیخەینە ژێر پێی پێشەوای بەرز. برا سەدیقی حەیدەری ئیزهاری کرد: ئاغای جەعفەری کەریمی یەکێکە لە رۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان ،هومێد هەیە عوموومی براکانی دیکەش وە دووی ئامانجی پاکی وی کەون.ئاغای جەعفەری کەریمی و ژو،ارێکی زۆر لە بانگ کراوەکان خیتابە و ئەشعاری زۆر بە تین و نیشتمان پەرەستانەیان خوێندەوە کە لە ژێرەوە دەهێندرێتە پێش چاو:

١- ئاغای جەعفەری کەریمی پاش ئەوەی هەزار تمەنی پێشکەشی هێزی کوردستان کرد ئەم خیتابەی ژێرووی خوێندەوە:

تەبریکات و شادباشی خۆم و تەواوی عێلی دێبۆکری بە تایبەتی خانەوادەی کەریمی لە تەهی دڵەوە بە پێشگای موقەدەسی زاتی پێشەوای کوردستان عەرز دەکەم. برایانی خۆشەویست لە تەشریف هێنان و شیرکەتی ئێوە لەو جێژنە گەورەیە دا زۆر مەمنوون و موفتەخەرم، چونکوو بەر لە شادی و زەماوەند بۆ ئەو نێعمەتە گەورەی کە چەند سەد ساڵ ئاواتمان پێ دەخواست و ئەورۆ بە هۆی زەحمەت کێشان و گیان و دڵ دەپێناوانی زاتێکی لە خۆ رابردووی وەک جەنابی قاضی محەمەدی پێشەوا وەدەستمان کەوتووە و خودا پێی عەتا کردووین، پێویستە بۆ ڕاگرتنی ئەو نیعمەتە و پایداری پێشەوای بە ڕا و تەدبیر خۆمان لە ماڵ و نیساری گیان خۆ نەپارێزین و ئەو فەرمایشەی عەلی (عەلیهوسەلام) بکەینە نەسیوبولعەینی خۆمان:" ئیزا کانەت ئەلئەبدان لیلمەوت خەلەقها/ فەمەوت ئەلفەتا بیلسەیولا ئەجعەل". ئاناتۆڵ فرانس دەڵێ وەگیرکەوتنی نێو و شۆرەت ئەوەندە گران نییە، بەڵکوو لە پاش وەدەس کەوتن ڕاگرتنی زەحمەتە. بەڵێ حەقیقەتەن ڕاستە،ئەو زاتە موعەزەمە کە مەزهەری زانست و سیاسەت وانییە دەنێو مەوجانی سەهمناکی سیاسەتی ئەو قەرنە دا سینگی خۆی بۆ کوردانی بەش خوراو و دەربەدەر کراو بکاتە سوپەر و ئازادییەکی کە ئەورۆ تێیدا ین بۆمان وەدەست بێنێ. ئێوەش بزانن ئەورۆ تەواوی میللەتی دونیا بەتایبەتی کوردانی ژێر چەپۆک و دیل چاویان لە کار و هیمەتی عالی ئێمەیە و ئێمەش نابێ ئەو چاوەنۆڕی وان موبەدەل بە یەئس و ناهومێدی بکەین، و لەو لایەوەشەوە خۆمان بە تەزاهور فریو بدەین و ئیزهاری عەجز بکەین. حەزرەتی عەلی دەفەرموێ:" اذا ماکنت فی امر مروم/ فلا تقنع بمادونا نجوم، ترس الجبنا ان العجز حزم/ و تنک خدیعته الطبع اللئیم"

پەس برایانی خۆشەویست بۆ ڕاگرتنی ئەو ئازادییە پێویستە ئێمە کوردان لە سەلیمی و ئەسالەتی پێشەوای خۆمان کە خەسایسی زاتی و خودادادەیەتی سووئی ئیستیفادە نەکەین و نەبینە باعیسی بە هەدەر دانی ئەو زەحمەتە گەورەی وی وە ئەو نێعمەتە گەورەی کە خودا بە ئێمەی عەتا کردووە ، یانی لە مەرحەلەی بەدبەختی و چارەڕەشی داخڵی خۆشبەختی بووین دەبێ بزانین هەر فەردێک، بەڵکی هەر میللەتێک دە دەورەی ژینی خۆیدا جارێک تووشی

خۆشبەختی و بەدبەختی دەبێت، ئەمما خۆشبەخت ئەو کەس و میللەتەیە کە وەختی خۆشبەختی و چارە ڕەشی تەشخیس دەدا و لە کاتی خۆشبەختی ئیستیفادەی لێ دەکا و نایەڵێ بە هەدەر بڕوات.

وە ئینشاڵا ئێمەش دەبێ فورسەت بە تاڵان بزانین و ئەو وەختە گرانبەهایەی بە هیچ قیمەتێک لە دەس نەدەین." وەقت بێسیار عەزیزەست، غەنیمەت دارەش، بە زەر قەلب مەدێ یووسۆفێ کەنعانی را" ئێستەش برایانی خۆشەویست لازمە لە ژێر تیشکی ئەو ڕەهبەرە بە ڕا و تەدبیرە دەستی برایەتی و یەکیەتی بە دڵێکی بەهێز و هیمەتێکی عالی بۆ لای یەکتر درێژ کەین و بە گیانێکی واحید بۆ تەوسەعەی ئازادی خۆمان و ڕزگاری براکانی دیکەمان لە هیچ بەرهەڵستێک ڕوو نەگێڕینەوە و بە پشتیوانی خودای بێ هاوتا و یارمەتی پێشەوایانی دێمۆکڕاسی و تەدبیری پێشەوای بەڕێز گۆی خۆمان لە مەیدانێ بەرینە دەرێ.

جا برایان ڕەجاو لێدەکەم قەڵەمێکی ڕەش و فەرامۆشی بە سەر ڕابردووی خۆتان دا بێنن، غەرەز و حەسادەتی بێ جێ کە مایەی نەگبەتی ئێمەیە وەلانێن چونکوو حەسادەت دەردێکی بێدەرمانە:

"ئەگەر زێ دەرد بێتەرسی حەسەد مەکۆن کە حەکیم / مەسەل زەنەد کە حەسەد هەست دەردێ بی دەرمان" وە هیچ شکی تێدا نییە لە لحاز غروورەوە بووە کە هەتا ئەورۆ بەعزە ئەشخاسێک دەستی برایەتی و یەکیەتیان بۆ لای ئێمە درێژ نەکردووە، وەئیلا قەولی شەرەفێ بە پێشەوای موعەزەم دەدەم کە هەموو کەس کوردە، کورد فەقەت حەسادەت و غورووری بێ جێ بەعزێکی بە هەوای مەقام وادار کردوون کە لەمە دوور کەوتوونەوە، ئەمما هومێدم وایە کە لە سایەی عەداڵەت پەروەری پێشەوا دا هەموو کوردێک بە دڵەوە، ورد و درشت لە پاش ئیمتیحان دان بەگوێرەی زانستی خۆی ساحێب کار و مەقام بێت.

پاش تەواو بوونی خیتابەی ئاغای جەعفەری کەریمی حەزرەتی پێشەوا سوپاسی لێکرد و فەرمووی : ئاغای جەعفەری کەریمی ئیشارەیێکی بە وەزعی کوردستان کرد کە ئیحتیاجی مەعاریف و قوشوونە. دەبێ هەموو ئاغایان لە وەختی تەنزیمی بوودجەی مەعاریف و قوشوون حوزووریان ببێ. ئەو ڕۆ کە ئەمە ئیستیقلالمان دەوێ پێویستە کە هەموو کارێک خۆمان جێ بە جێی بکەین. ئەوەڵێ ئیدیعای خۆمان کرد کە لە حدوودی دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریمان دەوێ یانی ئێران ئیحتیاجی مە ڕەفع بکا و میللەت کارێ بکا.

دوو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ، ئەمن پێشنێهادی وانم قبووڵ نەکرد، چون میللەتی کورد چوارساڵە کە خودموختارە و داوای ئیستیقلال و تێک خستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زۆرم پێ گران بوو کە لەو حەقەی دەست هەڵبگیرێ و ئیحساساتی ئێوە مانیعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودموختاری ڕازی بین، چونکوو کە مودەی ئەو چەند ڕۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی

ئێوە نواندووتانە وێنەیەکی حەساس و کامیلە و دەبێ دنیا بزانێ کە کورد لیاقەتی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە."

"کوردستان ژمارە: ٣٥، دووشەمۆ ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی = ١٥ی ئاوریلی ١٩٤٦

## هەڵبژاردن لە وەزارەتی جەنگ

ڕۆژی ٢٢ - ١ - ١٣٢٥ وەزارەتی جەلیلەی جەنگی کوردستان ئاغای جەعفەری کەریمی بە سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان هەڵبژارد و لە ڕۆژی ناوبراو ڕا دەستی بە کار کرد."

" کوردستان ژمارە: ٨٨، پێنجشەمۆ، ٢٨ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی"

## ئاگاداری

چون دەبیندرێ بەعزێک لە دوکانداران و ئەشخاسی دی لە گاراژ یان جێگایانی دیکە ئەجناسی واریدەی خۆیان بە بێ ئاگاداری بازرەسینی گومرگ وە یا پەرداختی ماڵیاتی گومرگی مەخفیانە بۆ ماڵ و دووکان حەمل دەکەن، بە هۆی ئەو ئاگاداریيە بە عموومی توجارٍ و کەسەبە ڕادەگەیێندرێ کە هەر گاە لەمەو دوا موبادەرەت بە کردارێکی وابکەن ئەجناس مورتەکبی قاچاق و بە نەفعی سندووقی گومرگێ زەبت و بە پەرداختی دوو موقابلەی گومرگێ بە نامی جەریمە مەحکووم دەبن.

ڕەئیسی ئیدارەی گومرگی مهاباد - جەعفەری کەریمی

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی " نگاهی بە تاریخ مهاباد ، " کە لێرەدا زۆر جار ئاماژەی پێکراوە، وەرگیراوە.

٢١ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١١ی مارچی ٢٠٠٨

**وێنەی وەزیری هێزی کوردستان لە گەڵ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمە ڕەشید خانی قادر خانزادە و ئەحمەدخانی فاروقی معاونی فەرماندەی هێزی بۆکان ومەنتەقە**






**وێنـەی ژەنـەڕاڵ مـایۆر محەمـەد حوسـێنی سـەیفی قـازی وەزیـری هێـزی دێمـۆکراتی کوردسـتان و ژەنـەڕاڵ مـایۆر حەمەڕەشیدخانی قادرخـانزادە فەرمانـدەی هێـزی بۆکـان و مەنتەقـە لـە سـەرا و ئەحمـەد خـانی فـاروقی [سـالار، ئەحمەدخانی خەلیل خان] معاونی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقە]**

**ئەم وێنەیە دەبێ لە کاتی هاتنی حەمە ڕەشید خان بۆ مهاباد لـە خاکە لێوەی سـاڵی ١٣٢٥ یـان لـە دێی سـەرا، بنکەی فەرماندەیی حەمەڕەشیدخانی قادر خـانزادە هـەڵگیرابێ. ئـەم وێنەیـە هاوکـات نییـە لەگـەڵ چـوونی سـەیفی**

قازی بۆ سەرلێدانی جەبهەی سەقز [١٤ تا ١٨ی پووشپەڕی ١٣٢٥]، چونکوو لەو ڕۆژانە دا ئەحمەد خانی فارووقی [ریزی پێشەوە لە ڕاستەوە نەفەری یەکەم] لە سەرا نەبووە



تێبینی: ئەو وێنەیە لە کتێبی:" دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەڵگەو دۆکومێنت، مەحمود مەلا عزەت، بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧" وەرگیراوە. نوسخەیەکی دوومی ئەم وێنەیە [کە چاکتر ماوە] بە سپاسەوە لە گۆڤاری مهاباد وەرگیراوە.تکایە یارمەتیمان بدەن بۆ ناسینەوەی کەسانی دیکەی نێو وێنەکە.






٢١ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١١ی مارچی ٢٠٠٨

**وەزیری هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان محەمەد حوسێنی سەیفی قازی و فەرماندەی لکی بارزانی لە ئاڵتوونی ژووروو سەرپۆلی ٢ میرحاج ئەحمەد لە جەبهە**



ئەم وێنەیە لە ١٥ یان ١٦ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی لە کاتی سەرلێدانی وەزیری هێز لە جەبهەی سەقز هەڵگیراوە. ئەو کەسەی جیپەکە لێدەخوڕێ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەحوسێنی سەیفی قازی، ئەووەی دەناو جیپەکە دا بە دەست ئاماژە دەکا،سەرلک (مایۆر) محەممەدئەمینی شەڕەفی، ئەوکەسەی بە جلوبەرگی مەدەنی لە پشت جیبەکە دانیشتووە سەرپۆلی ٢ میرحاج ئەحمەدە.

ئەو گەنجەی بە جلکی مەدەنییەوە پاڵی بە ئۆتۆمۆبیلی دوویەمەوە داوە: هاشمی ماملێ یە.

ئەو پێشمەرگەیەی پشتی لە ئوتۆمبیلی دوویەمە و تفەنگی دە شانی دایە کوێخاحەمەدی سەراو، پێشمەرگەی پاسەوانی سەیفی قازی یە.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی ویلیام ئیگلتن ی کوڕ "کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦" وەرگیراوە.

٢١ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١١ی مارچی ٢٠٠٨

---

## وەزیری هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان محەممەدحوسێنی سەیفی قازی، ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی و هێندێک لە ئەفسەرانی فەرماندەی بەرەکانی شەڕ



سەرچاوە
Serchawe

ئەم وێنەیە دەبێ لە نێوان ڕێکەوتی: ١٤ - ٤ - ١٣٢٥ و ١٨ - ٤ - ١٣٢٥ دا هەڵگیرابێ.

ریزی یەکەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ: 1.نەناسراو. ٢- سەرپۆلی ٢مستەفا خۆشناو، ٣- ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، وەزیری هێزی کوردستان ٤- ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانییان ٥- سەرپۆلی ٢ بەکر عەبدولکەریم (حەوێزی)، ٦- کاک مامەندی قادری،٧- مووسا خانی زەرزا ٨- سەربەرز (کاپیتان) محەمەدی ئەسحابی.

ریزی دوویەم: لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- نادیار، ٢- سەرلک (مایۆر) محەمەدئەمینی شەڕەفی ٣- سەرپۆلی ٢ میرحاج ئەحمەد ٤- سەرلک (مایۆر) نووری ئەحمەد تەها ٥- نەناسراو. ٦- سەربەرز(کاپیتان) عەلی خانی فرووزش.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش، گردآوری و ترجمه محمدرضا سیف قاضی، چاپ دوم، نشر آنا، ١٣٨٠" وەرگیراوە.

" کوردستان، ژمارە ٥١، چوار شەمۆ ٨ی جۆزەردانی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٩ی مەی ١٣٤٦

اعطای دەرەجە لە نەتیجەی لە خۆ ڕابردوویی و خۆ فیدا کردن بۆ حیفزی ئازادیی نیشتمان لە مەرحەلەی ئەوەڵ دا و لە پاشانیش لە سەر تەقازای ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، بەرامبەر بە ئەمری پێشەوای موعەزەم ئەو برا خۆشەویست و بەرزانەی بارزانی بەو دەرەجانەی خوارەوە:

ئاغای عێزەت عەبدولعەزیز - میرحاج ئەحمەد - مستەفا خۆشناو - بەکر عەبدولکەریم بە دەرەجەی پۆدپۆڵکۆنیک یەعنی (نایبب سەرهەنگ) و نووری ئەحمەد تەها، خەیروڵا عەبدولکەریم و جەلال ئەمین مەحموود بە دەرەجەی مایۆری یەعنی ( سەرگورد)، عەبدولرەحمان تەیبب موفتی و محەمەد مەحموود بە دەرەجەی کاپیتانی یەعنی (سەروانی) لە لایەن وەزیری بەرزی هێزی کوردستان بە هۆی ئەحکامات موقتەخەر کران و پێیان ئیبلاغ کرا."

"ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە: ٦٦، سێشەمۆ ١٨ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی

## چوونی وەزیری جەنگ بۆ جەبهە

ڕۆژی ١٤ - ٤ - ١٣٢٥ سەعات ٨ی بەیانی ئاغای محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرزی هێز و جەنابی ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی دەگەڵ عیدەیەک پێشمەرگە بۆ جەبهە عەزیمەتیان کرد"

"کوردستان ژمارەی ٦٧، یەکشەمۆ ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی

## گەڕانەوەی جەنابی وەزیری هێز

جەنابی ئاغای محەمەدحوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری هێزی کوردستان و جەنابی ئاغای ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا کە چەند ڕۆژ لەوەی پێش چوون بۆ جەبهە ڕۆژی ١٨ - ٤ - ١٣٢٥ سەعاتی ٨ی پاشنیوەڕۆ بۆ مەرکەز گەڕانەوە.جەنابی وەزیر لە کۆبوونەوەیەکی خوسوسیدا کە بەدەستووری کاربەدەستانی حیزب سەعاتی ١٠ی ئەو ڕۆژە گیرابوو لە فیداکاری و ئیخلاس و ڕوحییەی ئاغایان و سەرانی کورد و سەربازانی کورد کە لە جەبهە ڕای دەبوێرن زۆری تەقدیر و تەمجید فەرموو.وە زیمنەن فەرمووی ڕێگای ئۆتۆمۆبیل ڕۆ لە دێی مەرخوزەوە تامیرەدێ و شەقامی بانە بە یارمەتی و کۆمەگی خەڵکی محەل تەواو بووە و ئێستا ماشێنەکانی ئێمە دەتوانن بە هاسانی خواردەمەنی بە سەربازانی ئەو مەڵبەندە بگەیێنن."



٢١ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١١ی مارچی ٢٠٠٨

## وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان و سەرپۆلی دوو سەلاحەدین کازمۆف ڕاوێژکاری عەسکەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان



وێنەی ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە گەڵ کاپیتان سەلاحەدین کازمۆف ڕاوێژکاری عەسکەری کۆماری کوردستان.

ویلیام ئیگلتنی کوڕ لە کتێبەکەی دا "کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦" لە مەر سەلاحەدین کازمۆف دەنووسێ: " لە مهاباد خۆیدا ئەو ڕووسەی کە شوێنێکی قووڵی لە دوای خۆی بەجێ هێشت کاپیتان سەلاحەدین کازمۆف بوو، کە بە "کاکاغا" بانگیان دەکرد. ئەو لە مانگی مارسی ١٩٤٦ وەکوو ڕاوێژکارێکی عەسکەری ناردرا بۆ مهاباد. لەوێ ئەو بە ئەفسەرێکی ژیر و کارامە نێوبانگی ڕۆیشتبوو. پیاوێکی کراوە بوو وئەگەرچی زۆریش تێکەڵاوی خەڵکی شارەکە نەدەبوو، بەڵام ڕەچەڵەکی ئازەربایجانی خۆی دەرفەتی زانینی زمانێکی پێدابوو، واتە ترکی کە کەم تا زۆر هەموو کەس لە مهاباد تێیدەگەیشت".

جێی وەبیر هێنانەوەیە لەکۆماری کوردستاندا کازمۆف پلەی پۆدپۆلکۆڤۆنیک (سەرپۆلی ٢) ی درایە. باسی ئەوەش هەیە سەلاحەدین کازمۆف 'کاکاغا' لە کوردەکانی شوورەوی بووبێ. کازمۆف تا کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠ کان زیندوو بوو و لە ڕووداوێک دا لە باکۆ کووژرا. بە پێی سەرچاوەی ئینترنێتی سەلاحەدین کازمۆف بەر لە هەڵوەشانی شوورەوی پلەی قارەمانی نەتەوەیی ئازەربایجانی دراوەتێ.

وێنەکە دەبێ لە مانگی مارسی ١٩٤٦ واتە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی و دوای ڕاگەیاندنی کۆمار هەڵگیرابێ.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی" اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش،

چاپ دوم، گردآوری و ترجمه محمد رضا سیف قاضی، نشر آنا، تهران ١٣٨٠" وەرگیراوە.

٢٠ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٠ی مارچی ٢٠٠٨

## کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی



با تشکر از جناب آقای عبدالرحیم امام جمعه که این قطعه عکس را در اختیارم گذاشتند.
این عکس به احتمال قوی در بین سالهای ٢٤ و ١٣٢٥ در محل ستاد (شهرداری فعلی)
گرفته شده است. در آن مرحوم قاضی محمد ـ ابراهیم سالار عشایری (ابراهیم بایبر آقا
رئیس طایفه زرین سگور) ـ علی نودری ـ هەژار ـ سلطان اطمیشی ـ سید محمد ایوبیان
مرکزی ـ صدیق حیدری ـ خلیل خسروی ـ محمد حسین سیف قاضی ـ رحیم جوانمرد قاضی
ـ خدری عایشه دلال و ... سران عشایر ـ شکاک و ... دیده میشوند.

ئەم وێنەیە لە کۆنگرەی یەکەمی "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" لە ڕۆژی ٢ - ٨ - ١٣٢٤ هەتاوی =٢٣ی ئۆکتۆبری

١٩٤٥ی زایینی هەڵگیراوە. دەکرێ زۆربەی ئەو کەسانەی لەو کۆنگرەیەدا بەشدارییان کردووە لەم وێنەیەدا ببیندرێن. لە وێنەکە دا چەند کەس کە بە تەواوی دەناسرێنەوە بە خاڵێکی سپی دیاری کراون.

لە لای چەپەوە: ١- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، ٢- ڕەحیمی سەیفی قازی، ٣- پێشەوا قازی محەمەد،٤- سەدیقی حەیدەری[لە بەر دەرگا ڕاوەستاوە] ٥- سەید محەمەدی ئەیووبیان [تەها زادە]، ٦- عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی [هەژار]

بەڕێز سەید محەمەدی سەمەدی لە کتێبی "تاریخچەء مهاباد، چاپخانە حیدری،بهار ١٣٦٣" دا وێنەکەی بڵاو کردووەتەوە و ئەم شەرحەی لەبن نووسیوە.تکایە ئێوەش بە پرس و ڕاوێژ لە گەڵ ئەو کەسانەی پێتان وایە دەتوانن بەشدارانی کۆنگرەی یەکەمی "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" کە لەو وێنەیە دا دەبیندرێن بناسنەوە، یارمەتی بکەن بۆ ساخکردنەوەی نێوەکان





ئەم وێنەیەش لە گۆشەیەکی دییەوە هەڵگیراوە و بە سپاسەوە لە یەکێک لە کارەکانی سەید محەمەدی سەمەدی وەرگیراوە.

٢٠ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٠ی مارچی ٢٠٠٨

## کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی



"کوردوستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان

گوواریکی ئەدەبی کۆمەلایەتی سیاسییە

هەر پازدە روژ جاریک بلاو دەکریتەوە

ژمارە ١ - سالی یەکەم ١٥ سەرماوەز ١٣٢٤ = ٦ی دسامبر ١٩٤٥

**حزبی دیموکراتی کوردوستان**

لە دووای ئەوە لە هەوەلی مانگی خەزەڵوەر (آبان)ی ١٣٢٤ حزبی دیموکراتی کوردوستان لە مهاباد داندرا وبەیان

نامەی خوی بلاو کردەوە لە روژی ٢ - ٨ - ١٣٢٤ دا هەوەل کونگرەی خوی کە تیکەل بو لە سەرانو نوینەرانی کوردان بە ترتیبی ژیرو.

١- ماکو و آرارات: آغای عمرخانی جلالی - آغای شیخ حسن - آغای شیخ کی - آغای حسن آغای دلایی - آغای عبدالله آغای ملان - آغای فخری.

٢- سوما - برادوست - دەشت - مەرگەوەر: آغای عمر [ئەمەر] خان شریفی - آغای طاهرخان سمکو - آغای عباس آغای فەنەک - آغای قویطاس آغای مەمەدی - آغای حاجی وتمان - آغای شیرو - آغای عبدی - آغای حسن تیلو - آغای تمرخان - آغای مراد - آغای نورکو - آغای زبید - آغای عزو - آغای حسن هەنارە - جنابی آغای حاجی سید عبداڵله افندی.

٣- شنو: آغای موسی خان زەرزا - آغای قرنی آغای زەرزا - آغای میرزا سعید - آغای قاضی محمد - آغای کاک حمزە.

٤- سندوس: آغای احمدی کاخضر - آغای قاسم آغای پیروتی - آغای محمدامین پیروتی.

٥- لاهیجان: آغای عبدالله آغای قادری - آغای کاک مامندی قادری - آغای کاک حسین محمدی - آغای پیروت آغای امیر عشایری - آغای محمدامین آغای پیروتی.

٦- پیران: آغای محمدامین آغا - آغای قرنی آغا

٧- میاندواو: آغای محمدحسین خان سیفی قاضی

٨- بوکان: آغای عبدالرحمن شرفکندی - آغای رشید علیزادە

٩- منگور: آغای ابراهیم آغای ادهم - آغای مام حسن - آغای کاک سلیمان - آغای کاک حمزە - آغای مینا آغا،

و باقی برایانی کورد تشکیل دا و لە لایەن سەران رەوشن فکرانی حزبەوە نطقی زور چاک دایر بە دیموکراتی و ییکەتی ایراد کرا لەم کونگرە دا هەمو لکەکانی حزبی دیموکراسی کوردوستان تصویب کرا و نوینەری تایبەتیان بو داندرا هەرییک لە جی ی خویان دامەزران و دەستیان بە کار کرد و هەژار هونەری جووانی کوردوستان ئەم شعرانەی

خوارەوەی کە باسی دیموکراتی دەکا خویندەوە.

------------

و هەر وا جەلەساتی حزبی دیموکراتی کوردوستان ادامەی پەیدا کرد. لە یەکی لە جلسەکان دیسان هەژار ئەم شعرانەی خویندەوە:

------------

و برای بەرز و خوشەویست (خالە مین ) لە جەلەسەی روژی ٢٤ - ٨ - ١٣٢٤ ئەم شیعرانەی ژیروی خویندەوە:

--------------

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی سەید محەمەدی سەمەدی "تاریخچە مهاباد،چاپ اول، چاپخانە حیدری، بهار ١٣٦٣" وەرگیراوە. بۆ نێوی هێندێک لەو کەسانەی دە وێنەکە دان بڕواننە نوسخەیەکی دیکەی کە بە دوای ئەمەیان دا دێ.




٢٠ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١٠ی مارچی ٢٠٠٨

## نووسراوی [پەسندکراوی] مەجلیسی ئەفسەرانی هێزی دێمۆکراتی کوردستان

نووسراوی مەجلیسی ئەفسەرانی هێزی دێمۆکراتی کوردستان سەفحەی ١

بەرواری ٣ - ١١ - ١٣٢٤

نووسراوی مەجلیسی تەواوی ئەفسەرانی هێزی دێمۆکراتی کوردوستان لە دانیشتووی شەوی سێشەمۆی بەرواری ٣ - ١١ - ١٣٢٤ لە وەتاغی شووڕای ئەفسەران بە حوزووری معاوەنەتی بەرزی فەرماندەی کولی قووا و تەواوی ئەفسەرانی هێز و آغایانی غەنی خوسرەوی و دوو نەفەر نمایەندەی کۆمیتەی حیزب ئاغای مەنافی کەریمی و سەدیقی حەیدەری دا تەسویب کرا.

١- دوو هەزار نەفەر محمد زکریە[؟؟] و هەزار نەفەر پیادە ساخلۆدەیان لە سابلاغ بێ، لەوەی پێنسەد سواری بە تالاو و تازە وەلا بنێردرێ و پێنسەد سواری بۆ قەباغکەندی بنێردرێ.
٢- تەسویب کرا لەشکرێک لە میاندواو دا تەشکیل بدرێ بە شەرحی ژێرەوە - مەرکەزی ستادی میاندواو بێ، ٢ پۆل (٤٨٠ نەفەر) مەرکەزی ستادی میاندواو بێ.
٣- بۆکان - ٢ پۆل (٣٦٠ نەفەر لەداخلی بۆکان) و ١٢٠ نەفەر لە گلۆلان بێ.
٤- هەوشار - ٢ پۆل ٤٨٠ نەفەر ساخلۆی لە ساینقەلا ق مەحموودجغ بێ
٥- قەرە مووسالی چلێک (١٢٠) نەفەر
٦- یەکشەوە چلێک (١٢٠) نەفەر
٧- حاجی لەک، دەستەیەک (٤٠) نەفەر
٨- باغلووجە، دەستەیەک (٤٠) نەفەر
٩- سەراو چلێک (١٢٠) نەفەر
١٠- وشتەپە دەستەیەک (١٢٠) نەفەر
١١- مەنگوڕ (٢٤٠) نەفەر بە شەرحی ژێرەوە: بەستام بەگ (٤٠) نەفەر، مەرکەز خەلێفان، (١٤٠) نەفەر - گوێچکەدەرە (٤٠)نەفەر
١٢- لاجانی مامەش (٢٤٠) نەفەر مەرکەز پەسوێ
١٣- لاجانی پیران (٢٤٠) نەفەر مەرکەز خانێ
١٤- هەرکی و دەشتەبێل - قسمەتی تەهای (١٢٠) نەفەر، قسمەتی زێڕۆی (١٢٠) نەفەر، هەرکی مەرگەوەڕێ

(٢٤٠) نەفەر

١٥- شنۆ (٢٤٠) نەفەر، مەرکەز شنۆ

١٦- ڕەزائییە - پۆلێک تێکەڵ (٩٨٠) نەفەر

## مەوضوعی نیشان و دەرەجە:

١- نیشانی ئەفسەران عەینی عەلامەتی ئالآیە بۆ کڵاوی

٢- نیشانی نەفەرات عەلامەتی سێ ڕەنگی ئالآیە بە شکڵی موستەتیل.

٣- عەلامەتی پاگونی سونفی پیادە سەوز.

٤- عەلامەتی پاگونی سونفی سوار ئاسمانی.

٥- عەلامەتی پاگونی سونفی ستاد ڕەش.

٦- عەلامەتی پاگونی سونفی تیپخانە قاوەیی.

٧- عەلامەتی پاگونی سونفی بێهداری سوور.

٨- عەلامەتی پاگونی سونفی موهەندیسی سوورمەیی.

٩- کڵاوی زستانی کولیە تووک.

١٠- کڵاوی هاوینی ئەفسەران کاسکێت ، نەفەرات فۆڕمی ستارە.

١١- حقووقی پێشمەرگەی وەزیفە (٢٠ تمەن و جیرەش لە سەر دەوڵەتێیە).

١٢- حقووقی پێشمەرگەی داوتەڵەب (١٠٠ تومان، جیرەش لە سەر دەوڵەتێیە).

١٣- سەر جوگە ١١٠ تمەن.

١٤- گرووهبانی ٣، ١١٥ تمەن.

١٥- گرووهبانی ٢، ١٢٠ تمەن.

١٦- گرووهبانی ١، ١٢٥ تمەن.

١٧- ئیستیواری ٢، ١٣٠ تمەن.

١٨- ئیستیواری 1، ١٣٥ تمەن.

ئەفسەران لیباسی لە دەوڵەتێ وەردەگرن و دەوڵەتیش ئیمتیازێکی بۆ لیباسی ئەفسەران قایل بن.

١٩- سیتوان ٣، ١٨٠ تمەن.

٢٠- سیتوان ٢، ٢٠٠ تمەن.

باقی لە سەفحەی ٢

حقووق سەفحەی ٢

٢١- سیتوان ١، ٢٢٥ تمەن
٢٢- سەروان ٢٥٠ تمەن.
٢٣- سەرگورد ٣٠٠ تمەن.
٢٤- نائیب سەرهەنگ ٤٠٠ تمەن.
٢٥- سەرهەنگ ٥٠٠ تمەن.
٢٦. سەرتیپ ٦٠٠ تمەن.
٢٧- سەرلەشکر ٧٥٠ تمەن.

تەرزی پاگون هەر دووک لا ئاچغە، لە نێوەڕاستی تێهەڵکێش، ئەفسەران هەر کەسە لە ڕەنگی سونفی خۆی بە ئەندازەی یەک قەیتان نەسبی دەکا.

نێشانی سەرجوگە عەلامەتەکەی لە ڕەنگی سونفی لە سەر قۆڵی چەپەی بە شکڵی موستەتیلی عەموودی.
نیشانی گرووهبانی ٣ دوو خەتە بە شکڵی نێوبردوو.
نیشانی گرووهبانی ٢ سێ خەت بە شکڵی نێو بردوو.
نیشانی گرووهبانی ١ چوار خەت بە شکڵی نێو بردوو.
نیشانی ئیستیوار ٢ یەک خەت لە ڕەنگی سینفی خۆی لە سەر شانی بە ئەندازەی یەک قامک.
نیشانی ئیستیوار ١ دوو خەت لە سەر ڕەنگی سینفی خۆی لە سەر شانی بە ئەندازەی یەک قامک.
نیشانی ئەفسەران موسەلەسێک بۆ سیتوان ٣.
نیشانی ئەفسەران دوو موسەلەس بۆ سیتوان ٢.
نیشانی ئەفسەران ٣ موسەلەس بۆ سیتوان ١.
نیشانی ئەفسەران ٤ موسەلەس بۆ سەروانی.
نیشانی ئەفسەران قوبەیەک بە شکڵی نیسفی سەرگورد.
نیشانی ئەفسەران دوو قوبە بە شکڵی نیسفی ڕۆژ بۆ نائیب سەرهەنگ.
نیشانی ئەفسەران ٣ قوبە بە شکڵی نیسفی ڕۆژ بۆ سەرهەنگ.
نیشانی ئەفسەران قوبەیەک بە شکڵی نیسفی ڕۆژ و عەلامەتی ئالا بۆ سەرتیپ.
نیشانی ئەفسەران دوو قوبە بە شکڵی نیسفی ڕۆژ و عەلامەتی ئالا بۆ سەرلەشکر.
نێشانی ئەفسەران قوبەیەک بە شکڵی ڕۆژی تەواو دەوری قوبەکەی دوو ئالا بۆ سپابود.

**عەلامەتی سینفان بۆ ئەفسەران.**

**١- پیادە دوو خەنجەر لە تەرەفەینی ئەستۆی.**
**٢- سەوار دوو ناڵ لە تەرەفەینی ئەستۆی.**
**٣- ستاد قەڵەم لە تەرەفەینی ئەستۆی.**
**٤- موهەندیس بێڵ لە تەرەفەینی ئەستۆی.**
**٥- تۆپخانە عەلامەتی لوولە تۆپ.**
**٦. نەقلییە عەلامەتی ماشێن.**
**٧- بێهداری شووشە دەوا ".**

**تێبینی: ئەم بەڵگەیەی سەرەوە کە بە تلینقیس [ماشێن تەحریر] نووسراوە لە ئارشیڤی ڕەحیمی قازی وەرگیراوە.**

**یەکەم جار لە بەرگی دووەمی " دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەڵگە و دۆکومێنت، مەحمود مەلا عززەت، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥" دا بڵاو کراوەتەوە. کەریمی حیسامی ش لە کتێبی "پێداچوونەوە،چاپخانەی ماردین، سوید ١٩٩٦" دا بڵاوی کردووتەوە و لە کۆتایی دا نووسیویە (ئەو تصویب نامەیە لە ئارشیوی دوکتور ڕەحیمی قازی وەرگیراوە)، بێئەوەی بڵێ کە پێشتر لە کتێبی مەحمود مەلا عززەت دا چاپ کراوە. لێرە دا نووسراوی"مەجلیسی هێزی دێمۆکراتیکوردستان" مان کە دەردەکەوێ ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی کۆمار کۆبووەتەوە، هێناوەتە سەر ڕێنووسی هەنووکەیی.**

**١٩ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٩ی مارچی ٢٠٠٨**

## بەڕێوەبەر،مامۆستایان و شاگردانی فەرهەنگی نەغەدە (سندووس) لە سەردەمی کۆمار دا



نەغەدە ـ فوتابیانی سەردەمی کۆمار ـ دانیشتوو لە ڕاستەوە: 1ـ بای حەلیم 2ـ گولی سۆفی ڕەحمانی مەجوور 3ـ حەسەن کاکاغازادە 6ـ ڕەحمان ئیمامی 7ـ حەسەن بۆکانی ڕەدیفی دووەم لەڕاستەوە نەفەری 3 فەتاح عەلیانی (دیاری: ملا ڕەشید بریچی)

به خۆشییەوه به گەڕان به دووی سەرچاوه کوردییەکان دا، نوسخەیەکی هێندێک تەواوترمان دۆزییەوه لە وێنەی بەڕێوەبەر، مامۆستا و شاگردانی فەرهەنگی کوردستان لە نەغەدە، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا. گۆڤاری مهاباد ژماره ٦٥، ساڵی ١٣٨٥ لە لاپەڕەی "کەونە نیشتمان "دا کە لە لایەن فەرەیدوونی حەکیم زادەوه ئامادە دەکرێ وێنەکەی لە گەڵ هێندێک لە نێوەکان بڵاو کردووەتەوه، بەڵام ئەگەرچی کەسەکان ژمارەشیان بۆ داندراوه، بەڵام نێوی هەموویان نه نووسراوه . تکایه یارمەتی بکەن بۆ ساخکردنەوەی نێوی کەسانی نێو ئەم وێنەیە،ڕێکەوتی هەڵگیرانی و ئەوەی لە سەر ئاڵاکەی پشت سەریان نووسراوه.

١٨ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٨ی مارچی ٢٠٠٨

## وێنەی هێندێک لە مامۆستایان و هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی کۆماری کوردستان



هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی کۆماری کوردستان

لەم وێنەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئامۆژگاران و مامۆستایانی کورد لە حەوشەی وەزارەتی فەرهەنگی دەوڵەتی جمهووری کوردستان دەبینین. ئەم وێنەیە دەکرێ لە کۆتاییەکانی مانگی جۆزەردانی ١٣٢٥ [ ژووەنی ١٩٤٦] دا هەڵگیرابێ. بۆ ئەووش پشت دەبەستین بە ئاگادارییەک کە لە رۆژنامە کوردستان [ ژمارە ٥٧، چوارشەمۆ ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٢٥ = ١٣ی ژووەنی ١٩٤٦] دا بڵاو کراوەتەوە: " ئاغای ئیبراهیمی نادری کە یەکێ لە ئازادیخواهانی بە تینی کوردە واردی مهاباد بووە. رۆژئاوای ٢٠ - ٣ - ١٣٢٥ لە رادیۆی کۆردستان نوتقێکی بە تینی خوێندەوە." بەوە را دەردەکەوێ ئەم وێنەیە دوای دەست بەکاربوونی ئیبراهیمی نادری وەکوو بەرێوەبەری ئیدارەی فەرهەنگ هەڵگیراوە.

لە سەر دەرگەی خانوەکە، ئاڵای کوردستان و پۆرترەی پێشەوا هەڵئاواسراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەرهەمان شێوە پۆرترەی پێشەوا لە وێنەی بەرێوەبەر، مامۆستا وشاگردانی مەدرەسەی نەغەدەش دا هەیە [پێشتر لێرە دا بڵاو کراوەتەوە]، دەکرێ وای دابنێین  لە سەردەمی کۆمار ،لە مەدرەسە و دەزگا فەرهەنگییەکاندا ئەو شێوە پۆرترەیەی پێشەوا هەڵئاواسراوە.

سەرچاوە Serchawe

لێکۆڵەرەوەی کورد سەید محەمەدی سەمەدی لە کتێبەکەیدا بە زمانی فارسی "تاریخچەء مهاباد، چاپ اول، چاپخانه حیدری، بهار ١٣٦٣[ هەتاوی]" ئەم وێنەیەی بڵاوکردووەتەوە ونێوی زۆربەی ئەو کەسانەی لە وێنەکەدان دیاریی کردووە. زانیارییەکانی بەڕێزیان بە دانانی ژمارە ڕادەگوێزینە ئێرە.

"هاوینی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی - خوێندنگەی پەهلەوی پێشوو (ماڵی ئێستای ئاغای قادری حەمیدی - کتێبفرۆش). لە سەر بەشی سپی ئاڵاکە بە کوردی نووسراوە: (ئەنجومەنی پەروەریشی بیری کوردستان). بە سپاس لە مامۆستای خانەنشین و بەڕێز ئاغای مارفی فتووحی کە ئەم وێنەیەی لە بەر دەست نام.

**ڕیزی پێشەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست:** **پایەکان:** ١- سەمیعی ٢- خەجیجی بابە سووری ٣- زارای مەنگوڕی ٤- فەریدەی زەندی. **پیاوەکان:** ٥- مەلا عەبدوڵای فازلی ٦- ئیبڕاهیمی نادری [سەرۆکی ئەو کاتی فەرهەنگ]، عەلی مەحموودی. **پایەکان:** ٨- ماوزەر بلەزادە ٩- سەلتەنەتی داودزادە [کە هەر دووکیان مووسایی بوون] ١٠- وەجیهەی شوجاعی ١١- ڕەعنای داودی.

**ڕیزی دوویەم لە چەپەوە بۆ ڕاست:** ١- محەمەدی حەبیبی ٢- سەمیعی ٣- نەناسراو، ٤- مسگەری ٥- محەمەد تۆفیق وردی ٦- عوسمان... ؟ (کوردی عێراق) ٧- عوسمان دانیش ٨- نەناسراو، ٩- عەبدوڵای سەلاح زادە ١٠- عەلی گوڵچەبینی ١١- محەمەدی سیگاری ١٢- فەریقی ١٣- عوبەیدی موبەلیغی ١٤- نەناسراو، ١٥- مارفی فتووحی.

**ڕیزی سێیەم لە چەپەوە بۆ ڕاست:** ١- نەناسراو ٢- حوسێنی فتووحی ٣- فەهیمی ٤- قاسمی حیجازی ٥- کوردێکی خەڵکی سۆڤییەت ٦- غالیبی دەباغی ٧- مەحموودی خادیمی ٨- محەمەدی سیدقی ٩- سەعیدی کەریمی ١٠- مەلا ڕەحیم ١١- سەیفوڵای نانەوازادە.

**ڕێزی دواوە لە چەپەوە:** ١- حەسەنی کاکاغازادە ٢- سەید محێیدینی نیزامی ٣- محەمەدئەمینی دانیش پەژوو ٤- عەلی سەرهەنگی.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی نەوشیروان مستەفا ئە مین: "حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا" چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٣ وەرگیراوە. لە گەڵ ڕێز و پێزانین بۆ سەید محەمەدی سەمەدی، لە دەقەکەی وییدا ڕیزی نێوەکان بڕێک تاق و جووت ببوون. تکایە بۆ ساخکردنەوی ناوەکان ئێوەش دە حەول دابن.

بەسپاسەوە ئەو نوسخە ڕوونترەی ئەم وێنەیە لە فەیس بووکی فەرەیدوون حەکیم زادە وەرگیراوە کە ئەویش لە ئارشیڤی سەید عوبەیدیلای ئەیووبیان ی وەرگرتووە.



١٨ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٨ی مارچی ٢٠٠٨

## خاڵە مەلای داودی و خوێندنی کوردی





ڕۆژنامەی کوردوستان لە ژمارەی ١ی خۆیدا، پێنجشەمۆ ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ = ١١ی ژانویەی ١٩٤٦ی زایینی دوو هەواڵی گرینگی سەبارەت بە خوێندن و سرنجدان بە باری پەروەردەی منداڵانی بێ دای و باب بڵاو کردووەتەوە:

"**کوبونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردوستان ژمارە**: 32

ڕۆژی چوارشەممویە ١٢ - ١٠ - ٢٤ جلسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردوستان ساتی دو پیش نیوەرو گیرا لە بابەت مەکتەب و دانانی دو نەفەر پشکنیر بو مەکتەبەکان گفتگوی لازم کرا آغایانی علی خسروی ورحیم لشکری بو پشکنیری هەلبژێردران و حکمیان صادر کرا. و قەرار درا: ١- ئەو منداڵانەی کە بی کەسن و بە سوال مشغولن کو

بکرینەوە لە ناو میللەت دا بەش بکرین وە روژانە لە مەکتەبی گەلاویژ بخوینن و بو خرکردنەوەی ئەم هەژارە بی کەسانە بە شارەوانی ئەمر درا کە خریان کاتەوە و بیان داتە دست آغایانی فروهر و منافی کەریمی و ئەوانیش بە نیو میللەت دا بشیان کەن.

٢- بە اکثریتی آراء پەسند کرا آغایانی فروهر و کریمی خلکی بیسواد حاضرکەن کە شەوانە لە مەکتەبدا بە زمانی کوردی بخوینن.

٣- پەسند کرا هەمو نیشانەی (تابلو) اداران و مەکتەب و تجارتخانان و عمارتان بگورن و بە کوردی بنوسری.

٤- پەسند کرا کە ئەو مندالانەی کو دەکرینەوە تەمەنیان لە شەش تا چاردە سالان زیاتر نەبی.

٥- لە آخری جەلەسە دا پەسند کرا کە جەلەسەی دیکە جوری لباسی شاگرد مەکتەبەکان معلوم کری"

"آگاداری بە تەواوی ئەهالی خوشەویستی (سابلاغ) رادەگەیندریت - لە سەر ئەمری پیشوای معظم وقەراری (حزبی دیموکراتی) کوردوستان لەوەی بەولاوە پیویستە بوپەرەپیدانورواجی زمانی کوردی. کوردی خویندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە لەو(تاریخەوە) تا دە ١٠ - روژی دیکە هەر کەسیک کور و کچی هەبی کە عومری اقتضای خویندن بکا دەبی بی نیریتە مەدرەسە ئەلبەتە هەر کەس لەو ئەمرەی رو وەرگیری بە توندترین مجازات تەنبی دەکری.

کومیتەی مەرکەزی (حزبی دیموکراتی کوردوستان - معاون حزب طەزادە

[ سەید محەمەدی تەهازادە [ ئەیووبیان])"

بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار و بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٢٤ [١٩٤٥] چالاکی و بووژانەوەی فەرهەنگی و حەولدان بۆ خوێندن و پەروەردەی کوردی گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە و هەر لەو ماوەیە دا.

"دایکی نیشتمان" لە مهاباد و چەند شاری دیکە پێشکێش کراوە. خاڵە مەلا یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانی کورد [ کوردستان] لە چ سەردەمی پێش دامەزرانی کۆمار و چ لە کاتی حکوومەتی کوردستان دا دەوری سەرەکی گێڕاوە لە پەرەپێدانی پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی و لە ژمارە بەراییەکانی کوردستان دا باسی چالاکییەکانی "دەرسخانەی گەلاوێژ"ی بڵاو کردووەتەوە.

لە ماوەی یەکساڵەی کۆمار و لە قۆناخی جیاواز دا پلەی بەرپرسیارەتی زۆر جار ئاڵو گۆڕی بە سەر هاتووە. و لە مەڕ وەزارەت [ئیدارە] ی فەرهەنگیش هەر وابووە. عەلی خوسرەوی، ڕەشیدی عەزیزی، سیدقی، دڵشادی ڕەسووڵیی، مەنافی کەریمی و ئیبراهیمی نادری ئەو ناوانەن کە لە کوردستاندا وەکوو "پشکنێر" "سەرۆک"،

"موعاون"، "وەزیر" و "ڕەئیس" ی ئیدارەی فەرهەنگ باسیان لێوە کراوە.

ئەمەش ئاگادارییەکی کورتی مەلای داودی لە ڕۆژنامەی کوردستان دا "قوربانی. ئەمن چەند ساڵ لەوەی پێش عەهدم کرد لە کاتێکدا کورد سەربەخۆ بن، خۆم و دوو کوڕم خۆمان بکەین بە قوربانی. ئێستاش ئاواتم بە جێ هاتووە. ئامادەین دەگەڵ ٥٠ نەفەر شاگردی داوتەڵەب بە ئیزنی باوک و دایکیان ڕۆژی ٢٦ - ١١ - ١٣٢٤ لە پێش عیمارەتی دوکتور یوناتان وەفا بە عەهد بکەین.

**مەلای داودی**

کوردستان: برایانی خوێن گەرم و پێشمەرگە، حوسنی نەزەری موبارەکی پێشەوا ڕەئیس جمهووری بەرزی کوردستان لە سەر ئەوەیە کە ئەنگۆ شاگردەکانتان بە جووری کە پێویستە تەربییەت و ئامادە بکەن کە بە پێی ئەمری پێشەوای خۆتان لە ڕۆژی پێداویست دا فەسسابی لە دوژمنی کوردستان بکەن و لە مەیدانی کارزار دا ببن بە قوربانی." [ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ١١، چوارشەمۆ ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ = ٦ی فێورییەی ١٩٤٦].

تێبینی: ئەم وێنەیە لە ڕووی وێنەیەکی بەکۆمەڵ (پێشتر لێرەدا بڵاوکراوەتەوە) سازدراوەتەوە کە بە سپاسەوە لە لاپەڕەی "کەونەنیشتمان" ی گۆڤاری مهاباد، ژمارە ٨١ کە لایەن فەرەیدوونی حەکیم زادەوە ئامادە دەکرێ، وەرگیراوە.

١٨ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٨ی مارچی ٢٠٠٨

## ژەنەڕاڵ مایۆر ئەمەرخانی شەریفی



**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە لاپەڕەی "کەونە نیشتمان"ی گۆڤاری مهاباد کە لە لایەن فەرەیدوونی حەکیم زادەوە ئامادە دەکرێ، ژمارەی ٧٢،ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی وەرگیراوە.

١٧ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٧ی مارچی ٢٠٠٨

## نامەی ژەنەڕاڵ مایۆرئەمەرخانی شەریفی بۆ پێشەوا قازی محەممەد لە جەبهەی سەقزەوە



نامەی ژمارە (١٦٤)
نامەی عومەرخانی شەریفی سەرۆکی تیرەی شکاک بۆ پێشەوا قازی محەممەد
٢١ - ٢ - ١٣٢٥

ژەنەڕاڵ مایۆر ئەمەرخانی شەریفی سەرۆکی تایفەی کارداری کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتی شکاک لە سەردەمی کۆمار دا ڕەئیسی ئەو کۆنفیدراسیۆنە بوو. ئەو یەک لەو ٧٢ کەسەیە کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان یان واژۆ کردووە. ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی حکوومەتی کوردستان بوو بۆ ئیمزا کردنی پەیمانی یەکەتی و برایەتی لە گەڵ حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان. ئەمەر خان لە کۆماری کوردستان دا دەرەجەی ژەنەڕال مایۆری پێدرابوو.

**تێبینی:** ئەم بەڵگەیە لە کتێبی "جمهوری کوردستان، مەحمود مەلا عززەت، بەرگی یەکەم، سید ئازاری ١٩٩٢ وەرگیراوە.

١٧ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٧ی مارچی ٢٠٠٨

## وێنەیەکی دیکەی ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە







وێنەیەکی دیکەی ژەنەڕاڵ مایۆر حەمە ڕەشیدخانی قادر خانزادە

**تێبینیٚ:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە گۆڤاری مهاباد ژمارە ٤٠، پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی وەرگیراوە.

١٧ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٧ی مارچی ٢٠٠٨

## ماوزەڕی بلەزادە ئامۆژگار و تێکۆشەری حیزبی یایانی کوردستان





**لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** ١- یای سەڵتەنەتی داودزادە، ماشێن نووسی ئیدارەی فەرهەنگ، ٢- یای ماوزەڕی بلەزادە، سەرۆکی محەلەی یەهوودیانی حیزبی یایانی کوردستان لە مهاباد.

لایەنی هەرە سەرنجڕاکێشی نێوەرۆکی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بڵاو کردنەوەی بۆچوونی ژنان و دەنگوباسی چالاکی کیژان و یایانی کوردستانە.

بەلەبەرچاوگرتنی دەرەتانی بەرتەنگی ڕۆژنامەگەری لەو سەروبەندی دا، تەرخان کردنی زۆر لە لاپەڕەکانی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی نوتق و خیتابەی کیژان و یایان لە مهاباد، شنۆ، نەغەدە لە بۆنەی جۆر بە جۆر دا بە ڕوونی دەریدەخا کە بەڕێوەبەرانی کۆمار چەندەیان ئەو بابەتە بە گرینگ زانیوە.

یەک لەو یایانە "ماوزەری بلەزادە" سەرۆکی "محلەی یەهوودیان"ی حیزبی دێمۆکراتی ژنانی کوردستان کە بە پێی ئاگادارییەکی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە ڕۆژی جومعە ٢٤ - ١٢ - ١٣٢٤ی هەتاوی دامەزراوە.

ژمارە: ٢٥، ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ = ١٧ی مارسی ١٩٤٦ی زایینی، لە چوار ژمارەی کوردستان دا باسێکی لە ژێر سەردێڕی " ئامۆژگاری بۆ ژنان" بڵاو کردووەتەوە. لەوانەیە فێمێنیسانی ئەم ڕۆژگارە وئەوکەسانەی ڕابردوو بە ڕەبەی هەیی و هەنووکە دەپێون بە بەشێک لە ئامۆژگارییەکانی یای ماوزەر هەڵبەزنەوە، بەڵام وا دەردەکەوێ ئامۆژگارییەکانی لە چلۆنایەتیدەوروبەری هەست پێکردووە و لە زەینی دا ڕەنگی داوەتەوە.. بۆ هاسانتر خوێندنەوە "آمۆژگاری بۆ ژنان" بە ڕێنووسی ئەم ڕۆژگارە نووسراوەتەوە.

## ماوزەری بلە زادە "ئامۆژگاری بۆ ژنان"

١- هەموو ڕۆژێ لە پێش ڕۆیشتنی پیاو بۆ بازاڕ دەبێ ژن لە پیاو بپرسێ: ئایا هیچ فەرمانت نییە؟
٢- سنجاق یا دەرزی لە یەخەی خۆتان مەدەن نەکوو ڕووی ناسکی منداڵەکانتان برنێ.
٣- ژنی چاک و ڕاست تانجی سەری مێردی خۆیەتی، ژنی ئاوڕووبەر و حەکەدار ئێسکی ڕزیوە دەبەر بەدەنیدا.
٤- کارێکی مێردت پێی خۆش نەبێ، ئەتۆش پێت خۆش نەبێ وەقەرەی مەکەوە.
٥- دەست پێوە گرتن خووی تۆ بێت.
٦- تاریفی پیاوی بێگانە مەکەن دەنا مێرد لێتان درۆنگ دەبێ.
٧- ئەگەر زۆریش دڵتەنگ بووی، دیسان ئەگەر پیاوت هاتەوە، ڕووی خۆت ترش مەکە
٨- خاوێن و خۆڕاگر و پاک بە.
٩- هیچ وەختێک لە ماڵێ بێکار دامەنیشە، چونکوو لە ماڵێ هەمیشە کار بۆ تۆ هەیە.
١٠- هەوڵ بدەن خووی مێردەکانتان بناسن تا بەو جوورە دەگەڵیان ڕەفتار بکەن.
١١- ماڵ و سەروەت ئیرسی باب و باپیرانە، بەڵام ژنی تێگەیشتوو لە لایەن خوداوەیە.
١٢- کارێکی پیاوەکەت لە تۆی مەنع کردووە لە کردنی ئەو کارە هەوڵ مەدە، چونکوو دە ئاخر دا دەزانی کردووتە و شەرمەساری دەکێشی.
١٣- هەمیشە وا بکە کە مێردت لێ ڕازی بێ،ڕەزایەتی مێردت لە باب و دایک بۆ تۆ چاکترە.
١٤- ئەسراری ماڵ و مێردت لە کن کەس مەڵێ.
١٥- موبل و ئەساسییەی وەتاغەکەت هەمیشە خاوێن و بریقەدار بێت،چون پیاو کە هاتەوە لە دیتنی ئەوان دڵی خۆش دەبێ. خزمی مێردەکەت لە خزمی خۆت پتر ئیحترام بگرە.
١٦- ئەگەر مێردت دەستەنگ بوو ، بە تەنگدەستی ئەو بسازە و داوای شتی زیادی لێ مەکە.
١٧- لە کن کەس باسی مێردت بە خراپە مەکە، ئەگەر زۆریش پەست بوو، هەرباسی بە چاکە بکە.

١٨- منداڵی پچووک فێری ترس مەکەن، مەڵێن ئەوە گورگ هات، پشیلە هات دەتخۆن.فێری ئەو جوورە موزەخرەفاتەی مەکەن و هەمیشە ڕێگای شوجاعەت و دلێری نیشان بدەن.

١٩- ئەو شتەی مێردت پێی چاکە یا پێی خۆشە موحتەڕەمی ڕاگرە.

٢٠- لە ڕۆژی درێژی هاوین ئەسبابی ڕاحەتی زستان ساز کە و کاروبارت تەواو کە.

٢١- تەعریف و تەمجیدی زۆر لە قەوم و خوێشی خۆت لە کن مێردت مەکە

٢٢- لە مەجلیسدا سرتە دەگەڵ کەس مەکە.

٢٣- هەوەڵ کاری سبەینێت چرا حازر کردنە بۆ شەوێ و کاری شەوێت حازرکردنی ئەسبابی سبەینێیە.

٢٤- ئەگەر کچی دەوڵەمەندان ببی شانازی بە سەر مێردەکەتدا مەکە، چونکە ژن بە شانازی زوو لە بەر چاوی مێرد دەکەوێ.

٢٥- ئەگەر لە دەست ڕەنجی خۆت داهاتت هەبوو بە خۆت مەنازە و مێردەکەت بە ژێردەستی خۆت مەزانە.

٢٦- لە هاویندا ئەسبابی زستان زۆر بێ قەدر مەکەن و کورسی و مەنقەڵی بە بێ ئەهەمییەتی فڕێ مەدەن.

٢٧- ژنی تێگەیشتوو ماڵی خۆی ئاوا دەکا، بەڵام ژنی تێنەگەیشتوو ماڵی خۆی بە دەستی خۆی خراپ دەکا.

٢٨- ژنی چاک سیرِی ماڵ و عێزەتی مێردی ڕادەگرێ و دەوڵەمەندی دەکا.

٢٩- نمەکدانی خاڵی لە سەر سفرە دانان وەک وەی وایە کە بێ ئاو، ئاور دە سەماوەر باوێی.

٣٠- ئەگەر مێردەکەت پارچەیەکی بۆ کڕی، کتوپڕ قیمەتی لێ مەپرسە و ئەگەر پرسیت مەڵێ خەڵەتاوی.

٣١- ئەگەر مێردەکەت دوژمنی گەورەی بابتی بە میوانی هێنا ماڵێ، زۆری ئیحتیڕام بگرە و مەڵێ ئەوە دوژمنی بابمە.

٣٢- بە بۆڵە بۆڵ و غەمگین و فرمێسک وەڕێن مەبە.


٣٣- سەرت بەردەوە و کار بکە و کار بکە."

[ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧ ، ٣١ ، ٣٣ ، ٣٥]

**تێبینی**: وێنەی سەلتەنەتی داودزادە و ماوزەڕی بلە زادە لە ڕووی وێنەیەکی بە کۆمەڵی بەڕێوەبەران و مامۆستایانی فەرهەنگ لە سەر دەمی کۆمار دا سازدراوەتەوە. بەخۆشییەوە سەیدمحەمەدی لە کتێبی "تاریخچە مهاباد،مهاباد، پائیز ١٣٧٣"دا ئەو وێنەیەی بە نێوی ئەو کەسانەوە کە تێیدان بڵاو کردووەتەوە. ئەوەش خزمەتێکی گەورەیە بۆ ناسینەوەی هەڵسووڕاوانی خوێندن و پەروەردە لە سەردەمی کۆمار دا.

١٧ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٧ی مارچی ٢٠٠٨

## میرزامحەمەد ئەمینی مەنگوڕی ڕووناکبیر و دووربین




**میرزا محەمەدئەمینی مەنگوڕی،ڕووناکبیر و دووربین!**

**میرزا محەمەددەمینی مەنگوڕی وەکوو هاوکارێکی ژەنەڕال حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە لەو سەروبەندە دا کە خان فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقە لە سەرا بووە، دەورێکی سەرەکی گێڕاوە لە نووسینی نامە و وڵامدانەوەی ئەو پێوەندییانەی لە گەڵ حەمە ڕەشید خان کراون. مەحموود مەلا عززەت لە سەرەتای بەرگی سێیەمی"دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە و دۆکومێنت" دا بە دوورودرێژی باسی چاوپێکەوتنی خۆی لە گەڵ حەمە ڕەشیدخان و بە دەست خستنی بەڵگەکانی ئەو سەروبەندەی کە خان لە سەرا بووە دەکا و دەوری میرزا محەمەدئەمینی مەنگوڕی لەو پێوەندییە دا جەخت دەکاتەوە.**


بە خۆشییەوە مەحمود مەلا عززەت لە ساڵی ١٩٩٩ لە سوێد توانی بەشی یەکەمی دەستخەتی میرزا محەمەدئەمینی مەنگوڕی "بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ هەتا ١٩٥٨" بڵاو بکاتەوە. لەو کتێبە دا مەنگوڕی زانیاری ئەوتۆ سەبارەت بە ئەزموونی کۆماری کوردستان باس دەکا کە تا ئەودەمی نەک هەر کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی، بەڵکوو تەنانەت هێزە سیاسییەکانیش پێیان نە دەزانی.

ئەمن پێم وایە دووربینی حەمە ڕەشید خان و میرزا محەمەدئەمینی مەنگوڕی بۆ پاراستنی بەشێک لە بەڵگەکانی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجی نالەبار و نائاساییدا و حەول و تێکۆشانەکانی مەحمود مەلا عززەت بۆ ساخکردنەوە،ڕێکپێێدان، لە سەر نووسین و بڵاو کردنەوەی ئەوبەڵگانە خزمەتێکی ئەوەندە گەورەیە کە وەجی ئەم سەردەمە و داهاتووی کورد بۆ هەمیشە دەبێ لە چاوی دابێ و لە بیری نەکا.

تێبینی: ئەم وێنەیە لە کتێبی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان، مەحمود مەلا عززەت،بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم ١٩٧٧" وەرگیراوە.

١٦ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٦ی مارچی ٢٠٠٨

## نامەی پێشەوا قازی محەمەد بۆ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقە لە سەرا




**تێبینی:** ئەم بەڵگەیە لە کتێبی: "دەوڵەتی جمهوری کوردستان نامە و دۆکومێنت،مەحمود مەلا عززەت بەرگی یەکەم،سوید ئازاری ١٩٩٢ وەگیراوە.

١٥ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٥ی مارچی ٢٠٠٨

## ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقە لە سەرا



"ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە: ٣٢، شەممو ١٧ خاکەلیوە ١٣٢٥ = ٧ آوریل ١٩٤٦

هاتن ڕۆژی ١٦ - ١ - ١٣٢٥ جەنابی حەمەڕەشید خان سەرکردە و قائیدی بەرزی کوردستان کە ٢٥ ساڵە لە ڕێی ئازادی کوردستاندا بەربەرەکانی دەکا و لە، ڕێگایەدا زۆری مەینەت کێشاوە واریدی مهاباد بوو. لە وەختی وارید بوونیدا لە لە لایەن کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێشوازی لێکراو و دەگەڵ ئیحتیرام و سەلامی نیزامی لە کانگای حیزب دابەزی. بەخێرهاتنی دەکەین و سەرکەوتنی وی لە خودا دەخوازین.
"

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە ڕووی وێنەیەکی بە کۆمەڵ سازدراوەتەوە.

١٤ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٤ی مارچی ٢٠٠٨

## حامیدی مازووچی ڕەئیسی دیژبانی ناوەندی مهاباد



سەید محەمەدی حەمیدی "مودیر و سەردەبیری روژنامە و گوواری کوردستان"[کوردستان، ژمارە: ٦٩، یەک شەممو ٣٠ پوشپەر ١٣٢٥ = ٢١ی ژووییەی ١٩٤٦ی زایینی] ئاوا باسی ئەو رووداوە دەکا: "سەرپولی دو محمدی نانەوازادە شهیدی ریگای نیشتمان... چلونەتی شەهید بوونی مرحومی نانەوازادە لە حدودی مانگیک دابوو لە لاین وزارەتی هیزی کوردستانەوە کاری درابویە کە لە سقز بمینیتەوە کە لە حمل و نقلی خواردەمەنیدا بو ئەو سەربازانەی کە لە بانە و سەردەشت دادەنیشن لە لایەن هیزی کوردستانەوە محاصرە کراوون و نەیان دەهیشت لە لشکری سقزەوە خواردەمەنیان پی بگا چاوەدیری بکا. روژی دووشەممو ٢٤ - ٤- ١٣٢٥ بە آغای حامیدی مازووچی رئیسی دژبانی ناوەندی مهاباد کە ئەویش لە سقز دەبی دەستور دەدا کە دەگەل ژماریک ماشین کە هەلگری خواردەمەنی بو سەربازان بوون بو بانە و سەردەشت بچیت و هەر ئەو روژە بو خوشی بە فروکە بو ئەو مەلبەندانە دەروا و ئەو شەوە دەچیتە سەردەشت و بەیانی روژی ٣ شەممو ٢٥ - ٤ - ١٣٢٥ دەگەریتەوە بانە و فروکە لەویی دەنیشی و لەویی دیسان آغای مازووچی دەبینی و دەستوری دەداتی کە ماشینە خواردەمەنیەکان بگەینیتە سردەشت و زور دەست و دەمی یەک دیکە ماچ دەکەن وەکی دە دلی هاویژرابی کە چەند دەمیکی دیکە ژیانی پرر افتخاری دوائی دیت خودا حافظ یەکی گەرم لە آغای حامدی مازوچی دەکا و ساتی ٢١ بە فروکە بو لای سقز هەلدەفری داخی گرانم پاش چەند دەمیک فروکە کە لە نزیک کەلی خان لە شیویک دا لە نزیک دی ی سونج کە لە دیهاتی بانەیە فرروکە کە چەند سەرمەقولات دەدا و آوری تی بەر دەبی فرروکەچیەکە بە چەتری نەجات خوی بەردەداتەوە و چونکو چەترەکەی نیوە آوالە بووە سەری شکاوە و سەدی نەوەد لە مەرگ نزیکە بەلام نانەوازادە ماوەی نەبو بە چەتر خوی نەجا ت

دا و دەگەڵ فرروکەکە بەربوتەوە و هەر دووک پیکەوە سووتاوون لە دوای چەند دەمیک قضیە بە آغای حامدی مازوچی خەبەر دەدری ئەویش دیتە جیگای بەسەرهات و ئەو سەرکردەیە کە سەعاتیک لەوەی پیش دەست و دەمی یەکتریان ماچ دەکرد دەبینی کە آوری نیشتمان پەرستی لە دلیەوە بلیسەی سەندووەوە خوی و فرروکەکەی سوتاندوە خیرا بە دارە مەیت لەشی ئەو شەهیدە هەلدەگرن و دەی بەنە شاری بانە لەوی دەی شون و لە کفنیەوە دەپیچن و دە صندوقی دەنین و دەی هینن بو سقز و لەویش را بە ماشینیکی عدەی سقز بە مشایعتی یەک نەفەر سەروان و دو نفر گروهبان بە میاندواو دا بو مهابادی بەرری دەکەن جنازە سەعاتی ٧ی نیوەرو روژی ٢٦ - ٤ - ١٣٢٥ لە کاتیکدا لە حدودی دەهزار کەس لە طبقاتی جوی جوی بە پیشوازەوە چووبوون و بە تایبەتی وزیری هیز و ژماریکی زور لە خەلکی شاری و سرکردان چەند کیلومتر بە ماشین چووبوونە پیشواز گەیشتە مهاباد و بە احتراماتی نظامی بە خیابانی قاضی و وفائیدا حرکتی پیدرا و لە قبرستانی مەلاجامی بە خاک ئەسپیردرا..."

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ماڵپەڕی www.shehid.com وەرگیراوە.

١٤ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٤ی مارچی ٢٠٠٨

## دەستخەتی مایۆرعەلی بەگی شێرزاد


بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٠٠
نامەی: علی بگ شیرزاد
١٣٢٥/٣/١٣

ژمارە ١٢٤
بروار ١٣/٣/١٣٢٥

وزارتی هیزی دیموکراتی کوردستان
هیزی ناوەندی

١٢٤
١٣٢٥/٣/١٣
ضمیمەی ٢ لاپەرە

وزارتی هیزی دیموکراتی کوردستان
هیزی ناوەندی
فرماندەی برزی هیزی بوکان و منطقەی لسرا

ئەرەمن با تقدیم روتوبسی دو قەڵەرە درخواست اغای محمد حسین رئیسی ایلی هرکی دەرت رجاء ئەوەیە بەرائبەری موتەرەرات ئەمر بە فەرمون نسبت بە تقاضای ناو براو اقدام بعمل بی تن
فەرماندەی هیزی چلی ٥ ناوندی ـ شیرزاد

١٤ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٤ی مارچی ٢٠٠٨

## عەلی بەگی شێرزاد فەرماندەی هێزی چڵی ەی ناوەندی



**تێبینی:** وێنەکە لە کتێبی "پیشوای بیداری" و بەڵگەی دەستخەتی عەلی بەگی شێرزاد لە کتێبی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە ودۆکومێنت، مەحمود مەلا عززەت، بەرگی دووەم ستۆکهۆڵم ١٩٩٥ وەرگیراوە.

١٤ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٤ی مارچی ٢٠٠٨

## نوتقی زێڕۆبەگی بەهادوڕی لە جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە بالانیش

**١٣٢٤ - ١١ - ٢٦**

**ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٢٤ [چوارشەمۆ ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٣ی مارسی ١٩٤٦ی زایینی]**

**ڕیپۆرتاژێکی سەبارەت بە "خطابە و آشعاری کە لە جێژنی (زێڕۆبەگ ) لە دی بالانیش خویندراوەتەوە لە ژێرەوە بو آگاداری خوینەرە خوشەویستەکان دەنووسری:" لە ژمارەی: ٢٣ی کوردستان دا [چوارشەممو ١٥ڕەشەمە ١٣٢٤ = ٦ مارسی ١٩٤٦] ڕۆژی بەڕیوەچوونی ئەو جێژنە باس کراوە کە ٢٦ - ١١ - ١٣٢٤ بووە. ئەمەش وتەی زێڕۆ بەگی بەهادوڕی و بۆ هاسانتر خوێندنەوەی بێ هیچ دەستوەردانێک بە ڕێنووسی ئەم سەردەمەمان نووسیوەتەوە:**

### " نوتقی زێڕۆی بە هادوڕی

**برایانی عەزیز و یۆڵداشانی هەم وەتەن، ئەوەڵەن ئێمە ئەو جەشنی ئازادی لە بۆ عوموومی ملەتی کوردستان و ئازەربایجانی و ئازادی خواهان تەبریک ئەکەم.دووەمین ئەی برایەکانی عەزیز قسەی بابووباپیرانە کە فەرموویانە ئەستاندنی ئازادی هاسانە، ئەمما ڕاگرتنی زۆر شەرتە.بەڵێ ئێمە کە ئەهلی کوردستان و ئازەربایجانین فەقەت دەبێ وەتەنی خۆمان زۆر چاک ڕابگرین وە لە ڕێگای وەتەنی خۆمان بە مردن حازر بین و خوێنی خۆمان لە سنووری وڵات مان برێژین وە ئازادی خۆمان نەدەینە بێگانان.ئێوە بۆ خۆشوو گوێو لێ بوو کە نوتقی ئاغای پیشەوەری پێشەوای ئازەربایجان لە ڕۆژنامەی خۆیان مونتەشریان کردبوو.ئەو نوتقەمان لەوێوە خوێندەوە مەقسوودیان وایە کە ملەتی ئازەربایجانی عموومی تەحتوسیلاح پێکەوە دەستی مەوافەقەت وە مورافەقەت بگرن لە بۆ خاتری ڕاگرتنی مەملەکەتی خۆیان کە دووبارە نەیدەینەوە دەستی ئیرتیجاعان. ئەی برایەکانی عەزیز فکر و زکری ئیرتیجاعان وایە کە دەڵێن ئەوڕۆ یا سبحەی قوشوونی شووڕەوی لە وڵاتی ئازەربایجانێ هەڕەکەت دەکا وە دەردەکەوێ دەر، وڵاتی ئازەربایجانێ دیسان لەبۆ مە دەبێ، بەس مادامێکی وایە دەبێ ئێمەش حازری جەنگی بین، ئەو جەنگەی نەئاوێینە وڵاتی خۆمان، بەڵکوو باوێینە وڵاتی دوژمنی، لەو خشووسو دا زیرەکی وە چالاکی پێدەوێ.وێستاش خواهش دەکەم وەرن ئەی جەماعەتی حازرین لەو مەیدانە دا پێکەوە سێ کەڕەت سوێندی بخۆین کە دوژمنمان بێ بزانی پاشی ئەو ڕۆژەی نەچینە بن باری ئیرتیجاعان، سوێندمان بە قورئانی موقەدەس و سوێندمان بە ئینجیلی موقەدەس و سوێندمان بە شەڕەفی ئاڵای موقەدەسی کە ئەڕۆکە بە دەستی خۆمان**

هەڵدا،ئەبەدەن تەسلیم بە دوژمن نەبین وە وەتەنی خۆمانیش تەسلیم نەکەین، وە لە بۆ کەوتنی ئاڵای خۆمان هیچ ڕازین نەبین ،هەر ئەمرەکی لە تەڕەفی پێشەوای کوردستان جەنابی قازی محەمەد سادر ببێ بە ماڵوو بە جانوو بە ڕوح وە سەمیمی قەلبی ئیتاعەتی بکەین.سوێندی دوویەم وایە ئێمە دەگەڵ برایەکانی ئازەربایجانی لە غەیری ئیتیحادی وە ڕەفاقەتی چ موخالەفەتمان لە مابەین دا نەبێ. سوێندی سەیوم وابێ کە ئەو دەوڵەتێکی لەبۆ مە کۆمەگی کردووە و ئێمەی لە بن چەنگاڵی زوڵمی دەرهێناوە تاکوو دنیا هەیە ئێمەش دەگەڵ وان هەینە، هیچ لە ژێر فەرمانی وان وەدەر ناکەوین ، فکر و خیاڵمان نابێ کە بێ ئەمری دەگەڵ ئەوان بکەین.

هورا بە سەلامەتی ژەنەرالیسموس ستالین
هورا بە سەلامەتی ئۆردووی سوور کە دنیایان ئازاد کرد
هورا بە سەلامەتی جەنابی ئاغای قازی محەمەد پێشەوای کوردستان
هورا بە سەلامەتی ئازادخواهان"

هێندێک سەرچاوە باس لەوەدەکەن هێرشی "زێرۆ بەگ" لە وتە کورتەکەیدا لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان بۆ سەر "سەید عەبدوڵا ئەفەندی" ڕاستەوڕاست بە دنەی ڕاوێژکارانی شووڕەوی کاروباری کوردان بووە، ئەو پێداهەڵگوتنە ئاشکرایەی شووڕەوی لە لایەن "زێرۆبەگ" ەوە لەو وتەی ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵا لە "بالانێش" پێشکێشی کردووە تا ڕادەیەک ئەو بۆچوونە دادەگرێتەوە کە لەبەر ڕکەبەرایەتی ناوچەیی لە گەڵ ساداتی نەهری،بۆچوونی نادۆستانەی شووڕەوییەکانی لە ئاست "سەید عەبدوڵا ئەفەندی" قۆستووەتەوە و ئەوەی نەدەبوو لە ڕۆژێکی مێژووکرد دا بیڵێ گوتوویە.

جێی سەرنجە ، وادەردەکەوێ دواتر پێشەوا توانیویە کێشەی نێوان "زێرۆ بەگ" و " سەید عەبدوڵا ئەفەندی" بەلا دا بخا، یان نەرمی کاتەوە، بۆیە هەر دووکیان لەو دەستەیەی نوێنەرانی کورد دا بوون کە سێ مانگ دوای ٢ی ڕێبەندان چووەتە تەورێز و پەیمانی " یەکەتی و برایەتی" لە گەڵ ئازەربایجان ئیمزا کردووە. بوونی "سەید عەبدووڵا ئەفەندی" لەو هەیئەتە دا ڕاستیەکی دیکەش دەردەخا کە ڕاوێژکارانی شووڕەوی لە بەر خۆشەویستی و هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی "سەید عەبدوڵا ئەفەندی" هەم لە مهاباد و هەم لە مەڵبەندی دزە و مەرگەوەڕ نەیان توانیوە لە سیاسەتی کوردی دەرهاوێن.

١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨

## دەستەی نوێنەرایەتی حکوومەتی کوردستان لە تەورێز، سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦



**لەم وێنەیە دا ٤ کەس لە ٧ ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی حکوومەتی کوردستان بۆ ئێمزای "پەیمانی یەکەتی وبرایەتی" لە گەڵ حکوومەتی ئازەربایجان دەبینین.**

**لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- محەمەدحوسێنی سەیفی قازی ٢- ڕەشیدی جەهانگیری ٣- پێشەوا قازی محەمەد ٤- زێڕۆ بەهادوڕی.**

**شوێن: تەورێز، خانووی سەرۆکوەزیرایەتی**

**ڕێکەوت: سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ی زایینی**

**تێبینی: ئەم وێنەیە لە سایتی "یرمی بیری ئازەر" وەرگیراوە، ئەوانیش لە ژمارەیەکی "ئازەربایجان" ئۆرگانی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان یان وەرگرتووە.**

**١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨**

## دەستلێکدانەوی ڕێبەران.سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ی زایینی



**دیمەنی: ١ لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** ١- زێڕۆ بەهادوڕی ٢- ڕەشید جیهانگیری ٣- محەمەد حوسێنی سەیفی قـازی ٤- ؟. ٥- پێشەوا قازی محەمەد. ٦- میر جەعفەری پیشەوەری، سەرۆکوەزیری حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان. تەورێز.
٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦

١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨

## دەستلێکدانەوەی ڕێبەران، تەورێز،سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ی زایینی



**دیمەنی ٢: لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- ڕەشید جیهانگیری ٢- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی ٣- ... ؟ ٤- پێشەوا قازی محەمەد. ٥- ئەو کەسەی پشتی لە دوورببینە. دوکتور سەلامولای جاویدم وەزیری نێوخۆی ئازەربایجان. تەورێز ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦**

**١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨**

دەستلێکدانەوەی ڕێبەران، تەورێز،سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ی زایینی



**دیمەنی ٣. لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** ١- زێرۆ بەهادوری [جوان دیار ناکا] ٢- ڕەشید جیهانگیری ٣- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی ٤- .... ؟ ٥- پێشەوا قازی محەمەد ٦- سەید جەعفەری پیشەوەری سەرۆکوەزیری حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان. تەورێز ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥

١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨

**دوای واژۆ کردنی پەیمان،تەورێز، سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦**



**دیمەنی ٤: لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی ٢- ... ؟ ٣- پێشەوا قازی محەمەد ٤- عەلی شەبستەری سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان، [ڕووی دیار نییە]، ٥- دوکتور سەلامولای جاوید، وەزیری نێوخۆی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان. تەورێز ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٦ی هەتاوی.**

**١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨**

## دوای واژۆ کردنی پەیمان.تەورێز. سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦



**وێنەی ٥:** تەورێز سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥. دوای واژۆکردنی پەیمانی یەکەتی و برایەتی ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- پێشەوا قازی محەمەد ٢- سەید جەعفەری پیشەوەری، سەرۆکوەزیری ئازەربایجان.

**ڕیزی دوویەم:** ١- ئەمەرخانی شەریفی ٢- عەلی شەبستەری سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان.

**ڕیزی سێیەم:** ١- سەید عەبدوڵای گەیلانی ٢- محەمەدحوسێنی سەیفی قازی.

**ڕیزی چوارەم:** ١- ڕەشید جەهانگیری ، .... . ....

١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨

دوای واژۆ کردنی پەیمان.تەوریز، سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦



وێنەی ٦: تەوریز سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥. دوای واژۆکرانی پەیمانی یەکەتی و برایەتی ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- پێشەوا قازی محەمەد ٢- سەید جەعفەری پیشەوەری، سەرۆکوەزیری ئازەربایجان.
ڕیزی دوویەم: ١- ئەمەرخانی شەریفی ٢- عەلی شەبستەری سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان.
ڕیزی سێیەم: ١- سەید عەبدوڵای گەیلانی ٢- محەمەدحوسێنی سەیفی قازی.
ڕیزی چوارەم: ١- ڕەشید جەهانگیری، بۆ لای شانی چەپی وی: دوکتور سەلاموڵای جاوید، وەزیری نێوخۆی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان.

١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨

## دوای واژۆ کردنی پەیمان.تەورێز. سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦



وێنەی ٧: تەورێز سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥. دوای واژۆکرانی پەیمانی یەکەتی و برایەتی ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- پێشەوا قازی محەمەد ٢- سەید جەعفەری پیشەوەری، سەرۆکوەزیری ئازەربایجان، ڕیزی دوویەم: ١- ئەمەرخانی شەریفی ٢- عەلی شەبستەری سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان، ٣- محەمەدحوسێنی سەیفی قازی، لە پشت سەری شەبستەری: سەید عەبدوڵای گەیلانی.

١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨

دوای واژۆ کردنی پەیمان،تەورێز، سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦



**وێنەی ٨.** تەورێز سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥. دوای واژۆ کرانی پەیمانی یەکەتی و برایەتی سەید جەعفەری پیشەوەری، سەرۆکوەزیری ئازەربایجان،

**ڕیزی دوویەم:** ١- ئەمەرخانی شەریفی ٢- عەلی شەبستەری سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان،

**ڕیزی سێیەم:** ١- سەید عەبدوڵای گەیلانی ٢- محەمەدحوسێنی سەیفی قازی،

**ڕیزی دواوە:** ڕەشید جەهانگیری.

١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨

## وێنەکانی دوای واژۆ کردنی پەیمان.تەورێز.سێشەمۆ ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦



**وێنەی ٩:** تەورێز سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥. دوای واژۆکرانی پەیمانی یەکەتی و برایەتی: عەلی شەبستەری، سەید عەبدوڵای گەیلانی، ڕەشیدی جەهانگیری، دوکتور سەلامولای جاوید.

١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨

---

## پەیمانی یەکەتی و برایەتی حکوومەتی میللی کوردستان و ئازەربایجان ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦

ئەو پەیمانە ڕۆژی سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە سەعات ٥ی ئێوارە لە شاری تەورێز لە خانووی سەرۆکوەزیرایەتی نەتەوەیی ئازەربایجان واژۆ کرا.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٤٥ی خۆیدا چوارشەمۆ ١٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٨ی مەی ١٩٤٦ی زایینی واتە پازدە ڕۆژ دواتر لە ژێر سەردێڕی "متنی پیمانی یەکەتی و برایەتی حکومەتی ملی کوردستان و آذربایجان بەسترا" نێوەرۆک و ناوی ئیمزاکارانی ئەو پەیماننامەیەی بڵاو کردووەتەوە.

**ئەو کەسانەی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە ئەو پەیماننامەیان ئیمزا کردووە بریتی بوون لە:**

**١- آغای قاضی محمد رئیسی حزبی دیموکرات کوردستان و رئیسی حکومتی ملی کوردستان**
**٢- آغای محمدحسین خانی سیفی قاضی وەزیر هیزی حکومتی میلی کوردستان**
**٣- آغای سید عبدالله گیلانی عضوی کومیتەی مەرکەزی حزب دیموکرات کوردستان**
**٤- آغای ئەمرخانی شریفی عضوی کومیتەی مەرکەزی حزب دیموکرات کوردستان رئیسی عیلی شکاک**
**٥- آغای رشید بەگی جهان گیری عضوی کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردستان نمایندەی عیلی هەرکی**
**٦- آغای زیروبەگ بهادری عضوی کومیتەی مەرکەزی حزب دیموکرات کوردستان نوینەری عیلی هەرکی**
**٧- آغای قاضی محمد خضری نوینەری کوردی شنو"**

**و لە لایەن ئازەربایجانەوە:**

**١- آغای حاجی میرزا علی شبستری رئیس مجلسی میلی آذربایجان**
**٢- آغای پیشەوری سەروک وزیری حکومت میلی آذربایجان**
**٣- آغای پادگان معاون صدری کومیتەی مەرکەزی فرقەی دیموکرات آذربایجان**
**٤- آغای دوکتور جاوید وەزیری داخلەی حکومت میلی آدربایجان**
**٥- آغای بی ریا وەزیر فرهنگی حکومت میلی آذربایجان"**

**جێگەی ئاماژەیە "کوردستان" پلەی پێشەوای وەکوو "رئیسی حزبی دیموکرات کوردستان و رئیسی حکومەتی میلی کوردستان" هیناوە و لەو بەڵگە گرینگە دا وەکوو "رەئیس جمهور"ی باس نەکردووە.**

**هەر وەها لە گەڵ ئەوەشدا کە عنوانی "عضوی کومیتەی مەرکەزی حزب دیموکرات کوردستان" بە دوای ناوی سەید عەبدوڵای گەیلانی، ئەمەر خانی شەریفی، ڕەشید بەگی هەرکی و زێرۆ بەگی بەهادوڕی لێرە و لە بەیاننامەی بەسترانی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا هاتووە بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان دەستەڵاتداری شوێن و ناوچەی دەوروبەری خۆیان بوون و لە کاروباری بەڕیوەبەری و ڕۆژانەی ناوەندی "حکوومەتی میللی کوردستان" دا دەورێکی ئەوتۆیان نەبووە.**
**تێبینی: ئەم وێنانەی بەدوا دا دێن لە فیلمێکی بەڵگەیی وەرگیراوە کە لە کۆماری ئازەربایجان بەر لە هەڵوەشانی سیستمی سۆڤییەت لە لایەن فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجانی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە. ئەو دیمەنانە ئی ڕۆژی**

**سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٤ = ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە شاری تەورێز لە بینای حکوومەتی میللی ئازەربایجان هەڵگیراون.**

**١٣ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٣ی مارچی ٢٠٠٨**

## دڵشادی ڕەسووڵی مودیر و خاوەن ئیمتیازی گۆواری زانست



کوردستان لاپەڕە ٢

بو زانین

زانست

Zanist

گۆواری زانست گۆواریکی . زانستی ، کومەلایەتی ، ترینی ئەدەبیە لەمەنگی پووشپەری سالی ١٣٢٥ ومانگی ژمارەییک وەدەردەکەوی ، لەنووسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی‌ادبی زانستی کومەلایەتی ترینی‌بە نشانی ( وزارەت‌فەرهەنگ‌دەفتەری گۆواری زانست ) بومان‌بنیرن تاله‌گۆواری زانستدا دەرج بکری .

مدیری مسئول و خاوەنی امتیاز

دلشاد رسولی

**ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٧، ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان، سی شەممو ٢٦ خەرمانان ١٣٢٥**

**[سەرنج بدەن! بە مەبەستی هاسانتر خوێندنەوە، ئەم وتارەی ژێروو لە ڕووی دەقی ماک بە ڕێنووسی ئەم سەردەمە نووسراوەتەوە]**

**[حزبی دیموکراتی کوردستان]**

دڵشاد ڕەسووڵی

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کە ئازادی وڵات وابەستە بە پشتیوانی ئەو حیزبە، هەمان حیزبێکی کە پارێزگاری وڵاتە، هەمان دێمۆکرات... [دەقی ماک] سەرچاوی خۆشبەختی و نیشانەی ئینسانییەت... [دەقی ماک] ، دێموکڕاتی حەقیقی... هەمان قانوون و ڕەهبەری بەشەرییەت... [دەقی ماک]، ئەورۆ لە وڵاتی مە دا... [دەقی ماک]، ئەو کوردستانەی کە چەند سەد ساڵە ژێردەست، زوڵم لێکراوە، لە ژێر باری زۆرداران پشت چەماوە، هێز نەماوە. لەو پارچە کوردستانەدا ئەو قانوونە، ئەو مەڕامە کە نیشانەی سەعادەتی بەشەرییەتە کە پارێزگاری ئازادی فەردە، تەنها ڕێگای نەجاتی وڵاتە. ئەورۆ، بەڵێ ئەورۆ لە وڵاتی مە دا ئەو وڵاتەی بە هۆی هێزی زاڵمان و خوێنمژان، لە فەرهەنگ،لە تەعمیرات، لە کەشاوەرزی، لە بێهداری بێبەش کراوە. وڵاتی فەقیر، هەژار و وێرانەی کوردستان، وڵاتی بێ عیلم خەرابەییێکی تێک ڕماوە.

میللەتێکی هێز نەماوی کوردستان ئەو بێ هێزییەی کە لە نەزانین و بەجێ مان لە قافڵەی تەمەدون هاتۆتە دی، لەو وڵاتە دا ئەورۆ تەنها هومێدێک، چارەیەک، دەرمانی دەردێک بۆ ئێمە پشتیوانی کردنی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانە.

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ئەو ڕۆڵانەی کە دەگەڵ خودای خۆیان پەیمانیان بەستووە تا خوێن لە بەدەنیان دا بجووڵێتەوە و تا هێزێک لە بەدەنیان دا مابێ بۆ ڕزگاری، بۆ ئازادی وڵات سەعی بکەن. بە پشتیوانی خودای و ڕەهبەری گەورەیان کە پێشەوایە. [دەقی ماک]، پێشەوایە بە مەردانە، بێ باک، ڕێگای خۆشبەختی میللەتیان دیوەتەوە، ئەوا خەریکن، مەشغووڵن لە گیان بەخت کردن دان.

میللەتی بە جێ ماو، هێز نەماو ڕەهبەری دەکەن. پێشەوا لە پێشەوە ئێمەش ئیمانمان بە ڕەئی سائیبی وی هەیە، بە حەربەی ئیمان، بە سیلاحی عەقیدە بە پشتیوانی مەڕام بۆ سەرچاوەی خۆشبەختی ،بۆ خانووی ئازادی دەڕۆین، دەڕۆین و دەی گەینێ. خانووی ئازادیمان دیوەتەوە بەڵام، دەبێ بە هیممەتی دانیشتوانی وڵات، بە پشتیوانی وان پاکی کەینەوە، تەعمیری بکەین، موحەوەتەی ئەو خانووەش کە لە بەر زاڵم و خوێنمژان بۆتە خەرابە، هەزاران گیای هەرزەی تێدایە دەبێ پاک بکرێتەوە.حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە ڕەهبەری پێشەوای خۆی زامنی پارێزگاریەتی [سپی لە دەقی ماک دا]. ئێمە بۆ ئازادی لە کۆشش داین. بمرین، بکووژرێین، زیندانی بکرێین لە ڕێگای مەڕامی موقەدەس دا لە کن ئێمە جێگای خۆشبەختییە.هیچ کەسێک ناتوانێ لەو ڕێگایە دا ئێمە لادا. هیچ هێزێک پێی ناکرێ لە گەڵ هێزی ئیمان و عەقیدەی ئێمە بکەوێتە جەنگ. هیچ دەوڵەتێک لە ڕێگای ئازادی دا ناتوانێ بەربەرەکانیمان دەگەڵ بکا. ئێمە پاکین، بە پاکی خۆمان گرەوی لە مەیدان دەبەینەوە. دەگەڵ میللەت

ڕاستین، بە ڕاستی خۆمان سەردەکەوین. سیلاحی ئێمە ئیمان و عەقیدەیە، ئەو ئیمان و عەقیدەی کە تەنها ئامالی بەشەرییەتە. سەرچاوەی ویجدان پاکی سیلاحی ئێمەیە و بە غەیری ئەوە هیچ سیلاحێکی دی مان نییە، دەگەڵ ئەوەش، دەگەڵ ئیمپراتوریتێکی کە زاڵم بێ. کە بیبەوێ ئازادیمان پامال بکا، کە بیبەوێ زوڵممان لێ بکا شەڕ دەکەین، لە جەنگ دابن دڵنیاین هەر ئێمە سەربەرزین، هەر ئێمە لە مەیدانی ژیان دا ڕووسوور دێینە دەر.

ڕووسووری هەر ئەوە نییە مەردانە بژی، بەڵکوو ڕووسووری حەقیقی ئەوەیە مەردانە بمری. ئیفتیخار هەر ئەوە نییە کە ئازادی وەچەنگ خەین، بەڵکوو ئیفتیخاری حەقیقی ئەوەیە لە ڕێگای وەچەنگ خستنی ئازادی سەری خۆت دانێی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ئیمان و عەقیدەی وایە کە:

هیچ کەسێک بە غەیری خۆمان ناتوانێ دەرحەقی ئێمە بەدگۆیی بکا. هیچ کەسێک بە غەیری خۆمان ناتوانێ ناو و شوهرەتی ئێمە خەراپ کا. هیچ ڕەخنەیەک بە غەیری وتار و کرداری ئێمە ناتوانێ شۆهرەت و ئیفتیخاری ئێمە لەکەدار بکا.هیچ شتێک بۆ بەدبەختی و ڕۆژی ڕەشی ئێمە بە غەیرەئەز تەمایولی خۆمان موئەسیر نییە، لەبەر ئەوەی کە ئەوەمان زانیوە خووی خۆمان، ڕەوشتی خۆمان ئیسلاح کردووە. ئیمان و عەقیدەمان بەوانە هەیە بۆیە کردار و گوفتامان چاک کردووە بۆ مەرامێکی موقەدەس، بۆ ئامالێکی بەشەری... بۆ سەعادەتی نیشتمان چ گیانێک و چ تەمایولێک پێویستە کردوومانەتە سەرمەشقی ژیانمان و بە ڕەهبەری پێشەوای گەورەمان دەچینە پێش بۆ خانووی ئازادی، بۆ ژیانی میللەت و بۆ خۆشبەختی دانیشتووانی وڵات.

باکێکمان نییە چونکە ڕاستین، بۆیە ناترسین ئاشکرایە هەرکەسێک بیبەوێ بە قسە و وتار حەقیقەتی ون بکا، حەقیقەت ئەوی ڕیسوا دەکا.ئێمە حەقیقەتمان ون نەکردووە بۆیە ناترسین، بۆیە دڵنیاین بە ئامالی خۆمان شاد دەبین. بۆیە هەمیشە هاوار دەکەین: ئەی پێشەوای گەورەمان بۆ وەدەست خستنەوەی ئازادی ،بۆ بەرقەراری دێمۆکڕاسی بڕۆ پێش، هێزی نەمری ئێمەت هەیە.

١٢ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٢ی مارچی ٢٠٠٨

## دڵشاد ڕەسوولی موعاوینی وەزارەتی فەرهەنگی جمهووری کوردستان



دڵشادی ڕەسوولی لە ئەندامە بەراییەکانی کۆمەڵەی ژیانی کورد [کوردستان] و یەک لە کادرە هەرە هەڵسووڕاوەکانی حیزبی بووە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا.

لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار ئەو و هاوالانی عەبدولرەحمانی زەبیحی و قاسمی قازی لە مهاباد نە بوون. ئەوان کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی سیاسی کۆمەڵە چووبوونە ناوچەی ورمێ لە ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٤ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینی لە لایەن ژاندارمەکانی ئێرانەوە قۆڵبەست دەکرێن و دەبردرێن بۆ تاران. نزیکەی ٧ مانگ لە تاران لە بەندیخانەدا دەیانهێڵنەوە و ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری مهاباد لە پارلمانی ئێران زۆر تێدەکۆشێ بۆ بەردانیان و دواجار لە کۆتاییەکانی مانگی ڕێبەندان دا دەگەنەوە مهاباد و دەست بە چالاکی دەکەن، هەم زەبیحی و هەم دڵشاد لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کە بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان و حکوومەتی کوردستان بووە نووسینیان زۆرە، زەبیحی جگە لە چالاکی ڕووناکبیری، پشکنێری حکوومەتی کوردستان، نووسەری [سێکرێتێری]" ئەنجومەنی رەوابطی فەرهەنگی ایران و شوورەوی شعبەی کوردستان"وکادرێکی حکوومەت بووە بۆ پێوەندی دیپلۆماتیک.دیارە ئەوەندە جێی بڕوای قازی محەمەد بووە کە ڕۆژێک دوای گەیشتنەوەی بە مهاباد " مەئموورییەت" ی پێ ئەسپێردراوە.

دڵشادی ڕەسووڵی لەبەر توانای ڕووناکبیرانەی کە لە نووسینەکانی را دەردەکەوێ، گەرچی زیاتر نێوەرۆکی ئەخلاقیانە و چاکە خوازییان هەیە دەکرێ وەکوو تێئۆریسیەنێکی ئەو سەردەمە چاولێبکرێ. دڵشادی ڕەسووڵی لە گەڵ درێژەدان بە نووسین و چالاکی تەشکیلاتی بوو بە "معاونی ڕەئیسی [وەزیر] ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان".


جێی سەرنجە کە لە ژمارەی ٦١ی ڕۆژنامەی کوردستان ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٣ی ژوەنی ١٩٤٦ی زایینی دا دڵشاد وەکوو "مدیری مسئول و خاوەن امتیازی گوواری زانست" ئاگادارییەکی بڵاو کردووەتەوە. بە داخەوە تائێستا لێمان ڕوون نییە گەلۆ ئەو گۆڤارە قەت چاوی بە ژیان هەڵهێناوە یان نا؟تا ئێستا هیچکام لەو سەرچاوە نووسراوانەی ئەمن دیتوومن لەو بارەیەوە چ زانیارییەکیان تێدا نییە.

لەو سێیەوانە، ئێمە لە چاپەمەنییەکانی سەردەمی کۆمار دا باسێک لە چالاکی قاسمی قادری قازی ناخوێنینەوە. تەنێ کوردستان لە خەبەری لە مەڕ بەربوونیان هێمای پێکردووە لەبەر نەخۆشی لە گەڵ زەبیحی و دڵشاد نەهاتووەتەوە مهاباد و ماوەیەک لە تەورێز دەمێنێتەوە. هەموو ئەو سەرچاوانەی لە سەر کۆمەڵەی ژیانی کورد [کوردستان] یان نووسیوە ئەو بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ژ.ک ناو دەبەن.تەنانەت لە چەند جێشدا باس کراوە یەکێک لە نوێنەرانی کوردی ئێران بووە بۆ ئیمزا کردنی "پەیمانی سێ سنوور". هەڵبەت هەبوون و نەبوونی "پەیمان" ێکی ئەوتۆ هێشتا یەک لا نەبووتەوە و ڕەنگە هەر وەک پنکتێکی ناڕوون بمێنێتەوە لە ئاوڕدانەوە بۆ سەر مێژووی سیاسی کوردستان دا. هێندێک نووسەر لەوانە هەژار بە لێبڕاوانە دەڵێن چاوپێکەوتنێکی ئەوتۆ کراوە و پەیمانیش مۆر کراوە، و هێندێکی دیکە وەکوو فرانسوا حەریری لە جێدا بوونی چاوپێکەوتن و پەیمانێکی ئەوتۆ بەرپەرچ دەدەنەوە. قاسمی قادری قازی لە ساڵی ١٣٤١ یان ١٣٤٢ی هەتاوی دا سەری ناوتەوە و تا ئەو دەمی لە فێرگەکانی مهاباد مامۆستا یان بە ئەدەبییاتی سەردەمی کۆمار "آمۆژگار" بووە.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە چاپکراوەوەی "ڕۆژنامەی کوردستان" کە لێرەدا زۆر جار ئاماژەی پێکراوە وەرگیراوە.

١٢ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٢ی مارچی ٢٠٠٨

## مەلاحوسێنی مەجدی،سەرۆکی ئیدارەی عەدلییەی کوردستان



کوردستان لە ژمارەی: ١٠ دوشەمۆ ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ = ٤ی فێورییەی ١٩٤٦، دەقی دۆعای مەلاحوسێنی مەجدی لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمار لە ٢ی ڕێبەندان، ئاوا دەگێڕێتەوە:

" آغایان، حاضران. اولا لە خودای بەرز دەخوازین کە پیشوای مەزنی ایمە لە عدالەتی عمری کوری خطاب و امانتی ابوعبیدە و شجاعتی خالدی کوری ولید و علمی علی کوری ابوطالب (خدایان لی راضی بی) بەهرەوەر بی. آمین.

پاشان ئەی آغایان و حاضرینی نەتەوەی کوردی غیور حق تعالی لە قرآنی مجید دا دەفەرموێ: (ان المتقین فی جنات و عیون فادخلوها بسلام. آمین) کە پرهیزگاران لە باغاتی بەهەشت و کانیاندا دادەنیشن و ملائکە بەوان دەلین : وەرن بە سلامەت و لە هەمو نارەحەتیک امین بن وە دەرد و بلای دنیا لاچو پاشان خدا دلیلی ئەم

سلامەتیە و وارد بونی ئەم اشخاصە دەفەرموێ: و نزعنا مافی صدورهم من غل اخوانا علی سرر متقابلین.یانی ایمە لە بەر سعی و کوششی خومان حسد و کینە و بغضمان لەوان دور کرد و وەکو برایانی کە لە یەک رگ بوبن لە سەر تەختان دا دەنیشن و بە ادب رو لە یەکدی دەکەن، چونکو پشت لە یەکدی کردن نشانەی نارضایەتیە و ئەم نەتەوانەی جور جوری کە لە بەهەشتدا اتفاقیان هەیە لە اثری ترکی حسد و کینە و لە اثری نیشان دانی تعاون و کومەگی بوە کە لە دنیا دا پیکیان کردوە ئەگەر وابو ئەمە دەبی ترکی کینە و بغض و نفاق بکەین و بمقامی اشخاص سزاوار حسد نەبەین . ئەمن حدیثێک لە کتیبی (مسلم) ئەویش لە ابو سعیدی خدری نقل دەکا کە پیغمبر (ص)بەرو خوشی فەرموی ابو سعید بانگ دەریک لە کاتی چونی بەهەشت بانگ دەکا: کە لە بەهەشتدا بژی و بی مەرگ و لەشساغ دەبی، بی نەخوشی و همیشە جوان دەبی ، پیر نابی و لە نعمتی خودا بەشدار دەبی بی نارەحتی و ناهومیدی.

ئەمەش نەتەوەی کورد انشاالله لە سەر ژیانی سەربەستی بەیگجاری و لە لەشساغی بی نەخوشی و، لە نەمامی آزادی بی سیس بون و لە نعمتی آزادی بی زوال بهرمند دەبین:

خوداوەندا ئەم آلایە کە بە خوینی لاوان چەقاندومانە قایم و بە یەکجاری کەی (آمین) یانی درجەی بەرز و سەربلیند بی و سفرای دەولەتی ایمە لە هەندەران گەورە و قسە لی قبولکراو بن (آمین) و دەولەتی جیرانی ایمە ( اتحاد ڤماهیری شوروی) همیشە لە عزت و شوکتی زیاد بی و لە سەر دوژمن مطفر بی (آمین) و ئەو خاتانە کە لە ری سەربەستی گیان و بدەن و مالی خویان بەتلاند موردی رحمت خدا و لە درجەی شهدا دابن.و آخر کلمە ایمە جملەییکە کە ئەهلی بەهەشت لە ورودی ئەولی دا دەلین: حمد بو خودایکە کە چرای هدایتی هەڵکرد و ئەگەر چرای روناک نەکردایە بەو نعمتە بی پایانە نەدەگیشتین و دو نەفەر شازادەی بنی هاشم و بنەمالی سراج الدین کە لیرە حاضرن لە خدا دەخوازین کە لە سەر خذمت بە نەتەوەی کورد بدل همت بکەن و موفق بن.

ئەو دووکەسەی کە مەلا حوسێنی مەجدی ئاماژەیان پێدەکا دەبێ مەبەستی سەید عەزیزی شەمزینی و مەلا مستەفای بارزانی بێ کە دیارە هەردووکیان لە سلسلەی شاهی نەخشبەند بوون.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: "حکومەتی کوردستان ریبەندانی ١٣٢٤ - سەرماوەزی ١٣٢٥ کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، نەوشیروان مستەفا ئەمین،چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٣ وەرگیراوە.

١٢ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٢ی مارچی ٢٠٠٨

## ژەنەڕاڵ مایۆرمەلا مستەفای بارزانی و هێندێک لە سەرکردەکانی دیکە لە مهاباد



بە پاشخانی وێنەکە و شێوەی پۆشێنی یونیفۆرمەکەوە دەردەکەوێ کە بە دوای وێنەکەی پێشوو دا کێشراوە.
لە راستەوە دانیشتوان:

١- ژەنەڕاڵ مایۆر مستەفا بارزانی ٢- عەبدولموئمین بارزانی کوڕی شێخ سلێمان بارزانی ٣- شێخ سلێمان بارزانی.

ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- نەناسراو ٢- عەلی خەلیل ٣- محەمەداغای مێرگەسووری ٥- ئەسعەد خۆشەوی

تێبینی؛ ئەم وێنەیەو نێوی کەسەکان بە سپاسەوە لە سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە

١٢ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ٢ی مارچی ٢٠٠٨

## ژەنەڕاڵ مایۆرمەلا مستەفای بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانیان



لەدەوڵەتی جمهووری کوردستاندا محەمەد حوسێنی سەیفی قازی کۆمەک فەرماندەی هەموو هێز و وەزیری جەنگ [هێزی دێمۆکراتی کوردستان]، مستەفای بارزانی قائدی کوردی بارزان و فەرماندەی هێزی بارزانیان، ئەمەر خانی شەریفی سەرۆکی تایفەی کارداری کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتی شکاک و یەک لە نوێنەرانی کوردستان بۆ ئیمزا کردنی پەیمانی برایەتی و دۆستایەتی لە نێوان کوردستان و ئازەربایجان و حەمە ڕەشید خانی قادرخانزادە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی سەرا پلەی ژەنەڕاڵ مایۆری یان هەبوو.

پێشەوا لە وتەیەکدا لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ تەورێز لە ١٥ - ٢ - ١٣٢٥ کە لە "کوردستان ی، ژمارەی ٤٦، شەمۆ ٢١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ١١ی مەی ١٩٤٦" دا چاپ کراوە لە گەڵ شتی دی دەڵێ: "برایانی خۆشەویستی بارزانی کە

لە ڕێگای وەدەست خستنەوەی ئازادیی کوردستانی مەزن وڵات و ماڵ و منداڵیان لە پێش چاو نییە و هەموویان لە پێناو ئەو مەتڵەبە ناوە، مەردانە لە کۆشش دان، جێگای شانازییە و ئازادیخواهی میللەتی کوردەواری نمایش دەدەن و شارەزایی وان لە عەمەلییاتی جەنگی و ئازایی و ڕەشیدییان کە سیفاتی مومەیزەی کوردانە لە شەڕی سالح ئاوایە دا مەعلووم بوو کە عیدەیەکی ٢٠٠ نەفەری ئۆردووی فارسەکان دەیەویست بۆ لای سەرایە بێت ئەوان بە ١٧٠ نەفەری پێشیان پێ گرتن، ١١٠ نەفەریان لێ کوشتن، ٤٠ ئەسیریان لێ گرتن و تەلەفاتێکی زۆریان لێ دان بە بێ ئەوەی یەک نەفەریان خوێنی لە کەپۆی بێ.


جەنابی حەمە ڕەشیدخان کە چەند وەختە لەو ڕێگایە دا ئیمتیحانی خۆی داوە، هەمووی ئەوانە بەڵگەیەکی زۆر گەورەن کە جونبشی ئازادیخواهی کوردستان بە هۆی سیاسەتی خاریجی نەبووە بەڵکوو هێزێکە لە دڵی هەموو کوردێک دا مەوجوودە.........."

ئەم وێنەیە دەبێ لە عەکاسخانەی سەیادییان لە مهاباد هەڵگیرابێ.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە وەرگێڕانی کوردی دوو کتێبی حوسێنقوڵی پسیان. کتێبێکی حەسەنی تەفرێشیان و کتێبێکی مورتەزا زەربەخت کە هەموویان بە یەکەوە لە توێی بەرگێک دا چاپ کراون و بە کوردیی نێوەڕاست نێوی لێنراوە" بارزانی لە مەهابادەوە... بۆ ئاراس. وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠٠١، وەرگیراوە

١١ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ١ی مارچی ٢٠٠٨

## ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری مهاباد لە خولی چاردەیەمی پارلمانی ئێران



وێنەی ئەبولقاسمی سەدری قازی (سەدرولئیسلام) نوێنەری مهاباد لە خولی ١٤یەمی مەجلیسی شوورای میللی ئێران و نوێنەری قازی محەمەد و حکوومەتی کوردستان لە تاران. سەدری قازی لە ١٨ی بانەمەڕی ١٢٨١ی هەتاوی لە سابڵاغ لە دایک بوو.

ئەو برای پچووکتری پێشەوا قازی محەمەد و دووساڵ لەوی گەنجتر بوو.

سەدری قازی لە خولی چاردەیەمی مەجلیسی شووڕای میللی لە گەڵ فراکسیۆنی پێشکەوتووی مەجلیس هاو دەنگ بوو و لە وتارەکانیدا لە مەجلیس زۆر جار زوڵم و زۆر و کردەوەکانی حکوومەتی نێوەندی لە کوردستان و بە تایبەتی ئەڕتەش و نیزامییەکانی لەقاو دا.

خولی ١٤ی مەجلیسی ئێران لە ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٢ی هەتاوی تا ٢١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی خایاند واتە ٢٥ی

سەرچاوە Serchawe

فێورییەی ١٩٤٤ تا ١٢ی مارسی ١٩٤٦. یەک لە فریوکارییەکانی سەرەکی حکوومەتی نێوەندی ئێران بۆ داگیرکردنەوەی ئازەربایجان و کوردستان بە بیانووی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی خولی ١٥یەمدا بوو کە حکوومەتی قەواموسولتەنە لە گەڵ حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان لە سەری ڕێک کەوتبوو.

هەژار لە بیرەوەرییەکانی ،چێشتی مجێور دا لە مەڕ سەدری قازی دەنووسی:" لە دەسگیرۆیی داماوان و تکا بۆ زیندانیانی بێچارە دا زۆری کۆشش کردووە و بە پیاوی چاک ناسراوە و لە زەمانی کۆمەڵە دا بۆتە نایب لە تاران". زیائەدینی ئەلەمووتی لە کتێبی "فصولی از تاریخ مبارزات سیاسی و اجتماعی ایران، جنبشهای چپ" شرکت چاپخش، ١٣٧٠ی هەتاوی تاران" ئاماژە بە هێندێک چالاکی سەدری قازی دەکا لە وتووێژەکانی دەستەڵاتی کورد و ترکی ئازەربایجانی لە لایەک و حکوومەتی نێوەندی لە لایەکی دیکەوە: " مەسەلەی بۆکان، سەردەشت و بانە. بۆ سەفەری دیکە لە تەورێزەوە بۆ تاران، قازی محەمەد، سەدری قازی وەکوو نوێنەری کوردەکان دیاری کرد و لەوە قەواموسولتەنە ئاگادار کرا.سەدری قازی بە کردەوە لە کۆمیسیۆنەکاندا بەشداری دەکرد و ئەو مەسەلانەی کێشەیان لە سەر بوو بریتی بوون لە مەسەلەی بۆکان، بانە و سەردەشت. ڕاست لەو وەختە دا هێزەکانی دەوڵەت لە گەڵ هێزی کوردان لە سەردەشت تێکهەڵچووبوون، بۆ ئاگاداربوون و پێڕاگەیشتن بەو مەسەلەیە سەدری قازی لە لایەن کوردستان، مورتەزەوی لەلایەن ئازەربایجان و سەرتیپ عەلەوی لە لایەن دەوڵەتەوە چوونە سەردەشت. دوای ئەوەی کە سەدری قازی لەو سەفەرەوە گەڕاوە تاران پێی زانی کە نوێنەرانی ئازەربایجان بە لە دەست دانی زەنگان ڕازی بوون و دەوڵەتیش بۆکان و سەردەشت [بە ڕەسمی] دەداتەوە دەست کوردەکان. سەدری قازی گوتی بێتوو دەوڵەت زەنگان وەرگرێتەوە ئیتر بانە و بۆکان نادەنەوە و پێکێشی دەکرد، جارێکی دیکە لە سەر سەردەشت و بۆکان وتووێژ بکرێتەوە. کاتێک وتووێژ دەست پێکراوە، قەواموسەلتەنە بە تووڕەیی گوتی ئەرتەش ئامادە نییە سەردەشت لە دەست بدا. دوای وتووێژێکی درێژ و هێنانە گۆڕی سەنەد و بەڵگە قەوام پێمل بوو و وابڕیار درا مەسەلەی سەردەشت و بۆکان بە جیاواز بنووسرێ و بۆ جێبەجێکردنی مەسەلەی سەردەشت لە لایەن فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجانەوە حوسێنی جەودەت و لە لایەن دەوڵەتەوە سەرلەشکر ڕەزم ئاراء بە نێوی کۆمیسیۆنی ئاوارتە چوونە سەردەشت. ئەرتەش کوردەکان و کوردەکانیش ئەرتەشیان بە خەتابار دەزانی، هەر چۆنێک بێ کێشەکە بە ڕەزایەتی هەردووک لا جێ بە جێ کرا و نوێنەران گەڕانەوە...."

**تێبینی:** زانیاری لە مەڕ ڕێکەوتی خولی چاردەیەمی پارلمانی ئێران بە سپاسەوە لە کتێبی سەید محەمەدی سەمەدی:" نگاهی به تاریخ مهاباد" وەرگیراوە.

١١ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ای مارچی ٢٠٠٨

## وێنەی هێندێک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان



کۆمەڵێک لە کاربەدەستان و هەڵسووڕاونی دەوڵەتی جمهووری کوردستان. بە داخەوە ئێستا هیچکامیان نەماون تا پرسیاریان لێ بکرێ گەلۆ ئەم وێنەیە کەنگێ و لە چ بۆنەیەک دا هەڵگیراوە؟وەک لە زەمینەی وێنەکە ڕا دەردەکەوێ لە هەوای ئازاد و لە بەر دارێکی کۆنەساڵ دا گیراوە. بەڵکوو ئەو کۆنەساڵانەی کە بە خۆشییەوە هێشتا ماون و سەردەمی ژیانی کۆماریان وەبیردێ داوایان لێبکرێ ئەگەر لەسەر ئەم وێنەیە شتێک دەزانن بە وەجی ئەمڕۆی ڕابگەیێنن.

### ڕیزی پێشەوە دانیشتوان لە ڕاستەوە بۆ چەپ:

١- محەمەدی یاهوو [لە دامەزرێنەارنی کۆمەڵەی ژیانی کورد، یەک لەو ٧٢ کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیمزا کردووە و لە کارەبەدستانی کۆمار]،
٢- خەلیلی خوسرەوی [ ئەندامی ژ.ک، یەک لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئیمزا کردووە، سەرۆکی کاری کوردستان [وەزیر] لە حکوومەتی کوردستان دا،

٣- مایور محەمەدئەمینی شەڕەفی، یەک لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئیمزا کردووە، سەرۆکی ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان،

٤- غەنی خوسرەوی، یەک لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی ئیمزا کردووە، سەرۆکی شارداری مهاباد،

٥- مستەفای سوڵتانیان، یەک لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی ئیمزا کردووە، ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ وتوویژ لە گەڵ حکوومەتی نێوەندی،

٦- سەید محەممەدی ئەیووبیانی مەرکەزی [تەها زادە]،ئەندامی ژ.ک، یەک لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیمزا کردووە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و موعاوینی حیزب،

٧- وەهابی بلووریان، ئەندامی ژ.ک، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و موعاوینی حیزب.

**ڕیزی پشتەوە ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە بۆ چەپ:**

١- ڕەحمەتی ئەسحابی، ئەنبارداری ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی هێزی کوردستان،

٢- عەلی ریحانی، یەک لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئیمزا کردووە،ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری باکۆ [سێپتامبری ١٩٤٥] و نوێنەری قازی محەمەد بۆ پێوەندی دیپلۆماتیک،

٣- ڕەحیمی سەعیدزادە، لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان،

٤- ئەحمەدی ئیلاهی [مام ئەحمەدی حاجی ئەڵای]، لە ئەندامانی چالاکی ژ.ک، یەک لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی ئیمزا کردووە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، وەزیری دارایی.

٥- سەعیدی هومایوون، ئەندامی ژ.ک، کارگێڕی دەفتەری پێشەوای کوردستان [لە زۆربەی سەفەرەکانی پێشەوا لە ماوەی کۆمار دا لە گەڵی بووە]،

٦- مەنافی کەریمی، ئەندامی ژ.ک،ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری باکۆ، یەک لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی ئیمزا کردووە، موعاوینی قازی محەمەد بۆ کاروباری کۆمیتەکانی حیزبی، دواتر وەزیری فەرهەنگی کوردستان،

٧- کەریمی ئەحمەدەین، وەزیری پۆست و تێلگراف و تەلەفون،

٨- دڵشادی ڕەسوولی، لە ئەندامە بەراییەکانی کۆمەڵەی ژیانی کورد [کوردستان]،ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان،لە تێئۆریسەنەکانی حیزب و دواتر موعاوینی ئیدارەی [وەزارەتی] فەرهەنگی کوردستان،

٩- ڕەحیمی لەشکری، لەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیمزا کردووە، سەرۆکی

دەفتەری قازی محەمەد.

١٠- وەهابی قازی، سەرۆکی ئیدارەی بارەری کوردستان، لە سەردەمی کۆمار دا هێمن شێعرێکی تەنزاوی بۆ نووسیوە کە ئاوا دەست پێدەکا: "میرزا وەهابی قازی، ملت وەک ملە قازی.....

یەکەم بەیاننامەی "کۆمەڵەی دێمۆکراتی کوردستان" /"حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی ١ - ٨ - ١٣٢٤ = ٢٤ - ١٠ - ١٩٤٥ی زایینی دەرکەوتووە

تێبینی: ئەم وێنەیە لە کتێبی ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە. لە کارە بەنرخەکەی مەحموودی مەلاعززەت " دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە و دۆکومێنت " دا ناوی پچووکی ئەسحابی "ڕەحمەت" بە هەڵە وەک "عەبدولڕەحمان" و لە کتێبی ئیگلتن دا ناوی پچووکی سەعید زادە "محەمەد" بە هەڵە وەک "ڕەحیم" ئاستە کراون.

١١ی ڕەشەمە ١٣٨٦ = ای مارچی ٢٠٠٨

## چوارچرا، ٢ی ڕێبەندان،ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان



**ریزی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** ١- سەدیقی حەیدەری، ٢- محەمەدی نانەواوادە.

**ریزی پشتەوە: لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** عەبدولرەحیمی جەوانمەردی قازی، محەمەدی تۆکمەچی، ئەو کەسەی لە ڕیزی دواتر لە نێوان جەوانمەردی قازی و کەسێک بە بەرگی ئەفسەرییەوە ڕووی دیارە سەعیدی هومایوون ە

**وێنەهەڵگر:** سەیادیان یان سمایل خانی فەڕوخی

٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٧ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان





ئەم وێنەیە ڕاگەیاندنی "دەوڵەتی جمهوورییەتی کوردستان"ە لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی [٢٢ی ژانڤییەی ١٩٤٦ی زایینی] قازی محەمەد لە بەرگی نیزامی دا سڵاوی ڕێژەی گشتی دەداتەوە.

ئەوانەی دەناسرێنەوە، ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆچەپ: نەفەری یەکەم سەدیقی حەیدەری، ٢- مەلا محەمەدی دربکەی [لاجانی]، ٤- سەید عەزیزی شەمزینی، ٥- مەلاحوسێنی مەجدی، ٦- مەلا مستەفای بارزانی، ٧- مەلا سەدیقی سیدقی، ٨- مەلا عەبدوڵای مودەرەسی.

وێنەهەڵگر: سەیادیان یان سمایل خانی فەروخی

تێبینی: لە زۆر سەرچاوە دا نووسراوە لەم ڕۆژەدا بەفر باریوە، بەڵام کێوەکانی دەور وبەری چوارچرا هیچ بەفریان پێوە دیار نییە. ئەم وێنەیە لە کتێبی ویلیام ئیگلتن "کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦ " کە لە ساڵی ١٩٦٣ بەزمانی ئینگلیسی بڵاو بووەتەوە، وەرگیراوە

٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٧ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا لە مهاباد.٢٦ی سەرماوەز



ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥

ئەم وێنەیە لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەمهابادهەڵگیراوە. وێنە کە کاتی خۆی لەباشووری کوردستان چاپکراوتەوە وبە تلینقیس لە بنی نووسراوە: "لە رۆژی سەربەخۆیی کوردستانداـ لە ڕاستەوە بو چەپ ١- زابتیکی کوردی محمد فیروزی لە کاتی سلامی ملکیدا!!! لە تەنیشت الاوە وەستاوە. ٢- کریم نازمی الای کوردستانی بەدەستەوەیە. ٣- احمد کفاشی زابتێکی کورد"


بە پێی لە بەریەک ڕانانی وێنەکانی سەردەمی کۆمار تەواو ساخ دەبێتەوە، ئەو وێنەیە ئی ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵایە،نەک ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار. ئاکرێ مرۆ بە تەواوی لە ڕیزی ئێوەکان بەو جۆرەی لە بن وێنەکەدا هاتووە دڵنیا بێ.

تکایە ئەگەر ئاگاداری زیاترتان لە سەر کەسانی نێو ئەم وێنەیە هەیە ئێمەش ئاگادار کەن. وێنەی محەمەدی فیرووزی[کە کوڕی پووری پێشەوا بووە] دەکرێ بە بەراورد کردنی وێنەی وی کە لە جێی دیکە دا چاپ کراون بناسرێتەوە. ئەو وێنەیە لە کتێبی بەنرخی "سوزان مەیسێلاس: "کوردستان لە سێبەری مێژوو دا"بڵاو کراوەتەوەو

چەند جار بووە بە پۆستێری پێشانگەیەکانی ئەم کتێبە. کتێبی کوردستان لە سێبەری مێژوودا" بەم زوانە، بەڵام ئەمجار بە ئینگلیسی، کوردیی نێوەڕاست و ترکی لەپاڵ یەکدا بۆ جاری دووەم بڵاو دەکرێتەوە

٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٧ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤



ئەم وێنەیەی لێرەدا دەیبینن ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستان لەمهاباد هەڵگیراوە

لەڕاستەوە بۆچەپ: نەفەری دوویەم: سەیدمحەممەدی تەهازادە(ئەیوبییان) وەزیری بێهداری، نەفەری چوارەم: ڕەئیس جمهووری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد؛ نەفەری شەشەم: حاجی بابەشێخی سیادەت سەرۆکی هەیئەت ڕەئیسەی میللی؛ نەفەری حەوتەم: محەمەدحوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی کوردستان و جێگری ڕەئیس جمهووری کوردستان.

تێبینی: هۆی ئەوەی دەڵێین ئەم وێنەیە ئی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان نییە، ئەوەیە لێرەدا پێشەوا بەرگی نیزامی دەبەر

دا نییە،وەکوو ئەو وێنەیەی والەکتێبەکی ئیگلتن دا چاپکراوە.هیچ گومانی تێدانییەوێنەی نێو کتێبی ئیگلتن ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان هەڵگیراوە. ئەو ئەفسەرەی سڵاوی نیزامی پێشکێش دەکا، ئەحمەدی کەفاشی یان کەریمی نازمی یە، وادەردەکەوێ ئەم وێنەیە و وێنەی پێشوولە یەک بۆنە داهەڵگیرابن

وێنەهەڵگر: سەیادیان یان سمایل خانی فەڕوخی



ئەم وێنەیەش هەر لەو بۆنەیەی سەرەوە دا گیراوە و بە سپاسەوە لە ماڵپەڕی ئازەر - ئانلاین وەرگیراوە

٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٧ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## هەڵکردنی ئاڵا لە سەر خانووی هەیئەت ڕەئیسەی میللی



٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٦، مهاباد

### ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا لە مهاباد

گۆڤاری کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ژمارەی سێیەمی خۆیدا، مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥ = مارسی ١٩٤٦، لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە مهاباد" دەنووسێ:" ... ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥، تەواوی نوینەرەکانی ئەهالی کوردوستان لە شاری, مهاباد کوبونەوە. لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب ئالای کورد بە حوضوری دەهەزار نەفەر هەلگیرا و لە کاتیک دا دەستەی موزیک مارشی میللی لی دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی دا صەفی نیزام کە لولەی تفەنگ و موسەلسەل وسەرنیزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوان و قوتابیانی مەکتەب،کچ و کور، لە لای راستی ئالا لە حەرەکەت دا بون گەورە وچوکی مهاباد هەیئەت و نوینەرانی حیزبی دیموکرات لە پشت سەری ئالا سەری تەعظیمیان بو دانەواندبوو، بو ئیحتیرام چەپلەیان لی دەدا و هورایان دەکیشا و، پیشەوای موعەظەمی کوردستان

جەنابی قاضی محمد وتاریکی بە تینی لە بابەت ئالای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرموو.


ئەوجار لە پاش نوتق و خیطابە و تیرهاویشتنیکی زور وبە جیهینانی مەراسیم و نەصبی ئالا لە سەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی جیژنە دوایی هات...."

وێنەهەڵگر: سەیادیان یان سمایل خانی فەڕوخی

۲۸ی ڕێبەندانی ۱۳۸٦ = ۱۷ی فێبریوێری ۲۰۰۸

---

جێژن "بە شانازی پێشەوای کوردستان" لە لایەن سەیدعەبدوڵا ئەفەندییەوە



**کەسانی دانیشتوو لە ڕاستەوە بۆچەپ:** ١- سەیدعەزیزی شەمزینی، ٢- سەیدعەبدوڵا ئەفەندی [شێخ عەبدوڵای گەیلانی]. ئەم وێنە یە زۆر ڕێی تێدەچێ لە ڕۆژی ٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە جێژنێک دا گیرابێ کە ڕۆژنامەی کوردستان [ ژمارە ٢٥: یەکشەمۆ ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ = ١٧ی مارسی ١٩٤٦زایینی ئاوای باس دەکا: "لە ڕۆژی ٩ - ١١ - ١٣٢٤ساتی ٢ پاش نیوەرودا لە لایەن آغای حاجی سید عبدالله افندی جیژنیکی زور جوان بە شانازی پیشوای کوردستان گیرا پاش ووتاریکی زور لە لاین برایانەوە سید عبدالعزیز ئەم ووتارەی خویندەوە: (تبریکی خانەدانی نهری)...."

وەکوو هێندێک سەرچاوەی نووسراو باس دەکەن لەڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا زێڕۆبەگی بەهادوڕی [هەرکی]لە قسەکانیدا تاوانی "خەیانەتی "وەپاڵ سەید عەبدوڵا ئەفەندی داوە.هەرلە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار،سەیدعەزیزی شەمزینی کوڕی سەید عەبدوڵاش وتاری پێشکێش کردووە.ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ١٠ خۆیدا [دووشەمۆ ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ = ٤ی فێڤرییەی ١٩٤٦]

لیستی ئەوکەسانەی بڵاو کردووەتەوە کە لە "میتینگی" ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا قسەیان کردووە. ئەو لیستەیە هەم نێوی "ئاغای زێڕۆ بەگ" و new ;" هەم"ئاغای سید عبدالعزیز"ی تێدایە.کوردستان لە ژمارەی ١٣ی خۆیدا [دووشەممۆ ٢٢ی ریبەندان ١٣٢٤ = ١١ فیوریە ١٩٤٦]" نوطقی برای خۆشەویست (سید عبدالعزیز کوری حاجی سید عبدالله"ی بڵاو کردووەتەوە. بەڵام قسەکانی هیچ هێرش یان ئاماژەیەکی بە قسەی زێڕۆ بەگ تێدا نییە کوردستان.

لە ژمارەی: ١٥ دا پاراگرافێکی لە قسەکانی زێرۆبەگی لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان بڵاوکردووتەوە و ئەوبەشە لەقسەکانی لابراوە کە سەید عەبدوڵا ئەفەندی بە "خیانەت" تاوانبار کردووەو سانسوریان کردووە.بەڵام، لە ژمارەی ٢١ [شەممو ١١ی ڕەشەمە ١٣٢٤ = ٢ی مارس ١٩٤٦] دا جارێکی دیکە "نطقی آغای زیروبەگ لە روژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤" لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاو کراوەتەوە، ئەوجار ئەو قسانەشی تێدایە کە سەبارەت بە سەید عەبدوڵا ئەفەندی کردوویە. چوار ژمارە دواتر دەنگوباسی جێژنە و(تبریکی خانەدانی نهری) بڵاوکراوەتەوە.ئەوە نیشان دەدا کە کاربەدەستانی مهاباد ویستوویانە دڵی هەر دوو لایان ڕابگرن و نەشیش بسووتی نە کەباب!!

بەداخەوە شوێنی بەڕیوەچوونی ئەو جێژنە لەلایەن کوردستانەوە باس نەکراوە. ئەم وێنەیە دەکرێ لەو جێژنە دا لە" دزەی مەرگەوەڕ" هەڵگیرابێ.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ئارشیوی شەخسی کاکشار ئۆرامار وەرگیراوە



٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٧ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## جێژنی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە باڵانیش



ئـەم وێنەیەلـە ژمـارەی ٣٥ی کوردسـتان( دووشـەمۆ ٢٦ی خاکـەلێوەی ١٣٢٥ = ١٥ی ئـاوریلی ١٩٤٦) دا بـڵاو کراوەتەوە. کوردستان لە ژمارەی ٣٨ی خۆیدا دووشەممو ٢ بانەمەر١٣٢٥ = ٢٢ آوریل ١٩٤٦زاییینی" تذکر"ێکی بڵاو کردووتەوە و دەنووسێ: "ئەو وینەیە کە لە ژمارە ٣٥ی رۆژنامەی کوردستان چاپ کرابوو وینیکە کەرۆژی هەلکرانی آلای کوردستان لە دیی بالانیش هەلگیراوە و ئەوانەی کە لە وینەکەدا دەبیندریت [دەبندرین] عدیک لە آغایانی شکاکوهەرکین و بە تایبەتی آغای زیروبەگ کە بە هوی ئەوان جیژن گیرابوودەناسرێتەوە".

لە ژمارەی ٢٣ی کوردستان دا چوارشەممو ١٥ی رەشەمەی ١٣٢٤ = ٦ مارس ١٩٤٦ی زاییینی زۆر بەر لە چاپ کرانی وێنەکە خەبەری بەرێوەچوونی ئەو جێژنە ئاوا نووسراوە:" جێژنی سەربەخویی و ناساندنی پیشوای کوردستان لە بالانیش روژی ٢٦ - ١١ - ١٣٢٤ بە پی سربەخوی و ناساندنی پیشوای کوردستان لە لایەن برای گەورە زیرو بەگ جیژنیکی گەلی بە شوکت لە دیی بالانیش گیراوە لە جیژنە دا گەلیک لە آغایانی دەوروبەری بالانیش و ورمی تیدا

بون و چند هەزارکس لە جوتیر و فلە خوی حاضر بـون و شـایی هەلپـەرکی و خویندنـەوەی گـورانی میلی کوردسـتان ولیدانی موزیک و دەهول و زورنا هەمو کەسی سەرخوش کردبو و لە وورمی را وینەگریکیان هینابو کە چند وینەیان لەوجیژنـە هـەلگرتوە و چنـد کـەس ووتـار اشعاریان بـە کـوردی و تـورکی خویدوتـەوە و وینـە و وتارەکانیـان بـو کومیتەی ناوندی ناردوە وینەکان ناردران کلیشە بکرین و ووتارەکان لە پیش دەر هاتدا چاپ دەکرین"

دیـارە بـە دەرەجـەی یەکـەم لـە بـەر تەنگـە بـەر بـوونی دەرەتـانی تێکنیکـی کوردسـتان و چاپەمەنییـەکانی دیکـە یسـەردەمی کۆمارلایـەکی ئـەوتۆیان لـە بڵاوکردنـەوەی وێنـە نەکردووەتـەوە لـە ٨٢ ژمـارەی کوردسـتان، کـە بەخۆشییەوەلە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن بنکەی ژین لە سلێمانی بە شێوەیەکی زۆر جوان چاپ کراونەتـەوە، بـە هەموویەوە تەنێ ١١ وێنە دەبینین.

٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٨ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵا لە مهاباد



ئـەم وێنەیـەش دیمەنێکی دیکەیـە لـە ڕێوڕەسمی هـەڵکرانی ئـاڵا لـە مهابـاد (٢٦ی سـەرماوەزی ١٣٢٤ی هـەتاوی). وێنەکە لە فیلمێکی بەڵگەیی وەرگیراوە کە بە زمانی ڕووسی لە سەر حکوومەتی ئازەربایجان ساز کراوە و تێیدا

لەگەڵ "قاسمی چەشم ئازەر" یەکێک لە ڕێبەرانی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان وتووێژ کراوە. ئەوەی لە مەڕ کوردستان بێ، لەو فیلمە دا وێنەی چەندین بۆنەی جیاواز دەبیندرێ وەکوو: ڕێورەسمی هەڵکرانی ئاڵا لە مهاباد و ڕێژەی گشتی لەو ڕۆژەدا، دیداری سەرانی کورد و ئازەربایجانی لە تەورێز،
چاوپێکەوتنی سەرانی کورد و ئازەربایجانی لە دێی خواجە میری نزیک شاری مەراغە، سەحنەی بەڕێکردنی پێشەوەری لە لایەن قازی محەممەدەوە لە فرگەی تەورێز،دیداری ئەفسەرانی پایەبەرزی شووڕەوی لە گەڵ چەند پیاوماقوڵی کورد و دیمەنی ڕەحیمی قازی لە ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان و....
لەم دیمەنە دا چەند پەڵە بەفر بە سەر شاخەوە دیاریی دەدا.

وێنەهەڵگر: فێلمگرانی شووڕەوی

۲۹ی ڕێبەندانی ۱۳۸٦ = ۱۸ی فێبریوێری ۲۰۰۸


## ڕێژەی سوارە لە ڕێورەسمی هەڵکرانی ئاڵا



ژێدەر: سەرچاوەی پێشوو

۲۹ی ڕێبەندانی ۱۳۸٦ = ۱۸ی فێبریوێری ۲۰۰۸

## پۆرترەی "پێشوای معظمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد"





پۆرترەی "پێشوای معظمی کوردستان جەنابی قاضی محەمەد" ڕێی تێدەچێ ئەم پۆرترەیە لە داو و دەزگا و داییرەکانی حکوومەتی کوردستان هەڵئاوسرابێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە سەردەمی کۆماردا دەرفەتی تێکنیکی بەرتەنگ بووە،لە وانەیە لە تەورێز ساز کرابێ. بڵێی ئەو هونەرمەندەی وێنەکەی ڕازاندووتەوە کێ بێ؟

**٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٨ی فێبریوێری ٢٠٠٨**

## ڕەئیس جمهووری کوردستان و هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار

یەکەم وێنەی بەکۆمەڵی رەئیس جمهووری کوردستان، هێندێک لە وەزیران و کاربەدەستانی کورد. ویلیام ئیگلتن ی کوڕ کە بۆ یەکەمجار ئەم وێنەیەی لەکتێبەکەی دا بڵاو کردووەتەوە لە بنەوەی نووسیوە "کابینە و کاربەدەستانی دیکە، مهاباد، فوریەی ١٩٤٦" دیارە ئەو ناساندنە زۆر گشتی یە، چونکوو ئەو وێنەیە هەرنەبێ حاجی سەید بابەشێخی سیادەت "ڕەئیسی هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان" و" ژەنەراڵ حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی" کۆمەک فەرماندەی هەموو هێزی کوردستان و وەزیری جەنگ" ی تێدا نییە.

هێندێک لە لێکۆلەرەوانی "مێژووی کۆماری کوردستان" ئاماژەیان کردووە بە فرە چەشنی بە نێو کردنی دەزگاکانی "دەوڵەتی جمهووری کوردستان" (وەکوو: عەبدولرەحمانی قاسملوو، مەحموود مەلاعێزەت نەوشیرەوان مستەفا ) بەڵام وەکوو تر ئەو زانیاریانەی نەجەفقوڵی پسیان و ویلیام ئیگلتن لە مەڕ ناو و ژمارەی وەزیران باسیان کردووە بە هێندێک ئاڵوگۆڕەوە دووپاتە بوونەتەوە.

بۆ وێنە مەنافی کەریمی کە یەکێک لە هەڵسووڕاوانی هەرە نزیکی دەستەڵاتی کوردی بووە لە سەردەمی کۆمار، لە پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایوون دا، لە مەر ناو و پیشەی کاربەدەستان هەر ئەو زانیارییانەی دووپاتە کردووەتەوە کە کاتی خۆی لە بەر دەست ئیگلتن ی ناون - ڕیوایەتی مەنافی کەریمی یەک لە سەرچاوە گرینگەکانی کتێبی ئیگلتنە، کە دیارە ئیگلتن بۆ پاراستنی هێمنی کەریمی لە دەستەڵاتی ساواک و کاربەدەستانی ڕێژیمی شایشانی ئێران و لە بەرمولاحەزەی سیاسی ڕۆژ ڕاستەوخۆ نێوی نەهێناوە . بە داخەوە لەو لیستەیەش دا کە لە یاد داشتی مەنافی کەریمی لە پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایوون دا هاتووە [دواتر لێرە دا بڵاوی دەکەینەوە] دیسان ناڕوونی هەیە، بۆ وێنە دەنووسێ: "عەبدولڕەحمانی ئێلخانیزادە (موهتەدی) وەزیری کاروباری

دەرەوە لە خاوەنموڵکانی بەنفووزی شارستانی بۆکان خوێندەواری دینی زۆر بەرزی هەبوو یەکێک لە ئەندامانی هەڵکەوتووی ژ.ک بوو تەمەنی نزیک ٣٥ ساڵ بوو و لە پێناو ژ.ک دا تووشی زەحمەتی زۆر هاتبوو" باشە جێگەی پرسیارە چۆن کەسیک وەزیری کاروباری دەرەوە بووبێ لە هیچکام لە چاوپێکەوتنە گرینگ و بڕیاردەرەکانی سەروبەندی کۆمارلە گەڵ کاربەدەستانی ئێران و وەکی دیکە نێوی نییە؟

ئەم وێنەیەی لێرەدا دەبینن وێدەچێ لە حەوتووی یەکەمی ڕەشەمەی ١٣٢٤ [حەوتووی کۆتایی ی فێورییەی ١٩٤٦] هەڵگیرابێ و بۆیەش بە تێڕادیوی وا دەڵێم چونکوو، عەبدولرەحمانی زەبیحی بە پێی ئەو زانیارییەی ڕۆژنامەی کوردستان باسی دەکا "ژمارەی ١٩، دووشەممو ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ = ٢٥ فوریە ١٩٤٦ی زایینی "برایان عبدالحمن ذبیحی و دلشاد کە لە پێشدا وەلامی آزاد بونی ئەوانمان دا بو بە شانازییەکی زۆر شەوی ٣ - ١٢ - ١٣٢٤ واردی مالی خویان بون و چاوی برا و آزادیخوایەکان و کەسو کاریان پی روون بوو......" لە ژمارەی ١٨ی کوردستان دا " شەممو ٤ ڕەشەمە ١٣٢٤ [٢٣ فوریە ١٩٤٦]، زەبیحی ئاگادارییەکی بڵاو کرووەتەوە (هەر بۆ بەیانی ئەو شەوەی گەیوەتەوە مهاباد) و لەوێدا دەڵێ:" سوپاس و معذرت عدەیەک لە برایان کە بەتشریف هێنانی خویان مفتخریان کردبوم لە بەر ماموریتیک کە پیم رجوع کرا نەم توانی بچمەوە خذ متیان و حضورا سوپاسی بی پایانی خومیان پیشکەش بکەم،بە هوی ئەم چەند ووشە داوای لی بوردن دەکەم. ایتر بژی کورد سانی آزاد! عبدالرحمن ذبیحی" بەوەڕا دەردەکەوێ زەبیحی هەر بە دەرکەوتنی لە زیندان ماموریەتی دراوەتێ ، واتە کاری پێ سپێردراوە. سەرچاوەیەکی "مێژووی کۆماری کوردستان" ئاماژەی پێکردووە کە پێشەوا قازی محەمەد، مەئموورییەتی دا بە میرزا عەلی ڕیحانی و عەبدولرەحمانی زەبیحی [هەر دووکیان لەم وێنەیە دا دەبینەدرێن] بۆ پێوەندی لە گەڵ کۆنسوولخانەی بریتانیا لە تەورێز. دواتریش زەبیحی بە پێی شاییدی وێنەیان لە زۆر بۆنەی دیپلۆماتیکی گرینگ و وتووێژی سیاسی دا بەشداری کردووە.

کەسانی نێو وێنەکە دانیشوو: پێشەوا قازی محەممەد ڕەئیس جمهووری کوردستان،

ریزی یەکەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ:

١- حاجی مستەفای داودی، وەزیری تەجارەت،
٢- خەلیلی خوسرەوی سەرۆکی کاری کوردستان،
٣- ئەحمەدی ئیلاهی (حاجی ئەلای) وەزیری دارایی،
٤- حەمەدەمینی موعینی، مودیری شیرکەتی تەڕەقی کوردستان،
٥- وەهابی بلووریان، ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان [موعاونی حیزب]،
٦- عەبدولرەحمانی ئێلخانی زادە ، ڕاوێژکار،

٧- کەریمی ئەحمەدەین وەزیری پۆست و تێلێگراف و تەلەفۆن،
٨- عەلی ڕیحانی، نوێنەری تایبەتی و ڕاوێژکار.

ڕیزی پشتەوە لە ڕاستەوە بۆچەپ:

١- عەبدولرەحمانی زەبیحی، پشکنێر و نوێنەری تایبەتی.
٢- حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) سەرۆکی کۆمەڵە تا ئۆکتۆبری ١٩٤٤، ئەفسەری کۆماری کوردستان و ئەندامی هەیئەتی هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان و نەغەدە، ئەندامی کۆمیتەی شاری حدک
٣- سەید محەمەدی ئەیووبیانی مەرکەزی [تەها زادە]، ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (موعاونی حیزب)، وەزیری بێهداری،
٤- مەنافی کەریمی، موعاونی قازی محەمەد لە کاروباری کۆمیتەکانی حیزب، دواتر وەزیری فەرهەنگ،
٥- محەمەدی یاهوو،لە کادرانی پایە بەرزی حکوومەتی کوردستان،
٦- سەدیقی حەیدەری، ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، وەزیری [مودیری کلی] ئینتیشارات و تەبلیغاتی کوردستان.

شوێنی هەڵگرتنی وێنە: کانگای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، مهاباد
کات: حەوتووی یەکەمی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی - حەوتووی کۆتایی فێورییەی ١٩٤٦
وێنەهەڵگر: سەیادیان یان سمایل خانی فەروخی

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە

وێنە ڕوونترەکە لە گووگل وەرگیراوە.

٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٨ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەربانی خانووی هەیئەت ڕەئیسەی میللی (٢)





هەڵکردنی ئاڵا لە سەر خانووی هەیئەت ڕەئیسەی میللی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٦، مهاباد گۆڤاری کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆ کوردستان لە ژمارەی سێیەمی خۆیدا، مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥ [مارسی ١٩٤٦] لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە مهاباد" دەنووسێ:" ... ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥زایینی، تەواوی نوینەرەکانی ئەهالی کوردوستان لە شاری, مهاباد کوبونەوە. لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب ئاڵای کورد بە حوضوری دەهەزار نەفەر هەلگیرا و لە کاتیک دا دەستەی موزیک مارشی میللی لی دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی دا صەفی نیزام کە لولەی تفەنگ و موسەلسەل وسەرنیزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوان و قوتابیانی مەکتەب،کچ و کور، لە لای راستی ئالا لە حەرەکەت دا بون گەورە وچوکی مهاباد هەیئەت و نوینەرانی حیزبی دیموکرات لە پشت سەری ئالا سەری تەعظیمیان بو دانەواندبو و، بو ئیحتیرام چەپلەیان لی دەدا و هورایان دەکیشا و، پیشەوای موعەظەمی کوردستان جەنابی قاضی محمد وتاریکی بە تینی لە بابەت ئالای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرمو.ئەوجار لە پاش نوتق و خیطابە و تیرهاویشتنیکی زور وبە جیهینانی مەراسیم و نەصبی ئالا لە سەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی جیژنە دوایی هات...."

وێنەهەڵگر: سەیادیان یان سمایل خانی فەڕوخی


ئەم وێنەیە لە کتێبی "پێداچوونەوە، کەریمی حسامی، چاپخانەی ماردین، سوێد ١٩٩٦" وەرگیراوە



ئەم وێنەیەش بەر لە وێنەی سەرەوە هەڵگیراوە. بە ئەگەری زۆر نەفەری یەکەم لە دەستی ڕاستەوە کە باڵتۆی درێژی دە بەر دایە میرزا مستەفای سوڵتانیان و ئەو کەسی دەستی بە دیرەکی ئالاکەوە گرتووە عەلیی خوسرەوی یە

٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## زعیم مەلا مستەفای بارزانی لە مهاباد



لەم پلەیەی ساخکردنەوەی "وێنەکانی کۆماری کوردستان" دا ناکرێ بە لێبڕاوانە بڵێین ئەم وێنەیەی پێشەوا و مەلا مستەفا لە چ تاریخێکدا هەڵگیراوە. بە پێی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە خوارەوە دەیخوێننەوە، مەلا مستەفا لە دوای ڕاگەیاندنی کۆمار لەوێ نەماوە و بۆ جاری دووەم لە ڕۆژی پێنجشەمۆ ٩ - ١٢ - ١٣٢٤ی هەتاوی = ٣٠ی فێوریەی ١٩٤٦ی زایینی، چووەتەوە مهاباد و پێشوازی لێکراوە. هەر بەپێی ئەم ڕێپۆرتاژە کە لە سێ ژمارەی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە ،لەوماوەیە دا قازی محەمەد دوو جار لە گەڵ مەلا مستەفا کۆ بووتەوە.

کوردستان ژمارەی: ۲۱؛ شەممو ۱۱ی ڕەشەمەی ۱۳۲٤ = ۲ی مارسی ۱۹٤٦،

ژمارەی ۲٦ دووشەممو ۲۷ی ڕەشەمەی ۱۳۲٤ = ۱۸ی مارسی ۱۹٤٦ وژمارەی ۲۷ دووشەممو ٥ی خاکەلیوەی ۱۳۲٥ = ۲٥ی مارسی ۱۹٤٦؛ ڕێپۆرتاژ سەبارەت بە هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ مهاباد:

"اخباری نیو خومان مەلا مصطفی بارزانی

جنابی آغای مەلا مصطفی قائدی کوردی بارزان روژی ۹ - ۱۲ - ۱۳۲٤ = ۳۰ - ۰۲ - ۱۹٤٦) ساتی ٥ پاش نیوەرو واردی مهاباد بو. وەختی گەیشتە نیو باغان ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی پیشوازیان لی کرد وەختی جنابی مەلا مصطفی لە چومی پەریوە بە احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتە دا کمیتەی مرکزی هەنگاویان توندتر کرد و لە قەراغ چومی پێک گەیشتن، برای خوشەویست صدیق حیدری مراسمی بەخیر هاتنی بە جی هینا و هەمو اندامەکانی کمیتەی مرکزی بە مەلا مصطفی ناساند و ئەویش دەستی لە نیو دەستی هەموان نا و لە نهایتی خوشی دا بو کانگای حزبی دیموکرات هاتن و لە سالونی انجمنی فەرهەنگی دانیشتن و لە ساتی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان بە پی [اَلقادم یزار] تشریفی بو کانگا هاتوو ملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرمو، لەو وەختە دا محمد افندی خطاب بە حضرتی پیشوا خطابیک کە وینەی احساساتی قلبی مەلا مصطفی بو کە خصوص خو دە پیناو نانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە ریی سەربەستی کوردستان خویندەوە و جنابی پیشواش وەلامی دانەوە و ئەوانی بی اندازە بە حکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد، پاشان حضرتی پیشوا تشریفی بردە سالونی تایبەتی خوی ئەنجا مەلا مصطفی بە حضوری شرفیاب بو و ماوەی دو سات پیکەوە خەریکی گفتوگو بون. مەلا مصطفی پیاویکی سیاسی و زعیمی کوردیبارزانە لە ریی سەربەستی کوردستاندا زوری مەینەت کیشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ایل و عشیرەتی ویان بە گوناهی آزادیخواهی دەربەدەر و لە نیشتمانی خوشەویستیان وەدەر ناوە.ذاتی نیوبراو بیجگەلەوەی قائدیکی بەرزە پیاویکی زانا و تی گەیشتوە متمدن و نیشتمان پەرستە و تەمەنت لە حدودی چل پینج سال دایە.

[ زعیم مەلا مصطفی ] بارزانی

لە ژمارە ۲۱ روژنامەی کوردستان وەلامی تشریف هینان و چلونەتی وارد بونی زعیم مەلا مصطفی مان بە عەرصی خویندەوارانی خوشەویست گەیاند ئەوا لە ژیرەوە هیندی لە چلونەتی مانەوەی ئەم پیاوە لە مهاباد بو آگاداری خویندەواران دەنوسین:

روژی جمعە ۱۰ - ۱۲ - ۱۳۲٤ [۱ی مارسی ۱۹٤٦] ئەندامانی حزب و اشراف و آغایانی شاری مهاباد و روئسای

عشير يەک بە دواى يەكدا چونە خو پێ ناسینی میوانی خویان. هەر کە کاتی نویژی جمعه هات زعیم مەلا مصطفى لە گەل اندامیکی هەیئەتی مرکزی حزب تشریفی بردە مزگەوتی جامعە و فریضەئی خدای مەزنی لە گەل هەمو مسلمانانی شاری مهاباد دا لە سەر خو لابرد و دوایی لە ناو قەلەبالغیکی زور دا گەرایەوە یانەی فەرهەنگی، مرکزی حزب.

روژی شەممو ١١ - ١٢ - ١٣٢٤ = ٢ی مارسی ١٩٤٦.

بەیانی ١١ - ١٢ - ١٣٢٤ زعیم ملا مصطفى و ئەفسەرانی و یەکیک لە ئەندامانی هیئەتی مرکزی آغای احمد الاهی تشریفیان چووە هیزی کوردستان وهەر کە گەیشتنە ئەوی لە لایەن قەرەولی تایبەتیەوە رسمی تعظیمی بو کرا و سەرکردانی هیز بە سەرکردەی فرماندەی هیزی مرکزی محمد نانەوازادە پیش وازی کرا و یەکە یەکە سەر کردەکانی پی ناسرا نزیکەی نیو سەعاتیک لە گەل سەرکردەکاندا رای بوارد و لە دواییدا یەکە یەکە چوە لای سەرکردەکان لە جیگای خویاندا وە پیروزبایی خوی پیشکەش کردن و داوای لی کردن کە هەموو بە گیانیکی پاکی نیشتمان پەروەرانەوە ببنە سپری نیشتمان و پیش خزمەتی پیشەوای معظم. کانگای هیزی بەجی هیشتە و بە بزوکی [مەبەست ئۆتۆمۆبیلە] حضرتی پیشەوا روی کردە دەبیرستان و لەوی قوتابیەکان هەمو کو ببونەوە لە دوای زیارەتی ماموستاکان و رەئیس هیئەتی فەرهەنگ آغای رشید آغای همزە آغا تشریفی بردە لای شاگردەکان وە لیرە دا ئەفسەر عبدالرحمن طیب مفتی چەند آموژگاری و پیروزبایەکی بە ناوی زعیم ملا مصطفى وە پشکەش کردن لە دوایدا زعیم ملا مصطفى روی کردە ادارەی شارەوانی و ماموارنی ئەو ادارەیەشی زیارت فرمو هەر وەها تشریفی بردە ادارەی دژبانی و لە دوای ئەوە روی کردە مدرسەی گەلاویژ وە بە هوی آغای احمد الاهیەوە ماموستایانی ناسین و یەکە یەکە بە پولەکاندا گەرا وە لە هەمو پولیک ئەفسەر محمد محمود بە ناوی زعیم مەلا مصطفى وە اظهاری خوش وەختی و آموژگاری بو شاگردەکان دەکرد: لە دواییدا تشریفی بردە مدرسەی کوردستان دیسان لە گەل ماموستایان خوناسیان کرد و بە ناو پولەکاندا گەرا و لە هەر پولیک سرودیک دەخویندرایەوە. انجا زعیم مەلا مصطفى گەرایەوە مرکزی حزب.

شەوی یەک شەممو ١٢ - ١٢ - ١٣٢٤ = ٣ی مارسی ١٩٤٦.

زعیم مەلا مصطفى تشریفی بردە چاپخانەی کوردستان وە لە لایەن مدیری چاپخانە آغای قادری مدرسی بە هوی آغای احمد الاهیەوە خو ناسینیان کرد وە لە دواییدا لە لایەن محمد محمودەوە چەند آموژگاریەک بە کارگەرانی چاپخانە کرا و سپاسی مدیری چاپخانەی بە ناوی زعیم مەلا مصطفى وە کرد.

ڕوژی یەک شەممو ١٢ - ١٢ - ١٣٢٤ = ٣ی مارسی ١٩٤٦. بەیانی لە گەل ئەفسەران و آغای احمد الاهیی تشریفی بردە لای رئیسی هیئەتی رئیسەی میللی کوردستان جنابی سید حاجی باباشیخ و لە دوای سەعاتیک گفتوگوی گیانی بە گیانی بە خوشیەوە زعیم ئەویی بە جی هیشت و گەرایەوە مرکزی حزب.

ڕوژی دوشەممو ١٣ - ١٢ - ١٣٢٤ = ٤ی مارسی ١٩٤٦. بەیانی دیسان زعیم مەلا مصطفی و ئەفسەرانی لە گەل آغای کریم احمدین تشریفی بردە ادارەی شارداری لە لایەن آغای میرزا غنی خسروی رئیس شارداریەوە پیش وازی کرا و نزیکەی نیو سەعاتیک لەوی رایبوارد وە لە گەل مامورانی ئەم ادارەیە معارفەی فرمو و لە دواییدا تشریفی بردەوە مرکزی حزب. سەعات ١٠ اوارە دیسان خوی و ئەفسەرانی محمد محمود، عبدالرحمن طیب مفتی تشریفیان بردە خذمت پێشەوای معظم لە یانەی فرهنگی وە دیسان نزیکەی نیو سەعاتیک گفتوگوی تایبەتیان بوو و گەرایەوە جیگای خوی."

١٠ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٩ی فێبریوێری ٢٠٠٨


دەوری خرەی بەرزوی هاوڕێ

کوردستان

بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

ساڵی یەکەم | یەک شەممو ٢٦ رەشەمە ١٣٢٤ | ١٢ ربیع الثانی ١٣٦٥ | ١٧ مارس ١٩٤٦

حضرتی محمد قاضی پێشوای کوردستان



ئەم وێنەیەی پێشەوا دەبێ ، لەگەڵ وێنەی پێشوو لە ڕۆژێکدا هەڵگیرابێ چونکوو هەمان باڵتۆی دەبەر دایە و شێوەی پێچانەوەی مەندیلی سەریشی لە هەر دوو وێنەکاندا وەکوو یەکە،تەنیا جیاوازییەکی کە دەبیندرێ ئەوەیە لە وێنە بە کۆمەڵەکەداگەردن پێچێکی سپی دەبینین.ئەم وێنەیە یەکمجار لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٢٥، یەکشەمۆ ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ = ١٧ ی مارسی ١٩٤٦ دا چاپ کراوە

١٠ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٩ی فێبریوێری ٢٠٠٨

---

## محەمەد حوسێنی سەیفی قازی کۆمەک فەرماندەی هەموو هێز و وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان



"ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ١١، چوارشەممو ١٧ی ری بەندان ١٣٢٤ = ٦ فیوریە ١٩٤٦

نطقی آغای محمد حسین خان سیف قاضی کومەک فەرماندەی هەمو هیزی کوردستان لە جیژنی سەربەخویی و استقلالی کوردستان : ئەمن بە نوینەری لە لایەن هیزی حزبی دیموکراتی کوردوستانەوە پییروزەی خوم دەگەل گیانی سەربازی و پیش مەرگەیی بە پیشگاهی اقدسی جنابی قاضی محمد رئیسی خوشەویستی جمهوری کوردستان و بە هەمو نەتەوەی کورد رادەگەیەنم........"

"ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٥٠، ٢ شەممو ٦ ی جوزردان ١٣٢٥ = ٢٧ ی مەی ١٩٤٦

گوزارشی جەنابی محمد حسین خانی سیف قاضی وزیری جەنگ و نمایندەی کوردستان وەکو لە ساتی گەرانەوەی خوی لە تاران بەلینی دابو و لە میتینگی روژی ٣١ - ٢ - ١٣٢٥ دا گوزارشی ژیروی بە اطلاع عموم گەیاند:

.... پاش گفتگویەکی زور لە اطراف نهضتی دموکراسی کوردستان و آذربایجان داوخواز و تقاضای ٥ میلیون کورد و آذربایجانی (کە بە خوینی هەزاران لاو و پیری میللەتی قارەمانی کورد و آذربایجان) کە سالهای سال لەو ری یە دا لە ملە و مبارزە دابون و بە دەستیان هیناوە و دە مقابلی ابلاغیەی پوچ و بی مەعنای حەوتەوانەی دەولەتی تاران، لە بەر ئەوەی کە دونیا بزانی کە میلەتی کورد و آذربایجان حاضر بە خوین رشتن و برا کوژی نین، و بو لە دەمدانی ارتجاع و خوین مژە ظالم و گەورەکانی دنیایە کە دەو ری یە دا هەزاران افترا و بوختانیان بو ساز کردبووین، بە ٣٣ مادان بە دەولەتی تاران پیشنهاد کرا کە ئەوە بو آگاداری ایوە عرض دەکرین....."

"هەژار، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم پاریس ١٩٩٧، ل: ٨٠،٧٩ "حەمە حوسێن خان" کوڕی "سەیفی قازی" و ئامۆزای پێشەوا بوو.پیاوێکی سور هولی زۆر زەلامی چاوزەق و بە هە یبەت بو.تا خوا حەزکا کوردێکی دڵسۆزبو.کرابوە فەرماندەی هێزی چەکداری کۆمەڵە، بە ڕاستی لە هیچ شتێ نەدەترسا....."

محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە ٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٢٨٣ی هەتاوی لە مهاباد لە دایک بوو. بەر لەوەی بە دڵخوازی لە کۆمەڵەی ژیانی کورد دا ببێتە ئەندام و دواتر لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی دێمۆکراتی کوردستان دا ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی،تەجروبەی کاری نیزامی هەبوو و ئەفسەری فەخری ژاندارمەری ئێران بوو.لە دەوڵەتی جمهووری کوردستان دا سەیفی قازی کۆمەک فەرماندەی هەموو هێزی کوردستان و وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان و یەک لە چوار ژەنەڕاڵی کۆمار بوو.

٨ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٧ی فێبریوێری ٢٠٠٨

رئیسی هەیئەتی میللی کوردستان حاجی سید بابا شێخ



حاجی سه ید بابه شێخی سیادەت ڕەیسی هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان

"ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە: ٦٧ ، ٢٣ی پوشپەر ١٣٢٥

کشفی فرمولی اصم له حکمتی ریاضی دا له مقولەی کمی متصل بەرابەری دەکا بە کشفی اسراری بمبی آتمی لە فیزیک و شیمی دا.داعی حاضرم کە ئەو مسئلە مهمە با اقامە برهان بە متخصصین فرهنگ تقدیم بکەم. بە افتخار

و شرافتی کانگای معارفی مهاباد.

الحقیر حاجی سید بابا شیخ "

"ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە: ٧٦، سی شەممو ٢٢ گەلاویژ ١٣٢٥

تبریز ٩ - ٥ - ١٣٢٥

آقای حاجی سید بابا شیخ

مقاله مندرجه شما در روزنامه کوردستان شماره ٦٣ [٦٧] یکشنبه ١٣٢٥ را که مربط به کشف فرمول جذر اصم بود مطالعه نمودم از این کشف شما بسیار بسیار خرسند شده و تقاضا دارم خدمت جناب آقای قاضی محمد پیشوای محبوب ملی کوردستان رفته و پس از عرض سلام بندەگی این جانب ( خودشان مرا میشناسد) از حضرت قاضی اجازه بگیرید که یا با ما مکاتبه کنید تا بتوانیم مطلع شویم که فرمول جدید کشف شده شما تا چه اندازه ارزش دارد و یا خودتان شخصا بتبریز بیائید حضورا نیز خدمت شما ارادت پیدا کرده و ضمنا کشف شما را بررسی کنیم.

دکتر مهندس پاپاسیان


آدرس: تبریز، آزربایجان اونیورسیتەسی"

میرزا مەنافی کەریمی یەکێک لە کاربەدەستە پلە بەرزەکانی کۆماری کوردستان لەو ساڵانەی دواییدا لە ناساندی حاجی بابەشێخ دا نووسیویە: "سەرۆکی هەیئەت ڕەئیسە (سەرۆکوەزیر) ئاغای حاجی بابەشێخ، خەڵکی شارستانی بۆکان، لە سەردەمی ڕاگەیاندنی جمهووری کوردستان دا تەمەنی ٦٨ ساڵ بوو. بەرێزی لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل بوو و لە کارو باری شەرعی دا زانا و کارامە بوو، هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵک باش بوو. ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک نەبوو و لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییدا لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی حیزبی دێمۆکرات کەوت . لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە دێی تورجان ماڵاوایی لە ژیان کرد"

تێبینی: بۆچوونی مەنافی کەریمی لەو یادداشتانە وەرگیراوە کە لە پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایوون بە زمانی فارسی)نووسیوێتی. وێنەکەش لە ڕووی وێنەیەکی بە کۆمەڵ سازدراوەتەوە کە ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای

کۆمار ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥ لە مهاباد گیراوە.

وێنەی یەکەم بەسپاسەوە لە دیواری فەیس بووکی بەڕێز عەبدوڵای سەمەدی وەرگیراوە.



٨ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٧ی فێبریوێری ٢٠٠٨


## دەستوری ژمارە ۱۱۵۹



"عنوانی نوسراو بو ریاست جمهور

به پیی دەستوری ژمارە ۱۱۵۹ی ۲۲ - ۱۲- ۱۳۲٤ کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتیکدا ملت بی یەوی دەردی دلی خویان یا احساساتیک به نوسین پیشکەشی رئیسی جمهوری کوردستان بکەن عنوانی نوسراو تەنیا دەبی: (رئیسی جمهوری کوردستان) بیت.

**کوردستان، ژمارە ١٤،چوارشەممو ٢٢ی ری بەندان ١٣٢٤ = ١٣ فوریە ١٩٤٦"**



عنوانی نوسراو بو

ریاست جمهور

بەپی دەستوری ژمارە ١١٥٩

٢٢-١١-١٣٢٤ کومیتەی مەر کەزی

حزبی دیمو دراتی کوردستان لە

کانیکدا منت بی بەوی دەردی دلی خویان

باحساساتیك بەنوسین پیشکەشی رئیسی


جمهوری کورد ستان بکەن عنوانی

نوسرا وتە نیادەبی : (رئیسی جمهوری

کوردستان) بیت

**٨ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٧ی فێبریوێری ٢٠٠٨**

## سەید محەمەدی حەمیدی مودیر و سەردەبیری گۆوار و ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان



سەید محەمەدی حەمیدی یەک لە نووسەرانی هەر هەڵسووڕ بووە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا و بە پێی بەسەرکردنەوەی ئەو ژمارانەی کوردستان وا لەلایەن "بنکەی ژین" ەوە چاپکراونەتەوە و سدیق ساڵح پێیانداهاتووەتەوە، حەمیدی ٥١ وتار و وەرگێڕاوی تێدا بڵاو کردوونەتەوە. دیارە ئەو ڕادەیە زیاتریش دەکا ئەگەرمرۆ نووسینەکانی لە ژمارەکانی گۆواری کوردستان و ژمارە بزەرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە بەرچاو بگرێ. بەداخێکی زۆر گرانەوە لە سەر ژیان و بەسەرهاتی حەمیدی لە پاش ڕووخانی کۆمار زۆر کەم نووسراوە. حەمیدی لە ڕێکەوتی ٢٧ - ٢ - ١٩٧٩ لەشاری سنە کۆچی دوایی کردووە. ئەم وێنەیە دەبێ ئی سەروبەندی دوای هەڵوەشانی کۆمار بێ.

* **تێبینی** وێنە وزانیاری لەمەڕ ڕێکەوتی کۆچی دوایی سەید محەمەدی حەمیدی بە سپاسەوە لە "چاپکراوەوەی

ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادە کردنی ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، پرۆژەی هاوبەشی ئاراس - بنکەی ژین، هەولێر+ سلێمانی ساڵی ۲۰۰۷" وەرگیراوە.

۷ی ڕەشەمەی ۱۳۸٦ = ۲٦ی فێبریویری ۲۰۰۸

## کرێکاران و سەرۆکی بونگاهی چاپخانەی کوردستان



ئەم وێنەیە لە حەوشەی "چاپخانەی کوردستان" لە مهاباد گیراوە و لەوانەیە ڕۆژی کرانەوەی چاپخانە واتە ۲۰ی بەفرانباری ۱۳۲٤ هەڵگیرابێ.

کەسەکان ریزی پشتەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ۱- مستەفا ئەیووبی ۲- عەزیزی نانەوازادە [ دوکتور عەزیزی ژیان ی دواتر]، ۳- هاشمی کاکاغازادە [هاشمی کاکاغای] ٤- ڕەحیمی یەعقووبی ٥- عەبدوڵای دەبباغی ٦- ڕەحیمی شەمع ئەفرووز،

ڕیزی دوویەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ۱- ڕەحمانی ڕزگەیی ۲- حوسێنی فەقێ زادە [میرزا حوسێنی کەلبێ ڕەزاخانی]، ۳-دانیشتوو] موتەلیبی شێخ محەممەدی، ٤- [ڕاوەستاو] سەعیدی زەرگەیی [حوروف کۆکەرەوەی چاپخانە]، ٥- [ڕاوەستاو] یۆسفی ئەورامی،

دووکەسی لە پێشەوە لە سەر کورسی دانیشتوون، لە ڕاستەوە بۆچەپ: ١- سەدیقی عەلایی ٢- قادری مودەرەسی سەرۆکی بونگاهی چاپخانەی کوردستان، لە دامەزرێنەرانی ژ.ک
ئەو کەسانەی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- محەمەدی شاپەسندی، ئەندامی چالاکی ژ.ک، ٢- برایمی کەریمی [برایمی دەرزیان]

ئەو وێنەیە گرینگییەکی تایبەتی هەیە.،جێژنی کرانەوەی "چاپخانەی کوردستان" و بڵاو بوونەوەی "ڕۆژنامەی "کوردستان" بەیەکەوە کراوە و لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٣ی خۆیدا [دووشەممو ٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٤ = ١٥ی ژانویەی ١٩٤٦] دە نووسێ: " جیژنی کردنەوەی ادارەی روژنامەی (کوردستان) روژی ٢٠ - ١٠ - ٢٤ ساتی ٥ پاش نیوەرو لە ادارەی روژنامە و کوواری "کوردوستان" بە مناسەبەتی کردنەوەی ادارە و بلاوکردنەوەی هەوەل ژمارەی ڕۆژنامەی کوردوستان جیژنیکی بە شەوکەت گیرا.علمای اعلام واعضای حزبی دموکرات و نوینەرانی نقاطی کوردوستان و تجارو محترمینی مهاباد و زور لە آغایانی [ا]طراف لەم جیژنە دا حضوریان بوو، لە پیشدا جنابی حاجی باباشیخ بە نطقیکی کورت جلسەی افتتاح فەرموو لە ضمن دا لە جنابی آغای قاضی محمد رەئیسی حزبی دموکرات و پیشوای ملی و دینی کوردوستان زوری تمجید و تحسین کرد و فەرموی:" وجودی وی بو مە غنیمتە و هەر ئەو دەتوانی کەشتی کوردوستان بە نیو شەپولی سیاسەت دا بگەیەنیتە ساحل. لە دوای ئەو،آغای سید محمدی طە زادە معاونی حزبی دموکرات لە لایەن پیشوای معظمەوە خیر مقدمی بە جنابی حاجی باباشیخ و سایر محترمین کە لە جلسە حضوریان بوو اظهاهر و مبارکبادی کردنەوەی ادارەی روژنامەی لە هەموان کرد و:

١- آغای قادری مدرسی بە سەروکی بنگاە چاپخانە و آغای علی خسروی بە مدیری داخلی چاپخانە معرفی کرد.
٢- آغای سید محمد حمیدی بە مدیر و سردبیری روژنامە و گوواری کوردوستان ناساند.لە پاش وی آغای سید محمد حمیدی، پاش ئەوەی خیرمقدمی بە جنابی آغای حاجی باباشیخ عرض کرد و مراتبی تشکر و سوپاس گوزاری خوی بە حضوری علمای اعلام و سەرانی حزبی و محترمین گەیاند و وتی: روژی بیستەمی مانگی بەفرانبار "دی ماە" ١٣٢٤ روژیکە کە ئەستیرەی خوشبەختی کورد هاتوتە درەوشین لە نەتیجەی کوششی جەوانانی بە غیرەت و پیرانی صاحب تدبیر توانییان چاپخانەیەکی وا کە بتوانی دەگەل چاپخانەی شارانی گەورە بەرابەری بکا بکرین و لە (مهاباد) کە امیدوارم لە ماوەیەکی کەمدا ببیتە هەوەل شاری تاریخی کوردوستان وەکارخەین. ایمە کە سالها و بەلکو قەرنەهایە آرزومان دەکرد کە روژی بتوانین بە زمانی شیرینی کوردی کە دەتوانی دەگەل زیندوترین زمانی دونیا بەرابەری بکا بخوینین و بنوسین و خاوەنی مطبوعات و انتشارات بین. راستی ئەم آرزوە بو ایمە خەیالی بوو و باوەمان نەدەکرد روژی بتوانین بی هینینە حیزی عەمەل، وەلی حقتعالی مرحمتی فەرمو خەیالی محالی ایمە صورتی عملی بە خوی پوشی. هەوەل ژمارەی کوردوستان چاپ و بلاوکراوە" بە هەر یەک لە حضار ١ نسخە روژنامە پیشکەش کرا" ایمە کە تا چەند سال لەمەوبەر هیچ اختیاراتمان نەبوو و حتی لباس دەبەرکردن و جولانەوەمان بە دەس خومان نەبوو ایستا بحمدالله بەند بەندی زنجیری اسارتیمان پساند و تەواوی اموری کوردستان بە دەستی

خومان اداره دەکەین. ئەوەتا ئەورو جیژنی کردنەوەی ادارەی روژنامە و گووار و بلاوکردنەوەی هەوەل ژمارەی (کوردوستان) مان گرتوه واثبات دەکەن کە کورد هەرچەندە دولی استعماری بو نابودی ئیمە[..] و قوربانی مادی و معنویان داوە و دیسان دەیدەن ، قەت نەمردوە و هەرگیز نامری و ئەم موفقیتە بە حضرتی آغای قاضی محمد سەروکی حزبی دیموکرات و پیشوای معظمی کوردوستان و جنابی آغای حاجی باباشیخ سەروکی دەولەتی خودمختاری کوردوستان تبریک پیشکەش دەکەم، و پیش کەوتی تەواوی برایانی حزبی و کارکەرانی چاپخانە لە خودا دەخوازم. لە دواییدا بەم ترتیبە احساسات نویندرا... ٤. آغای صدیقی حیدری بیاناتیکی مهیجی کرد و آفرینی لی کرا. لەم آنە دا کە حضار لە نیو شادی و چەپلەریزاندا غرقی شادی بون چرا برق هەلبو و چاپخانە دەستی کرد بە کار وحضار بو دیتنی چاپخانە بانگ کران دەستە دەستە آغایان دەستگای چاپخانەیان دیدن کرد و جیژن ساتی ٧ی پاش نیوەرو تەواو بو."

جێی سەرنجە کە دوای کرانەوەی چاپخانە و بڵاوبوونەوەی گووار و ڕۆژنامەی کوردستان شارومەندان دەستە دەستە چوونە دیدەنیان و باربوویان کردوون. کوردستان لە چەند ژمارەی خۆیدا ناوی ئەو کەسانە و بڕی یارمەتییەکەیانی بڵاو کردووەتەوە.

تێبینی: ئەم وێنەیە: میرزا حوسێنی کەلبێ ڕەزاخانی داویە بە لێکۆڵەرەوە سەید محەمەدی سەمەدی و ئەویش لە وەرگێراوی کوردی کتێبەکەی ئیگلتن دا بڵاوی کردووەتەوە. بنکەی ژین - ئاراس بەرگی پشتەوەی چاپکراووەی زۆربەی ڕۆژنامەی کوردستان یان بەو وێنەیە ڕازاندووەتەوە، بەڵام ناوی پچووکی یەک لە کارکەرانی چاپخانەیان بە هەڵە نووسیوە.ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لەوان وەرگیراوە.



**ئەم نوسخەیەی وێنەی کرێکارانی چاپخانەی کوردستان کە زۆر لەوی یەکەمیان جوانتر دیارە بە سپاسەوە لە ١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ لە ئاڵبۆمی فەیس بووکی بەڕێز پۆلای نانەوازادە وەرگیراوە**

**٧ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٠٨**

## نیشانی "وزارت فرهنگ دەوڵەتی جمهووری کوردستان"




**لێکۆڵەرەی ماندوویی نەزان،دۆستی کۆچکردوو مەحموودی مەلاعێزەت کاتی خۆی کە لەبەراییەکانی ساڵانی ١٩٩٠ کاندا زۆر بە گوڕ کاری لە سەر ئەو بەڵگانە ی کۆمار دەکرد کە "حەمەڕەشید خان" و میرزای بەووەجی ، میرزا محەمەدئەمینی مەنگوڕی پاراستبوویان، بڕیاری بۆ نەدەدرا چ ناوێک بۆ کارەکەی هەڵبژێرێ ، گەلۆ وەکوو کاری پێشووی نێوی بنێ "کۆماری میللی مەهاباد" و لە بنی بنووسێ "نامە و دۆکومێنت" یان شتێکی دیکە. من سەرنجیم بۆ ئەوە ڕاکێشا کە لە یەکێک لە کتێبەکانی حوسێنقولی پسیان دا وێنەی تابلۆی وەزارەتی فەرهەنگی "دەوڵەتی جمهووری کوردستان" چاپ کراوە. و بەناو کردنی ئەو بەڵگانە وەکوو "دەوڵەتی جمهووری کوردستان، نامە و دۆکومێنت" نە ک هەر پشت بەستنە بە بەڵگەیەکی ڕەسەن، بەڵکوو نیشانەیەکی وەفاداریشە بە تێکۆشەرانی ئەو**

ئەزموونە کە بێ ئەملاو ئەولا ئاواتێکی ئەوتۆیان لە مێشکی دابووە.کاک مەحموود بە قسەی کردم و ئەو ناوەی بۆ کارە بەنرخەکەی هەڵبژارد.

ئەو شیکردنەوە کورتە بەو مەبەستە بوو بڵێم، ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئەو ناوە و گەلێک ناوی دیکەش بەکار هاتوون،بەڵام سەردەرکردنی یەکجارەکی لە نێوەرۆکی ئەو ئەزموونەبە پێی سەنەد و بەڵگەکانی - ئەوەندەی ماونەتەوە ولەبەر دەست دان - ، نەک بە پێی ئەو نامیلکە و کتێبانەی بەگوێرەی سەلیقە و بۆچوونی نووسەرەکانیان نووسراون، هێشتا ڕێگە دەهێڵنەوە بۆ لێکدانەوەی فرە چەشنە. هەویرێکە ئاو زۆر دەبا.

**تێبینی:** وێنەی سەرەوە یەکمجار لە کتێبی حوسێنقوڵی پسیان، "از مهاباد خونین تا کرانه‌های ارس" دا چاپ کراوە و، مەحموودی مەلا عێزەت یش، پشت بەرگی چاپی یەکەمی بەرگی دووەم ی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان"، بەرگی دووەم، وەشانخانا ئاپێک و مەحموود مەلا عزەت، ستۆکهۆلم ١٩٩٥"ی پێ ڕازاندووەتەوە.

٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٠٨

**وێنەی ڕەحیمی قازی لە ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵای کۆمار لە مهاباد، ۲٦ی سەرماوەزی ۱۳۲۴ = ۱۷ی دیسامبری ۱۹۴۵**



**وێنەی ڕەحیمی قازی لە ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵای "دەوڵەتی جمهووری کوردستان" لەمهاباد.**

**تێبینی: ئەم وێنەیەلە فیلمێکی بەڵگەیی بە زمانی ڕووسی وەرگیراوە**

**٦ی ڕەشەمەی ۱۳۸٦ = ۲۵ی فێبریوێری ۲۰۰۸**

## ئیمزا و دەستخەتی محەمەدی نانەوازدە




٦٨٠

٢٥/١/٢٧

وزارتی هیزی دیموکرات کوردستان

(ستادکل)

حوکمی سەرپۆلی دوو محەمەدی نانەوازادە کە "لە طرف وەزیری هێزی جەمهوورییەتی کوردستان" ئیمزای کردووە و دەرەجەی "سەروەر" ی داوە بە ڕەحیمی سەیفی قازی [قازی]

وەک لە سەر زەرفەکە دەبیندرێ ئەو حوکمە ژمارەی ٦٨٠ یە و لە ڕێکەوتی ٢٧ - ١ - ١٣٢٥ دەرچووە.

تێبینی: ئەم بەڵگەیە ئی ئارشیڤی ڕەحیمی قازی یە و بۆ هەوەڵ جار لە وێبنووسی "ڕوانگە" دا بڵاو کراوەتەوە.

٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## وێنەیەکی سەرپۆلی دوو محەمەدی نانەوازادە لە جلوبەرگی سیڤیلدا



لەم وێنەیەدا محەمەدی نانەوا زادە،یەک لە فەرماندەرە نیزامییە بەوەجەکانی کۆماری کوردستان بە جلوبەرگی کوردییەوە دەبینین. نەفەری لای ڕاست. کەسی لای چەپ حوسێنی فەتاحی قازی [ماموسێن] یە. باسی ئەندامەتی ماموسێن لە کۆمەڵەی ژیانی کورد یان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هیچ سەرچاوەیەکی بەردەست دا نەکراوە، بەڵام ئەو یەک لەو خوێندکارە کوردانەی بوو وا لە لایەن کۆماری کوردستان ڕا بۆ پەروەردەی عەسکەری ناردرانە باکۆ. زۆربەی ئەو خوێندکارانە، کە ژمارەی تەواویان هێشتا بەتەواوی ڕوون نەبووەتەوە،لەگەڵ تێکچوونی کۆمار گەڕانەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان.لە تاریخی ٢١ - ١٠ - ١٣٢٥ سەرکونسوولی دەوڵەتی شایشانی ئێران لە باکۆ مەجدی، لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ سەفارەتی دەرەوەی ئێرانی ناردووە گلەیی و گازندی ئەوە دەکا کە "سێ نەفەر خوێندکاری نیزامی سەیفی قازی [ڕەحیم] فەتتاحی [ماموسێن] و سوڵتانی "هێرشیان بردووەتە سەر چەند

خوێندکاری کە پێوەندییان لە گەڵ کونسولخانەی ئێران هەبووە و داوا دەکا وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەهانایانەوە بێ وپرسیاری کردووە دەبێ لە کاربەدەستانی شووڕەوی پرسیار بکرێ ئەو سێ کەسە چما چەکیان پێدراوە؟"

[بڕوانە، کتێبی فرقه دمکرات آذربایجان، از تخلیه تبریز تا مرگ پیشەوری، تهران: نشراوحدی ۱۳۸۵، ل: ۵۲۵ - ۵۲۶]

وێدەچێ ئەم وێنەیە لە گەرمەی چالاکی ژ.ک دا لە تەورێز گیرابێ.

ئەم وێنەیەش لە کتێبی "پیشوای بیداری، خاطرات سعید همایون وەرگیراوە

٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## مەدرەسەی کوردستانی نەغەدە



کۆمەڵێک لە ئامۆژگاران و شاگردانی مەدرەسەی کوردستانی شاری نەغەدە [سندووس] لەگەڵ بەرپرسەکەیان حەسەنی کاکاغازادە،دانیشتوو،لە ڕاستەوە کەسی سێیەم. لە نامەیەکدا کە کاکاغازادە بۆ ڕۆنامەی کوردستان ژمارە ٤٦، شەممو ٢١ بانەمەر ١٣٢٥ = ١١ مە ١٩٤٦ی زایینی ناردووە دەخوێنینەوە: " آغای مدیر محتەرەمی روژنامەی

بەرزی کوردستان خواهش ئەکەم ئەو چەند کلیمە عەرایضانەی خوارەوە لە لاپەرانی یەکیک لە روژنامانی محبوبی کوردستان دەرج بفەرمون. ئەمن حسن کاکاغازادە نمایندەی فەرهەنگ نەغەدە لە طرف تەواوی ماموستایانی کورو کچانی مدرەسەی کوردستانی نەغەدە لە دانانی حضرەتی آغای میرزا مناف کریمی بە سمتی وەزیر و آغای دلشاد رسولی بە سمتی معاون و بازرەسی کل وزارت فەرهەنگ کوردستان تبریک و اظهاری سوپاس وقدرزانی ئەکەین ئومیدەوارین لەوە پاش مدرەسانی مەش وەکو مدرەسانی مەرکزی کوردستان لە ژیر توجهاتی سەرپەرستانەی رياست جمهوری کوردستان و ئەو دوذاتە مبارەکانە دا بە آخرین نوختانی تەرەقی بگا زیاتر لەوە بوپیشکەوتنی ئەو فەرهەنگە توجە بفەرموون


نمایندەی فەرهەنگی نەغەدە حسن کاکاغازادە"

جێی سەرنجە ئەم پۆرترەیەی پێشەوا کە لێرە دا دەیبینین هەر هەمان شێوە پۆرترەیە کە لەوێنەی فەرهەنگییەکانی "دەرسخانەی گەلاوێژ" یشدا بە سەر دەرگای خانوەکەوەیە و ئەوە دەگەیێنە کە لە فێرگەکانی "کۆماری کوردستان" دا ئەو جۆرە پۆرترەیە هەڵئاوەسراوە

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە لایەن سولەیمان چیرەوە بە دەستمان گەیشتووە

٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## منداڵانی کورد لە مەیدانی چوارچرا



منداڵانی کورد و مامۆستاکانیان لە مەیدانی چوار چرا لەڕێوڕەسمی ۲ی ڕێبەندان دا.کەسی یەکەم لە لای ڕاستەوە عەلی خوسرەوی "پشکنی فەرهەنگی کوردستان" ە . ڕۆژنـامەی کوردستان لە "ژمارە ۲۷، دوشەممو ٥خاکەلیوە ۱۳۲٥ = ۲٥ مارس ١٩٤٦ی زایینی" دا ئاگادارییەکی زۆر سەرنجڕاکێشی وی بڵاو کردووەتـەوە :ادارەی روژنامەی کوردستان تکامان وایە دەستوری ژێـرەوە لـە هـەوەلین ژمارەی روژنامەی کوردستاندا دەرج بفـەرمون لـە بـەر ئـەوە کـە دەبـی آموژگاران بە تـایبەتی کارمندان فەرهەنگ ببنە چاولیکراوی ری و شوینی بـاش پیویستە دەستور اکیـد بـدەن کـە لـە روژی پینج مانگی خاکەلیوە ٥ - ١ - ٢٥ هیچ کامیک لە فەرهەنگیان نـابی پیچی لە سەر بەستن و هەر وەکو قـەرار دانراوە دەبی سەر پەتی بن و لە روژی ناوبراو دا هیچیەک لە کارمندان فەرهەنگو شاگردە مدرسەکان لە دەرەوە بە پیچەوە نەبینـدرین ئـەو دەستورە بـە تـەواوی آموژگـاران و کارمنـدان رادەگـەینین و هیوا دارم کـە فەرهـەنگ ببیتـە سەرمەشق و چاولیکراوی تەواوی اهالی ۲٤۳؛ ۲۷ - ۱۲ - ۱۳۲٤.

پشکنی فەرهەنگی کوردستان - علی خسروی

ئەو کەسەی لە دوای پلانکاردی کیژۆڵەکان دەبیندرێ سـەدیقی حەیـدەری "مدیر کل انتشـارات و تبلیغـات کردستان "ە کەڵەو هەر۳ وێنەیەی دا هەیە کە تا ئێستا ساغ بووتەوە ئی ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ە.

ئەم وێنەیە لە کتێبی "پیشوای بیداری، خاطرات سعید همایون، بە کوشش هاشم سلیمی، چاپخانە وزارت آموزش و پرورش، اربیل ٢٠٠٤" وەرگیراوە



نوسخەیەکی زۆر ڕوونتری ئەم وێنەیە

لە سەر بلاکارتەکەی کە بەدەست دوو کیژەوەیە نووسراە: "بەرقەراربی یەکەتی یایانی کوردستان" و لە دوای سەدیقی حەیدەری، ناودار ڕەسووڵی نەغەدەیی ش بە بەرگی نیزامییەوە دەناسرێتەوە

٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## عەزیزی زەندی (عەزیز ئەلمانی) دامەزرێنەری حیزبی ئازادیی کوردستان



عەزیزی زەندی (عەزیز ئەلمانی) دامەزرێنەری "حیزبی ئازادیی کوردستان" بۆ ئاگاداری زیاتر لە سەر ژیان و بەسەرهاتی عەزیزی زەندی و حیزبی ئازادیی کوردستان بڕوانە نووسراوەیەکی حەسەنی قازی کە لە مانگی ئووتی ساڵی ٢٠٠٧ لە وێبنووسی "ڕوانگە" دا بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان [ژیانی کورد]

نووسینی حامید گەوهەری ساڵی ١٩٩٨ چاپی ستۆکهۆڵم" وەرگیراوە

ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## پۆلی ساوایانی پێشرۆ



ئەم وێنەیەی لێرە دا دەیبینن ڕۆژی ١٢ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی لە حەوشەی "مەدرەسەی گەلاوێژ" کێشراوە. مەلا عەبدوڵای داودی [خاڵە مەلا، مەلاعەبدوڵای حەجۆکێ] لە ژمارە بەراییەکانی "کوردستان" دا دەنگو باسی چالاکییەکانی کوردیی خوێندنی نووسیوە و پچڕ پچڕ لە چەند ژمارەی کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە. لە کورتە نووسراوێکدا،[کوردستان، ژمارەی: ٦٥، سێشەمۆ ١٤ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی] مەلای داودی باسی پێشکەوتنی کاری خوێندنی کوردی ومەدرەسەی گەلاوێژ ئاوا دەگێڕێتەوە:


"مەدرەسەی گەلاوێژ بە ئەمری پیشوای بەرزی کوردستان لە شەوی هەوەڵی بەفرانباری ١٣٢٤ مەدرەسەی گەلاویژ بو بە روژانە ویستا شاگردی روژانەی ٥٠٠ نەفەر و شاگردی شەوانەی ١٠٠ نەفەر لە اهلی ئەو شارە لەو مەدرەسەی دا دەخوینن بەلام بیجگەلە کوری کاکە سواری منگور لە آغایانی عەشایری کوری هیچ ییک لەوان نەمدیوە کە بیتە ئەو مەدرەسەی ئەگەرچی هەمووشیان کومەگیان بەو مەدرەسەی کردووە نازانم کەلەسستی بو ناردنی مندالی خویان چە رفاهییەتێک[ی] هەیە و رجا لە هەموان ئەوەیە کە بو دوای تعطیلات لەپاش هاوینی ئەوساڵە کە (خەرمانانی ١٣٢٥)ە مندالەکانیان بو ئەو نەدرەسەی کە مەدرەسەییکی میللیە و بە زبانی دایکوبابی خویان دوخوینن و قەولیان پی دەدری کە لە بەرانبەر بە خویندنی سالانی پیشو کە شەش سال دەیان خویند بە دو سال فیری خویندنەوە و نوسین ببن.

**مەلای داودی"**


**تێبینی: زۆر وێدەچێ ئەم وێنەیە لە ئارشیوی سەید عوبەیدیلای ئەیووبیان وەرگیرابێ و ئەوڕستانەی بن وێنەکە ئەو نووسیبێتنی. ئەم وێنەیە لە کتێبی کەریمی حسامی:" پێداچوونەوە، چاپخانەی ماردین، سوێد ١٩٩٦" وەرگیراوە**

**٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٠٨**

## "یەکەم" بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان



## "یەکەم" بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان



ئەم بەڵگەیەی لێرەدا دەیبینن. "یەکەم" بەیاننامەی کومەڵەی دیموکراتی کوردستان

[حـزب دمکـرات کردستان] ه کـە بـە دەسـتخەت نووسـراوەتەوە و فارسـی و کوردییەکـەی بـە تەنیشـت یەکـەوە بـڵاو کراوەتـەوە. لـە بـن ئـەو دەقـە دا ئیمزای ٣٩ کـەس دەبینـدرێ، بـەڵام دەقێکـی چاپکراوی ئـەو بەیاننامەیـەش بـە دەستەوەیە،(بڕوانە، [چاپکراوەوەی] ڕۆژنامەی کوردستان مەهاباد ١٣٢٤ - ١٣٢٥ هەتاوی (١٩٤٦)، ئامادە کردنی ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، پرۆژەی هاوبەشی ئاراس - بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧) کە لـە بنەوەی بەسـەریەکەوە نێوی ٧٢ کەس هاتووە وتێیدا هەڵەی زۆر زەق دەبیندرێ و بێ ئەملا ئەولا ئەوکەسەی پیتچنی کردووە بۆ چاپ نە کورد بووە و نە کوردی زانیوە، هەڵەی وەکوو نووسینی "قادر" بە "قدیر"، "مەنگور" یـان "منگور" بـە "مانقور" و زۆر شتی دیکە. ئەگەرچی ئامادەکاران تێکۆشاون بۆ ساخکردنەوە و ئاماژە کـردن بـەو هەڵـە زەقانـە، بـەڵام دیسان بـە

سەرچاوە Serchawe

تەواوی ورد نەبوونەتەوە و بەو شێوەیەی ئەوبەیباننامەیەیان لە پاشکۆی کارە بەنرخەکەیاندا بڵاو کردووەتەوە، دیسان کەموکووڕی پێوە دیارە. بۆ وێنە دەکرا یەک بە یەک شی بکرێتەوە هەر ناوەی کە هاتووە سەربە چ عەشیرەت و تایفەیەکە و گەلۆ ئەوەی لە مەڕ پیشەیان بە دوای نێوەکاندا نووسراوە دروستە یان نا ؟ بو وێنە کێ لە موکوریان و سابڵاغ بیستوویەتی میرزا مستەفای سوڵتانیان "مهندس فلاحت" بووبێ؟ ئەو ڕاوێژکارەی پرسیان پێ کردووە گوێی بەمە نەبزووتووە و ئەوانیش نەیانکردووە، ڕوو لەو هەموو کوردە تەرەبووەی دیکە بنێن کە لە سلێمانی و باشووری کوردستان دەژین.

**لەو پێوەندییە دا ئیستگرتن لە سەر چەند پنکتێک گرینگە:**

١- ئەو بەیاننامەیە تاریخی پێوە نییە. بەڵام بە خۆشییەوە بە پشت بەستن بە بابەتێک کە لە گۆواری کوردستان، بڵاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان "ژمارە ١ سالی یەکەم، سەرماوەزی ١٣٢٤ = ٦ دیسامبری ١٩٤٥" لە مەڕ کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکرات بڵاو بووەتەوە، تاریخی دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە بە تەواوی ساخ دەبێتەوە: گۆواری کوردستان دەنووسێ: "لە دوای ئەوە لە هەوەلی مانگی خەزەل وەر، (آبان)ی ١٣٢٤ حزبی دیموکراتی کوردوستان لە مهاباد داندرا و بەیان نامەی خوی بلاو کردەوە لە روژی ٢ - ٨ - ١٣٢٤ دا هەوەل کونگرەی خوی کە تیکەل بو لە سەرانو نوینەرانی کوردان بە ترتیبی ژیرو......."

کە وابێ جوان دەردەکەوێ کە ئەم بەیاننامەیە لە ڕۆژی ١ - ٨ - ١٣٢٤ی هەتاوی واتە ٢٤ - ١٠ - ١٩٤٥ دەرکەوتووە.

٢- لە هیچ کوێی بەیاننامەکە دا بە ڕوونی نەهاتووە کە ئەو ٧٢ کەسەی کە ئیمزایان کردووە دامەزرێنەری "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" بن، ئەوە شتێکە چاوی وردبین و مووقەڵێش ناکرێ نەیبینێ.

لێرە دا، دەقی دەستخەتی ئەو بەیاننامە دەبینن کە بە سپاسەوە

سکانکراوەکەیمان لە لایەن عەلی کەریمی یەوە بە دەست گەیشتووە.

لیستی ٧٢ ناوەکەش بە سپاسەوە لە "پاشکۆی چاپکراوەوەی بە نرخی ژمارەکانی کوردستان" وە وەکوو خۆی ڕادەگوزینە ئێرە و بە دوویدا هەڵەکان و ناساندنی زیاتری واژۆکاران تا ئەوجێی پێن دەکرێ دەست نیشان دەکەین"

١- قاضی محمد حریری ٢- ملا سید عبدالله روحانی ٣- ملا حسین امیری روحانی رسول زکوی روحانی ٤- نوری

بیگ رئیس عشایر ٥- معروف آقا رئیس عشایر ٦- عمرخان شریفی رئیس عشایر ٧- شیخ عبدوالقادر رئیس عشایر ٨- عمر آقا جلالی رئیس عشایر ٩- کریم آقا قم قلعه رئیس عشایر ١٠- ابراهیم آقا مانقور رئیس عشایر ١١- رشید جهانگیری رئیس عشایر ١٢- کاک عەلی مانقور رئیس طائفه ١٣- حسن حنارا رئیس طائفه ١٤- جعفر حنارا رئیس طائفه غنی خسروی رئیس شهردار ١٥- عباس آقا فنک رئیس طائفه ١٦- عزیز صادقی مالک ١٧- محمد حسین سیف قاضی مالک ١٨- عبدالقدیر جعفری مالک ١٩- یوسف شریفی مالک ٢٠- قدیر شریفی مالک ٢١- نجیب شریفی مالک ٢٢- حسن جلالی مالک ٢٣- مناف کریمی مالک ٢٤- ابراهیم ابراهیمیان مالک ٢٥- کاک حمزه طائفه مانقور مالک ٢٦- کاک حذیر مالک ٢٧- کاک حمزه طائفه ماماش مالک ٢٨- کاک عبدالله مالک ٢٩- قاسم آقا ایلخانی زاده مالک ٣٠- مامند قدیری رئیس طائفه ٣١- معروف قدیری مالک ٣٢- حسنی معروفی مالک ٣٣- محمدامین بایزدی رئیس طائفه ٣٤- گلابی بایزدی مالک ٣٥- پیرات امیر عشایری مالک ٣٦- قدیر مامندپور مالک ٣٧- سلیم امیر عشایری مالک ٣٨- عبدالله عزیزی مالک ٣٩- مرسی زرزا مالک تارانی زرزا رئیس طائفه ٤٠- محمدامین عشایری مافرا مالک ٤١- کامزی عزیزی مالک ٤٢- معروف برزنجی مالک ٤٣- رحیم حسینی تاجر ٤٤- سیدعلی حسن پور تاجر ٤٥- حاجی مصطفی داودی تاجر ٤٦- احمد ولی زاده تاجر ٤٧- سعیدی صلاحیان تاجر ٤٨- صادق حیدری تاجر ٤٩- حمید بلوریان تاجر ٥٠- قاسم مطمتی تاجر ٥١- محمد خلیل خسروی تاجر ٥٢- احمد الهی تاجر ٥٣- هاشم یوسفی تاجر ٥٤- حمید حمیدی تاجر ٥٥- اسماعیل شریفی تاجر ٥٦- قدیر کریمی تاجر ٥٧- علی ریحانی تاجر ٥٨- خدیر سید نظامی تاجر ٥٩- محمدامین شریفی تاجر ٦٠- حاجی علی دباغی تاجر ٦١- سید محمد حمیدی مستخدم دولت ٦٢- محمد یحیی مستخدم دولت ٦٣- سلطان اوتامیشی معلم ٦٤- حاج سید رحیم سید محمد تقی زاده دوا فروش ٦٥- مصطفی سلطانیان مهندس فلاحت ٦٦- رحیم لشگری معلم ٦٧- محمدامین معین کارژدار ٦٨- حاجی رحمن شیرباغی تاجر"

## ناوەکان بەم جۆرەی من بردوومنەوە سەر یەک و بە ڕێنووسی کوردیی نێوەڕاست

١- قازی محەممەدی خزری [قازی محەممەدی شنۆیە]، ٢- مەلا سەید عەبدوڵا [ مامۆستای ئایینی]، ٣- مەلا حوسێنی ئەمیری [مامۆستای ئایینی]، ٤- حەمە ڕەسووڵی زەکەوی [لە سەردەمی کۆمار دا حیسابدار و تەحویلداری ئیدارەی دارایی بۆکان بووە و دواتر بە پێی ئەمری سەرۆکی ئیدارەی دارایی کوردستان، ئەحمەدی عیلمی بە تاوانی گەندەڵی!! ئیداری لە سەر کار لابردراوە. کوردستان، ژمارە: ٨٥، ٢١ی خەرمانانی ١٣٢٥]، ٥- نووری بەگی بەگزادە [عەبباسی نەژاد]، ٦- مارف ئاغا. ٧- ئەمەر خانی شەریفی [سەرۆکی کۆنفێدراسیۆنی شکاک و مەزنی تایفەی کاردا و دواتر یەک لە چوار ژەنەڕاڵی حکوومەتی کوردستان. لە بن "متنی پیمانی یەکەتی و برایەتی حکومەتی ملی کوردستان و آذربایجان" دا نێوی وەک 'عضوی کومیتەی مرکزی حزب دیموکرات کوردستان و رەئیس عیلی شکاک" باس کراوە] ٨- شێخ عبدولقادر لە عەشیرەتی زیلان ، دواتر بەرپرسی حیزب بووە لە کەلا ماکۆ [ماکۆ]، ٩- ئەمەر خانی جەلالی، ١٠- کەریم ئاغای کەریمی لە تایفەی دێبۆکری و خاوەنموڵکی دیی قوم قەڵا لە

نزیک مهاباد. باپیری جەعفەری کەریمی یەک لە ئەندامانی پایە بەرزی حکوومەتی کوردستان، ١١- برایماغای مەنگوڕ، [ئەدهەم] مەزنی تایفەی زێڕنێ [ کوڕی باپیراغای مەنگوڕ ]، ١٢- ڕەشید بەگی جەهانگیری سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی لە بن "متنی پیمانی یەکەتی و برایەتی حکومەتی ملی کوردستان و آذربایجان" دا وەکوو ' عضوی کمیتە مرکزی حزب دیموکرات کوردستان' نێوی هاتووە، ١٣- کاک عەلی مەنگوڕ سەرۆکی تایفە، ١٤- حەسەن هەناره [هەناره تایفەیەکە سەر بە کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتی شکاک]، ١٥- جەعفەری هەناره [هەر وەها]، ١٦- مامە غەنی خوسرەوی سەرۆکی شارداری مهاباد لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا [هاتنی "رئیس شهردار" بە دووی نێوی غەنی خوسرەوی دا زۆر سەرنجڕاکێشە، بڵێی ئەو پێش زەمانی دەستەڵاتی ژ.ک، حیزبی دێموکرات و کۆماریش هەر سەرۆکی شارداری بووبێ؟]، ١٧- عەبباس ئاغای فەنەک، ١٨- عەزیزی سەدیقی،وردە مالیک و دواتر لە ئەفسەرانی ئۆردووی میللی کوردستان. ١٩- حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی، ٢٠- عەبدولقادری جەعفەری [بڵێی مەبەست لە سەید قادری حەعفەری کوڕی سەید جامی بێ؟!]، ٢١- یۆسفی شەریفی لە نزیکانی ئەمەرخانی شەریفی، ٢٢- قادری شەریفی هەر وەها، ٢٣- نەجیبی شەریفی [نوێنەری ئەمەرخان بووە بۆ پێوەندی و وتووێژ لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران لە دوایین ڕۆژەکانی کۆمار دا]، ٢٤- حەسەنی جەلالی، لە عەشیرەتی جەلالی، ٢٥- منافی کەریمی دواتر کاربەدەستی پایەبەرزی حیزب و کۆماری کوردستان، ٢٦- برایمی ئیبراهیمیان خەڵکی مهاباد. ٢٧- کاک هەمزەی مەنگوڕ، ٢٨- کاک خدری گوڵاویاغای [مامەش]؟؟. ٢٩- کاک هەمزەی جەڵدیانێ [مامەش]، ٣٠- کاک عەبدوڵا. ٣١- قاسماغای ئێلخانیزادە [ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کورد لە سەفەری باکۆ دا، سێپتامبری ١٩٤٥]، ٣٢- مامەندی قادری، ٣٣- مارفی قادری، ٣٤- حەسەنی مەعرووفی، لە بەرەی مارفاغای تایفەی دێبۆکری [حەسەن ئاغای کۆسەکەرێزێ]، ٣٥- حەمەدەمیناغای بایەزیدی، ٣٦- گوڵاویاغای بایەزیدی، ٣٧- پیرۆتی ئەمیر عەشایری [مامەش]، ٣٨- قادری مامەند پوور، ٣٩- سەلیمی ئەمیر عەشایری [مامەش]، ٤٠- عەبدوڵا عەزیزی، ٤١- مووساخانی زەرزا، ٤٢- قەرەنیاغای زەرزا ٤٣- محەمەدی ئەمین عەشایری [پیران]، ٤٤- کاکەمزەی عەزیزی، ٤٥- مارفی بەرزنجی [شێخ مارفی بەرزنجی سەرۆکی ئیدارەی ئامار لە شاری شنۆ لە سەردەمی حکوومەتی کوردستان دا]، ٤٦- ڕەحیمی حوسێنی [بڵێی مەبەست لە سەید ڕەحیمی حوسێنی نەبێ کە دواتر لە زەمانی ڕێژیمی حەمەڕەزا شا دا ماوەیەک شارداری مهاباد بوو؟]،٤٧- سەید عەلی حەسەن پوور [باوکی دوکتور ئەمیری حەسەنپوور]، ٤٨- حاجی مستەفای داودی یەک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان ٤٩- ئەحمەدی وەلیزادە،تاجری سابڵاغی،٥٠- سەعیدی ساڵحیان، ٥١- سەدیقی حەیدەری، ئەندامی ژ.ک و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و لە کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆماری کوردستان، ٥٢- حامیدی بلووریان، ٥٣- قاسمی وەتەمیشی [لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسینی هەیە، حاجی قاسمی دواتر]، ٥٤- میرزا خەلیلی خوسرەوی بەرپرسی ئیدارەی کاری کوردستان لە سەردەمی کۆمار دا، ٥٥- مام ئەحمەدی ئیلاهی [ئەحمەدی حاجی ئەلای]، ئەندامی ژ.ک،لە کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان، ٥٦- هاشمی یۆسفی، لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان،٥٧- حامیدی حەمیدی؟، ٥٨- سمایلی شەریفی؟، ٥٩- میرزا قادری کەریمی، تاجری سابڵاغی، ٦٠- میرزا عەلی ڕیحانی، ئەندامی ژ.ک، نوێنەر بۆ پێوەندی دیپلۆماتیک لە سەردەمی کۆمار دا،٦١- خدری سەید

نیزامی [ سەید پیرە] ئەندامی ژ.ک. سەرۆکی شارەوانی [پۆلیس] لە سەردەمی کۆمار دا، ٦٢- حەمەدەمینی شەڕەفی [مایور شەڕەفی سەرۆکی ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی هێزی کوردستان لە سەردەمی کۆمار دا،٦٣- حاجی عەلی دەباغی، ٦٤- سەید محەمەدی حەمیدی مودیر و سەردەبیری ڕۆژنامە و گۆزاری کوردستان، ٦٥- محەمەدی یاهوو، یەک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد [ژ.ک] و لە کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان، ٦٦- سوڵتانی وەتەمیشی [ یەک لەو خوێندکارانەی کە لە سەردەمی کۆمار دا بۆ خوێندن ناردرانە باکۆ، دوکتور سوڵتانی وەتەمیشی دواتر]، ٦٧- حاجی سەید ڕەحیم؟،

٦٨- سەید محەمەدی تەهازادە [دەوا فرۆش] ، ٦٩- میرزا مستەفای سوڵتانیان نوێنەری حکوومەتی کوردستان بۆ وتوویژ لە گەڵ حکوومەتی تاران و لە ڕاوێژکارانی قازی محەمەد. ٧٠- ڕەحیمی لەشکری، لە کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان، ٧١- میرزا حەمەدەمینی موعینی سەرۆکی شیرکەتی تەڕەقی و لە کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان،٧٢- حاجی ڕەحمانی شێربەگی

٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٣ی فێبریوێری ٢٠٠٨


---

## وێنەی بەکۆمەڵی ئەندامانی ژ.ک



وێبەوانی ماڵپەڕی "گزینگ" بە سپاسەوە نوسخەیەکی ڕوونتری لە وێنەی بەکۆمەڵی ئەندامانی ژ.ک بۆ ناردووین وا

ئەوە لێرەدا بە سپاسەوە بڵاوی دەکەینەوە.کاتی خۆی بەڕێزیان لە گۆڤاری "گزینگ" داهەوڵی دابوو، هێندێک لە کەسانی نێو وێنەکە وەکوو لە خوارەوە دا دەبینن بناسێنێ. زۆربەی ئەوانەی لێرە دا نێویان دیاری کراوە لە هەڵسووڕاوانی بەگوڕی سەردەمی کۆماری کوردستان بوون. تکایە هەر زانیارییەکی زیاترتان سەبارەت بەم وێنەیە دەست دەکەوێ بۆمانی بنێرن.




**٣ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٠٨**

## محەممەدی شاپەسندی "دامەزرێنەر"ێکی دیکەی ژ.ک و کرێکاری چاپخانەی "کوردستان" لە سەردەمی کۆمار دا





**محەممەدی شاپەسندی [م.ش.ئازەر]**

یەکێکی دیکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد، محەمەدی شاپەسندی یە. ئەم وێنانەی لێرەدا دەیبینن ئی سەرەوەیان وێنەی تافی بە ساڵداچوونی شاپەسندی و ئەوی دیکەیان ئی ئەو رۆژانەیە کە لە گەڵ عەبدولرەحمانی زەبیحی لە تەوریز خەریکی کاری چاپکردنی گۆڤاری "نیشتمان" بوون. لە چاوپێکەوتنێکدا کە کاکشار ئۆرامار لە ١ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٥ لە سلێمانی لە گەڵ شاپەسندی کردووە و دەقی نووسراوی لە ماڵپەڕی گزینگ دا بڵاو کراوەتەوە،شاپەسندی دەڵێ بە ڕێگەی زەبیحی دا بووە بە ئەندامی کۆمەڵە و هەر ئەو هانی داوە فێری کاری پیت چنین و چاپ ببێ. لە سەردەمی کۆماری کوردستان شاپەسندی لە "چاپخانەی کوردستان" دا کاری کردووە و تەنانەت لە ژێر چاوەدێری ویدا چەند ژمارە لە بڵاوکراوەیەک بە نێوی ... دەرکەوتووە.

ئەوسەرچاوانەی سەبارەت بە مێژووی ئەو سەروبەندەیان نووسیوە و ئێستا لە بەر دەستی منداان [ئیگلتن، مودەرەسی، سەمەدی، نەوشیروان مستەفا،هەژار]، جگە لە سەمەدی (دیارە بە پاڵپشتی )بیرەوەرییەکانی مودەرەسی)، و هەژار نەبێ ،شاپەسندی وەکوو ئەندامی دامەزرێنەری ژ.ک ناناسێنن

لە چاوپێکەوتن لە گەڵ کاکشار ئۆراماریشدا، شاپەسندی بۆ خۆی ناڵێ کە یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەر بووە. وەک لە چاوپێکەوتنەکەدادەڵێ، شاپەسندی بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوە.بەوهیوایەی تا ئێستا بڵاو بووبێتەوە و ئەگەر بڵاو نەبووبێتەوە با هیوادار بین هەرچی زووە دەرکەوێ.
محەمەدی شاپەسندی لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی لە دایک بووە و لە ڕۆژی ١٥ - ٠٢ - ٢٠٠٦ لە شاری سلێمانی ماڵاوایی لە ژیان کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

تێبینی: وێنەی دوو قۆڵی شاپەسندی و زەبیحی بە سپاسەوە لە کتێبی عەلی کەریمی "ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی" و وێنەی سەردەمی بەساڵداچوونی شاپەسندی بە سپاسەوە لە کاک شار ئۆرامار و ماڵپەری گزینگ وەرگیراوە.ئەم وێنەیە لە ١ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن هاوکاری فەننی ئۆرامار لە ماڵی شاپەسندی لە سلێمانی هەڵگیراوە.

بۆ خوێندنەوەی چاوپێکەوتنی کاکشار ئۆرامار لە گەڵ محەمەدی شاپەسندی ئێرە ببینن!!

http://gzing.org/html/AB13/shapesndi_kakshar.html

٣ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٠٨

**سەرپۆلی دوو محەمەدی نانەوازادە،یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری ژ.ک، لە ئەفسەرانی پایەبەرزی وەزارەتی هێزی کۆماری کوردستان**



محەمەدی نانەوازادە یەک لە چالاکانی "حیزبی ئازادیی کوردستان" و لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ.ک و بە پێی وتەی مەلا قادری مودەڕەسی لە کۆمەڵە دا "فەرماندەی .هێز بووە،بۆسازدانی هێزی پێشمەرگەی کۆمار بە گوڕ تێکۆشاوە و لەڕۆژنامەی کوردستان دا ئاگادارییەکانی وەکوو فەرماندەی هیزی دیموکراتی کوردستان "(ژمارە ٨، ٨ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی)، "فەرماندەی هێزی مەرکەزی دێمۆکراتی کوردستان (ژمارە ٢٣، ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ هەتاوی) بڵاو کراوەنەتەوە. بە خۆشییەوە فەرمانێکی نانەوا زادە بە ئیمزای خۆی بەدەستەوەیە کە پلەی داوە بە پێشمەرگەیەک و "لە طرف وەزیر[ی] هێز[ی] وەزارەتی هێزی جەمهوورییەتی کوردستان"وە ئێمزای کردووە، کە دواتر لە "وێنە" دا بڵاوی دەکەینەوە.

ڕەنگە کووژرانی محەمەدی نانەوازادە لە کۆتاییەکانی مانگی ٦ی ژیانی کۆمار دا خەساری هەرە گەورە بووبێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی کورد.

سەید محەممەدی حەمیدی "مودیر و سەردەبیری روژنامە و گوواری کوردستان"[کوردستان، ژمارە ٦٩، یەک شەممو ٣٠ پوشپەر ١٣٢٥ = ٢١ی ژووییەی ١٩٤٦ی زایینی] ئاوا باسی ئەو رووداوە دەکا:

"سەرپولی دو محمدی نانەوازادە شهیدی ریگای نیشتمان... چلونەتی شەهید بوونی مرحومی نانەوازادە لە حدودی مانگیک دابوو لە لاین وزارەتی هیزی کوردستانەوە کاری درابویە کە لە سقز بمینیتەوە کە لە حمل و نقلی خواردەمەنیدا بو ئەو سەربازانەی کە لە بانە و سەردەشت دادەنیشن لە لایەن هیزی کوردستانەوە محاصرە کراوون و نەیان دەهیشت لە لشکری سقزەوە خواردەمەنیان پی بگا چاوەدیری بکا.روژی دووشەممو ٢٤ - ٤ - ٢٥ بە آغای حامیدی مازووچی رئیسی دژبانی ناوەندی مهاباد کە ئەویش لە سقز دەبی دەستور دەدا کە دەگەل ژماریک ماشین کە هەلگری خواردەمەنی بو سەربازان بوون بو بانە و سەردەشت بچیت و هەر ئەو روژە بو خوشی بە فروکە بو ئەو مەلبەندانە دەروا و ئەو شەوە دەچیتە سەردەشت و بەیانی روژی ٣ شەممو ٢٥ - ٤ - ١٣٢٥ دەگەریتەوە بانە و فروکە لەویی دەنیشی و لەویی دیسان آغای مازووچی دەبینی و دەستوری دەداتی کە ماشینە خواردەمەنیەکان بگەینیتە سردەشت و زور دەست و دەمی یەک دیکە ماچ دەکەن وەکی دە دلی هاویژرابی کە چەند دەمیکی دیکە ژیانی پرر افتخاری دوائی دیت خودا حافظ یەکی گەرم لە آغای حامدی مازوچی دەکا و ساتی ٢١ بە فروکە بو لای سقز هەلدەفری داخی گرانم پاش چەند دەمیک فروکە کە لە نزیک کەلی خان لە شیویک دا لە نزیک دی ی سونج کە لە دیهاتی بانەیە فرروکە کە چەند سەرمەقولات دەدا و آوری تی بەر دەبی فرروکەچیەکە بە چەتری نەجات خوی بەردەداتەوە و چونکو چەترەکەی نیوە آوالە بووە سەری شکاوە و سەدی نەوەد لە مەرگ نزیکە بەلام نانەوازادە ماوەی نەبو بە چەتر خوی نەجا ت دا و دەگەل فرروکەکە بەربوتەوە و هەر دووک پیکەوە سووتاوون لە دوای چەند دەمیک قضیە بە آغای حامدی مازوچی خەبەر دەدری ئەویش دیتە جیگای بەسەرهات و ئەو سەرکردەیە کە سەعاتیک لەوەی پیش دەست و دەمی یەکتریان ماچ دەکرد دەبینی کە آوری نیشتمان پەرستی لە دلیەوە بلیسەی سەندوەوە خوی و فرروکەکەی سوتاندوە خیرا بە دارە مەیت لەشی ئەو شەهیدە هەلدەگرن و دەی بەنە شاری بانە لەوی دەی شون و لە کفنیەوە دەپیچن و دە صندوقی دەنین و دەی هینن بو سقز و لەویش را بە ماشینیکی عدەی سقز بە مشایعتی یەک نەفەر سەروان و دو نفر گروهبان بە میاندواو دا بو مهابادی بەرری دەکەن جنازە سەعاتی ٧ی نیوەرو روژی ٢٦ - ٤ - ١٣٢٥ لە کاتیکدا لە حدودی دەهزار کەس لە طبقاتی جوی جوی بە پیشوازەوە چووبوون و بە تایبەتی وزیری هیز و ژماریکی زور لە خەلکی شاری و سرکردان چەند کیلومتر بە ماشین چووبوونە پیشواز گەیشتە مهاباد و بە احتراماتی نظامی بە خیابانی قاضی و وفائیدا حرکتی پیدرا و لە قبرستانی مەلاجامی بە خاک ئەسپیردرا..."

لە ئەو بەڵگەنامانەی دا وا برای کۆچکردوو مەحموودی مەلاعێزەت لەمەڕ "دەوڵەتی جمهووری کوردستان" بڵاوی کردوونەتەوە، چلۆنایەتی" بەربوونەوە"ی ئەو فڕۆکەیەی نانەوازادەی تێدابووە بە درێژی باس کراوە.

تێبینی: ئەم وێنەیە، لە ڕووی وێنەیەکی بە کۆمەڵی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان کە لە زۆر سەرچاوە دا چاپ کراوە، سازدراوەتەوە.

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

---

## محەمەدی یاهوو لە ئەندامانی دامەزرێنەری ژ.ک و یەک لە کاربەدەستانی کۆمار



محەمەدی یاهوو، ئەندامێکی دیکەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانی کورد. بەپێی قسەی مەلا قادری مودەڕەسی یاهوو لە کۆمەڵە دا مونشی بووە و ئیگلتن لە کتێبەکەیدا "کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦ "بە پشتن بەستن بە قسەی زانیاریدەرەکانی دەنووسێ" محەمەدی یاهوو لەگەڵ زەبیحی و هەژار لە ئەندامە هەرە کاریگەرەکانی کۆمەڵە بوون.


یاهوو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا یەک لە کاربەدەستان بووە و لە ژمارەی ٥٢ی کوردستان دا ١١ی جۆزەردانی ١٣٢٥ = ٢ی ژوەنی ١٩٤٦ی زایینی نووسراوەیەکی هەیە بە نێوی "مهابادی ئەورۆ ، کە نموونەیەکی جوانە بۆ ئەوشێوازە پەخشان نووسینەی لەو سەروبەندی دا باو بووە.محەمەدی یاهوو لە ٢٢ - ٤ - ١٣٦٥ لە شاری تاران مالاوایی لە ژیان کردووە.

داوا لە خوێنەرەوان دەکەین هەرئاگادارییەکی زیاتریان سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی محەمەدی یاهوو لە دوای ڕووخانی کۆمار دەست دەکەوێ، بۆمان بنێرن

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە رووی وێنەیەکی بە کۆمەڵی کاربەدەستانی کۆمار کە لە زۆر سەرچاوە دا چاپ کراوە سازدراوەتەوە.زانیاری لە مەڕ ڕێکەوتی وەفاتی محەمەدی یاهوو لە کتێبی سەید محەمەدی سەمەدی:"نگاهی بە ..." وەرگیراوە.

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## ئەندامێکی دیکە لە دامەزرێنەرانی ژ.ک. قاسمی قادری قازی



قاسمی قادری قازی یەک لە دامەزرێنەرانی ژ.ک .نزیکەی شەش حەوت مانگ بەر لە ڕاگەیاندنی ،کۆمار لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی سیاسی لە نزیک ورمێ لە گەڵ عەبدولرەحمانی زەبیحی و دڵشادی ڕەسووڵی لە لایەن مەئموورانی ئێرانییەوە قۆڵبەست دەکرێن و دەیانبەن بۆ تاران و لەوێ نزیکەی ٨ مانگ دە بەند دا دەبن.


زۆر لەو سەرچاوانەی باسی ئەو ڕووداوەیان کردووە،لە باسی ڕێکەوتی گیرانی ئەواندا هەڵەیان کردووە، ئەمن لە ژمارەیەکی گۆڤاری "گزینگ" دا کە لە سوێد دەردەچوو بە پاڵپشتی ڕۆژنامەی کوردستان و سەرچاوەی دیکە ڕێکەوتی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوەم ساخ کردووەتەوە

"لە چاپەمەنییەکانی سەردەمی کۆمار دا باسێکی ئەوتۆ لەمەڕ چالاکی قاسمی قادری قازی نابینین.داوا لە خوێنەرەوانی ئەو دێڕانە دەکەم، هەر ئاگادارییەکیان سەبارەت بە چالاکی سیاسی و ژیانی وی دەست دەکەوێ بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان"ی بنێرن.

تێبینیی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی " تاریخچه خانواده قاضی در ولایت موکری" لە نووسینی خەلیلی فەتاحی قازی، چاپی تەورێز ١٣٧٨ی هەتاوی وەرگیراوە

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## مەلا قادری مودەرەسی.لە دامەزرێنەرانی ژ.ک و بەرپرسی چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆمار دا



وێنەی مەلا قادری مودەرەسی ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانی کورد و بەرپرسی "چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆمار.ئەگەر هەڵە نەبم، گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" یش کە چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە لە ژێر چاوەدێری ئەو دا بووە. بە خۆشییەوە بە هەوڵ و تێکۆشانی لێکۆلەرەوەی کورد،سەید محەمەدی سەمەدی، مەلا قادری مودەڕەسی بەسەرهاتی خۆی لە سەردەمی ژ.ک دا بۆ گێڕاوەتەوە و ئەویش بڵاوی کردووەتەوە.

هەڵسەنگادن وبۆچوون سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی مودەرەسی هەرچییەکی بێ،هیچ لە بایەخی گەورەی ئەو کارە بۆ ساخکردنەوەی مێژووی ئەو سەروبەندی کەم ناکاتەوە

سەید محەممەدی سەمەدی لە کتێبە بە نرخەکەیدا: "نگاهی به تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو، سال ١٣٧٧ شمسی" دەنووسێ:" ڕەوانی شاد بێ مەلا قادری مودەرەسی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ڕابردووی خۆیدا زۆر ڕاستگۆ بوو و بە قووڵی لەو باوەڕە دا بوو کەدەبێ مێژووی ڕابردوو یان نەگوترێ و نەنووسرێ، یان ڕاست و دروست بنووسرێ. مەلا قادر سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەمۆ ٢ - ١ - ١٣٧١ی هەتاوی لە تەمەنی ٩٢ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد"

تێبینی ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "نگاهی بە تاریخ مهاباد" لە نووسینی سەید محەمەدی سەمەدی وەرگیراوە.

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## زەبیحی و دوو ئەندامی دیکەی دامەزرێنەری ژ.ک لە تەورێز



بەداخەوە ئەو سەرچاوانەی ئەم وێنەیان بڵاو کردووەتەوە، باسی تاریخ و شوێنی هەڵگرتنی ئەم وێنەیان نەکردووە، بەڵام بە بەراورد کردنی ئەم جلوبەرگەی زەبیحی لە گەڵ وێنەیەکی کە لە ڕەمەزانی ١٣٢٣ی هەتاوی لە تەورێز گیراوە و هەمان جلوبەرگی دەبەردایە [پێشتر لە وێنەکاندا دیتان] وێدەچێ ئەم وێنەیەش ئەو دەمی لە تەورێز گیرابێ.

دانیشتوو لە ڕاستەوەبۆ چەپ: ١- نەجمەدینی تەوحیدی [یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری ژ.ک]، ٢- قاسمی ئێلخانیزادە [ئەندامی کۆمەڵە و ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ باکۆ لە کۆتاییەکانی سێپتامبری ١٩٤٥ دا]، ٣- عەبدولرەحمانی ئیمامی [یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری ک.ژ].

**ڕاوەستاو لە ڕاستەوەبۆ چەپ:** ١- مەحموودی وەلیزادە [ئەندامی ژ.ک و وەزیری کشتوکاڵ لە حکوومەتی کوردستان دا]، ٢- سمایل خانی فەڕوخی وێنەهەڵگری بەنێوبانگی سەردەمی کۆمار،٣- عەبدولرەحمانی زەبیحی، ٤- وەهابی بلووریان [ساسان]، ئەندامی کۆمەڵە و دواتر یەک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی عەلی کەریمی:" ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)" وەرگیراوە. ئەویش لە کتێبی کۆماری کورد،

وەرگێڕاوی سەید محەمەدی سەمەدی وەرگرتووە.سپاس بۆ هەردووکیان.

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## خاڵەمەلا پەروەردەکاری کۆمار



ئەم وێنەیە خاڵە مەلا [عەبدوڵای داودی، مەلا عەبدوڵای حەجۆکێ] یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ.ک لە گەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەری کورد نیشان دەدا.

خاڵە مەلای داودی لە سەردەمی کۆماری کوردستانداوەکووبەرپرسی"دەرسخانەی گەلاوێژ" حەولی بێوچانی دا بۆ پێشخستنی پەروەردە بە زمانی کوردی و لە ڕۆژنامەی کوردستان دا زۆر ئاگاداری سەبارەت بە "دەرسخانەی گەلاوێژ" دەخوێنینەوە.

**کەسانی نێو وێنەکە لە ڕاستەوە:** ١- وەهابی شیرنێ (فەرەجی)،٢- نەناسراو، ٣- ئیبراهیمی داودی (کوڕی خاڵە مەلای)،٤- سەیفولای نانەوازادە [برای محەمەدی نانەوازادە،یەک لە فەرماندەرانی وەزارەتی هێزی دێمۆکراتی کوردستان]، ٥- سەید محێدینی نیزامی، ٦- مەحموودی خادیمی، ٧- حەسەنی خاڵۆژنێ

ئەم وێنەیە لەلایەن "حاجیە خانمەی داودی" ڕا دیاری کراوە بۆ لاپەڕەی" کەونە نیشتمان"ی گۆڤاری مهاباد کە لە لایەن فەرەیدوونی حەکیم زادەوە ئامادە دەکرێ و بە سپاسەوە لە ژمارە ٨١ی ئەو گۆڤارە وەرگیراوە.

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## وێنەیەکی دیکەی زەبیحی لە تەورێز



**دانیشتووەکان لە ڕاستەوە:** هاشمی خەلیل زادە، یەک لە نووسەرانی چالاکی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە سەر دەمی کۆمار دا. خەلیلی ساوجبولاغچی (خانە)

**ڕاوەستاوەکان:** عەبدولرەحمانی زەبیحی [بێژەن]، محەمەدی شاپەسندی[ئازەر]، یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانی کورد و لە سەر دەمی کۆمار دا کرێکارێکی چالاکی چاپخانەی کوردستان.

**تێبینی:** ئەم وێنەیەش بە سپاسەوە لە کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی..." وەرگیراوە.

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

---

## زەبیحی لە تەورێز بۆ کاری چاپکردنی گۆڤاری "نیشتمان"




ئەم وێنەیە لە ڕەمەزانی ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی لە تەورێز هەڵگیراوە. ئەو کاتەی زەبیحی لەوێندەرێ خەریکی کاری چاپکردنی "نیشتمان" بووە

**ئەوانەی لە وێنەکە دا ناسراونەتەوە:** دانیشتووەکان، لە ڕاستەوە نەفەری دوویەم،خەلیلی ساوجبولاغچی (خانە)، نەفەری سێیەم، عەبدولرەحمانی زەبیحی.
**ڕاوەستاوەکان،** لە ڕاستەوە نەفەری یەکەم، محەمەدی شاپەسندی.
**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی عەلی کەریمی " ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، چاپەمەنی زاگرۆس مێدیا، ١٩٩٩، سوێد وەرگیراوە

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## عەبدولرەحمانی زەبیحی [بێژەن] گەڕێنەندەی "نیشتمان"



بێ ئەملاو و ئەولا عەبدولرەحمانی زەبیحی [بێژەن]، گەڕێنەندەی "نیششتمان" و بەرپرسی چاپەمەنی ژ.ک [مطبوعات مدیری] یەک لە ڕووناکبیرە هەرە هەڵکەوتووەکانی ساڵانی چلەکانی زایینی کوردستان بووە.لە تەمەنێکی کەمدا کاروباری چاپەمەنی "کۆمەڵەی ژیانی کورد"ی وەستایانە هەڵسووڕاندووە.هەژار لە بیرەوەرییەکانی دا "چێشتی مجێور" دامەزرێنەرانی کۆمەڵە ئاوا دەناسێنێ: "لە پاش قەومانی شەهریوەر [مەبەست ٢١ی خەرمانی ١٣٢٠ی هەتاوی و لەسەر تەخت لاچوونی ڕەزاشای پەهلەوییە] و هاتنی ڕووس بۆ مەڵبەندی موکوریان، ئەفسەرێک لە لایەن کۆمەڵی هیوای کوردستانی بەر دەستی عێراقەوە هاتۆتە سابڵاغ و دەیەوێ کەسێک پەیدا کا کە گوێ لە ئامۆژگاری بگرێ.چەند ڕۆژێک لەو و لەم پرسیار دەکا،پێی دەڵێن زەبیحی دەم لەو مەسەلانە وەردەدا. زەبیحی حوسێنی [مەبەست حوسێنی زێڕینگەرانە] پێ دەناسێنێ و چەند کەسێکیش ساز دەدەن کە گوێ لەو ئەفسەرە کە ناوی میرحاجە بگرن.یازدە کەس لە باغی سیسەی دەگەڵ میرحاج کۆ دەبنەوە. لەسەر ئامۆژگاری ئەو، حیزبی "ژ.ک" دادەمەزرێنن، سوێندنامەکەی دەنووسنەوە،پرۆگرامی حیزبی هیوا بە تۆزێک دەسکاریەوە دەکەنە پرۆگرامی "ژ.ک". حوسێن فرووهەر [حوسێنی زێڕینگەران]، زەبیحی [عەبدولرەحمان]،تەوحیدی مەلا نەجمە [نەجمەی تەوحیدی]، ئیمامی [عەبدولرەحمان]، محەمەدی نانەوا [زادە]، قادری مودەرسی، محەمەدی یاهو، شاپەسەندی [محەمەد]، محەمەد سەلیمی، قاسم قادری [قازی]، خاڵە مەلای داودی بناغە دانەر بون. جا کە زەبیحی منی بردە

سوێند دان، بە منەوە بوینە بیست ئەندام.حوسێن ئەندامی ژمارە یەک و زەبیحی ژمارە دو بو و حوسێن سەرۆکی کۆمەڵەی "ژ.ک" بو."

زەبیحی لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار لە مهاباد نەبوو.لەگەڵ قاسمی قادری قازی و دڵشادی ڕەسووڵی لە لایەن مەئموورانی حکوومەتی نێوەندی لە نزیک ورمێ دەگیرێن، ڕادەگوێزرێن بۆ تاران.بە حەول و تێکۆشانی قاسمی سەدری قازی کە ئەو سەروبەندی لە تاران لە خولی ١٤ی مەجلیسی شوورای میللی [پارلمانی ئێران] نوێنەری مهاباد بوو و تەنانەت دوای تەواو بوونی ئەوخولەی مەجلیسیش هەر لە تاران مابووەوە و نوێنەری قازی محەمەد بوو، لە زیندان بەردەدرێن و دێنەوە مهاباد.

ڕۆژنامەی کوردوستان لە ژمارەی ١٣ی خۆیدا [چوارشەممۆ ٢٤ ری بەندان ١٣٢٤ = ١٣ فیوریە ١٩٤٦] خەبەری بەربوونی زەبیحی و ئاواڵانی ئاوا باس دەکا: "مزگینی!! وەلام گەیشتوە کە سی [سێ] کەسی آزادیخوای ایمە: عبدالرحمن ذبیحی و دلشاد و قاسم قادری کە هەشت مانگ لەمەوبەر لە لاین کاربەدەستانی فاشیست مابی ایرانی بە ناحەق بە دیل گیران و یەکسەر بردنیانە تاران لە حمدی خودا دەگەل آزادی ایمە ئەوانیش آزاد کراون و ئەم روژانە خزم وکەس و برایان بەوان شاد دەبن.

زەبیحی لە دوای بەربوون لە زیندان، هەر وەک ڕابردوو هەڵسووڕاوە، لە ڕۆژنامەی کوردستان دا وتار و نووسراوە بڵاو کردووتەوە، هەر وەها لە پێوەندییەکانی دیپلۆماتیکی کۆمار دا وەک لە چەند وێنەیەکدا کە دواتر بڵاوی دەکەینەوە دەسەلمێ بەشداری کردووە، ئیگلتن دەڵێ لە سەردەمی کۆمار دا وەکوو پشکنێری حکوومەت کاری کردووە.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ئارشیوی شەخسی عەلی کەریمی وەرگیراوەو لەپێشەکی چاپکردنەوەی ٨٢ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان یشداهەیە کە ساڵی ٢٠٠٧ وەکوو پرۆژەیەکی هاوبەش لە لایەن بنکەی ژین و چاپەمەنی ئاراس بڵاو کراوەتەوە.

ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## حوسێنی زێڕینەگەران [فرووهەر] تێکۆشەرێکی لە بیرکراو



ڕەنگە زۆر لە بەرەی هەنووکەی کورد نەزانن حوسێنی زێڕینگەران کێیە؟ لە هێندێک سەرچاوە ی کوردی دا بە کورتی باسی کراوە و تەنانەت "هێمن" یش لە "لەکوێوە بۆ کوێ" دا بە سەرداگیراوی لێی دواوە. حوسێنی زڕینگەران ئەندامی ژمارە یەکی کۆمەڵەی ژ.ک و تا ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٤ سەرۆکی کۆمەڵە بووە.

لە سەر دەمی ڕەزا شا و پێش مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی دوای واژۆ کرانی پەیمانی سەعداباد لە ساڵی ١٩٣٧، کە لە چەند مادەیدا گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی بەدژی تێکۆشەرانی سەر سنووران پاساو دراوە ، و لەوانە کوردەکان، زۆرعەشیرەت و تاکی کورد وەکوو "سەربزێو" ڕاونراون و دوورخراونەتەوە بۆ شوێنی دوورەدەست لە کوردستان و ناچار بە نیشتەجێ بوونی تۆبزی کراون. حوسێنی زێڕینگەران کە لە "حیزبی ئازادیی کوردستان" دا چالاک و تێکۆشەرێکی نەترس بووە یەک لەو پاتراوانە بووە و دوور خراوەتەوە بۆ شیراز. دوای هەڵوەشانی حوکمی ڕەزا شا گەڕاوەتەوە بۆ سابڵاغ. سەید پیرەی نیزامی سەرۆکی "قۆڵسووران" لە سەردەمی کۆمار و حەمەدی مەولوودی پێشمەرگەی ناسراوی سەردەمی کۆماریش لە نێو ئەو دوورخراوانە دا بوون.

لە سەردەمی پێش دامەزرانی کۆمار دا، دەوری حوسێنی زێڕینگەران زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ هێرش بۆ سەرشارەبانی [ئیدارەی پۆلیس] مهاباد باسی لێوە دەکرێ.ڕوودانی داگیرکردنی شارەبانی لە ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی [١٥ی فێڤرییەی ١٩٤٥] واتە نزیکەی سێزدە مانگ بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار قەوماوە.ژمارەیەک

لە دانیشتووانی شاری مهاباد بە مەبەستی ئەستاندن و لەنێو بردنی لیستەیەکی وەرگرانی قەند و شەکری دەوڵەتی کە ئاشکرا بوونی دەبوو ببێتە هۆی دەرکەوتنی ساختەکاری لە وەرگرتنی قەند و شەکر، بە ڕێبەری عەزیزخانی کرمانج هەڵیانکوتاوەتە سەر شارەبانی.لەو ڕووداوە دا یەک لە شارووەندان بە نێوی مینەی خاڵندی و بە پێی نووسینی ئیگلتن [کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦] حەوت پاسەبان کوژراون. گێرانی شارەبانی کۆتایی داوە بە دوایین نیشانەی دەسەڵاتی حکوومەتی نێوەندی لە مهاباد بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار*. ئەو دەمی حوسێنی زێڕینگەران بەرپرسی دابەشینەوەی قەند و شەکری دەوڵەتی بووە.

ئەو سەرچاوانەی باسی ئەو ڕووداوەیان کردووە [بەتایبەتی خەلیلی فەتاحی قازی، ئیگلتن و تەنانەت لەو ساڵانەی دواییشدا مەنافی کەریمی] دەڵێن ئەوهێرشە بۆپاراستنی بەرژەوەندی کەسی کراوە تا ئەوەی کردەوەیەکی سیاسی بێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو سەروبەندی گەرمەی چالاکی کۆمەڵەی ژ.ک بووە و هەموو سەرچاوەکان دەڵێن حوسێنی زێڕینگەران هانی عەزیزخانی کرمانجی داوە بۆ وروژاندنی خەڵک و لەوودەمە دا فەردی یەکەمی کۆمەڵە بووە، چالاکییەکی ئەوتۆ کە کۆتایی داوە بە حزووری ڕواڵەتی دەسەڵاتی حکوومەتی نێوەندی لە مهاباد ناکرێ بە دوور لەدنەی سیاسی بووبێ و هەرنەبێ ئاکامەکەی یەک لەو هۆیانە بووە کە زەمینەی خۆش کردووە بۆ داسەپاندنی حوکمی خۆیی کورد.

لەدوای ئاڵوگۆڕی نێوخۆیی لە کۆمەڵە دا و بوونی قازی محەممەد بە سەرۆکی کۆمەڵە و دواتر دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان حوسێنی زێڕینگەران لە حیزب دا درێژەی بە خەبات داوە و لە سەردەمی کۆمار یەک لە ئەفسەرانی هەڵسووڕبووە.ئەو یەک لە کەسانەبووە کە ڕێو ڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کۆماریان لە زۆر شوێنان ڕێک خستووە، ئەگەرچی لە پێکهاتەی ڕێبەرایەتی حیزب دانەبووە.

دوای ڕووخانی کۆمار حوسێنی زێڕینگەران گیرا و پاش چەند ساڵ بەر بوو، بەڵام لە بەر ئەوەی "سەربزێو" بوو و هەدای نەدەدا دیسان گیراوە.چاکم وەبیر دێ لە زەمانی سەرۆکوەزیری محەممەدی موسەدیق دا کە چالاکی سیاسی حیزب بووژابووەوە لە حەوشەی ماڵەکەیان لە گەڕەکی "ڕزگەیان"ی مهاباد بە سەرپەرستی "عەزیزی یۆسفی" ڕێوڕەسمی "ڕۆژی جیهانی منداڵان" بەڕێوە چوو، ئەوە ئەو سەروبەندەی بوو کە دوای چەند ساڵ زیندانی کێشان ئازاد کرابوو. حوسێنی زێڕینگەران لە سەردەمی حەمەڕەزا شای پەهلەوی دا بە سەریەکەوە پازدە ساڵ زیندانی کێشا.

لە ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی، ئەو کاتەی لە تاران دەژیام و تازە لە زیندان بەر ببوو چەندین جار چوومە دیداری. سەبارەت بە ڕابردووی سیاسی و بە تایبەتی سەردەمی کۆمار کەمدوێ بوو. لەچەند کەسی کە لە گەڵی دە زیندان دا بوون بیستوومە، لە ئاست زیندانەوانان بوێر و بەگشتی کەسێکی نەحاواوە بووە.

حوسێنی زڕینگەران لە ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٣ - ١ - ١٣٥٢) لە شاری تاران کۆچی دوایی کردووە و تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا، قەتعەی ٣، نێژراوە.

* **تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "نگاهی به تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات رهرومهاباد، ساڵی ١٣٧٧"وەرگیراوە دەبێ وێنەی ساڵانی دوایی ژیانی حوسێنی زڕینگەران بێ. بەڕێز سەمەدی هەڵەی ئیگلتن ی لە مەڕ تاریخی گیرانی "ئیدارەی شارەبانی" ڕاست کردووەتەوە،بەڵام بۆخۆشی لە نووسینی ڕێکەوتی ساڵی زایینی قەومانی ئەو ڕووداوە دا هەڵەی کردووە

ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## کۆمەڵەی ژ.ک [ژیانی کورد]



ئەمە وێنەی ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرەتایی کۆمەڵەی ژ.ک [ژیانی کورد]ە. تا ئێستا ساخ بووەتەوە کە" کۆمەڵەی ژیانی کورد" لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی = [١٦ی ئووتی ١٩٤٢] لە ساباڵغ دامەزراوە. بەڵام هێندێک بۆچوون چالاکی کۆمەڵە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧، ١٩٣٩. لە ساڵی ١٩٤٢، لە لایەن عەزیزی

سەرچاوە Serchawe

زەندی یەوە "مەڕامنامەی حیزبی ئازادیی کوردستان" بڵاو بووەتەوە کە دەڵێ لە ساڵی ١٩٣٩ ئەو حیزبەی دامەزراندووە.


بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هەر نەبێ دوو لە ئەندامانی بەرچاو ودیاری دامەزرێنەری "کۆمەڵەی ژیانی کورد" لە "حیزبی ئازادیی کوردستان" دا کاریان کردووە،وەکوو حوسێنی زێڕینگەران [حوسێنی فرووهەر]، کە تا ئۆکتۆبری ١٩٤٤ سەرۆکی کۆمەڵە بووە و هەر وەها محەممەدی نانەوازادە، دەکرێ ئەو بۆچوونە بسەلمێندرێ کە چالاکی ژ.ک دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ساڵی ١٩٤٢، ئەگەرچی بەو نێوەش نەبووبێ.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٩ی خۆیدا [یەکشەمۆ ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی ] لە نووسراوەیەکدا سەبارەت بە کووژرانی محەممەدی نانەوازادە، بەقەڵەمی سید محەممەدی حەمیدی لە ژێر سەردێڕی: "سەرپولی دوو محمدی نانەوازادە شهیدی ریگای نیشتمان" لە گەڵ شتی دیکە دەنووسێ:"... نانەوازادە ساڵی ١٣٢٠ داخڵی حزبی آزادی کوردستان بوو و سویندی خوارد کە بو رزگاری کورد و آزادی کوردستان لە ظلم وزور لە هیچ رووداویک روو وەرنەگیری... "

بە داخەوە لە بەر دەست ڕانەگەیشتن بە ئارشیو جارێ ئەم وێنەیە بەم شێوەیە بڵاو دەکەینەوە. دواتر وێنەیەکی ڕوونتر لە گەڵ نێوی کەسەکان دەخەینەتە بەرچاوتان.

اى ڕەشەمەی ١٣٨٦ = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## جیژنی سەربەخوئی و ناساندنی پیشوای کوردستان لە لایەن آموژگارانی مەدرسەی کچان



بە پێی نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان [ژمارە: ٢٨، چوارشەممو ٧ی خاکەلێوە [ی] ١٣٢٥ = ٢٧ مارسی ١٩٤٦] "ئەم وێنەیە لە ڕۆژی جیژنی آموزگاران و شاگردانی مەدرسەی(کچان هەڵگیراوە)". کوردستان لەژمارەی ٢٧ی خۆیدا [دوشەممو ٥ی خاکەلیوە ١٣٢٥] دەنووسی: بەبونەی پیک هاتنی آرەزوی چەندین سالەی نەتەوەی کوردو ناساندنی پیشواو سەربەخویی کوردستان رۆژی چوارشەممو ١٠ - ١٢ - ١٣٢٤ لەلایەن آمۆژگارانی مەدرسەی کچان ساتی ٢ پاش نیوەرو لە سالونی ادارەی فەرهەنگ جێژنیکی زورجووان ساز کرا.یای پیشوای کوردستان یایەکانی ئەندامەکانی حزبی دموکراتی کوردستان و گشت طبقاتی شاری مهاباد لەم جێژنە دا بون.

یای پیشوای کوردستان پاش نطقیک لە بابەت پیشکەوتن و رهنمائی ژنانی کوردستان و سوپاس لە یایە آموژگارەکان جوتیک گووارەی زیری بە مدیرەی مەدرسەی کچان [ویلمەی سەیادیان مدیرەی مەدرەسەی کچان بووە تێبینی لێکۆلەرەوە] بە خەلات بەخشی وگەلیک لە یایان و شاگردانی مەدرسەی کچان بە پی ی نوسراوی ژێرەوە نطق و خطابەیان خوێندەوە"

کوردستان لەم ژمارەی ٢٧ و ٢٨ دا کورتەی ئەو"نطق و خطابە' یانەی بڵاو کردووتەوە: "ئەلف خلاصەنطقی یای پیشوای کوردستان خلاصەی نوطقی یای (ویلما صیادیان) مدیرەی مەدرسەی کچان - ج - خطابەی یای عصمت قاضی کچی جنابی (پیشوای کوردستان)- د- خطابەی یای کبری عظیمی - خطابەی یای مەزەر [ماوزەر] بلە زادە - و- خطابەی یای سلطنت داود زادە ماشین نوسی ادارەی فەرهنگ - ز- خطابەی یای فریدەء زەندی- ح- خطابەی یای عشرت عظیمی - ط - خطابەی یای ایرانی بلوری - ی- خطابەی یای شاە سلطان فتاحی]"

جێی خۆشییە کە بە یارمەتی ئەو نووسراوەیەی کوردستان شوێن و ڕێکەوتی گیرانی ئەم وێنەیە ساخ دەبێتەوە.بەڵام بە بەراورد کردنی ژمارەکانی کورستان دەردەکەوێ کە ١٠ هەڵەیە و ئەو چوارشەممویە ١٥ی ڕەشەمە بووە.

شوێن: ئیدارەی فەرهەنگ

ڕێکەوت: ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ = ٦ی مارسی ١٩٤٦

٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٩ی فێبریوێری ٢٠٠٨

---

## پێشەوا و دوکتورمحەمەدی کەیوانپوور [موکری]



بێگومان ئەم وێنەیە بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار و بەیعەتی خەڵک بەقازی محەمەد وەکوو پێشەوای کوردستان هەڵگیراوە.لە ڕیزی پێشەوە دا، نەفەری سێیەم دوکتور محەمەدی کەیوانپوور [موکری دواتر] دەبینین کە لە ساڵی ١٣٢٣ هەتاوی لە لایەن تارانەوە بە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد دیاری کرا (مێژووی مهاباد، سەید محەمەدی سەمەدی، بە زمانی فارسی). دەبێ ئاماژەی پێبکەین کە دوکتورکەیوانپوور لە هاوێنی ساڵی ١٣٢٤ لە کاتی نیشاندانی شانۆی "دایکی نیشتمان" لە مهاباد بووە.ئەمن بۆ خۆم لە کتێبخانەکەی لە پاریس چەندین وێنەم دیوە کە لە کاتی بەڕێوەچوونی شانۆی دایکی نیشتمان هەڵگیراون. دوکتور موکری ساڵی ٢٠٠٧ لە تەمەنی سەرەوەی

هەشتا ساڵی لە پاریس کۆچی دوایی کرد. بڵێی نەکرێ کۆپی ئەو وێنانە لەلای ئەوانەی وا لە دوای بە جێ ماون بدۆزرێنەوە؟

کەسانی دی لەم وێنەیە دا: ڕیزی دوویەم لە لای ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- میرزا عەلی ڕیحانی،٢- مامە غەنی خوسرەوی ٣- حاجی مستەفای داودی. ڕیزی بن دیواری لە ڕاستەوە بۆ چەپ [ئەوانەی دانیشتوون] ١- مەنافی کەریمی، ٢- میرزا حەمەدەمینی موعینی

٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ = ١٩ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## ساڵی: ٢٠٠٩

### سەرپۆلی ٢ ئیبراهیمی سەلاح سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزی دێمۆکڕاتی کوردستان، فەرماندەی پۆلی ٣ی هێزی ناوەندی



سەرپۆلی ٢ ئیبراهیمی سەلاح سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزی دێمۆکراتی کوردستان(بە جلوبەرگی کوردی ڕەشەوە) لە گەڵ هێندێک لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە پێش خانووی ستادی هێزی ناوەندی.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ماڵپەڕی "بۆکان "وەرگیراوە.

٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٨ = ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

## تەوریز سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦





ئەم وێنەیە لە ڕێوڕەسمی واژۆ کردنی پەیمانی یەکەتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان، تەوریز سێشەمۆ ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە سەرپلیکانەکانی بینای، مەجلیسی میللی ئازەربایجان هەڵگیراوە.

**لە لای ڕاستەوە بۆ چەپ:** ١- پێشەوا قازی محەمەد، ٢- میرجەعفەری پیشەوەری، ٣- محەمەدحوسێنی سەیفی قازی.

**ڕیزی دووهەم. لە دوای پیشەوەری:** میرزا عەلی شەبوستەری سەرۆکی مەجلیسی میللی ئازەربایجان، لە پشت سەری


وی: سەید عەبدوڵای گەیلانیزادە

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: "روابط جمهوری کردستان و آذربایجان، نووسینی ڕیچارد موبلی، ترجمه بفارسی: اسماعیل بختیاری، چاپخانه شڤان، ساڵی ٢٠٠٨" وەرگیراوە.

وێنەی سەرەوەتر کە لە هەر دووک وێنەی دیکە ڕوونترە لە کۆلێکسیۆنێکی خسووسی وەرگیراوە.

٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ = ١٥ی مارچی ٢٠٠٩

## قاسمی قادریی قازی و محەمەدی تۆکمەچی لە نەخۆشخانەی شووڕەوی لە تەورێز



وێنەی قاسمی قادریی قازی ( ق.ق.پیاو ئەندامی ژمارە ١٠٥٣) و سەرۆکی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک لە پەیمانی سێ سنوور. ئەو وێنەیە بە ئەگەری زۆر لە کاتی بەربوونی قادریی قازی، زەبیحی و ڕەسووڵی لە زیندانی عەجەمان لە تارانێ و هاتنەوەیان بەرەو کوردستان، لە نەخۆشخانەی شووڕەوی لە شاری تەورێز هەڵگیراوە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی: ١٩، ساڵی یێکەم، دووشەمۆ ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتەوی = ٢٥ی فێڤرییەی ١٩٤٦ لە لاپەڕەی ٤ دا لە ژێر سەرنووسی (ئەخباری نێو خۆمان)لەو بارەیەوە دەنووسێ:"... ٢- برایانی عەبدولرەحمان زەبیحی و دڵشاد کە لە پێشدا وەڵامی ئازاد بوونی ئەوانمان دابوو بە شانازێکی زۆر شەوی ٣ - ١٢ - ١٣٢٤ واریدی ،ماڵە خۆیان بوون وچاوی ئازادیخوایەکان و کەسووکاریان پێ ڕوون بوو. براقاسمی قادری لە بەر زعفی میزاج چەند ڕۆژێک لە بیمارستانی شووڕەوی لە تەورێز دەمێنێتەوە، ئەم ڕۆژانە بە هومێدی خودا دەگەڕێتەوە. لە خودا دەخوازین برا و کەسوکاری ئەم خۆشەویستانە بە یەکتر شاد و دڵخۆش بن."

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "سێبەری ئازادی" نووسینی بەڕێز کەماڵ عەبدوڵاهی وەرگیراوە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن "بنکەی ژین" لە سلێمانی بڵاو کراوەتەوە. بە پێی نووسینی نووسەری کتێبەکە ئەو کەسەی لە پشت تەختەکە ڕاوەستاوە، موحەمەدی تۆکمەچی یە. میرزا محەمەدی تۆکمەچی لە سەردەمی کۆمار دا لە ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بووە.

٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ = ١٥ی مارچی ٢٠٠٩

## وێنەکانی پەیمانی سێ سنوور



نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژێکاف لە کاتێی کۆنفرانسی پەیمانی سێ سنوور

**لەڕاستەوە بۆ چەپ:** شێخ عوبەیدیلای زینوێ (ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە: ٧٥، یان ع.جانگیر ئەندامی ژمارە:

٧١٦)، محەمەد سەعیدی کانی مارانی(م.س.خوێنین ١٠٦٠)، عەبدولرەحمانی شەڕەفکەندی (ع. هەژار ئەندامی ژمارە: ٢٠)، سەید عەزیزی شەمزینی (ع.هووشونگ ئەندامی ژمارە: ٧٥، یان ع. جانگیر ئەندامی ژمارە: ٧١٦)، عەبدولرەحمانی زەبیحی (ع.بێژون ئەندامی ژمارە: ٢)، قسمی قادریی قازی ( ق.ق.ق. پیاو ئەندامی ژمارە: ١٠٥٣ سەرۆکی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف)



**لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** ق.ق.ق. پیاوئەندامی ژمارە: ١٠٥٣،ع. هەژار ئەندامی ژمارە: ٢٠،ع. بێژەن ئەندامی ژمارە: ٢، ع.هووشەنگ ئەندامی ژمارە: ٧٥ یان ع.جانگیر ئەندامی ژمارە: ٧١٦، م.س.خوێنین ئەندامی ژمارە: ١٠٦٠،ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە: ٧٥ یان ع،جانگیر ئەندامی ژمارە: ٧١٦



شێخ عوبەیدیلای زێنوێ و سەید عەزیزی شەمزینی نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا لە کۆنفرانسی سێ سنوور



عەبدولڕەحمانی شەڕەفکەندی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، قاسمی قادریی قازی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە کۆنفرانسی پەیمانی سێ سنوور و محەمەد سەعیدی کانی مارانی ڕابطی هیوا و ژێکاف بۆ پێک هاتنی ئەو کۆنفرانسە.

تێبینی: ئەم وێنانە یەکەمجار لە کتێبی "سێبەری ئازادی" لە نووسینی کەماڵ عەبدوڵاهی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بڵاو کراونەتەوە. بە سپاسەوە ئەو وێنانە لەو کتێبە وەرگیراون.

## لاپەڕەی ١٠، ڕاستیی پەیمانی سێ سنوور

### حەسەنی قازی

لەوانەیە باسی مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی تا پێکهاتن و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بە دووپاتە و قسەی گوتراو دابندرێ و هەبن پێیان وابێ سەبارەت بە چالاکی حیزبی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی ژیانی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان کەمتازۆر شت نووسراوە و ئەوەی دەبێ باسی لێوە بکرێ و ڕوون بکرێتەوە تا ئێستا کراوە. بەڵام ئەگەر مرۆ لە مێژووی سیاسی ٦٠ - ٧٠ ساڵی ڕابردوو ورد بێتەوە بۆی دەردەکەوێ لە بەر هۆکاری جیاواز و یەک لەوانە دەستوێڕانەگەیشتن بە بەڵگەی نووسراو، هێندێک شت گوتراوە و نووسراوە و وەک مێژووی ڕاستەقینە پیشان دراوە کەچی بە دەرکەوتنی سەنەد و بەڵگەی نوێ ڕوون دەبێتەوە ڕاستی ڕووداو یان بەسەرهاتەکە جۆرێکی دی بووە.

بۆیە بە باوەڕی من لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو ئەزموونانە هێشتا شیاوی لێکۆڵینەوە و لە سەر نووسین و دۆزینەوەی سەنەد و بەڵگە و تێخوێندنەوەی ئۆبژێکتیڤ و بە دوور لە بەسترانەوەی سیاسی و سۆزی عاتیفی پارمەتییەکی گەورە دەکەن بۆ ئەوەی وەچی ئێستا و داهاتووی گەلی کورد وەکوو خەڵکی دی لە سەر مێژووی ڕاستەقینەی خۆیان بەو جۆرەی کە بووە ئاگادار بن.

یەک لەو ڕووداوە مێژووییانەی کە تائێستا بە شێوەی جۆر بە جۆر قسەی لێوە کراوە مەسەلەی "پەیمانی سێ سنوور"، و تەنانەت بوون و نەبوونێتی. بە ئەو پەڕی خۆشییەوە بە بڵاو بوونەوەی دووبارەی گشت ژمارەکانی بەردەستی گۆواری "نیشتمان" بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک، لە ئامادەکردنی بەڕێز عەلی کەریمی، کە لە هاوینی ساڵی ۲۰۰۸ لە لایەن بنکەی ژین لە سلێمانی بڵاو کراوەتەوە، چلۆنایەتی دیداری نوێنەرانی ژ. ک. و کۆمەڵەی هێوا، لە لاپەڕەی ۱۰ی ژمارەکانی هاوکاتی ۷ ، ۸ ، ۹، نیشتمان دا بڵاو بووەتەوە و تا ئەو دواییانە پێی نەزاندراوە و بە لەبەر ڕۆنانی لاپەڕەی ۱۰ لە گەڵ ئەو باسەی مامۆستا هەژار لە "چێشتی مجێور" دا لەمەڕ "پەیمانی سێ سنوور" ی نووسیووە زۆر زانیاری تازەمان دەست دەکەوێ و ئەو هەڵە و زانیارییە چلو نیوەچڵ یان هەڵبەستراوانەی لەوبارەیە بڵاو کراونەتەوە بەتەواوی ڕوون دەبنەوە.

برای بەڕێزعەلی کەریمی سەبارەت بە دۆزینەوەی لاپەڕەی دڕاوی نیشتمان دەنووسێ: "نیشتمان" لە ژێر چاپ دابوو کە لە لایەن دڵسۆزێکەوە ۳ لاپەڕەی "نیشتمانمان بۆ هات (ڕووبەرگێکی تازە و لاپەڕەی ۹ و ۱۰- دەکرێ ئەو ڕووبەرگە بەرگی ئاخریش بێ.)، ئێمە تا ئێستا بە هەموو لایەک دەمانزانی لاپەڕەی ۹ و ۱۰ لە "نیشتمان"ی ژمارە (۷ - ۸ - ۹) دیار نییە، واتا هەموو ئەو کۆپیانەی کە تائێستا دەست کەوتوون و منیش لە کتێبی " ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی" دا چاپم کردۆتەوە، بێ لاپەڕەی ۹ - ۱۰ بووە. زۆر لێکۆڵینەوە و بەدوا داچوون کرا لە لایەن هەموو لایەکەوە، بە تایبەت کاک ئەمیر حەسەنپوور کە بۆ یەکەمجار ئەو ژمارانەی دەستکەوتبوو، کە بۆچی ئەم دوولاپەڕەیە لێ کراونەتەوە. داستانێک هەبوو لەملاوئەولا، دەبیسترا ئەم دوولاپەڕەیە بۆیە دیارە نەماوە چونکە لاپەڕەی ۱۰ باسی پەیمانی سێ سنووری تێدایە و ئەم ڕۆژە کە قەرار بووە "نیشتمان" لە مەهاباد بڵاو بکرێتەوە، سەرکردایەتی کۆمەڵە بەلەبەرچاوگرتنی چەند شتێک، لەوانە فشاری باقرۆف بۆ خودموختاری لە ناو ئێران و هەر وەتر کوردستانی گەورە داوا کردن و پەیوەندی لەناو ژ.ک. و پارچەکانی تری کوردستان دا و حەساسیەتی حکوومەتی مەرکەزی لە تاران، بە باشیان زانیوە خەبەری پەیمانی سێ سنوور جارێ بڵاو نەکرێتەوە. هەرچەند "نیشتمان" لە چاپ هاتبووە دەر و ئەم خەبەرەش لە لاپەڕەی ۱۰ دا لە ژێر ناوی " لە ناو کۆمەڵە دا" چاپ کرابوو، هیچ چاریان نامێنێ ئەم لاپەڕەیەی لێ بکرێتەوە و فڕێ بدرێ، کە زانراوە لاپەڕەی 9ش لەگەڵێدا کە لەپشت لاپەڕەی ۱۰ یە دەفەوتێ - ئێمە بە هەموو لایەک تاچەند ڕۆژ لەمەوپێش وەک تێئۆری و داستانێک ئەم باسەمان وەردەگرت، بەڵام بە خۆشییەوە بە هیممەتی دڵسۆزێک وەڕاست گەڕا. ئێمە لاپەڕەی ۹ ، ۱۰

مان بۆ پەیدا بوو، ئەم جۆرەی بوو کە بیستبوومان لاپەڕەی ١٠ بە تەواوی و بە ڕوونی باسی پەیمانی سێ سنووری تێدایە.

پەیمانی سێ سنوور هێشتا لە زۆر لایەنەوە زۆری داستان بۆ ڕیز کرابوو، لە مەڕ چۆنیەتی کۆبوونەوەکە و بەشداران و شوێنی کۆبوونەوەکە، چەندین شتی جیاواز گوتراوە و نووسراوە. بەڵام ئێتر ئێستا دوای دیتنەوەی لاپەڕەی ١٠ی "نیشتمان"ی ٧ - ٨ - ٩ شک و گومان بۆهیچ لایەک ناهێڵێتەوە کە بەڵێ پەیمانی سێ سنوور ئەوە نییە کە تا ئێستا زۆر نووسەر گوتوویانە لە نێوان هەموو پارچەکانی کوردستان، بە تایبەتی تورکیا و ئێران و عێراق دا بەسترابێ، بەڵکوو ڕاستیی پەیمانی سێ سنوور ئەمەیە کە "نیشتمان" خۆی بە ناوی "هەیئەتی ئیستیشاریی ئیدارەی ناوەندیی ژ. ک." ەوە ئاوای باس دەکا"(نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک ئامادە کردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، ساڵی ٢٠٠٨، ل؛ ١٦ و ١٧). دوایە بەڕێز کەریمی ئەو دەقەی لاپەڕەی ١٠ی بە تەواوی هێناوەتەوە و لە پەراوێزدا نووسیویە ق ق ق پیاو - ١٠٥٣، دەبێ قاسمی قادری قازی بێت"

بەر لەوەی ئێمەش لێرە دا لاپەڕەی ١٠ وەکوو خۆی بنووسینەوە، پێویستە بگوترێ، نووسینەکەی مامۆستا هەژار وێڕای تەئییدی زۆربەی ئەو شتانەی لە ڕاگەیاندنەکەی کۆمەڵە لە لاپەڕەی ١٠ی گۆڕین دا هاتوون، هێندێک زانیاری زیاترمان دەداتێ وبە تایبەتی ئەو داستانەش بە تەواوی وە دوایە دەداتەوە کە "سەرکردایەتی کۆمەڵە بەلەبەر چاو گرتنی چەند شتێک، لەوانە فشاری باقرۆف بۆ خودموختاری لە ناو ئێران و هەروەتر کوردستانی گەورە داواکردن و پەیوەندی لە ناو ژ.ک. و پارچەکانی تری کوردستان دا و حەساسیەتی حکوومەتی مەرکەزی لە تاران، بە باشیان زانیوە خەبەری پەیمانی سێ سنوور بڵاو نەکرێتەوە". بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی هەژار بە پێی نووسراوەی "نیشتمان" یەک لە نوێنەرانی کۆمەڵە بووە لەو دیدارەی "سێ سنوور" دا و هەر وەها لە کاتی گەڵاڵەکردنی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دا بەهیچ جۆر لە ڕێبازی شوورەوی چ لە زەمانی ستالین و باقرۆف و چ دوای ئەوان نەک هەر نزیک بەڵکوو زۆریش دوور بووە ئەوەی لە سەر هۆی دڕانی لاپەڕەی ٩ ، ١٠ باسی لێوە دەکا دەبێ بە هێند بگیرێ.

"نیشتمان" ژمارەی (٧ ، ٨ ، ٩) بۆ مانگەکانی خاکەلێوە، بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣ی هەتاوی لە جۆزەردانی ئەوساڵە لە ٣٨ لاپەڕە دا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام لە بەر لێکردنەوەی لاپەڕەی ٩ ، ١٠ لە "فهرست" ی باسەکاندا کە لە ڕووی ناوەوەی بەرگەکەی دا چاپ کراوە بۆ "مطلب" ی لاپەڕەی ٩ هیچ نەنووسراوە و بۆ "مطلب"ی لاپەڕەی ١٠ ش نووسراوە "دووکچە کورد لە ترکیە دا لە داری سیاسەت دران" و "نوسەر" یش وەک نیشتمان ناسێندراوە ،و بە لێکردنەوەی لاپەڕەی ٩ و ١٠ جێگۆڕکێ بە لاپەڕەکان کراوە. بەڵام وەک بەڕێز کەریمی ڕوونی کردووەتەوە "مطلب" ی لاپەڕەی ١٠ کە ئێستا کەوتووەتە شوێنی خۆی ئاوا بووە:

" لە ناو کومەلە دا

زور لە میژ بوو بریار درابوو کونفرانسیک لە نیوان ایمە و کومەلی "هیوا" دا بو هاوپرسەکی لە بابەت هیندیک مسائل تەشکیل بدریت. روژی ئەم اجتماعە دەبوو لە لایەن کەمەلی [ کومەلی] هیوا مەعلووم بکریت، هەر کە نوینەرانی کومەلی ناوبراو آمادە بوونی خویان بە ایمە راگەیاند نوینەرانی ایمەش رەوانە بوون؛ دوای ٣ روژ گوفتوگو و مذاکرە لە سەر اقتراحی نوینەرانی ایمە پەیمانیک بە نیوی پەیمانی "سیە سنوور" لە لایەن نوینەرانی هەر دوو لا بو زیاد کردنی کوششت و ایجادی پیوەندیکی وسیعی سیاسی امضا کرا.

نوینەرەکانی کومەلەی هیوا لەم کونفرانسە دا عبارەت بوون:

١- ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە: ٧٥
٢- ع. جانگیر ئەندامی ژمارە: ٧١٦
کومەلەی ایمەش لە لایەن ئەو ئەندامانە :
١- ق.ق.ق. پیاو ئەندامی ژمارە: ١٠٥٣ سەروکی نوینەران

٢- ع. هەژار ئەندامی ژمارە: ٢٠
٣- ع. بیژەن ئەندامی ژمارە: ٢

تەمثیل دەکرا؛ م.س. خوینین ١٠٦٠ رابطی نیوانی ایمە و هیوا بوو تا کونفرانس تەشکیل درا کومەلە لە کوششتی ئەم لاوە آزایە هەر وەها لە گشت ئەندامەکانی ئەم کونفرانسە گرینگە کە بی گومان لە دوایی دا دەبیتە فەسلیکی گەورە دە میژووی فەعالیەت و کوششتی دوو کومەلە دا، سوپاس و تشکر دەکا. (پەیمانی سیە سنوور) لە لایەن هەیئەتی استشارەی ادارەی ناوەندی ی "ژ.ک" پەسند کراوە بەم زووانە دەگەل نسخەی پەسندکراوی ناوچەی (هیوا) مبادلە دەکریت." هەژار لە چێشتی مجێور، پاریس - ١٩٩٧، لاپەڕەی ٦٤ و ٦٥) لە بن سەردێڕی "مەعموورییەت لە "ژ- ک" دا" بەم شێوەیەی خوارەوە باسی پەیمانی سێ سنوور دەکا:

"مانگی جۆزەردان بوو [ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی]، دروێنەی جۆ لە دەوری بۆکان دەستی پێ کردبوو. حیزب [کومەلە]ناردی چومە سابلاغ. دەگەڵ میرزا قاسمی قادری و زەبیحی کە دەبوینە سێ کەس، گوتیان دەبێ بچنە (دزەی مەرگەوەڕ) دەگەڵ نوێنەرانی حیزبی هیوای کوردستانی عێراق گفتوگۆ بکەن و هەر قەرارێک ئێوە بیدەن ئێمە پێی رازین. بە سواری ترومبێل بەرەو ورمێ کەوتینە رێ کە لەوێوە فایتون هەیە و دەمان باتە مەرگەوەڕ.

گەیشتینە گوندی (بالانیش)، شەڕ و هەرایەک بو سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسی. زێڕۆئاغای هەرکی و دەوڵەت شەڕیان بو.پۆستی ئەمنیە سوتابو، هەشت کەلاک درێژ کرابون. هەر وا کورد بون لە ورمێوە هەڵاتبون و دەهاتن.
بە پەلە ترومبیلمان بە جێ هێشت و بەرەوچیا رەوین. چوینە گوندی (کوکێ) کە ماڵە زێڕۆی لێ بو. ویستمان میوانی بین. کابرایەکی گەرمیانی کە کۆنە ئاشنای زەبیحی بو لە دەرگا گێڕاینەوە، گوتی: زێڕۆ دوژمنی شێخ عەبدوڵای دزەیە، لەوانەیە روتتان بکا چونکە دەچنە ماڵی ئەو. لەوێش بێدەنگ خۆمان ڕزگار کرد و چوینە گوندی (قاسملو) لە دۆڵی قاسملو لە بن چیای دمدم کە ئێستاش شوێنەواری خانی لەپ زێڕینی لێ دیارە. شەو لە ماڵی مستەفاغا ناو میوان بووین. کابرا دەیەویست روتمان کا، بەڵام کە زانی دەمانچەمان پێ یە وازی هێنا. بەیانی وڵاغمان لە سۆفی شێرە ناوێک بە کرێ گرت و چوینە دۆڵی دزە. بۆ نیوەڕۆ لای عەبدولقادری کوڕی شێخ عەبدوڵا لە ( گردوان) بوین و ئێوارە چوینە ڕەشماڵی ماڵی شێخ لە دزە.

**نوێنەرانی هیوا:** "شێخ عوبەیدیللای زینوێ"، "سەید عەزیزی شەمزینی" کە ئەفسەرێکی عراق بو، "سەعیدی کانی مارانی" ناوێکیش کە تازە لاوێک و خوارزای شێخ عوبەیدیللا بو دەگەڵیان هاتبو. چەندین کۆبونەوەمان پێکەوە کرد و لە سەر دوازدە نوختە پێک هاتین کە هەر دوک حیزب پێکەوە هاوکاری بکەن و مەعلومات پێک بگۆڕنەوە.جا چونکە لەو شوێنەی کە پێک هاتین بناری (داڵانپەڕ) و لایەکی شەمزینان و ئەم لایەی ئێران بو، ناومان نا:

"پەیمانی سێ سنوور". بڕیار درا هەر دوکمان بێ خۆگرتن هەر کەسە لای خۆی بەیانەکە بڵاو بکاتەوە. دوای حەوت شەو لە دزە بە ڕێگەی شنۆ دا گەڕاینەوە. لە شنۆوە بە پێ هاتینە نەغەدە و لە نەغەدەوە بە سواری ترومبیلێکی سینمایی ئینگلیستان کە دەهاتە سابڵاغ هاتینەوە. ئێمە دەست بەجێ نوسخەی بەیانی خۆمان (دەبێ مەبەستی ڕاگەیاندنی خەبەری کۆبوونەکان لە "نیشتمان" دا بێ - نووسەری ئەم باسە) لە نیشتماندا چاپ کرد. هێشتا بڵاومان نەکردبۆوە خەبەریان داینێ کە حیزبی هیوا بەو پێک هاتنە ڕازی نەبوە و چاپی مەکەن. ڕوپەڕە چاپ کراوەکەی پێک هاتنەکەمان لە گۆڤارەکە دڕی. خۆش ئەوە بو کە بەندێک لە پێکهاتنەکەدا دەڵێ:

"ئەگەر ئینگلیس لە عێراق بەشێ بدەن بە کورد، نابێ کوردی دەرەوەی عێراق هەڵوێرێ، چونکە کوردستان یەکپارچەیە. بابڵێن ئێمە بەشی کورد بە هەق دەزانین و بە پێی توانا یاریدەی هەمو کوردێک دەدەین. کە ئێمەش دەگەڵ ڕووسان هەر ئەو حەولە دەدەین و موکوریان لە کوردی تورکیا و عیراق بە جیا نازانین".

حیزبی هیوا کە بە سەرۆکایەتی مامۆستا رەفیق حیلمی بو، لە مەسلەحەتی نەزانیبو کە هیچ ناوێک لە روس و کوردی ئێران و تورکیە هەبێ. باسی ئەو ڕێک کەوتن نامە مێژووییە تا ئێستا لەزۆر چاپەمەنی ناوخۆیی و لاوەکی دا کراوە، بەڵام سەیر لەوە دایە کە ناوی "هەژار" لە هەمواندا فرێ دراوە و نوسیویانە: "زەبیحی" و "میرزا قاسم" لە ئێران و "شێخ عوبێدیللا" و "سەید عەزیز" لە عێراق و "قازی خدر" (یان قازی مەلا خالید - جاری واش هەیە

گوتویانە قازی عەبدول وەهاب) لە لایەن کوردی تورکیاوە ئەم پەیمانی سێ سنوورەیان پەسند کرد. هومێدەوارم ئەم گۆڕانی ڕاستی یە لە ڕووی هیچ غەرەزێکەوە نەبوبێ و هەڵەیەک بێ لە دڵپاکیەوە ڕوی دابێ " بە پێی ئەو گێرانەوە بە وردەرێشاڵەی نەمر هەژار و ڕۆنانی لەبەر ئەو باسەی وا کۆمەڵە لە لاپەڕەی ١٠ی ژمارە ٧ - ٨ - ٩ ی "نیشتمان" دا بڵاوی کردووتەوە ئەم زانیارییانەی خوارەوەمان بە تەواوی بۆ ساخ دەبێتەوە.

١- ناوی تەواوی ئەندامانی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد و نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا لەو کۆنفرانسە دا نوێنەرانی کۆمەڵە ژ.ک: قاسمی قادری قازی سەرۆکی دەستەی نوێنەرانی کۆمەڵە (ق.ق.ق پیاو - ١٠٥٣).

عەبدولرەحمانی زەبیحی (ع. بیژەن ئەندامی ژمارە: ٢)

عەبدەلرەحمانی شەرەفکەندی مەلای بۆر ( ع. هەژار ئەندامی ژمارە: ٢٠)

## نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا:

شێخ عوبەیدیللای زینوێ واتە شێخ عوبەیدیلای نەخشبەندی (ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە: ٧٥، یان ع. جانگیر ئەندامی ژمارە: ٧١٦)

سەید عەزیزی شەمزینی (گەیلانی زادە) (ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە: ٧٥، یان ع. جانگیر ئەندامی ژمارە ٧١٦)

رابطی نێوان کۆمەڵەی ژ. ک. و کۆمەڵەی هیوا تا بەستنی ئەو پەیمانە : محەمەد سەعیدی کانی مارانی (م.س. خوێنین ١٠٦٠)، ئەندامی کۆمەڵەی هیوا.

وادیارە محەمەد سەعیدی کانی مارانی لە ساڵانی دواتریشدا بە تایبەتی لە کاتی پاشەکشەی هێزی بارزانی لە کوردستانی ئێران دەوری ڕابطی لە نێوان ئەوان و تێکۆشەرانی نێوخۆی کوردستانی عێراق گێڕابێ. ئەبولحەسەنی تەفرەشیان لە کتێبەکەی دا "ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خۆراسان" زۆر باسی چاکەی وی و هاتووچووی لە عێراقەوە بۆ شنۆ دەکا. بە خۆشییەوە بەهۆی چەند خزمی بەڕێزیان لە ئورووپا و دۆستێک کە هاوڕێی ڕابردوو چاوی پێی کەوتووە ئاگادار کرام بەڕێزیان هێشتا لە ژیان دایە و لە شاری هەولێرە. حەق وایە بەڕێز کەریمی یان هەر کەسێکی دیکەی هۆگری مێژووی سیاسی کوردستان بیرەوەری بەڕێزیان کە تەنیا شاهیدی زیندووی "کۆبوونەوەی پەیمانی سێ سنوور"ە ئاستە بکەن.

٢- ناوی نهێنی لە کۆمەڵەی ژ. ک و کۆمەڵەی هیوا دا هەر نەبێ تا کاتی ئەو دیدارە لە جۆزەردانی ١٣٢٣ دا یەک شێوازی هەبووە، واتە تیپی یەکەمی ناوی ڕاستەقینەی پچووک + ناوی نهێنی + ژمارەی ئەندامەتی.

٣- پەیمانەکە ١٢ خاڵ بووە.

٤- "فشاری باقرۆف و شوورەوی" هیچ دەورێکیان نەبووە لە پێشگرتن لە بڵاو بوونەوەی خەبەر یان نێوەرۆکی ئەو "پەیمانە"، بەڵکوو لاپەڕەی ١٠ی نیشتمان لە سەر داوای کۆمەڵەی هیوا لێکراوەتەوە.

٥- دەستەی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە لایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەی ژ.ک هەر وەک هەژار باس دەکا و خەبەری" لەناو کۆمەڵە دا "لە لاپەڕە ١٠ دەنووسێ" پەیمانی (سیە سنوور) لە لایەن هەیئەتی استشارەی ادارەی ناوەندی ی" ژ.ک" پەسند کراوە بەم زووانە دەگەڵ نسخەی پەسند کراوی ناوچەی (هیوا) مبادلە دەکرێ" سەلاحییەتی واژۆ کردن و پەسند کردنی نێوەرۆکی ئەو پەیمانەی هەبووە، بەڵام دەستەی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی هیوا ئەو ئۆتۆریتەیەی نەبووە و بۆیە دوای کۆبوونەوەکە داوا لە ژ.ک کراوە ئەو لاپەڕەیە لە "نیشتمان" بدڕێنێ.

٦- ئەو ڕێکەوتنە دوازدە مادەییە بۆیە نێوی "پەیمانی سێ سنوور" بووە لە بەر ئەوەی لە بناری "دالانپەڕ" ئیمزا کراوە.

٧- پەیمانەکە وەک زۆر پەیمان و ڕێکەوتنی ناو کوردان لە سالانی دواتر و تائێستاش بە مەلۆتکەیی سەری ناوەتەوە.

ئەو پەیمانەی نێوان دوو لایەنی چالاکی خەباتی کوردایەتی لەو سەروبەندی دا، ئەگەرچی هەر بە سەرمقەستەکەی واتە "ایجادی پیوەندیکی وسیعی سیاسی" و ئەو مادەیەی دەزانین کە هەژار باسی دەکا، لە مێژووی سیاسی کوردستان دا گرینگی سەمبۆلیکی خۆی هەر دەپارێزێ.

وەک مامۆستا هەژار دەنووسێ زۆر سەرچاوەی کوردی و بیانی بە چڵ و نیوەچڵ باسیان لێوە کردووە، ڕەنگە لە سەرچاوەی ئینگلیسی دا ویلیام ئیگلتنی کوڕ یەکەم کەس بێ لە کتێبە بەنرخەکەی "کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦" دا باسی ئەو پەیمانەی کردبێ. زانیاریدەرەکانی ئیگلتن بە دەرەجەی یەکەم نەمران مەنافی کەریمی و سەید ئەحمەدی سەید تەهای شەمزینی بوون و تەنانەت لەوانەیە لە خودالێخۆشبوو سەید عەبدوڵای گەیلانیش باسی ئەو کۆبوونەوەی پرسیبێ. بە دوای ئیگلتن دا سەرچاوەی دیکەی ناکوردیش وەکوو ژەنەڕاڵ ئەرفەع و کریس کۆچێرا بە هێندێک ئەملاو ئەولا ئەوەیان دووپاتە کردووەتەوە.

تا ئەو جێیەی نووسەری ئەم دێڕانە بزانم خودالێخۆشبووان کەریمی حیسامی ، فرانسوا حەریری سەبارەت بە پەیمانی " سێ سنوور" یان نووسیوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ یشدا کە بیرەوەرییەکانی خودالێخۆشبوو محەممەدی شاپەسندی بڵاو بووەوە، هێما بە پەیمانی "سێ سنوور" کراوە. هەر وەها لێکۆڵەرەوەی کورد سەیید محەممەدی سەمەدیش ئاماژەی بەو پەیمانە کردووە. ئەگەر سێ نووسەری یەکەم مابان و زانیبایان دۆزرانەوەی لاپەڕەی ١٠ی ژمارەی ٧ ، ٨ ، ٩ ی نیشتمان چلۆنایەتی ئەو پەیمانە ئەو جۆرەی کە بووە ڕوون دەکاتەوە بێ شک پێی دەگەشانەوە، و دۆزینەوەی لاپەڕەی ١٠ و نووسراوەی سەرەوەی مامۆستا هەژار دەکرێ یارمەتی بکا بۆ ئەوەی بەڕێز سەمەدیش لە چاپی تازەی

" نگاهی به تاریخ مهاباد" دا بەو باسە دا بێتەوە.

١٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ = ٤ی مارچی ٢٠٠٩

## دەنگی عەلی خوسرەوی



وتووێژی تەلەفونی بەڕێز ناسری سینا لە بەڕێوەبەرانی ڕادیۆی زایەڵە،بەشی کوردیی ڕادیۆی نێونەتەوەیی سوێدلەگەڵ نەمر عەلی خوسرەوی لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا. کاک میرزا ماوەیەک دوای ئەو وتووێژە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

http://www.sr.se/cgi-bin/International/nyhetssidor/index.asp?ProgramID=2200

کەچوونە ئەو لاپەڕەیە لە ئەستوونی لینکەکان دا "کۆماری کوردستان" داگرن

١٠ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ = ٢٨ی فێبریوێری ٢٠٠٩

## محەمەد سەعیدی کانی مارانی تەنیا شاهیدی زیندووی پەیمانی سێ سنوور



لە ٢٥ی نۆڤامبری ساڵی ڕابردوو لە وێبنووسی ڕوانگە دا بابەتێکم سەبارەت بە "لاپەڕەی ١٠، ڕاستیی پەیمانی سێ سنوور" بڵاو کردەوە و ئەوە بووە هۆی پێوەندی لە گەڵ بەڕێز یۆسفی کانی مارانی. لە سایەی خۆ ماندووکردنی بەڕێزیان و تێکۆشانی ڕێزدار هەژار کانی مارانی برازای، کاک محەمەد سەعید کانی مارانی، ئەگەرچی وەزعی سڵامەتیشی باش نییە گەورەیی کرد، وێنەیەک و بیرەوەری خۆی سەبارەت بەو "پەیمان"ە بۆ ناردم کە لە وێبنووسی ڕوانگە دا بە شانازییەوە بڵاو کراونەتەوە. پێویستە جەخت بکرێتەوە ئەم نووسراوەیەی بەڕێز محەمەد سەعیدی کانی مارانی بەگشتی ئاکام لێدەرخستەکانی لێکۆڵینەوەی "لاپەڕەی ١٠" پشتراست دەکەنەوە. بۆ خوێندنەوەی لاپەڕەی ١٠ بچووە ئەم نێونیشانە

http://ruwange.blogspot.com/2008/11/10.html

### بسم الله الرحمن الرحیم

### (پەیمانی سێ سنوور)

لە ٥ - ٧ - ١٩٤٤ لە سەر داوا کردنی بەڕێزان جەنابی خاڵم شێخ عبیداللە ی زینوێ و دکتور عزیز شەمزینی چوومە دێی (زینوێ). ئەو دەمی تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو بە پێی ناسنامەی عێراقی وە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی

بووم هاوینان لە دێی (ماوەتان) دەبووم کە دەکەوێتە نیزێک دێی (حاجی ئۆمەران). لە زینوێ نامەیەکیان دامێ کە بیگەیەنمە دەست ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف (ژ.ک.) لە سابڵاغێ (مەهاباد)، وە گوتیان ئێمەش لێرەوە دەچیینە دێی (دزە) لە (مەرگەوەڕ)ێ.

لە ٨ - ٧ - ١٩٤٤ بە سواری ولاغ بەرەو سابڵاغ کەوتمە ڕێ دەگەڵ پیاوێکی ڕێناس. بۆ شەو گەیشتینە چاخانەی (کانی باغ) بۆ بەیانی لە ٩ - ٧ - ١٩٤٤ گەیشتمە سابڵاغ. لەوێ چوومە کن بەڕێزان عبدالرحمن زەبیحی و صدیق حیدری و دلشاد رسولی، کە پێشدانیش دەمناسین ، وە نامەکەم بە دەست گەیاندن.

لە ١١ - ٧ - ١٩٤٤ کۆمەڵەی (ژ.ک.) کۆبوونەوەیەکی گەورەیان ڕێکخست ئەمنیش تێیدا بەشدار بووم، نامەکەیان خوێندەوە و دەرکەوت کە کۆمەڵەی (هیوا) لە کۆمەڵەی (ژ.ک.) ی داوا کردبوو کە پەیمانەک ببەستن لە نێوان هەر دوک لا بۆ یارمەتیدانی یەکدی لە هەموو بارێکەوە. لەو کۆبوونەوەیە بەڕێزان قاسمی قادری و عبدالرحمن زەبیحی و عبدالرحمن هەژار موکریانی هەڵبژێردران دەگەڵ من بچین بۆ (دزێ) بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبو قاسمی قادری بۆ گفتوگۆ کردن دەگەڵ ئەندامانی پارتی (هیوا). هەمان ڕۆژ بۆ ئێواریێ شەهیدی گەورەی کورد پێشەوا (قازی محمد) بانگێشتنی کردین بۆ نانخواردن.

لە ١٤ - ٧ - ١٩٤٤ هەر جوارمان بەرەو (مەرگەوەڕ) کەوتینە ڕێ. شەو لە دێی (قاسملو) کە دەکەوێتە بن چیای (دم دم) ماینەوە. لە ١٥ - ٧ - ١٩٤٤ پاش ماندوبوونەکی زۆر بە ولاغ و بە پێیان گەیشتینە دێی (گردوان) لە (مەرگەوەڕ)ێ. تاکە برای بەڕێز دکتور عزیز، بەڕێز سید عبدالقادر لەوێ بوو. بێ ئەوەی خۆمان ئاشکرا بکەین هەواڵی گەیشتنمانم نارد بۆ خاڵم لە (دزێ). بۆ ئێوارێ، خاڵم و دکتۆر عزیز هاتن دەگەڵ چەند سوارێکیدیش بۆ پێشوازین. ئەمەش دەگەڵ وان چوینە (دزێ). بەڕێز سید عبدالله شەمزینی بابی دکتور عزیز مابوو لە دێی (دزێ) دادەنیشت.

لە ١٧ - ٧ - ١٩٤٤ لە بناری چیای (دالان پەڕ) پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان کۆمەڵەی (هیوا) و کۆمەڵەی (ژ.ک.) پەیمانێک بەسترا بە نێوی (پەیمانی سێ سنوور) چونکە دێی (دزێ) و چیای (دالان پەڕ) دەکەونە نیزێک سێ پارچە لە پارچە دابەشکراوەکانی نیشتیمانەکەمان. ئەو پەیمانەش بە چەند نوسخەیەک نووسرا. هەر لایەک نوسخەی خۆی وەرگرت. وە ئەمن لەو شەش کەسە زیاتر کەسی دیم نەدیت بەشداربیت لە گفتوگۆیەکە. لە ١٨ - ٧ - ١٩٤٤ ئەمن دەگەڵ نێردراوانی (ژ.ک.) دێی (دزێ)ن بە جێ هێشت بۆ شەو چوینە شنۆێ. لە ١٩ - ٧ - ١٩٤٤ گەیشتینە (نەغەدە) و (سابڵاغ). پاش چەند ڕۆژ مانەوەم لە (سابڵاغ)، لە ٢٩ - ٧ - ١٩٤٤ (سابڵاغ)م بەجێ هێشت. شەو لە (نەغەدە) بووم. لە ٣٠ - ٧ - ١٩٤٤ گەیشتمە گەلی (نامسین). لە ٣١ - ٧ - ١٩٤٤ گەیشتمە دێی (پەسوێ). لە ١ - ٨ - ١٩٤٤ گەیشتمەوە دێیەکەی خۆم (ماوەتان). لە ٣ - ٨ - ١٩٤٤ خاڵم و سید عزیزیش گەڕانەوە (زینوێ).

**ئیمزا**

**محمد سعید علی یوسف کانی مارانی**

**هەولێر ١ - ١ - ٢٠٠٩**


بسم الله الرحمن الرحيم

(پەیمانی سێ سنوور)

**١ی ڕێبەندان ١٣٨٧ = ٢٠ی جانێویری ٢٠٠٩**

## ڕەحمانی قازی یەک لە خوێندکارە کوردەکان لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ



لەچاوپێکەوتنێک دا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی کورد فەیزوڵا پیری بەزمانی فارسی کە لە خەزەڵوەری ١٣٨٤ی هەتاوی دا کراوە و لە ڕۆژنامەی سیروان دا بڵاو کراوەتەوە، ڕەحمانی قازی دەڵێ: "لە نێو کوردەکاندا ٥٠ کەس و لە ئازەربایجانەوە ٢٥٠ کەس بۆ خوێندن لە باکۆ هەڵبژێردران. ئەو کاتەی کە لە باکۆ بووم، فەرماندەی مەدرەسەی ئەفسەری هات و گوتی: کەسێکم دەوێ ئارمی شوورەوی لە سەر کاغەز بکێشێتەوە، ئەمنیان پێ ناساند، بردیانمە دیوێکەوە و کەلوپەلیان لە بەردەست نام. ئەمنیش وێنەی سندووقێکم کێشاوە و بە فکری خۆم گوتم با نیشانەی عەداڵەتیش بە تەنیشت ئەو سندووقەوە بێ. سندووقەکەم بە داسێکەوە گەڵاڵە کرد. کاتێک کە خوێندکاران لە تەمرین گەڕانەوە و فەرماندەی بەشی ئێرانییەکان نیگارکێشانەکەی منی دی گوتی ئەتۆ نابێ لێرە بێ دەتنێرین بۆ بەشی موهەندیسی، لەو بەشە دا کارەکانت پێی نازاندرێ. ئێرە کەشوهەوایەکی عەسکەری هەیە، بەڵام ئەتۆ زۆر دەست ڕەنگینی.

فەیزوڵا پیری: کەوابێ ئێوە گەڵاڵەی ئاڵای شوورەویتان کێشاوەتەوە؟

ڕەحمانی قازی: بەڵێ بەو ئاڵوگۆڕەی کە من تێمدا کرد، بووم بە گەڵاڵەدانەری ئاڵای نوێی شوورەوی کە دواتر ڕەسمییەتی پەیدا کرد

**١٨ی بەفرانباری ١٣٨٧ = ٧ی جانێوێری ٢٠٠٩**

---

**سەرچاوە: ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان**

/http://weneykk.blogspot.com/2008/02

---




**ڕێکەوت: ڕێبەندانی ٢٧١٨ی کوردی = جانێوێری ٢٠١٩ی زایینی**

سەرچاوە
Serchawe

